محەمەد ساڵح سەعید

# ئاشتیی کوردستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## محەمەد سالّح سەعید

# ئاشتیی کوردستان

رۆمان



ناوی کتێب: ئاشتیی کوردستان- ڕۆمان
نووسینی: محەمەد سالّح سەعید
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٨٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢١٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

ئەمجارەش:

لە ئاکاری بەدیهاتنی ئاشتی و ئارامی سەردەمدا...

ئەم ڕۆمانەم،

پێشکەشە بە:

مندالّە چاوگەشەکانی

شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان...

محەمەد سالّح سەعید

٢٠٠٣

# سەرەتا

هەشت ساڵ لەمەوپێش بەناوی «ئارامی دڵ»ەوە چیرۆکێکم نووسییەوە...

لەو کاتەدا دەرفەتی چاپکردنیم نەبوو... من و چیرۆک لەیەک دوور کەوتینەوە... دوایی بوو بەخۆراکی دڵی شاڵاوی ئاگر و شەڕ...

هێندەی نەمابو و لە باشێلی پەشێویی دەربەدەریی و پەرەوانەییدا بیر بچێتەوە... دوای پێنج ساڵ، گەڕاینەوە بۆ جێی یا دورووداو... خورۆشی هەستی سۆز کانگای دەروونی گیانی دەرزیئاژن کردەوە... کەوتەوە ناو تاسەی سەودای گیانی ژیانی باری ڕووداوەوە... بوو بەراکێشی سۆمای دیدەی باوەڕ... سەرلەنوێ دەستم بەنووسینەوەی کردەوە... نووسینەوەی ئارامی دڵی بەکوڵ بۆ هاتنی ڕۆژی ئاشتی ئاواتی نەتەوەی کورد... جەژنی ڕاستەقینەی برایەتی کورد و عەرەب...

بەڵێ گەلی عێراق، ئەو ساتە فرمێسک و خوێنی ڕشت... گیان و ژیانی لە پێناوی مافی گەل و ئاسایشی کوردستان و سەربەستی نیشتمانی و دیموکراتیدا، بۆ عێراقی خۆشەویست بەخت دەکرد... ئەم چیرۆکەش، ئارامی دڵ بوو، بۆ دەمەی دوایی پێ هێنانی چەوسانەوەی جووتیاران لە کوردستاندا... بۆ ڕماندنی دەسەڵاتی چینی چەوسێنەری داگیرکەر و دامودەزگای کۆیلەیەتی... بۆ دەرخستنی پاساوی بەرگریی و نەبەزینی کێشی جووڵانەوەی ئاراستەکراوی ڕەنجبەر و وەرزێر و جووتیاران، بەشێوەی وێنەی بەمەبەستی وشەی پیرۆزی بەهرەی ماف و دادپەروەریی... دوایی شەڕی براکوژیی لە جەرگەی لێشاودا چیرۆکەکەی قووتدا و خزایە توێی پەڕەی ناوەڕۆکی تەشەنەی دڵی شۆڕشەوە...

چیرۆکەکە لەگەڵ بوو... بەشێنەیی ئارامەوە هاوبەشی ڕەوی کاروانی خەباتی کرد و کۆتاییەکەی خۆی بەدوایی هاتنی تەنگوچەڵەمەی دژواری نەتەوەی کوردەوە بەست... بۆ ئەمەش پێویست بوو لە سیلەی چاوەڕوانیدا بەهۆشیاری بۆ هەلی سەرکەوتن چاو بکاتەوە...

بەم جۆرە ئارامی دڵ، لە توێی کاڵای باڵای واڵای بەهاری نەورۆزی سەرکەوتندا، وەک گۆیەکی پرشنگداری جەرگەی خۆری ئاسمانی کوردستان لە گلێنەی تریفەدا، لەگەڵ بانگی ئاشتی و برایەتی و دیموکراتیدا هەڵهات و دەرکەوت، هۆشیارانە کەوتە چریسکانەوەی بریسکانەوە و بوو بەچاوگی دیاریی خەڵاتی «ئاشتیی کوردستان».

محەمەد ساڵح سەعید– نەورۆزی ١٩٧٠



# وشەیەکی کورت

چاپکردنەوەی ڕۆمانی «ئاشتیی کوردستان»، لەسەر داوا و هانەی چەندین دەنگی سۆزدار و ڕێزداری شەیدای پەیڤی پیرۆزی کوردیی...

وەرگرتنی خەڵاتی دووەمیی لە ساڵی دەرچوونیدا، لە پیشانگای کتێبی کوردیدا، نووسینی نامەی ماجستێر، لەسەر ئەم ڕۆمانە و چەند ڕۆمانێکی تری کوردی وەک (پێشمەرگە)ی د. ڕەحیمی قازی، (ئاشتیی کوردستان)، (ژانی گەل)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و (شار)ی مامۆستا حوسێن عارف و دوای پێداچوونەوەیەک بەمشووری خۆم، بۆ دۆزینەوەی پەیڤە ونبووەکان... هانیان دام هەوڵ بدەم، جارێکی تریش بە لەدایکبوونەوەی ئاسوودە ببمەوە...

محەمەد ساڵح سەعید

# ١

لەو کاتەوەی بەڕێوەبەری ناحیە و هەتیوە سیخوڕەکەی بەردەستی کە وەک سەنگەڵقۆ، بەدوایەوە جرتوفرتێتی، هاتنە دێیەکەمان، ئیتر خوم شێوا، ئاسوودەیی ناو ئاوایی تێکچوو. من من و تۆ تۆییەکی خراپ کەوتە ناوەوە. وایلێهات دووبەرەیی پەیدا بوو... خوتەخوت و خونەخون، وەک چقڵێک کەوتبێتە نێوانەوە. جاران بوونی سێ کەڵەپیاوی وەک باوکی هێمن، خەسرەو و مەریوان، ئاسوودەیی، هێوری و خۆشییەکی بێ هاوتایان خستبووە ناوەوە، ئەوانە پیاوی پیاوانە بوون. لە شاییدا هەموو دانیشتوانی گوند شادمان، بەبێ گرێوگۆڵ، هەڵدەپەڕین. ئەوەی لەتە نانێکی هەبوایە، هەر لە بەرچاییەوە هەتا ڕازاندنەوەی سینی و خوان، یەک ماڵەکیی، دەستدار و بێ دەست، پێکەوە، لە خۆشیی و ناخۆشیدا هاوبەشییان دەکرد. لە شینیشدا بەبێ جیاوازی، پرسە هی هەموان بوو. بەڵام ئێستە...، نەء، باشە قەیناکات، ئەوا کوێخا (وەیسە) لابراوە و ڕۆستەمە سووری خۆهەڵواس بەدامودەزگای بۆگەنی میرییەوە هاتۆتە جێگەی...، ئێ دەبا دامرکێتەوە... ئەوا بەمرازی خۆیان گەیشتن، ئیتر ئەم شەڕ فرۆشتنەی بۆ چییە؟!...

بەخودا من سەیرم، بەم جۆرە ئاوا ساویلکانە بیر دەکەمەوە. گوایە ئەوان ئەو هەموو هەوڵ و دەوڵانەیان بۆچی داوە؟!... چۆن نابێت بزانم چاوچوویی داگیرکارانەیان لەمەودواوە دەست پێ دەکات. جارێ دەبێت بەرتیل و دیاریی و دیانەتیان پڕ بکەنەوە. ئەم کوێخایەتییەی ئەوان کەمی تێنەچووە... پێویستە تا ماوەیەکی باش هەوڵ بدەن بێنەوە مایە.

ئەی ڕۆستەم؟!...

وەک من بۆی دەچم، ئەو دەیەوێت هەست بەکەمیکردنی خۆی، بەرامبەر خەنیمەکانی، پڕ بکاتەوە. ئەوان کەسانێکی شێنەیی بەبیر. لەگەڵ هاوماڵاندا پیاوچاک و هاوکار. ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرز و سۆزدار. ئەمیش هەڵپەکەرێکی هەڵەشە و پڕوپووچ. تڕن و تووڕە و تڕۆ. هەمیشە دەیکاتە گاڵە و هاشەوهووشە. ئەوەتا هەر زوو، بەبێگاری هەمەجۆر، بێزاری کردوون. باشە من نەمدیوە، گەلەیەک میوانی حکومەتی بێنێتە ماڵەکەت، کەچی بەمامر، قەل و قوبوڵی و بەرخی ئەم و ئەو، بەڕێیان بکەیت. ئەمە لاتان فرۆشتنە یان زۆرەملێیی؟!...



کوڕە جا تۆ بەم هەموو قووڵییە بچیتە ناخیانەوە شپرزە دەبیت، هەر واز بێنیت چاکترە. ئەی مینە چی لێ دەکەیت؟! ئەو، جاران چەند توندوتیژ بووە، ئێستە بەتەواوی کەڵکی پێوە نەماوە، کەللەی، وەک حەیوانی چمووش، پەتی ڕەشمەی پچڕاندووە. جووتەوەشێنێکی پیسی لێ دەرچووە. دەبێت بەتەواوی خۆمانی لێ بپارێزین... من تەواو بێزار بووبووم، چاک بوو ئەوا ئەوانیش هاتن... «فەرموون، فەرموون... ماوەیەکی باشە بەتەماتانم... خەریک بوو بڕۆمەوە. هێمن گیان چوویتەوە ماڵەوە؟! چاوەڕوانت بوون. ئەی تۆ خەسرەو کارەکەت تەواو؟؟»

– مەریوان، خەمت نەبێت، چۆنت بووێت هەر وا دەبێت... بەم جۆرە لێی دانیشتن. سەری ڕاوێژی دڵسۆزانەیان نا بەیەکەوە... سێکوچکە کۆڕیان لێ گەرم کرد...

***

«تۆ سەیرکە چەند پیاوێکی سەیرە مام زۆرابی باوکی پیرۆزە چاوقیچ...، بستێک باڵای لە زەوی بەرز نەبووەتەوە... خڕ و کورت، کەچی بەلای ئەستووریدا دەچێت...، دەڵێی چەپەرە شڕە دێت و دەڕوات...

دوای ئەوەی خەسرەو ئەمەی گوت، تریقەیەکی گاڵتە پێکردنی کرد، ڕووی کردە مەریوان:

«پەنجەکانی دەستی زۆر سەیرترن لە خۆی...، کورت و ئەستوور ئەستوور... هەمووی وەک ئاوسا بن، بەڕاستی کە چاوم پێی دەکەوێت زۆرم سەیر لێ دێت...، چونکە لە هی مرۆ ناچن... ئەڵێی ڕموزنە، جانەوەرێکە بۆ خۆی...»

مەریوان هەڵیدایە: «برام، بەخودا ئەوە هەمووی ئەنجامی ئەشکەنجەی دەردی هەژارییە... دەبا دوو پارچە زەوی خۆی و هەندێک ئاژەڵ و سامانی ببوایە بتزانییایە چۆن دەگۆڕرا... ئەوە هەر بێ دەستییە ئاوا بەو جۆرە گۆڕیویەتی... ڕۆژی ڕووناکی لێ کردووە بەشەوی تاڵ و تار...».

خەسرەو بەتاسێکەوە بەرپەرچی دایەوە: «بێ بەڵا بیت، ئەو هەر خۆی سوورفل، مووە سپییەکانی وەک بۆیە بەسەر گۆشتەکەیدا بووە بەکەمێڵ...، بەچەشنی پەڵاسی لێهاتووە... جگە لەوە چاوە پرووشاوییەکانی بچووک و شین، برژانگی پێوە نەماوە... پێڵووە سووتەمەرۆکانی بەسەریەکدا نووساون، دەڕوات و هەر پتەپتی دێت...، کوڕە ئەمانەش

هیچ، ئەی ئەوە بۆچی وا دەڕوات...؟!... باڵە کورتەکانی فش دەکاتەوە دەڵێی تەیری پەڕ و باڵ شکاوە... قاچە پەیزەنەکانی کە بەبلاوی، تەپ تەپ، دەیدات بەزەویدا، دەڵێی زنجیری تێخراوە... گەلاوگەڵ و هەنگاوی لابەلا هەڵدەنێت...».

مەریوان لەم کاتەدا مات بوو، وەک پەشۆکابێت، بەپەژارەوە ڕووی کردەوە خەسرەو:

– کاکی برا، کە یەکێک لە بنەڕەتەوە هەژار بوو، هەرچی خراپە هەیە لە ڕێیدایە...، لە بیرمە باوکم بۆی گێڕامەوە «خۆ خۆشمان ئەمانە هەر دەزانین...» ڕۆژانی لەمەوبەر، جاران وەک ئێستە نەبوو... کاروان دەکەوتە ڕێ... زۆر جار بەکۆمەڵ قەتارەیان دەبەست، بۆ یاریدەی یەکتری و بە فریاکەوتن بەیەکەوە بۆ کاروان دەڕۆیشتن... بەڵام جاری واش هەبوو، بەتەنها یەکێکیان دەکەوتە ڕێ... دوو، یان سێ ئێستری دەدایە پێش خۆی... ئەوان وەکو ئێمە نەبوون... بەخۆیاندا ڕادەپەرموون، چونکە ژیان فێری کردبوون... ڕێدەکەوت هەندێ لەوانە، لە ڕێگە بەتەنها، تووشی نەهاتیی دەبوون... لێیان دەقەوما... سا بەهەر جۆرێک بیووایە، لە سەرمادا... لە تۆفان، لە با و لە بۆراندا یا بەگەرمای هاوین...، بەشەوی ئەنگوستەچاوی شەوەزەنگ... ئەوان بەناچاریی بەئێستر و بارگیر بارەکانیان دەگوێزایەوە... وەکو ئێستە ڕێگاوبان چاک نەکرابوو... بەماشێن هاتوچۆ نەدەکرا تا بارەکانیان پێ بگوێزنەوە... مام زۆرابیش، زستانێک لە کاروانێکدا، لە ڕێگا، باری ئێسترێکی بەلادا دەکەوێت... هەرچەندە چاوەڕوانیی دەکات، کەسێک تێناپەڕێت تاکو فریای بکەوێت... خۆشی بەتەنها دەبێت... گەلێک دادەمێنێت...، دوایی ناچار دەبێت تایەکی بارەکەی دەخاتە سەر ئێسترەکە، لەسەر کۆپانەکە ڕاگیری دەکات، گوریسی لێ شەتەک دەدات... دوایی باوەش بەتاکەی تردا دەکات و دەیهێنێتە لاتەنیشتی کۆپانەکەوە... ئیتر وەک دەگێڕنەوە، هەر ئەو کاتە هەست بەئازار دەکات... بەر مووسڵدانی دێتە ئێش و ئازار... دوا بەدوای ئەوەش هێندە کاری گران دەکات هەتا لە دواییدا بەتەواوی قۆڕ دەبێت...

کاکە ئەوسا، خۆ تیمارخانە و بیمارستان نەبووە تاکو وەک پێویست چارەسەری خۆی بکردایە.

مەریوان نەختێ لە دواندن وەستا، ئەمجا بەپەستییەوە گوتی: کوڕە خۆ هەتاکو ئێستەش یەکێک کارەساتی وەهای بەسەردا بێت، ئەگەر پارە و سامانی نەبێت کە بچێتە شار و لای پزیشکی تایبەتی، تاکو چاکی بکەنەوە چارەسەری ناکرێت...، براله گیان... ئا لەبەر ئەمە باف وایە ئەمانە جێی بەزەیی هەمووان بن...



خەسرەو بەپێکەنین و لاقرتێوە گوتی:

– مەریوان، من ئەمانە بەگوێمدا ناچێت... ئەو کابرایە خۆی هەر وا هەڵکەوتووە...، ئەی تۆ سەیری سەروگوێلاکی بۆ ناکەیت... پشتملی تووکە قژێکی درێژی پیادا هاتۆتە خوارێ...، پەنا گوێکانی و تەوقی سەری، کە لە کڵاوە شڕەکەیەوە دیارە، هی کۆنە کەچەڵیی نەبێت، جا ئیتر چیتر بێت گوایە...؟!... خۆ کوڕە کوێرە کەڵەچاوەکەشی دەڵێیت نەبەکامە... هەر لە خۆی دەچێت...

مەریوان لەم کاتەدا نەختێک شڵەژا...

– خەسرەو بێ دەنگ بە، ئەوە خۆیەتی...، وا ڕووی کردە لای ئێمە...، وا دیارە بۆ ئێرە دێت، گوناهە با گوێی لە وتەکانمان نەبێت...

– مەریوان، بەخودا من هیچ ئارەزوو ناکەم شتی وەها ببینم...، بەدەست خۆم نییە، چارەیانم ناوێت... لەم کاتەدا مام زۆراب بەخشەخش دەهات و ڕووی کردە ئەوبەر بەرۆچکەیەی کە مەریوان و خەسرەوی لێ دانیشتبوون، ڕانک و چۆغەیەکی دڕاوی پینەپینەاوی لەبەردابوو... جووتێ کڵاشی چەکی تێگیراو، لووتی پێیی لێی هاتبووە دەرەوە، بەدوای خۆیدا کێشی دەکرد... پشتێنی لە پشتا نەبوو... نیوەی بەندە خوێنەکەی بەسەر ڕانکەکەیدا شۆڕ بووبووەوە... بەکزەڵەیی لێیان نزیک بووەوە: «بەیانیتان باش و خۆش، کوڕەکانم، چاوەکانم...» خەسرەو بەساردییەوە، لە ژێر لێوەوە، وەڵامی دایەوە، بەڵام مەریوان بەگەرمیی لەگەڵیدا دووا:

– مام زۆراب... فەرموو لە لامان دابنیشە...، چۆنی چاکیت؟!

مام زۆراب بەبێ ئەوەی دابنیشێت، بەچیچکانەوە لەبەردەمیاندا هەڵتروشکا...، بەپەژارەیی دەکوڕووزایەوە:

– من خاکی ژێری پێڵاوەکانتانم...، وەک لە من قەوماوە، لە کەس وا نەقەومێت...، هەر دوژمنتان بەجەستەم بێت... کەس وا سەر لێ شێواو و چارەڕەش نەبێت...

خەسرەو بەفیزێکەوە گوتی:

– بۆچی چیتە مام زۆراب...؟!...

مام زۆراب دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، دەستی کرد بەنزاکردن لە ڕۆستەمە سوور و گوتی:

– دەک هەزاری وەک ئەم نالەبارە بەقۆچی سەگی بەر ماڵەکەی ئێوە بێت... نازانم ڕۆژگار بۆچی ئەوەندە چەپکەردە...، پیاوێکی وەکو باوکی هێمن و باوکی تۆ ئەباتەوە بۆ خۆی، گەورەیی و کوێخایەتیی خێزانی ئێوە بۆ شتی وەها چەپەڵ بەجێ دەمێنێت... بەزۆر و بەپیلان ئاوەها خۆیان سەپاند...، تا ئا بەم جۆرە بوون بەبەڵای ناگەهان بەسەرمانەوە...؟!...

مەریوان گوتی: چی ڕوویداوە، چی بووە، مام زۆراب...؟!...

مام زۆراب دەمی کەفی دەچەند...، دڵی پڕ بووبوو... هەناسەی سوار:

– پارەی سووی دوو ساڵی لە سەرم کەوتووە بەسەریەکدا... ئێستەش ئەوا ساڵی سێیەمە... هەر چیم دەست کەوتووە و دەستم دەکەوێت داوەمەتێ و دەیدەمێ، هەر لە چنگی ڕزگارم نابێت...، ساڵی یەکەم چەندی سوو بەرکەوتووە، خستوویەتە سەر پارەکە، چیم داوەتێ ئەویتری لەگەڵ سووەکەدا کردووە بەمایە بەسەرمەوە و هەتا دێت زۆرتری دەکات... هیچیانم بەتەواوی بۆ نادرێتەوە و لە ژێری دەرناچم...، تا دێت زۆرتر دەبێت...، ئێستەش تووشی گونڕەشی خۆم بووم، پێی لێ کردوومەتە کەوش، دەڵێت هەر دەبێت بڕۆیت و دێ بەجێ بهێڵیت....

مام زۆراب پشووبڕ بووبوو...، شەکەت و بێ ورە...

– زۆری لێ پاڕامەوە...، بەهیچ نەچوو... پیزەی کچم چوو بۆ لای، لە ماڵەوە گەلێک لاڵایەوە...، بەڵام دڵی وەک بەرد ڕەقی بێ بەزەییە...، وەک خێو...، چاوی لێ بردوومەتە پشتی سەری، هەڕەشەی لێ کردم، دەڵێت سبەی لێرە بمێنیتەوە، بەیەک گوللە ساردت دەکەمەوە...، منیش بەناچاری بڕیارم داوە بچم بۆ شار، بار ناکەم، هەر خۆم دەڕۆم، با بزانین دواییمان بەچی دەگات...، لەوێ لە شار بەشکو بەکولەمەرگیش بێت نانێکی بەئاسوودەم دەست بکەوێت و بیخۆم... ئیتر چاویشم لە چاوی ئەو مۆنە چاوپیسە ببڕێت... لەم کاتەدا مام زۆراب فرمێسک بەری چاوە کزە سووتەمەرۆکانی گرتبوو، دڵۆپ دڵۆپ بە ڕیشە سپییەکەیدا دەهاتە خوارەوە، تۆزێک بێ دەنگ بوو...، هەناسەیەکی بۆ کوڕوزاوییی هەڵکێشایەوە...

– چی بکەم، ناچارم، هەرچەندە زۆریشم لا گرانە کە ئەم دێیە بەجێ دەهێڵم...، کوڕەکانم...، ئێوە نازانن، من لە منداڵییەوە بەئاو و بەبای ئێرە گەورە بووم و لێرە ڕاهاتووم... پەروەردەی ئەم خاک و دەشت و شاخەم...، هەر پەنا بەردێک ئێوە دەیبینن، جێگەی چەندین یادگاری ئارەقی ڕەش و شینی ڕۆژانی هەر لە منداڵیمەوە هەتا



ئێستەمە...، سەرتان سوڕ نەمێنێ وا هاتوومەتە زمان...، چونکە ژیانی من وەک ڕەگی دار بێرەوە بەستراوە و بنجی لە ڕیشەی نەژادی ئێوەشدایە...؟!... من ئەوسا، تا باوکی خودا لێخۆشبووی تۆ مابوو... وەک شا، بەئاسوودەیی بۆ خۆم ژیانم بەسەر دەبرد...، بەس نەبوو دوای ماندووبوونەکەم ڕێزم دەگیرا و ڕووی خۆشی تێ دەکردم...؟!... لەمەش گرنگتر ئەوە بوو مافی خۆمی لێ زەوت نەدەکردم...، تا گەییم بەم تەمەنە...، ئێستەش وا لە دوایی دوایی ڕۆژانی ژیانمدا... بەزۆرەملێ ئێرەم پێ بەجێ دەهێڵن...، هەرچەندە من مردنی ئێرەم لە ژیانی شوێنێکی تر لە لا خۆشترە...، بەڵام دەستەڵاتی زۆرداریم نییە...، وەک دەڵێن:

«دەستێک زۆردار بیبڕێت، خوێنی نییە...؟!...»

خەسرەو بەتەوسەوە هەڵیدایە:

– گوایە هەر لەبەر ئەمە دەڕۆیت و ئێرە بەجێ دەهێڵیت...؟!... لەم کاتەدا مەریوان سیخارێکی بۆ مام زۆراب پێچایەوە و دایە دەستی، ئەویش دەستی کرد بەئەستێ لێدان، دوایی مەریوان بەشخارتە بۆی داگیرساند...

مام زۆراب دوو سێ مژی قووڵی لێدا...، کردی بەچەڕە دووکەڵی ناسۆراویی...، وەک بیر لە مەبەستی ئەم پرسیارەی خەسرەو بکاتەوە وەها بوو...، ئەمجا بەهەناسە ساردی، چاوی بڕییە چاوی خەسرەو...

– خەسرەو گیان، بێجگە لە ڕۆستەمە سوور، مینەی کوڕیشی بەهانەمان پێ دەگرێت...

مام زۆراب بەدۆش داماویی ئەم وتەیەی تەواو کرد، لە گوماندا بوو... وەک چەند شتێکی تری لە دڵدا بێت... بەڵام دوودڵ بێت لە گوتنی وەها بوو، بەڵام هەر هێندەی پێ کرا بڵێت: «داخەکەم بۆ لاوێتیی جارانی خۆم و بێوڵەتی ئێستەم...» لەم کاتەدا، مەریوان پەتی بێ دەنگی پچڕییەوە:

ڕووی کردە مام زۆراب و پرسی:

– مام زۆراب، ئەی ماڵ و منداڵت چی لێ دەکەیت...؟!...

مام زۆراب بەقین و بەداخەوە گوتی:

– ئەو نەختە گەنم و جۆ و شکارتەیەم هەبوو لێیی زەوت کردووم...، دەڵێت هی خۆمە و دەیخەمە بری وامی کەڵەکە بوو بەسەرتەوە...، دەڵێ ئەوەی پێ بنێت بەناویدا، قاچی دەبڕمەوە...

مام زۆراب دووباره بێ دەنگ بووەوە...، تا دوایی وەک گاڵتە بەخۆی بکات...

– ماڵ... منداڵ...؟!... جا من بۆچی پیاوە ماقووڵی دێم...؟!... هەمە و نیمە کەرە شەلێک و... چەند پارچەیەک جلە شڕ، هەندێ کاسە و کەوێڵی شکاو و کەرتوپەرت...، وەک کەمێڵ بەشوێنەکانیانەوە خوستن، ژوورەکەیان لێ گرتووین...، ئەگینا بەکەڵکی هیچ نایەن...، هێندە بێ سوود و بێ نرخن، ئێستە لە سەرەنوێلک فڕێیان بدە، کەس ناچێت بەلایاندا... تەنیا لە کونەکەی ئێمەدا بوون بەکەلەپووری پوواوی ڕزیو...

پشوویەک وەستا، بیرکردنەوەی تەری...، کەوتەوە دواندن:

ئێ پیرۆزی کچم لێرە بەجێ دەهێڵم...، زۆریشم لا گرانە، بەڵام پێ بەجەرگی خۆمدا دەنێم...، بەڵام بەهیوای خودا و بەهیوای ئێوە... خۆ کەسی تر بەتەنگمانەوە نایەت... هەرچەند ئەکەم دڵم بڕوایی نادات ئەم کونە گورگەی ئێرە تێک بدەم...، ئیتر بزانم چۆن دەبێت... خۆ گومانیشم لەوەدا نییە کە من لێرە بم و لێرە نەبم، لە سایەی سەری ئێوە و خەجیجخانی دایکتەوە، بێ منیی بەپیزەی کچمەوە دیاری نادات...، ئەم پیاو چاکییەش پیشە و کاری ئێستەتان نییە...، ئێوە هەر لە کۆنەوە دەستتان بەخۆم و کچ و کوڕمەوە بووە... هێندە سپڵە و پێ نەزان نیم وەها زوو لە بیر خۆمی ببەمەوە... مام زۆراب مژێکی توندی لە سیخارەکەی دایەوە و دارجگەرەکەی فت کرد، دوو سێ فووی بەدارجگەرەکەدا کرد و دای بەلەپی دەستیا و کردییەوە بە لاقەدیدا... «ئەمە لە تووتنە مونتازە بۆندارەکەی خۆتانە، تووتنێکی نایابە، بەڵام بۆ منی قرخن کەمێک قورسە...» ئەمەی گوت، دوو سێ جار کۆکە کۆکی بۆ کرد، دەستی کردەوە بەقرخە قرخ...، وەک لەبەر خۆیەوە ببزرکێنێت...

– خەجیج خان، بەڵێ خەجیج خانی دایکت... ئای چەند ژنێکی چاک و پاک و بەفریادە...، پانی بەرزەکانی هەزاری وەک خێزانی ڕۆستەمە سوور دەژی...، بەگەورە و بچووکیانەوە... بەشاژنەکەیانەوە؟!... مام زۆراب لە وتەکانی بووەوە... لەپڕدا پەلاماری دەستی خەسرەو و مەریوانی دا...، ماچی کرد...، دوای ئەوە دانەوییەوە پەلاماری قاچی هەردووکیان بدات، بەڵام بەهەردووکیان گرتیان و هەڵیانساندەوە... مەرجی ئەوەیان دایە کە ئاگایان لە پیرۆز بێت... نەیەڵن لە هیچی کەم ببێت...، داوایان لێ کرد کە پێی بڵێت هاموشۆیان بکات و پێیان لێ نەبڕێت...، هەر ناتەواوییەکی هەبوو گورج بۆیان دەربخات...

مەریوان لەم کاتەدا دەستی کرد بەباخەڵیدا، هەندێک پارەی دەرهێنا و دای بەمام زۆراب:



–مام زۆراب، هانێ ئەوە بۆ خەرجیی ڕێگات...

مام زۆراب لێی وەرگرت...، دەستی بەباخەڵیدا کرد بۆ جزدان بگەڕێت...، دوایی سەرێکی بادا.

– های های، وامزانی جاری جارانمە...، جزدان هەڵبگرم...، کە پارە نەبێت بۆچی هەڵیبگرم...

ئەمەی گوت و پارەکەی خستە گیرفانی بەرباخەڵەوە... بەڵام دەستبەجێ زرنگە لە زەوییەوە هات...، تومەز گیرفانەکەی لە بنەوە دڕابوو...، خەسرەو پارەکانی بۆ کۆکردەوە...، دایەوە دەستی...، مام زۆراب بەپەشۆکانەوە سەری هەڵبڕی، وتی:

«لەماڵەوە گرێی دەدەمە پریاسکەیەک... با تا دەگەمەوە لە قولی مستمدا بێت...» لەم کاتەدا خەسرەویش هەندێ پارەی دەرهێنا و دایە دەستی...

– سوپاس بۆ ئێوە، بۆ میهرەبانیتان...، سوپاس بۆ یەزدان بۆ بەشی...، بۆ ئەم چەرمەسەرێیە... دەک خودا هەزار ئەوەندەتان پێ ببەخشێ.

مام زۆراب وتەکانی تەواو کرد...، دەم بەنزا...، دەست بەسنگەوە، بەجێی هێشتن... تا تەواو دوور کەوتەوە، چەند جارێک هەر ئاوڕی لێ دەدانەوە، وەک شێت دەستی بەرز دەکردەوە و ئەیجووڵاندەوە، هەر لەبەر خۆیەوە دەدوا... خەسرەو چاوی تێ بڕیبوو... بەسەرسامییەوە گوتی:

– تۆ سەی، مەریوان، ئەمە یەکەم جارە کە پشتە کۆماوەکەییم وا دێتە بەرچاو...، خۆ دەڵێی قەمووری تەواوە...؟!...

مەریوان هەناسەیەکی هەڵکێشا... دەستی بەداخی دا بەیەکدا، گوتی:

ئەم پیرە بێ دەستەڵاتە ڕەجاڵە دەبێت تاوانی چی بێت وا گیرۆدەی دەستی چاوچووی وەک ئەم زەویدارە سووخۆرانە ببێت...، گوایە پشتی چۆن لەوە کۆماوتر نابێت...؟! چۆن دانارزێت ئەو بەم مەرەیە بچێت، کوڕی سەربازی گیراو، کچی بەو جۆرە و خۆیشی پیر و ڕوو ڕەجاڵ...

خەسرەو لەولاوە هەڵیدایە، گوتی:

– جا بۆچی قرەقری دوێنێیان هەر لەسەر پارە نەدانە و پەسمەندەی سووخواردن بووە...؟!...، نەخێر، وا نییە، دوو بەش لەسەر پیرۆزە چاو قیچی کچێتی...، دەڵێن گوایە

ئێوارەیەک لەم بەینەدا مینەی ڕۆستەمە سوور لە ڕێی کانی پەلاماری داوە...

– جا خەسرەو، ئەبێت تاوانی ئەو کچە هەژارە چی بێت کە بێ ئابڕووی وەها کاری وەها بکات... خۆزگە نەختێ جوانیش بووایە؟!...

خەسرەو بەتەشەرەوە وەڵامی دایەوە:

بەڵێ ئەو ناچیزەیە کە دەڵێیت کوندەی خڕی پڕ لە ئاوە، لەبەر گۆشت هەر دەڕوا و هەر دەهاژێت...، دەبێت خۆیشی دوودەمە دەم و لاقرتێی لەگەڵ مینەدا کردبێت...، ئەگینا پیاو کەی ئەوێرێت ئاوا بەئاشکرا پەلاماری ئافرەتێک بدات، ئەگەر ئافرەتەکە هاندەر و جووڵێنەر و خۆ فرۆش نەبێت... پیرۆزیش هەرچەندە لە قەوارەدا خڕ و ئەستوور، چاو قیچ و برژانگ هەڵپڕووزاو... جووتە مەمکەکانی یەکی هێندەی جەوەندەیەکی باش دەبن...، چاک لێی وردبوومەتەوە...؟!... کە لە ڕێ دەڕوات، لەگەڵ قونەقون و فرتوجرتی خۆیدا، مەمکە گۆزەکانی سەما دەکەن و شڵقەیان دێت، بەڵێ، وایە...، لەگەڵ ئەمانەشدا مێخەک و شیلان و بەرمووری لە مل کردووە... ڕیزێک بازنی شووشە و تەلی هەمەجۆری لە دەست دایە... سێ ئەموستیلە لە قامکەکانی دایە...، کە چاو ئەڕێژێت، هەندێ جار شۆڵاوگی چاوی بەقنچکەکانیدا دێتە خوارەوە... سەیری دەست و پێ ناقۆڵاکانی، دەڵێی هی نالە پێ پانە...، بەڵام خۆ هێشتا هەر خۆی بەکچ و بەجوان دەزانێت، دەڵێت منیش هەم...، ڕەنگە بشڵێت بۆ ڕانەبوێرم، خۆ لەمانە کەمتر نیم...؟!... لێشی ناگرم، ڕاست دەکات...، بۆی هەیە لەمەش پتر بڵێت، چونکە لەو قەوارە ناقۆڵایەشدا، دڵ و دەروون و خواستی ئارەزووەکانی هەر تێدایە و دەجۆشێت. بگرە لەو بارەی خۆیدا، ئەو پتر هەست بەو بوونە تاسێنراوە دەکات، بینی پێشخواردووی دەهەژێت... لەبەر ئەوە بەپێی خۆی هەر دەبێت پەلەقاژێیەکی بۆ بکات...؟!...

مەریوان نەختێک بەسەختی بەرپەرچی دایەوە، گوتی:

– خەسرەو، تۆ هەمیشە هەر ڕقت لەم هەژارانە دەبێتەوە، بۆیە بەهەموو جۆر وا لە سەر و بۆتەڵاکیان دەدەیت...، قەیناکات ئەمانە، هەموو ڕاستن و با وابێت... بەڵام ئەی لەولاوە مینەی ڕۆستەمەسوور کە خۆی بەیەکەم کوڕی ئەم گوندە دەزانێت، هەمووشمان دەیناسین کە چەند داوێن پیس و نالەبارە، نەک هی وەکو پیرۆز، بەڵکو ئەگەر لەوێش بێ فەڕتر بووبێت، دەروونی چەپەڵی گڕگرتووی دڕندانەی خۆی پێ دامرکاندۆتەوە...، کۆ لە هیچ شتێک ناکاتەوە... ئەمانەشی لێ دەربچێت...، خۆ پیرۆزی ناشیرین و ناتەواو گۆشتی



بەلەشەوەیە و کچیشە...؟!...

هەردووکیان لە بیرکردنەوەدا بوون...، ماوەیەکی باش بێ دەنگ بوون، دوایی وەک لە دڵی خۆیاندا بەیەک ئەنجام گەیشتن، مەریوان دیسان گوتی:

– کەوا بوو بۆ بەدووری دەزانیت کە تاوانی مینە نەبێت و هەر ئەویش شەڕی پێ نەفرۆشتبێت...، ئەگەر وەهاش نەبووایە بۆچی پیزە دەیکردە هاوار و قیژە و ئەم و ئەویش پێیان نەدەزانی...؟!...

خەسرەو بەبێزارییەوە گوتی:

– من چیمە بەسەریانەوە، دەبێت واشبێت...، بۆ ئەوەش گوایە کە مینە پەلاماری پیزەی داوە، ئەمە ڕاستە، چونکە لە ڕێگەی کانی دەبێت، وا دیارە چاویان لێی بووە...، بەڵام جگە لەمە قاوێکی تریش لە ناو دێدا هەیە...، گوایە مامۆستا ڕزگار زۆر هاتوچۆی ماڵی مام زۆراب دەکات... دەڵێن پیرۆز لە نێوان ڕووناکی کچی ڕۆستەمە سوور و مامۆستا ڕزگار دایە...، وەکو دەگوترێت پەیمانیان بەیەک داوە کە ڕزگار بیخوازێت...، دەڵێن خۆشەویستییەکی بەتینیان لە نێواندا هەیە، جا دەبێت هەندێ لەم شەڕ فرۆشتنە لەسەر ئەمەش بێت...

– واز بێنن، تا ئێستە پیرۆز تاوانبار نییە، بۆ کارێکی تر شەڕی پێ دەفرۆشێت کە پیزە بۆ مەبەستێکی تر بەکار بهێنێت، بەڵام پیزە ملی نەداوە...

– جا کچی ڕۆستەمە سوور لە مامۆستا ڕزگار چاکتر شوو دەکات؟!

– بەڵێ، بەباوەڕی خۆیان ئاغازادەیەک، بەگێکی لاتیش یان هەتا پیاوێکی سەرکاری بەردەستی دیوەخانان بێت لەم چاکترە، چونکە لە وێنەی خۆیانن...، هەر هەمان هەست و باوەڕیان هەیە...، مامۆستا ڕزگار چییە؟!...

– ئەی بەباوەڕی تۆ مامۆستا ڕزگار چۆنە؟...

– مامۆستا ڕزگار کوڕێکی لاوی خوێندەواری تێگەیشتووە...، باری دەرامەتیشی، هەرچەند زەویوزار و ئاژەڵی نییە، بەڵام مووچەخۆرە و دوارۆژێکی ڕووناکی هەیە...

– جگە لەمانە خاوەنی هەستێکی نەتەوایەتیی و نیشتمانیی خاوێن و پیرۆزە... هەست بەناتەواوییەکانی ئێمە دەکات، زۆر دڵسۆزانە منداڵەکانمان فێری خوێندن و زانیاریی دەکات، ئەوەتا گەورەکانیشی بەشەو فێری خوێندن و نووسین و زۆر شتی بەکەڵک

کردووە...، سێ ساڵە لێرە بەم جۆرە خۆی ماندوو دەکات...، گوایە، ئەمە وا نییە...؟!...

– بەڵێ وایە، خۆ منیش زۆرم خۆش دەوێت و ڕێزی تەواوی دەگرم...

مەریوان وەک پاڵی پشووی دابێتەوە، بەلەسەرخۆییەوە گوتی:

– هەر چۆنێ بێت، ئێستە مام زۆرابی داماو دەبێ بەم ڕەنگە بۆی دەربچێت...، جا بزانین ڕۆژگار چی لە ڕێدا داناوە...، کەی و لە کوێ ئەو پیرە کەنەفتە سەر هەڵدەداتەوە...، لەم کاتەدا هەردووکیان هەڵسانە سەرپێ، مەریوان گوتی:

– من ئەمشەو بۆ لای مامۆستا ڕزگار دەچم، جا ئەگەر تۆش دێیت، وەرە، شەو بۆ خۆمان بەدەمەتەقێ ڕادەبوێرین، بزانین ڕەنگە لەوێ شتێکیش تێبگەین...

– باوەڕ مەکە من بتوانم بێم...، بزانم چۆن دەبێت...، خۆشت دەزانیت لەبەر دایکم و خوشکم، شەو، زۆر کەم ماڵ بەجێ دەهێڵم... شەویش ساردە، ئەم ساڵ پاییزەکەی ساردە، هەر دەڵێیت زستانە، چاوکە، ئێمە لەم بەر بەڕۆچکەیەشدا سڕ بووین...

دوای ئەمە هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتن، مەریوان تینووی بیستنی ئەو دەنگ و خواستانە بوو کە لەم بارەیەوە لە ناو دێدا هەبوون، دەیویست لە هەمووی بگات...، بەڵام خەسرەو، لە ڕێگە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– چیمە بەسەرەوە...، چاک و خراپ هەر خۆیان دەگرێتەوە، پەلەش ناکەم...، لە هەموو شتێ هەر تێدەگەم...، بۆ دوایی خۆی ڕوون دەبێتەوە، ئیتر بۆچی سەری خۆم بییەشێنم...، وا چاکە هێندە سەری خۆم جەنجاڵ نەکەم...، با زوو بڕۆمەوە... چونکە دایکم و گوڵەخانی خوشکم ئێستە چاوەڕوانمن...



## ٢

شەوێکی نووتەکی پاییز، باران بەلێزمە دایکردبوو... ماڵی مام زۆراب تەنها قوتیلەیەکی نەوتینەی تیادا بوو کە بەتروسکاییەکی کەم ژوورەکەی نەختێ ڕووناک کردبووەوە...، بەڵام زۆر لە نزیکەوە نەبوویتایە، کەس چاوی لە چاوی ئەویتر نەدەبوو... تەنها تارمایی یەکتریان دەدی...، مام زۆراب کیسەیەک تووتنی لە بەردەمدا بوو، سەبیلەکەی بەدەمەوە بوو، پووشووی نابووە سەر و بەرد و ئەستێی لێ دەدا...

... لە دەنگی ئەستێ لێدان پتر هیچی ترت گوێ لێ نەدەبوو... پیرۆز لەولاوە، لەسەر لبادە شڕێک لێی کەوتبوو، لێفەیەکی بۆری دووکەڵاوی زۆر شڕوپڕی وەک پەڵاسی بەسەرەوە بوو...، مام زۆراب ئەستێ و بەردەکەی لابرد... لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– ئەی ئەمە ئاگر نییە لە بەردەمدا...؟!... پزیسکێ ئاگری دەرهێنا و خستیە سەر سەبیلەکەی...، ژوورەکە پڕ بووبوو لە دووکەڵی سووتانی بزوتکی ناو ئاگردانەکە...، مام زۆرابیش وەک مووشەدەمە، ئێجگاری کردییە چەڕە دووکەڵێکی بێ شومار، زوو زوو مژی قاییمی لێ دەدا و دووکەڵی بەبا دەدا... لە خولیای ستەمی گێژاوی بێ بنی ژیاندا سەری خولی دەخوارد...، مام زۆراب دوو سێ قرخەی بۆ کرد، وا دیار بوو بەڕۆژانی ژیانی پڕ کوێرەوەریی و مەینەتی خۆیدا دەچووەوە... تا گەیی بەم ڕۆژانی دواییە...، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– ڕزگار...، ڕزگار...، نازانم ڕۆستەمە سوور و مینەی کوڕی بۆچی پێیان ناخۆشە هاتوچۆی من بکات؟!... یان پیزە، جاروبار بەپارە پارچەجلێکی بۆ بشوات...، بەخودا خۆ کچەکەم لە کیژان ناچێت هەتاکو ئەو مامۆستا ڕزگارە بێزی بێت چاوی بۆ داپچڕی بێت...، ئەو کوڕەش ڕەوشتی لەوە ناچێت...، جگە لەوەش، ئەو پیاوە کە هەمیشە دەستی پێمانەوەیە، بەڕاست و چەپدا یارمەتیمان دەدات... دەبێت ئەمە چ زیانێکی لە خێڵی ڕۆستەمە سوور دابێت؟! مام زۆراب سەبیلەکەی فت کردە ناو ئاگرەکە و، دەستێکی خستە ژێر چەناگەی، دەستەکەی تری خستە سەر کڵاوەی ئەژنۆی و کەوتە بیرکردنەوە...

– جا کوا، ئەوە ناوچەوانی من نییە...، ئێستە کچێکی وا جوان و ڕێکوپێکی وەک ڕووناکی کچی ئەوم ببووایە... با ئەم مامۆستا ڕووخۆشە لاوچاکە ئارەزووی بکردایە و

منیش دەمکرد بەزاوای خۆشەویستی خۆم...؟!... بێ گومان ئەگەر وا بووایە، ئێستە منیش لەم هەیتوهووتە ڕزگارم دەبوو...، منداڵی جوانکیلەیان دەبوو، باش بەخێو دەکران...، بەپۆشتە و تێری لە تەکیاندا دەژیام...، پاش چەند ساڵێکیش ئێرەمان بەجێ دەهێشت و دەچووین بۆ شار...، لەوێش دەچووینە خانوویەکی فراوانی خاوێنی جوانەوە...، منیش جلی پاکم لەبەر دەکرد، دەستی منداڵەکانم دەگرت...، بەهۆی ئەوانەوە سواری گالیسکە و ماشێن دەبووم...، دەچووم بۆ ناو باخ و گەڕان...، منیان بۆ بازاڕ دەنارد، هەموو ڕۆژێ شت بکڕم...، ئەوسا پارەم لە گیرفاندا دەبوو، دەبووم بەئاشنای شت فرۆشەکانی ناو بازاڕی شار، دراوسێکان ڕێزیان لێ دەنام... لەوانەبوو زۆر جار بەگوێی خۆم گوێم لێ بێت کە بڵێن:

– «ئەوە باپیری منداڵەکانی مامۆستایە...؟!... ئای کە خۆشە...، جا ئەو مینەم لە شار دەدی، منیش لووتم لێ دەکردە حەوا، کەمێک زاخاوی دڵی کەیلی خۆمم دەڕشت...، ئێ بۆچی نا...، تۆش هەر وەک ئەوان بنیادەمی...، ئەوەتا مامۆستا ڕزگار، لەوان پتر ڕێز لە تۆ دەنێت...

مام زۆراب کەمێک لە بیرکردنەوە کەوت... پەنا گوێی خوراند، وەک لە خەوێکی خۆشدا بێت، بەبێ ئاگایی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و نوقومی دەریای بیر بووەوە... مزگەوتی شار...؟!... زۆر خۆشە، هەموو کاتێ دەچووم، گەڵێک لە پیاوە گەورەکانی ئەو گەڕەکە لەوێ دەبوون، منیش لە ناویاندا دادەنیشتم...، سەر و ڕیشم هەمیشە پاک تاشراو، وەک ئێستە نەدەبووم...، هەموو دەمێک خۆشم حەمام لەمیش دەکرد...؟!... جا ئەوسا ئەمەی ئێستە نەدەبووم... دەبوومە پیاوی ناو پیاوان...

پیرۆز لەم کاتەدا، بەدەم خەوەوە، دەستی کرد بەخۆ کێشانەوە و نرکە و ناڵە...، لرخەیەکی بۆ کرد و دەستی کرد بەکۆکەکۆک، لێفەشڕی لەسەر خۆی لابرد، کەوتە سەر گازەرای پشت، بەدەم خەوەوە بەدەنگێکی بەرزی ناساز دەستی کرد بەپرخەپرخ، ئەویش وەکو کەوتبێتە ناو قوڕگی خەوی بێدارییەوە، دەستی کرد بەدواندنی تێکەڵ و پێکەڵ، یەک دوو ڕستەی هەڵوەشاوی لە دەم هاتە دەرەوە...

مام زۆراب لەپڕدا، ڕاپەڕی، بەداچڵەکینەوە هاتەوە هۆش خۆی... سەیرێکی سەرسوڕماوی پیرۆزی کرد...، کەمێ لە ڕووناکی قوتیلەکە کەوتبووە سەر دەموچاوی...، چاوە پووکاوەکەی پیرۆزی هاتە بەرچاو، لەگەڵ لچە زلەکانی...، مام زۆراب سەرێکی بادا



و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– هەیهەو، هەیهەو...، من لە کوێ و خەوی خۆش لە کوێ؟!... دەڵێم ئەم سەرشینە هەڵبسێنم، لێی بپرسم بزانم شتێکم پێ ناڵێت و بەڵکو دەربارەی مامۆستا ڕزگار نهێنییەکم بۆ دەربخات...، کێ دەڵێت...؟! دەبێت شتێک هەر هەبێت، ئەی ئەو مقۆمقۆیە چییە...، جا چی لێ بپرسم...، بەخودا سەیر خۆم ڕێژگاو کردووە...، ئەوە دەڵێی خڵەفاوم...؟! وا چاکە لەمە پتر خۆم گەوج نەکەم... مام زۆراب دوای کەمێ وەستان، بیرکردنەوەی هەژاندەوە:

– دەبا هەڵی بستێنم وەسێتی بۆ بکەم... سبەی دەڕۆم، نەوەکا من جارێکی تر نەگەڕێمەوە بۆ ئێرە...

جا چی پێ بڵێم...، یان لە نێوانی ئەم و براکەیدا چی بەش بکەم...؟! مام زۆراب چاوی شەشوبێشی دەکرد...، شمەکی ناو کۆڵێتەکەی لێ گۆڕدرا بوون، مەسینە حەوجۆشە لوولە شکاوەکەی لێ بووە سەماوەرێکی وەرشاوی زەردی بریسکاوە...، مەشکاڵەیەکی وشکەوە بوو بەسووچی خوارەوەی پشتی قاپییەکەوە هەڵواسرا بوو، پەتە گوریسێکی پیا شۆڕ بووبووەوە لە خوارەوەی پینەیەک، بەدیوارە داڕووخاوەکەوە هەڵپەسێردرا بوو، تیرۆکە ڕەشداگەڕاوەکە بەقنجی لە سەری وەستێنرا بوو، مام زۆراب خۆی لێ بووە کوێخا...، مەشکاڵە بوو بەزینی ماینەشێ، پەتە گوریس بەڕەشمە و، تیرۆک بەلوولەی برنەو، ئەو پارچە سیپاڵەشی بەلێواری پنەکە دادرا بوو، لە ئەندێشەیدا پشتێنی فیشەکدان... پژمەیەکی لەپڕی زۆراب و کۆکە و قرخەی پیزە، کە بەدەم خەوەوە قاچە ئەستوورەکانی لە ژێر سیپاڵەکە هێنایە دەرەوە، مام زۆرابیان هوشیار کردەوە، چاوی پیادا داپچڕی:

«ئەمە چییە، من لە کوێم و ئەم گەمژەییە چییە... کوڕە زۆرابە کەوڵە کۆن، دەڵێیت کەللەیی بوویت...، وەرەوە...، وەرەوە هۆش خۆت...، ئەمە لە خەیاڵی ماڵ بەشکردندایت، جا تۆ بەناخێرت چیت لێ بەجێ دەمێنێت تا خەمی بۆ بخۆیت و بڵێیت لەسەری ڕێک ناکەون...، کوڕە دە لێک بنێ، زۆرابە لات و پووت، لێکی بنێ...؟!...»

مام زۆراب لە بیرکردنەوە کەوت... هاتەوە سەر ئەنجامی ڕاستەقینەی باری ژیانی خۆی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا...، لەم کاتەدا گوێی لە لێزمە و ڕەهێڵەی بارانی دەرەوە بوو...، باوێشکێکی دەنگاوی دا، مووچرکە بەپشتیدا هات، وەک لەرزی لێ هاتبێت...، لە ئاگرەکە چووە پێشەوە... هەر لە جێی خۆی سەری نایەوە سەر لبادە شیتاڵەکە و جلە

شرێکی دا بەسەری خۆیدا...، لە گوێ ئاگردانەکە، بەلەپەوە، خۆی گرمۆڵە کردەوە...

– با بنووم...، خۆم سەمەنگۆک بکەم، بەشکو نوستنی یەکجارەکی بێت و بەیانی لەم جێیە هەڵنەستمەوە...، مانی من بۆچی چاکە، چرچی لنگم لێ ڕابکێشایە باش دەبوو...

پاش ماوەیەک بێدەنگیی، وردە وردە کەوتە پرخەپرخ... ئیتر بەم شێوە ناخۆشە، خەو لاسی پێ بردەوە...، هەردووکیان بەپرخە و لرخەلرخ، ژووره نووتەکە نزمە پەستەکەیان ناخۆشتر کردبوو...، مام زۆراب تا دەهات زۆرتر ڕۆ دەچووە ناخی ڕووخاوی خۆیەوە، ئا بەو جۆرە بەنامرادی لە کۆشی وەیشوومەی ژیاندا بەجێیمان هێشت... هەر لایە بەزمێک و هەر شوێنە بەجۆرێک...، ژوورەکەی مامۆستا ڕزگار بەقاقای پێکەنینی چەند لاوێکی سەرگەرم و خورت سیخناخ، کردبوویانە گاڵە و گەڕەلاوژی...، بەتایبەتی لەو کاتەدا کۆڕیان گەرمتر بوو کە شەفە گولی شوان و کوێخا وەیسە خۆیان کرد بەژووردا...، هەموو کردیانە پێکەنین و قڕە و هاوار...

– خودا ناردی، سا دەی شەفە دەبێت گۆرانیمان بۆ بڵێیت...؟!...

– هەیهوو... هەیهوو، چیتان بۆ بڵێم؟!...

مامۆستا ڕزگار: لە هەڵبەستە بەنرخەکانی خۆت، شتێکمان بۆ بڵێ...، دەی بزانین، تۆزێک مەستمان بکە...

– مامۆستا...، تۆ ئەوە بەڕاستتە، هێندە دەنگی منت بەدڵە...؟!

– ئەی گوایە بەگاڵتەمە... دەنگ و ئاوازی تۆ بەدەگمەن هەڵکەوتووە...

– ئەوانی تر لەولاوە...

– بۆچی گوایە مامۆستا ڕزگارت دیوە گەمەی وات لەگەڵدا بکات...؟!...

– چووزانم، کوڕە کوا، دەنگم خۆش نییە...

قوڕگم گیراوە و... باشیشم بۆ نایەت؟!...

– دەسا نازمان بەسەردا مەکە...، ئێمە دەنگی ناخۆشی تۆمان لە خۆشی ناخۆشی هیتر پێ خۆشترە...؟!...

– دە بۆی لێدەن، دەی، دەی، چەپ، چەپ... شەفە بەدەنگێکی گڕی ناخۆشەوە دەستی نایە پەنا گوێی... دەستی کرد بەگۆرانی «هەی شیرینێ خانم... دۆست مەنیج باوانم...» دوو سێ دێری تەواو کرد و وەستا...



– کوڕە بەخودا ئیتر تەواو... وازم لێ بێنن...

– دەم خۆش، زۆر باش بوو... بەس نەبوو زۆرت نەگوت...

– سوپاس، سوپاس... چای بۆ تێبکەن، خەست و شیرین...

– ئەمەیان فرە خاس و بەجێیە... ئەم ئێوارەیە قۆرییەک دیژم خواردۆتەوە... شیرینم بۆ تێکەن...

– ئەرێ شەفە چووی بۆ بەڕێکردنی مام زۆرابی هاوەڵت؟!...

– بەڵێ، بەڵێ... جا من نەچم کێ دەچێت...؟!... مام زۆراب بمردایە لەم چەرمەسەرییە و لەم ڕسواییە چاکتر بوو...

– بۆچی...، گوایە تۆش مام زۆراب بەتاوانبار دادەنێیت؟!...

– من...؟!... جا مام زۆرابی بێ وەی بە چ دەستەڵاتێکی تاوان بکات...، ئەو پارووەیەک نانی بەکولەمەرگی دەست ناکەوێت شەو دەخاتە سەر ڕۆژ... هەموو توانای خۆی پەرت دەکات، تا لەسەر بەردی ڕەق خۆی بژێنێت... کەچی هێشتا ئەوەشی بۆ نالوێت...؟!... چاری چییە دەستێک زۆردار بیبڕێت، خوێنی نییە...

– ئەرێ شەفە بۆچی پیرۆزی کچی بۆ خۆت مارە ناکەیت...؟!...

– کاک مەریوان...، ئەم وتەیەت لە گاڵتەکانی کاک خەسرەو دەکات... چونکە ئەو گاڵتەی بەهەموو شتێک دێت... جا من خۆمم لێ تەوقە...، من و ژنهێنان...، من لە ژنم چی...، ئەمە لەوە دەچێ کە دەڵێن «ڕێوی بەکونەوە نەدەچوو، هەژگێکیشی بەخۆیەوە دەبەست...؟!»... منیش بێت و ژن بهێنم، وەک ئەو ڕێوییەم لێ دەقەومێت...، جگە لەوە چۆن بەمن دابین دەکرێت...؟!...

من لە کوێ دەرەقەتی پیزە دەمەوری هار دێم؟!

– بەخودا شەفە، پیرۆز خرتێکی کولۆکورت و خڕومڕە... قەیناکات، دەموچاوی ناشیرینە چی تیایە؟!... مەریوان بەپێکەنینەوە ڕووی تێ کرد:

– بۆچی شەفە هێندەت لە باردا نییە تا وەکو پیزە قایل بکەیت و بەخۆتی ڕەوا ببینیت...؟!

– هەی... هەی... هەی... من دەڵێم دەرەقەتی نایەم و ئێوە چی دەیەژن... ئەوە بەمن چۆن دادەکەوێت... ئەگینا خۆ من بەتەمای «فەڕۆخ لیقا» نیم بۆم داببەزێنن... مامۆستا ڕزگار کە

تا ئێستە گوێی لێ ڕاگرتبوون، هەڵیدایە:

– بابە واز لە شەفە بهێنن، ئەو خۆی ئیشی خۆی زۆر باش دەزانێت. خۆ خودا ڕێژگاوی نەکردووە بچێ کاری وەها بکات...

– مامۆستا گیان دەم خۆش، پیزە هێندە جەربەزە و نالەبارە، باوکی دەرەقەتی نایەت تاکو لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ شار...، چەندی لەگەڵ گوت، ئێستە و ئەوساش قایل نەبوو ملی ڕێگا بگرێت و لە تەکیدا بڕوات...

– کوڕە شەفە جا لەگەڵی بچێت چۆن بژی و چی بکات...، ئەو ئێستە ڕەنگە لە شار کونێکی دەست نەکەوێت داڵدەی تیادا بدات و سرەوتی تیادا بکات...، پیزەی نەگبەت بۆ کۆ ببات؟! شەفە وەک بیەوێت خۆی لەم دواندنە ڕزگار بکات، لەم داوەی بۆیان ناوەتەوە قورتاری ببێت...

– تکاتان لێ دەکەم، ئیتر بیبڕنەوە... چییان لێ بەسەر دێت با لێیان بێت، خۆ لە وێنەی من و ئەوان بەهەزاران هەن، سەرگەردان و وێڵن، هەشیانە کەسێک پێیان نازانێت، دەسا یان پەرتەوازە دەبن، یان ملیان دەشکێت و چەترۆ دەبن...، یان سەرما ڕەقیان دەکاتەوە، کوڕە یان لە برساندا ڕیخۆڵەیان وشک دەبێتەوە... شەفە نەختێک ڕاما، وەک بچێتەوە ناو قاوغەکەیەوە داماو و بێ دەنگ بوو...، هەناسەیەکی بەکوڵی هەڵکێشا...

– ئای لە من... وای لە خۆمان... بەو خودایە ئەگەر منیش لە ناو خێزانی ئێوەدا نەبوومایە، لەوانە خراپترم لێ بەسەردەهات...، لەوانە بوو منداڵە وردکە هەر بەپەنجە چاوم دەربهێنن...، ئێوە سێبەرن بۆ من، چەترن، چەتری سەری منن... پەنام هەر لای ئێوەیە...، ئێوە نەبوونایە بەپەنجە چاویان دەردەهێنام، ئێوە ئاگاتان لێ نییە چی بەو هەژار و بێ دەرەتانە دەکەن، خۆ من گەلێک جار بیرم لەمە کردۆتەوە...، بەڵام ئەم چەڵەمەیە لەبەر باری تایبەتی خۆتان ئێستە بەئێوەش چارە ناکرێت...، ئیتر با (شێتەی ژیرە) وەک خۆتان ناوتان لێ ناوم، دەدابخات و واز لە من بهێنن...

– ڕۆژێک دەبێت ئاه و ناڵە و نرکەی داماوان بێتە جۆش و ڕەگی ناهەمواریی و چاوچوویی و زۆرداریییان لە بنەڕەت دەربێت و ڕیشەکێش بکرێت...

– بەڵێ بەو جۆرە نەبێت هەرگیز چاری دەرد و زامی سوێهاتووی کۆمەڵەکەمان ناکرێت...، دەرەبەگێتی، کە بڕبڕەی پشتی زۆرداری و ستەمە، بەهێز و زەبری ئاراستەکراو لە بن نەیەت، هیچ دادێ نادات و... دەردی ناو کۆمەڵ و تەنگوچەڵەمەی دواخستنی گەل



چارە ناکرێت...

مامۆستا ڕزگار ڕووی کردە دەمی کوێخا وەیسە:

– ئەرێ بەڕێوەبەری ناوچە هیچ تۆی ئاگادار نەکرد پێش ئەوەی لە کوێخاییت بخەن و لاتببەن؟!... وا ئەم پیلانە بەگورجی سەری گرت بۆیان...؟!... گوایە پێت نەزانی ئەم پیلانە گڵاوە چۆن تەنرا...؟!...

– خۆشبیت مامۆستا... گوایە بەبێ ئاگای ئەو هیچ دەکرێت و شتێک ڕوو دەدات؟! خۆ ئەگەر نەهێنبریی خۆی نەبێت، ڕۆستەمە سوور کەی ئەوەی وا لە باردا بووە بەم جۆرە بەرەو ڕووی هەموومان ڕاستی بکەنەوە... جەنابی ئاغاش لەولاوە چاکی بۆ ڕێکخستووە...؟! هەموو پێڕی تەڵەکەبازین... ڕۆستەمیش نۆکەر و داردەست...

– مەریوان لەولاوە هەڵیدایە

– ئەی گوایە ئەوە چوار ساڵە کە باوکی من و کوێخای باوکی هێمن بەهەشتی بوون هەر خەریکی تاقم و تاقمکاریی نین...؟!... ئاخر ئەو هەموو هەوڵەیان بۆ ئەم ڕۆژە بووە...

هێمن بەقین و داخەوە گوتی:

– تا ساڵێک دوای ئەوەش بەسەرزاریی هیچی دەرنەبڕی...، بەڵام کە باوکی خەسرەویش مرد ئیتر ڕێگەی بۆ چۆڵ بوو... چونکە ئەوسا سێ قۆڵیی لایان لە ڕۆستەمە سوور و لە ئاغا بڕیبووەوە...، بڕستیان بڕیبوو...، بەڕاستی باوکی خودا لێخۆشبوومان سێ برای دڵسۆزی یەکتری بوون، دەمڕاستی ڕاستگۆی ئەم ناوە بوون...، ئەوان هەرچییان بگوتایە، پیاوەکانی میری ناوچەش حسابیان بۆ دەکردن و بڕیاریان لەسەر دەدا، چونکە وەکو دەمی گورگ دەمی هەموویانیان بەستبوو...

مامۆستا ڕزگار بەتەشەرەوە، گوتی:

– کوێخا وەیسە، ئەوان ڕۆستەمە سوور بەچاکتر و بەتواناتر و زانا و داناتر لە تۆ دادەنێن...

– دەبێ وا بێت... ئەی گوایە چۆن؟!...

– هێمن هەڵیدایە: جا بۆچی پێت ناخۆشە؟!... دیارە ئەو چاکتر نۆکەریی هەموو لایەکیان دەکات، بەڵام تۆ نایکەیت...

– ئەوەی بەوان دەکرێت، هەرگیز بەمن ناکرێت...

مەریوان گوتی: کەوا بوو نابێت لات گران و ناخۆش بێت... کە لە کوێخایی خراویت...، یان لابراویت...، هیچت لێ کەم نەبووەتەوە...، بگرە لە ناو ئاوایی و ئاوەڵاندا لە جاران گەورەتر بوویت...

– بەڵکو سەرم سووک بووە...، من ئەوسا هەمیشە بەدەم ئیشوکاری هەمووانەوە بووم... ئێستەش ئەوەم بەسە کە زۆربەی دانیشتوانی دێ بەم کارەیان ناقایلن و، پێیان ناخۆشە...

– ئەگەر پێیان بکرێت بەرگریشی لێ دەکەن...

مامۆستا ڕزگار کە هەتا ئەم کاتە بێ دەنگ بوو، گوتی:

کوێخا، بەم کارەساتە تۆ لە جاران خۆشەویستتر بوویت، ڕێزت پتر بووە...، ڕۆستەمە سووریش لە ناو دانیشتوانی دێدا هەتا بێت ڕسواتر دەبێت... چونکە هەرگیز ناتوانێت هەردوولا قایل بکات، خۆ ناتوانێت بەلای ڕەشوڕووتی گوند و جووتیارانیشدا دابتاشێت و خۆیشی نایەوێت هیچیان بۆ بکات، زیاتر لەوەی کە زۆرتر بیانڕەتێنێت و بۆ ئاغا بیانڕوتێنێتەوە، خۆی دژە و لە پیلان و دژەکاریش بەولاوە هیچی تری لێ ناوەشێتەوە... شەفە گولی شوان لەولاوە پەتی گوریسی واتەی هەموویانی پچڕاند... بەدەنگێکی بەرزی ناقۆڵاوە، گوتی:

ئەرێ مامۆستا من ئەو قسە و قسەڵۆکە تێرم ناکات، وەختە لە برسان بمرم، شتێکمان بۆ بێنە با بیخۆین و لەم گەڕەلاووژێیە چاکترە...؟! لەم کاتەدا گشت دایانە قاقای پێکەنین، هەریەکە بەجۆرێک:

– بۆی مەهێنە...

– مامۆستا هیچی مەدەرێ، با هەر سکی خۆی هەڵبگوشێت...

کوێخا گوتی: جا مەگەر زەهرە مارت بۆ بهێنێت، بۆچی تۆ بۆ خواردن هاتووی یان بۆ دیدەنیی...

– ئەوی ڕاستی بێت من بۆ خواردن و پێکەنین هاتووم...، ئەگینا هەموو ڕۆژێ مامۆستا دەبینم...

– بۆ ئەوە هاتوویت، تێر پێت پێبکەنین و گەمەت پێ بکەین...

– بەڵێ، با وابێت، من بەهیچ شتێکی ئێوە زویر و دڵگران نابم، قەشمەرییەکانیشتانم پێ خۆشە...



لەم کاتەدا مامۆستا ڕزگار هەندێک باسووق، مێوژە سوورە، گوێز و بادامی خستە بەردەم، گوتی:

ئەوە دەخۆی یان ئەوەی لەم پاکەتەدایە...؟!...

– لەمەم زۆر خواردووە...، ئەوەی ناو ئەو پاکەتە دەخۆم...

– جا بەشکو هیچی تیادا نەبێت، مامۆستا هەڵتبخەڵەتێنێت...؟!...

– ئەگەر هیچی تیادا نەبوو پاکەتەکە دەخۆم، کوڕە نەبەخودا، هەر بەدیتنی مامۆستا خۆی تێر دەبم... من خۆم دەیناسم... لەم کاتەدا شەفە هەڵسایە سەرپێ، دەستی بۆ پاکەتەکەی مامۆستا گرتەوە، مامۆستا گیان، هەمیشە هەر هەژاری خۆتان نەبووین؟!...

– ئەی تەڵەکەباز...

– مامۆستا نەیدەیتێ...، ئەوە بۆیە هەستاوە، دەیەوێت بڕواتەوە...، ئیتر شەودێرە... درەنگیەتی، ئەگینا بەیانی زوو بەئاگا نایەتەوە... ڕانەمەڕەکەی لە لەوەڕ دوا دەکەوێت...؟!

– مامۆستا ڕێی لێ مەگرە، قەیناکات گوناهە با بڕواتەوە...

شەفە وەستانەکەی تێک نەدا...، وەک دەروازەکەرێک دەستی پان کردبووەوە...، لەم کاتەدا مامۆستا قوتووەکەی دایە دەست شەفە...

– قەیناکات، با ئەم چاوبرسییە تێر بکەین...

«مامۆستا گیان... ئەی دەستەکانت ماچ دەکەم...»

لەم ساتەدا شەفە بەشێنەیی، وەک دزی بکات، لایەکی سەری پاکەتەکەی هەڵدایەوە... لە ژێرەوە سەیری دەکرد بزە دەیگرت...، کە سەیری کرد پڕێتی لە گەزۆی خاو و جیرِ...، شەفە، لە خۆشیدا دەستی کرد بەسووڕدان و قریوەکردن، وەک سەماکەرێک بەبەردەمی هەمووواندا بای دەدا...

– کوڕە ئەوە چییە هەر دەبێت شێتێتیی خۆت دەربخەیت؟!... شەفە گەزۆیەکی جیرِی دەرهێنا...، ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکرد...، گازێکی لێ گرت...، هەر دەیخوارد و ملچەی دەهات...

– ئم... بەڵێ من شێتم...، بەخودا خۆشە...، گەزۆی وام نەخواردووە...، بەشی کەسی لێ نادەم...، فەرموون، فەرموون ئێوە باسووق و مێوژە سوورەی نایاب بخۆن...، قەیناکات من ناخۆم، نۆشی گیانتان بێت...؟!...

– کوڕە شەفە گول...، گشتی زەهر نەکەیت خۆ بەتەنها هەر هی تۆ نییە...

– کوێخا...، گوایە تۆ شەفە ناناسیت، دە دوازدە نان خۆراکییەتی...

– فریای نەکەوین هیچی تیادا ناهێڵێت...

– ئێستە من ئەمەتام لە نزیک دەرگاکەوە... هەر کامێکتان بەرەو ڕووم بێت ڕادەکەمە دەرەوە... هەمووشی دەفڕێنم... ئێوە جارێ واز بێنن...، با جارێ خۆم تێر بخۆم، هەرچیش لە من مایەوە، هی ئێوەیە... من هەمیشە دەسندەخۆری ئێوە بووم...، با جارێکیش ئێوە دەسندەخۆری من بن...؟! با ئا لەمەدا هەژارێکی پەتەڕی وەک من دەستەڵاتی بەسەرتاندا هەبێت، خۆ دنیا کاول نابێت!!؟

– شەفە شێت باش زمانت گرتووە...

– ئەی نەیانگوتووە ئەگەر ڕەنگی نەگرێ... خووی دەگرێت...، منیش خووی ئێوە دەگرم... خۆ من گاش نیم...

– جا بەشکو هەمووی بخۆیت؟!...

– داماوی وا هەیە هەمیشە لە برساندا سکی هەڵدەگوشێت، دەبا یەک جار ئێوەش برسی بن بەگەزۆ...، نەک بەنان و چێشت و گۆشت...!!... خودا نەیبڕێت هەمووتان مرن، با ئەم ژەمە ئێوە ببن بەمن...

– شەفەگەڕ چاک لێمان هەڵکەوتوویت، جاران مێشت لە چارەت دەرنەدەکرد...

– قوربان گیان... خۆتان پەروەردەتان کردووم، هەر بەم جۆرە ئاوی گوێتان داوم...، هەر چیم لێ هاتبێت دەستکردی خۆتانم...، من لە منداڵییەوە دەسندەخۆری خۆتانم... مامۆستا ڕزگار بەپێکەنینەوە گوتی:

– هێمن تۆ وازی لێ بهێنە... ئەوە گەزۆی خۆمانە، بەدوو دانە مڕ دەبێت، ئیتر هیچی بۆ ناخورێت...

– سوپاس بۆ تۆ کوێخا کە هێشتت بەئاسوودەیی دوو دانەی جیڕ و دانەیەکی خاو بخۆم...، بەخودا ئیتر هیچم پێ ناخورێت، دڵم نایبات...

مامۆستا گیان، خۆت نەتفەرموو دابەشی بکەم...؟!...

– شەفە، بەئارەزووی خۆتی بکە، چۆنت دەوێت وا بکە...



– دەسا وا منیش سەرو دووانیان بەیەکسانی بەسەردا دابەش دەکەم، وەک ئەو دابەشییەی کە خۆتان ئارەزووی پێ دەکەن... ئێوە هەموو جارێک وەهای لێ نادوێن...؟!... یەکێ جیڕ و یەکێک خاو...، بەهاوبەشی و بەیەکسانێتی...

– با بەئارەزووی خۆمان بێت، چی ئارەزوومانە ئەوە دەخۆین...

– کاک مەریوان کە خۆت بگرێتەوە، دەبێت دابەشکردنەکە ئارەزووی تێدا بێت...، ئاوا یەکسانیی دەخوازیت...؟!

– وا دیارە تۆزێ لە شت گەیبویت...؟!...

«کوڕە بابە گیان بەخودا لە زۆر شت گەیبووە...، سووڕاوەتەوە...»

– کاک مەریوان، گوایە تۆ دەتەوێت هەر خۆت لە شت بگەیت، من گشت جارێ گوێم لە ئێوەیە چی دەبێژن...، خۆم هەرچییەکم لە ناوتاندا، گوێم لە وێژەکانتان پڕ بووە، خۆ کەر و گا نیم...

– گوایە چۆن... کوڕە تۆ یەکێکی لە ئێمە...؟!...

– کوێخا، وا دیارە شەفەمان لێ پەیدا دەبێت...، شووڵی چەلەحانێی لێ هەڵکێشاوە...؟!...

– کاک هێمن...، ئێوە بۆ ئێمەی دەکەن...، خۆ ئێمەش دەبێت تۆزێکی لێ بزانین، تا پێ بزانین...؟!...

– شەفە، ئیتر بێدەنگ بە...، تۆ کوڕی ئەو کێشەیە نیت...، دەم لە هیچیشەوە مەدە...، دەمەوەریی بەسە...

– بەڵێ بەسەر چاو، ئەوا قوڕم پیا دادا و قوڕ و قەپم لێ کرد...

– مامۆستا، ئەمجارە دەبێت لە دەنگی جووتیاراندا ئەم گۆڕینە و هۆکانی بنووسرێت، ئەمە کەم نییە ڕادەی تێگەیشتنی کەسێکی دواکەوتووی وەکو شەفە ئاوەها خەڵق ببێت و ئاوەها لە شت تێبگات...

– بەڵێ کاک هێمن، دەبێت لە ناوچەدا، هەرچی لەم بارەیەوە ڕوویدابێت هەمووی بنووسرێت، بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە بنجوبناوانی کارەوە...، هەوڵی فراوانبوونی ڕێکخستنەکانیش بدرێتەوە...

– وایە، ئەمە پێویستە و ڕاستیشە...

– هەرچەندە من شەفەی شێت و گولم پێ دەیەژن، هیچیش نیم...، بەڵام ڕێم بدەن کە بڵێم: هەر کاتێ هات، یەک دانەش بنێرن بۆ ڕۆستەمە سوور، بەشکو گشتی بخوێنێتەوە...، دەبا لە داخاندا لێک بیتەوە و ئێجگاری کەللەیی ببێت...

– کوڕە شەفە، بەخودا تۆ بەم پەڕپووتییەی خۆتەوە هەزاری وەکو ئەوان دەژیت...

– کەی بێ ئەو کاتەی وای لێ بهاتایە کە هەموو ڕەنجبەر و جووتیارەکان هێندەی شەفە وریا ببوونایەتەوە...

– مامۆستا ڕزگار ئەوە چی دەڵێیت...، هێجگاریت کرد... بڵێیت شەفەی نەزان لەم هەموو کەسانەی ئەم ناوچەیە هۆشیارتر و چاکتر بێت...؟!...

– بەڵێ، مامۆستا، ڕاست دەفەرموویت...، چونکە ئەو لەم وتەیە مەبەستی هەیە... هێشتا زۆری ماوە هەستی تەواوی ڕاستێتی لە ناخی پاراستنی بەرژەوەندییەوە هەڵبقولێت...

– کوێخا، مەریوان لە تەواوی بیرەکەی من نەگەییووە... وا دیارە هێشتا هەر بڕوای بەسەرکۆزەری خواست هەیە... تا بەم جۆرەش بین، هەرگیز ئەنجامێکی باشمان بەدەست ناکەوێت...، ئەگەر خۆمان بەدار و بەردیشدا بدەین... تا نەچینە ناوجەرگەی بارستایی بوون و ڕووداوەوە... بەڵام بەو مەرجەی خەڵکەکەمان لەگەڵدا بن...

– هەر چۆن بێت شەفە گولم پێ دەڵێن... هەندێکیش شەفە شێتم پێ دەڵێن...، خۆزگە وەک ئەوانە تەندروست دەبووم جا خۆم دەمزانی چۆن دەبووم...، بەخودا بەم حاڵەی خۆمەوە لە زۆربەی ئەو شتانەتان تێدەگەم...

– تۆ هەر لێمان شێت نەبیت و فێکە نەتگرێت... بەینێکی تر مامۆستا ڕزگار دەتبات بۆ لای پزیشکی شاریش...

– مەرج بێت، بەسەر چاو، جا من کەی بێ گوێیی ئێوەم کردووە؟!

من شێت دەکەن بۆیە فێ دەمگرێت... ئەی بۆچی ئا ئێستە و تەنها جارێک لە ئێوە شێت نەبووم...

– چونکە ئێمە هەموو خۆشمان دەوێیت...

– ئێ ئەوەتە منیش هەمووتانم خۆش دەوێت، دەسا وا من ڕۆیشتم، خواتان لەگەڵ... دوابەدوای شەفە...، کۆمەڵیش کۆڕیان چۆڵ کرد و مامۆستایان بەجێ هێشت...، ئەویش



چووە سەر جێگەی خەوتن...، پاڵکەوت و پەڕاوێکی بەدەستەوە گرت، دەستی کرد بەخوێندنەوە، دوای چەند لاپەڕەیەک کەوتە بیرکردنەوە...

– خۆزگە، ئێستە کە ئەم هەموو جووتیار و ڕەنجبەر و چێنەرانە لە ڕادەیەکی بەرزی تێگەیشتن و پێگەیشتنی بیری نوێی پێشکەوتەی ژیاندا بوونایە، هەتا کۆمەڵانی هاریکاریی ناوچەی تیادا دامەزرایە کە بۆ ڕاژەی گشتیی، بەیەکسانیی کاری گورجوگۆڵانەی بکردایە...، هەر خۆزگەشە ڕۆژێک دەبێت ببێتە ئەنجام...، دەبێت بۆ ئەو ڕۆژە بگەڕێین...، کار بکەین... بمانەوێت و لە بارماندا هەبێت دەیهێنینە بەر بار... ڕزگاری بەئومێد، ماوەیەک بەو بیرانەوە مایەوە...، خەو دایگرتبوو... چەند ساتێک بەم شێوەیە لە خەیاڵ پڵاوی بزڕ بزڕدا بوو، کەوتە خەوەنوچکێ...، هەتا پەڕاوەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و بەدەم بیری زیندەخەونە ئاڵ و واڵا جوانەکانەوە خەوی لێ کەوت... دڵ خۆشیی و خۆشەویستیی برادەرەکانی و ئاسوودەیی خۆی بوو بەوردە پڕووشەی خامۆشیی و ژوورەکەی داگرتەوە، دەنگی شەست و ڕەهێڵەی بیستراوی بارانی پاییز، دەر و ژووری پڕ کردبوو، بەڵام لەولاشەوە خانووە پەرپووتە داڕووخاوەکانی ئێجگاری وێرانتر دەکرد، ئاوی چۆڕاوگەی گوێسوانەکان و پلوسکی سەربانەکان بەهاژە باراناویان پیادا دەهاتە خوارەوە... پاییزێکی بەتوندوتیژییە...، بایەکی گا فڕێن هەڵی کردبوو...، جاروبار دەیلووراند...، موچڕکەی بەپشتی پۆشتە و تێرەکاندا دەهێنا و هەڕەشەی لە گیان و ژیانی بێ دەرەتان و کەساس و هەژاران دەکرد...، هەتیو و پیر و داماوانی ناو کەلاوەکانی نیوە گیان دەکرد، بەتایبەتی لەو ساتانەی بیریان لە نەبوونی ئازووقەی زستان دەکردەوە، لە باری دەروونەوە دادەتەپین و پتر لە بیری ڕەقبوونەوە و لە مردن نزیکی دەخستنەوە...

***

# ٣

مالّی ڕۆستەمە سووری کوێخا دێ و ئاغاله، حەوشەیەکی دوورودرێژی هەبوو... خانووەکەی پێکهاتبوو لە سێ بەش... کە دەچوویتە ژوورەوە، بەلای دەستی چەپدا چوار ژووری درێژی یەک لە دوای یەک بۆ ئاژەڵ و بەرزە و ڕەنجبەرەکان، بەشی دووەمی بەوبەرەوە بۆ خێزان و ماڵ و منداڵ...

بەشی سێیەم کە ڕووبەڕووی دەرگای دەرەوە بوو... لە بنەوە لە نێوانی هەردوو بەشەکەدا، بەڵام لە بنەڕەتدا لە دوو بەشەکەی تر بەرزتر بوو... عەمارتەیەکی تایبەتی بوو بەدیوەخانێکی گەورە و دوو ژوور بۆ مانەوەی میوان بەشێکی تایبەتی سەرشۆرک... لە تەنیشتی بەشی خێزانیش سەرتەندوورێکی گەورە و بەشی چێشت لێنان... ژووری میوان دوو ڕیز کورسی تێدا بوو... فەرشی نایابی تیادا ڕاخرابوو، بەم بەر و ئەوبەریشەوە بەدۆشەکی پڕ لە لۆکە ئەویتری پڕ کرابووەوە، سەرینی زۆری پەڕی لەسەر بڵاو کرابووەوە... ڕۆستەمە سوور لە ژوورەوە میوانی هەبوو...، سەرڕووتێکی کەچەڵەی چاویلکە لە چاوی ورگن لە سەرەوە دانیشتبوو... دووانی تریش لە خواریەوە...، ڕۆستەمە سوور لەم کاتەدا زۆر لێی نزیک بووبووەوە... بەچرپە لەگەڵ یەکدا دەدووان و ڕازی نهێنییان دادا بوو...

– میران، بەخودا من سڵ لە خێزانی کابرا دەکەمەوە...، ئەوەی خراپە و ترسم لێی هەیە ئەوەیە کە هەموو لاو و سەرگەرمن... بەتایبەتی ئەو هێمنەیان زۆر مەنگ و نەدووە...، هەمیشە لەوە دەچێت نهێنییەکی لە ژێر سەردا بێت...، هەرچەندە بۆ شار دەڕوات دەکەونە پسکەپسک و مقۆ مقۆ... ئەم لابردنەی کوێخا وەیسەشیان زۆر لا ناخۆش بووە... چونکە ئەویش لە دەستە و هاوکاری خۆیانە... هەوڵم داوە تا ئێستە لە نهێنییان نەگەیشتووم.

– کوێخا، تۆ ئێمەت لە پشتین، ئیتر لە چی دەترسیت؟! گەر بەتۆدا بتەقنەوە، ئێمە لەسەر خۆمانی حساب دەکەین...

– میرم... من ناترسم... بەڵام سڵیان لێ دەکەمەوە... ئەگینا تۆ خۆش بیت گوێی هەموویانت بۆ دەبڕم...، بەڵام جارێ ئەمەوێ بەهەنگوین بیانخنکێنم... خۆم بەهاودەستیان پێشان دەدەم... دەمەوێت جێگەی خۆم قاییم بکەم و هەندێک لە توندوتیژیی و قینیان کەم بکەمەوە هەتا ئەو کاتەی خاو دەبنەوە، ئەوسا دەمێننەوە خۆیان، چاری خۆشیان بەتەنهایی



ئاسانترە... دەمەوێت ئەوانەی ئەوسا بەلای خۆیاندا ڕایانکێشابوون، لێیان بتەکێنمەوە، بیانکەم بەسڵقی ڕووت...

– کوێخا، هەوڵ بدە کەرتیان بکەیت و جیاوازییان تیادا پەیدا بکەیت...، ئەویش بەوە دەبێت خۆت بگریت و لەسەرخۆ بیت...، دەبێت بیسەلمێنیت کە تۆ لەوان ژیرتریت... ئەمەش دوو بەشی لەبەر خۆتە...، لێشت ناترسم، تۆ پیاوێکی کارامە و لێهاتوو و بەهەڵپەی...؟...

– گەورەم، هەرچی دەفەرموویت من سەرم لە ڕێدایە... هەرگیز لە واتەی ئێوە دەرناچم...، من خۆم بەئەڵقە لە گوێی ئێوە دەزانم...!؟...

– ئێمەش بۆیە تۆمان بەمەرامی دڵی خۆت گەیاند، بەم جۆرەی بۆمان سەلماندیت، وەیسەشمان لە کوێخایی خست...

– هەتا هەتایە خودا بۆ ئێمەتان بهێڵێت...، ئێمەش نۆکەری خاک و پاتان...

کوێخا لەم کاتەدا ڕەوشتی ئەوپەڕی نزمیی و نۆکەرێتی پێشان دەدا، وەک بیەوێت کوڕنووشی تەواو بۆ میر بەرێت وەها بوو...، دوایی وەک ورێکی دەبەنگ داچڵەکی خۆی وریا کردەوە...، هەستایە سەرپێ و بەنەریتە شەڕانییەکانی قیڕاندی:

– ئەلە...، کوڕە ئەلەکە...، وەرە هەتیو خێرا نان تێکەن... لەم کاتەدا ئەلە مەسینە و لەگەنی وەرشاوی سپی هێنایە بەردەمی میر... ئاوی کرد بەدەستی میر و میوانەکانی تردا... ئەلە پاشەوپاش گەڕایە دواوە، کوێخا مڕەیەکی لێوە هات دەستی بەسمێڵیدا هێنا، خۆی قیت کردەوە، لە خاک و پادا وەستایەوە، چاوەڕوانیی فەرمانی دەکرد... لەم کاتەدا مینەی کوڕی ڕۆستەمە سوور بەپەشۆکاوی خۆی بەژووردا کرد خاولییەکی دەست سڕینی بەدەستەوە بوو...، لە میر چووە پێشەوە...، ئەویش دەستی پێ وشک کردەوە...، دوایی ڕووی کردە باوکی:

– ئەو هەتیوە شێتە خڕسە زۆر نالەبار و قیرسیچمەیە... هەر وەکو فێر کرابێت، هەرچەندە من دەبینێت، لەبەر خۆیەوە دەست دەکات بەجنێودان و تفکردنەوە، یەک لەسەریەک تف لە زەوی دەکات، دوایی دەست هەڵدەبڕێت بۆ ئاسمان، وەکو دروود بخوێنێت، نازانم چی دەڵێت...، ئەم خوێڕییە لەم دێیەدا نەمایە باش دەبوو...، هەرچەندە وا دەکات من دڵم لە خۆیەوە دادەخورپێت... کە چاوم پێی دەکەوێت ئیتر دڵم دەگیرێت و تەواو پەست دەبم...

– ڕۆستەم، ئەوە مەبەستی لە کێیە...؟!

– میرم هیچ نییە، مەبەستی لە شەفە گولی شوانە، هەتیوێکی شێتۆکەیە... شوانی خێزانەکانی بەرەی ئەولایە...؟!... هەرچەندە شێتۆکەیە، بەڵام ڕەفتار و کردارەکانی هەندێ جار لە هی ژیر و داناکان پڕ مەبەستترە، فێری قسەی بەتوێکڵ بووە...

– بابە، بەتایبەتی لە ناو خەڵکەکەدا دەیکاتە گاڵتەجاڕیی، ئەوانیش بەهەلی دەزانن...

– کوێخا جا تۆ بەچیدا ئەمە دەڵێیت...

– ماوەیەک لەمەوپێش، دوای دانانی من و لابردنی وەیسە لە کوێخایی، ڕۆژێک چووم بۆ مزگەوت... سەیرم کرد کۆمەڵێک لە دانیشتوان، لەبەر هەیوانی مزگەوتدا دانیشتوون، مامۆستاشیان لەگەڵدا بوو، شەفە لە خواریانەوە تروشکەی کردبوو... وا دیاربوو لە لابردنی کوێخا و دانانی من دەدوان، چونکە کە چاویان بەمن کەوت بێ دەنگییان لێ کرد، سڵاوم لێ کردن... هەندێک بەگەرمی و هێندێک بەساردی وەڵامی سڵاویان دامەوە...، بەڵام هەر ئەوەندەم خۆش بوو...، هێندەم زانی شەفە لە جێگەی خۆی، وەک کێچ ڕاپەڕی و قیڕاندی... دوایی فێی لێ هات... کوێخا ڕۆستەم بێ دەنگ بوو، وەک ئەو ڕۆژەی شەفە بەرەنگاری بووەوە، بیری کەوتەوە، لە بەردەمی میردا ئارەقێکی ساردی ڕشت، وای دەزانی شەفە لە بەردەمیدایە:

– «تف لە شەیتانی چەپەڵ...، تف لە هاوڕەنگ و هاودەنگی شەیتان... خۆزگە ئەم ڕموزنەم نەدەدی... خۆزگە کوێرووی نالەبارم چاو پێ نەدەکەوت...» دەمی کەفی چەند بوو...، وەک مەشکە دەهاژی...، چاوی ئەبڵەق بووبوو، کەوت بەزەویدا و فێی لێ هات...، پیاوەکان گشتیان بەوەوە خەریک بوون، ئیتر وەک من نەبینن و هیچ نەبم، چاویان بەستەوە... ئاوی ساردیان کرد بەدەموچاویدا، سەیرم لێ دەهات، ئەم هەموو پەرۆشییە چییە بۆ ئەم لەوێرە... دوای نەختێ هاتەوە هۆش خۆی...، سەیری دەموچاویم کرد، بەڵام ئەو ڕووی لێ وەرگێڕام، بەبێ دەنگ پشتی کردە من و کۆمەڵەکەی بەجێ هێشت... ئەوانی تر هەموو بێ دەنگ بووبوون... لەم کاتەدا بەگوێی خۆم، گوێم لە چرپەی یەکێک بوو، دەیگوت:

– کوردییەکەی خۆمان ڕاستی فەرمووە...، قسە یان لە شێت یان لە منداڵ؟!»

کەچی ئەویتر وەڵامی دایەوە:



– «ئەم شەفەیە لە شێت ناچێ، لە وەلی و دێوانە دەچێت...؟!... دوای ئەمە، کۆمەڵ، یەک لە دوای یەک بڵاوەیان لێ کرد، سەیرم کرد هەر خۆم بەتەنها ماومەتەوە...، مامۆستای مزگەوتیش، بەبێ دەنگیی و بەماتییەوە بەرامبەرم ڕاوەستاوە و دەڵێت «فەرموو بچینە حوجرە...»

منیش وەکو خۆڵ و دۆم بەسەردا کرابێت لە لام وابوو...، لەشم نیشتبووە سەر ئاوێکی سارد... لەم کاتەدا کەوتبوومە خولیای بیرێکی سەیرەوە... وام هەست دەکرد کە مەلاش بۆیە بانگم دەکاتە حوجرە، بۆ ئەوەی هێرشی واتەکانی شەفە گولی شێت تەواو بکات، لەبەر ئەوە نەمتوانی و نەمویست لە لای ئەویش دابنیشم و بمێنمەوە، پێم گوت:

«نەخێر، سوپاس، دەڕۆم... هەر ویستم سەرێکی سەرپێییتان لێ بدەم...، فرمانم هەیە...» ئیتر ئاگام لە خۆم نەما بوو، گەڕامە دواوە...، قوربان میرم لە ئێستەی مینە زۆر پەستتر بووم... دەنگی مەلام وەها هاتە گوێ:

– فەڕت هانی...، خودات لەگەڵ...، یەزدانی مەزن چاک بۆ هەموومان بکات... لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەمە بوو فەڕ... ئەمە بوو خۆشیی... بەم جۆرە خودام لەگەڵە؟! وا دیارە ئەم واتانەش هەر تەشەر لێدانە بەرامبەر بەهی وەکو من... ئا ئەمەیە حاڵوباڵی ئێمە لەگەڵ ئەم کەللەڕەقانەدا...

مینە لەم کاتەدا بەهەناسەسواری هەڵیدایە:

– جا مەلاش هەر بەلای ئەواندا داناتاشێت؟! قوربان من دەزانم ئەمانە دوایی تووشی دەردەسەریی زۆرمان دەکەن... تا ئەم کاتە چاویلکە لە چاوی ورگن بەبێ دەنگیی و سەرسامی گوێیی بۆ شل کردبوون...، دوو میوانەکەی تر، وڕ بووبوون، وەک تاساو، چاویان بڕیبووە چاوی یەکتری و گوێیان لەوان ڕاگرتبوو... کۆکەکۆکی میر لەم کاتەدا هەموویانی وریا کردەوە... بەدەنگێکی گڕی ناقۆڵا و شێوەیەکی گاڵتە پێکردنەوە گوتی:

– ئەمانە هەمووی کا و بایە...، هەمووی خۆتان وای لێک دەدەنەوە... ئەمە گومانە بەخۆتان... ئێجگار قووڵتان کردۆتەوە... سەری دنیاتان لە خۆتان هێناوەتەوە یەک... کوێخا، گرنگ ئەوەیە، جووتیار و هێزی جووتیار بشکێت و نوشوستیی بهێنێت...، ئا بزانم تۆ سەرکەوتیت یان نە؟!... جگە لەمە، هێز و بەرهەڵستیی ئەوانمان هەمووی لە ژێرەوە شکاند، بەبێ ئەوەی بییەڵێن کەس پێ بزانێت، یان فزەی لێوە بێت... لەمەودواش سەریان پێ دادەنەوێنین، هەر شتە بەوادەی خۆی، پیلان و داو لە ئێمەوە...، فەرموون...

برسیمانە، با نان بخۆین... کوێخا چیت بۆ کردووین...؟!... با حازر بەقەرز نەدەین و سک هەڵگوشین بۆ ئێمە نەهاتووە...!؟

– فەرمووو قوربان...، بەرخێکم بۆ سەر بڕیویت، بۆم کردوویت بەبریانی... گۆشتی سوورەوەکراوی کەو و کەروێشکیشمان هەیە...، فەرموون قوربان... فەرموون...

هەمـوو چوونە سەر خوانی نانخواردن... دەستکرا بەتیکە گلاندن... میر، بەم دەست و بەودەست گۆشتی سوورەوەکراوی ناو سکی بریانیی چەور و نەرمی دەماشییەوە، کوێخا ڕۆستەم بەدرۆ چاوتێربی خۆی دەنواند...

لەگەڵ ئەمانەشدا لەم کاتەدا، ڕۆستەمە سوور لە بیرکردنەوەیەکی قووڵی شێواودا بوو...، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– چیم نەکرد تا بەم مەرامە گەییشتم... ئیتر چیم دەوێت؟!... هەرچی بڵێم دەمی خۆم دەخوات... «ئیتر چیت دەوێت ڕۆستەم، جەنابی میر تۆش هەر وا نایخۆیت... خواردن ڕییانەوەی دەوێت... منیش چاوەڕوانی پەیمانەکانم... من بۆ تۆ، تۆش بۆ من...» لەم کاتەدا، بزەیەکی سەرکەوتن گرتی، دەستی برد بۆ پارووپەکی چەور و نەرم، وەک واشە، چنگی لێ گیر کردەوە، لیپی لێ داگرت... «بەخۆشت حەڵاڵە... بخۆ...» هێشتا پاروەکەی قووت نەدابوو، بەبۆڵەبۆڵێکەوە سەری نایە پەنا گوێی جەنابی بەڕێوەبەر:

– میران، لەو ماوەیەدا ناردم، لەسەر بەڵێنەکەی خۆم کە پێم دابوویت...، پارچەیەک فەرشی کاشانی زۆر نایابم بۆ کڕیویت دەفەرموویت لەگەڵ خۆمدا بۆتی بهێنم بۆ شار، یان لەگەڵ خۆتاندا دەیبەنەوە...؟!...

– «گرێی دەست بۆ بخەینە دان، با بڵێین لێم کڕیویت...؟!... وا نییە...؟! هەر بۆ ناو...، خۆت چەندی لەسەر دەدانێیت من قایلم، کە هاتیت بۆ شار پارەکەییت بەمۆڵی دەخەمە دەست... سبەی بیخەرە ناو ئوتومبێلەکەوە، ئیتر ئەم گێرمە و کێشەیەی بۆ چییە؟! میر لەم کاتەدا هەندێک دەنگی زیاتر هەڵبڕی...

کوێخا ڕۆستەم لە دڵی خۆیدا «هەر بەوەوە بوەستین چاکە، بەڵام هەر وا دەبێت، ئەو بۆ من و منیش بۆ ئەو، با لەوەپێش منقرێکم بدایەتێ ئیتر میر لەمەودوا پشتی منە... لە کەسەکانم چاکترە...، کەس...؟!...»

– کوێخا وەڵامت نەبوو، بیر لە چی دەکەیتەوە... دەبڵێ وا دامیتێ بەو نرخە؟!...



میر چاوەڕوانیی وەڵامی نەکرد، ئەنجامی وەڵامی لە پێشەوە وەرگرتبوو...، دەستی کردەوە بەماشینەوەی گۆشتی گەرم و نەرم و خواردنی دەگمەن و بەتایبەت دروستکراو...

– پیرۆز بێ، ماڵی خۆتە...، پەلەی پارەم چییە... ماڵی منیش هەر هی تۆیە... «هەردووکیان لە دڵی خۆیاندا: ئەی کە وا نییە؟!...»

– کوێخا ئەوە لە بیرم نەبوو: «دەنگی نزم کردەوە» بۆ زەوییەکان با جارێ هەردیزە بەدرخۆنەبێت...، مەیدرکێنە با ماوەی تایبەتی پەرچدانەوە بەسەر بچێت، هەر کاتێک خۆم پێم گوتی، ئەوسا دەستی بەسەردا بگرە...، من هەموو شتێکم بۆ تەواو و جێبەجێ کردوویت...

– خودا لە گەورەییت کەم نەکات...، پشت بەیەزدان و بیری وردی ئێوەی دڵسۆز، هەموو شتێک ئاسان دەبێت و کۆسپ و گیروگرفت ساتار دەبێت...

– ڕۆستەم، من خۆم دەزانم چیم کردووە...، بەڵام با مینەی کوڕت سەرگەرمیی خۆڕایی نەنوێنێت، لەگەڵ خێزانی هێمن و ئەواندا جارێ نەیشێوێنێت، بۆ ئەوەی ئیشوکارمان بەئاسایی و بەبێ قاڕە و هەیتوهووت بڕوات و با تێکی نەدات...

– مینە بەسەرسوڕمانەوە...

– چۆن، قوربان، چۆن بێ دەنگ بم، لە توانج و واتەی ڕەق و ناشیرینیشیان...؟!... ئەوان بەهەموو جۆرێک هەوڵی شکاندنی ئێمە دەدەن، من وەک شبرم لێ دێت، ئەمجارە دەبێت ناودەمیان سوێر بکەم...

– کوڕم، بێ دەنگ بە و لێکینێ...، ئێمە بەڕاوێژی میر و میریی دەجووڵێین و بەڕێوە دەچین، دەمار نەتگرێت... کنر و ماستیش بەوادەی خۆی... چەند جارم پێ گوتوویت نەهێنبڕ بە، نەهێنبڕ...؟!...

– دەبێت فێر ببیت و هەرزەیی دابنێیت، دوایی کار لە باوکیشت تێک دەچێت...

– فەرمانی میرم بەجێیە، ببوورن، چی دەفەرموون وا دەکەم...

– دەسا بەبێ دەنگی و هێمنیی هەر هەوڵ بدەن نیازەکانیان پووچ پووچ بکەنەوە، لە نهێنیی مەبەستیان بگەن و ئێمە ئاگادار بکەن... هەر نیازێکی خراپەکارییان هەبێت سەختترین سزایان دەدەم و تووشی چەرمەسەرییەکی خراپیان دەکەم...

– خودا بۆ ئێمەتان بهێڵێت، ئێمەش هەتا ماوین هەر نۆکەرتانین... ئەم ڕووناکاییەی

لە دڵماندا هەیە لە بریقەی تاجی شاهیی و بەهۆی تەختی میریی و پاشایەتییەوە چووەتە ناخمانەوە میرم...

– دەسا کوێخا، ئێوە بڕبڕە پشتی ئەم تەخت و بەختەن...

کوێخا لەم کاتەدا گوتەی ئەو هەتیوە سەرگەرمانەی بیر کەوتەوە کە لەوەپێش بیستبووی...، وای هاتە گوێ، کە میریش هەر بەتەشەرەوە، ئەمەی پێ دەڵێت، چونکە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەی، کە جەنابی کرا بەموختار، بەگوێی خۆی بیستی، یەکێک لەوانە، لە ناو کۆمەڵێکدا بەدەنگی بەرز گوتی: «دەرەبەگ بڕبڕەی پشتی داگیرکەرە».

بۆیە ئیتر لەم کاتەدا نەیدەزانی، میری بەڕێوەبەر چی بۆ باس دەکات، کاسەی سەری درەنگەی دەهات، دەیگوت ئاشە، هەستی بەدەنگدانەوەیەک دەکرد، لە هەڕەشەی ئەو لاوە سەرگەرمانە دەچوو...، تا کاتێکی زانی خوان پێچراوەتەوە و چاشیان لە بەردەم داناوە... لە دەنگی زڕەی پیاڵە و تەقەی چا تێکهەڵدان بەئاگا بووەوە... سەیری کرد دانیشتوان لە کشوماتیی و بێ دەنگییەکی تەواو دابوون...

– کوێخا، ئەمانەش نەبێت، هەر ئیشێکت هەبوو، ئێمە ئامادەین مەرجە هەموو کارێکی گرانت بۆ ئاسان بکەین...

مینە لەم کاتەدا خۆی بیر کەوتەوە «تۆ بڵێیت بەهۆی کارەکانی میرییەوە، گوڵەی کچی خەجیج خانم بۆ جێبەجێ ببێت...، دیارە دەبێت فەرمانێکی زۆر گرنگ بۆ میریی بەجێ بهێنم تا وەکو ئەم کارەشمان بۆ بکات...؟!... کارێکی زۆر سەختە، هێمن و مەریوان و خەسرەو، هەرسێ ئامۆزا بزێوەکە کۆسپی گرانی ئەم ئاواتەی منن... با بزانین، لەگەڵ ئەواندا مەگەر پشت شکان» «کوڕەها، وەک میری بەڕێوەبەر خۆی دەفەرمووێت، بۆ هەموو شتێک جارێ با ئارام بگرم، تا ڕۆژی خۆی، بیرت نەچێت، نابێت میر زویر بکەیت»

لەم کاتەدا ڕۆستەمە سوور نەڕاندی:

«کوڕە مینە ئەوە لە کوێیت؟!...، دەڵێی گەمییەکەت باتمیش بووە...، ئەوە دووجارم بانگ کردیت، بۆچی وەڵامم نادەیتەوە...، ئەوە چیتە وا حەپەساویت...»

کوێخا لە دواندن وەستا، تاس بردییەوە، لە دڵی خۆیدا: «دەبێت مینەی کوڕیشم گومانێکی لە دڵدا هەبێت...، بەڵام ئاخۆ دەربارەی چی بێت، چاوترسێنییەکەی لەنگەری بەرژەوەندیی ڕاگرتووە، کەچی بەسەرکێشیی و زیادەڕۆیی هەندێک جار دەیشێوێنێت...»



– کوڕە بڕۆ خێراکە، بڵێ با فەرشە تازەکە بخەنە ناو ماشێنەکەی میرەوە، چونکە پێم فرۆشتووە و حەڵاڵی خۆیەتی!!

بۆ ئەم وتەیە دەنگی بەرز کردەوە، بەڵام لە دڵی خۆیدا: «ڕاستیش ناکەم...» ڕۆستەم لە میر نزیک کەوتەوە، بەنزمیی گوتی:

– قوربان، با پێشکەشتان بێت، پێویست ناکات پارەکەیان بۆ بنێریتەوە... ماڵی من هەر هی تۆیە...

– چۆن دەبێت، کوێخا، جا من و تۆ ماڵمان جیا کردۆتەوە...؟!...

– بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەکارییەوە...

مینە کە لەم کاتەدا بیری لە ناڕاستیی هەردووکیان دەکردەوە،

– لە دڵی خۆیدا:

– هەی هەی لەم درۆ زلانە، لەم دوو درۆزنە کەوتە ملهوورانە؟!... هەرچەندە وەهاشە، گوێ مەدەرێ مینە، تۆش لێدە...، هەلە و بۆت هەڵکەوتووە... هەر خۆمان: حەلێن... ئەمە ڕێگە پاککردنەوەیە بۆ تۆش، سبەینێ تۆش دەبیتە – قوربان... گەورەم... مینە بەدەم ئەم بیرانەوە چووە یەکێ لە ژوورەکان و فەرشێکی جوان و نایابی وەک گوڵی هێنایە دەرەوە، خستییە ناو ماشێنەکەی بەڕێوەبەری میرییەوە...، دوو لە سووکە پیاوەکانی بەرقاپی کوێخا پەلاماریان دا و وەک ڕاسپێردرا بن، فەرشەکەیان بەڕێوجێ بۆ میر ڕێک دەخست...

– نۆشی گیانت بێت زرتە بۆزی کەتەووڵ...، ئاخۆ بەم ڕۆژگارە چەندت بۆ بێتە کونی ژوورەوە...، بەڵام بۆ تۆ باشە...، هەر تۆ بەکارمان دێیت و لە تەنگانەدا بەفریادمانیت...

مینە ئاوڕی دایەوە، بینی باوکی وا خەریکە میوانەکان بەڕێ دەکات... چاوەڕوانی کردن تا هاتنە بەردەمی، دەستی درێژ کرد...، تەوقەی لەگەڵ کردن...، ئەمیش بەپەرۆشەوە بەڕێی دەکردن... جەنابی بەڕێوەبەریش هیچ سەیری فەرشەکەی نەکرد...، وەک بڵێیت هەڵبژاردەی تایبەتی دەستی خۆی بێت، بەڵام لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– خۆشم بگەڕامایە فەرشی وەها هەڵبژاردەی دەگمەنم دەست نەدەکەوت، دەزانم ڕۆستەمە سوور، بۆ ئەوەی قایلم بکات، زۆر خۆی ماندوو کردووە تا ئەم فەرشە چاکەی بۆ پەیدا کردووم...، خەڵات، هەرچەندە کوێخا پێشکەشی دەکات بەمن...، بەڵام ئەنجامی ماندووبوونی خۆمە...، منیش سەری خۆمم بۆ ئەو زۆر یەشاندووە...، هەر بەمەشەوە لێی

رانەوەستاوم...، گوێ مەدەرێ ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە... دنیا هەر وەها نابێت، دەبێت مشوورێکی خۆمان بخۆین...، هەلە و دوایی لە دەست دەچێت...

– لەم کاتەدا هەموو لە بەرێکردندا بوون، شپرزە و پڕ بایەخ و دەست لەسەر سنگ...

– تەق، دەرگای ماشێن بەتوندی بەیەکا درا، کوێخا، مینە و ئەلە و دوو پیاوی تر لە بەردەمی ئۆتۆمبێلەکەدا ڕاوەستابوون، بەکوڕنووشەوە دڕیان دا، ئەملا و ئەولای ماشێنیان گرت، سەیری خەڵکە دوور وەستاوەکانیان دەکرد...

هەموو خۆیان گێڤ کردبووەوە...، مینە لە هەموویان پتر سنگی دەرپەڕاندبوو، زلیی و گەورەبوونی خۆیانیان لە گەورەیی جەنابی بەڕێوەبەر و بوونی میر و قەوارەی ئەم ئوتومبێلەدا دەبینی... بۆیە وایان دادەنا، کە ئەم هەڵوێستەی میر لە ناو ماشێنی ڕاوەستاوی ورە ورکەردا، بەشێکی ئەمانیشی پێوەیە یان بەشێکە لە بوونی ئەمان، ئەوەتانێ لە دەنگ و ورەی ماشێنەکەدا، لە بریقە و چریسکەی شووشە و گلۆپەکانی پێش و دوای ئەو ماشێنە جوانەدا، ماینەشێ و ئەسپی ناوچەوان مارۆی ئاغا لەم ساتەدا نانوێنن...، ئەمڕۆ گەورەیی لە بەرگ و جلی ئاوساو و لە گۆشتی ورگ و پشت ملی میری بەڕێز و گیپاڵی بەڕێوەبەری ناوچەدایە، میر و بەگ و ماشێن نیشانەی گەورەبوونی ئەمانی دەردەخست و خۆیانیان پێوە گێڤ کردبووەوە، مینە ئاوڕێکی لە خەڵکەکە دایەوە، وەک پێیان بلێت:

«ئاگاتان لەم هەموو سەروەرییەی ئێمەیە...؟!...»

– ماشێن کەوتە گەڕ...، دەست گیرا بەسنگەوە و بۆ سەر چاو، تا لێیان دوور کەوتەوە، ئەمانیشی بەفووتێکراویی و خۆ بادان بەجێ هێشت...، ڕۆستەمە سوور پاشە و پاش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە... مینە هێشتا هەر ڕاوەستا بوو...، وەک چاوەڕوانی شتێکی گرنگ بکات... کە خۆشی نەیدەزانی، ئاخۆ دەبێت چی بێت...؟!... بەڵام چاوی لە ماشێنەکە نەدەترووکاند، تا بەتەواوی دوور کەوتەوە...، لەم کاتەدا ڕووی وەرچەرخاند، بینی هێمن و مەریوان لە دوورەوە سەیری دەکەن، چاوی بەچاویاندا تەقییەوە...

– دیسانەوە، ئەم هەتیوانە دڵێیت چاوی سیخوڕن و خستوویانینەتە ژێر چاودێرییەوە...، دەبێت بچمەوە ناو قاووغەکەی خۆمەوە، نازانم بۆچی کە ئەمانە دەبینم شپرزە دەبم، حیرسم هەڵدەستێت دڵم دەگیرێت؟! سا بزانم ئەو ڕۆژە کەیە تۆڵەی ئەم هەموو قینەیان لێ بکەمەوە...



مینە ئەمەی گوت و ئەمیش ڕووی لێ وەرچەرخاندنەوە، بۆ بەرەو ماڵ، بەنیمچە پەشۆکانێکەوە گەڕایەوە، دوو جۆر هەستی دژ بەیەکی لە ناخدا ورووژا بوو، دوای گێڤ و سنگ دەرپەڕاندن، ساردبوونەوە و هاتنەوە سەر سفری بەردی ئەلحەد... «ئاخ لە دەست ئەمانە...؟!»

لەولاشەوە مەریوان بەهێمنی گوت:

– وا دیارە دەست لە مارەیی دایکیان هەڵبگرن، دەست لە نۆکەریی بەگ و میر هەڵناگرن...

– کاکە، ئەوەی دەیبینیت زۆر لەمە قووڵترە... چونکە بەرژەوەندیی تایبەتیی هەردوو لایان تێکەڵ بەیەک بووە... وای لێ هاتووە هەر لایەکیان بوون و هێزی دەستەڵاتی خۆیان لە توانای زەبروزەنگی ئەولاکەی تریان دەبینننەوە، بۆیە پڕ بەدڵ لەگەڵ یەک و بۆ یەک هاوپەیمان و بەڕاوێژن.

– کەواتە، بەم وتەیەی تۆدا، دەبێت ئاگامان لە داو و تەڵەکەیان بێت...

– ئەوەش وریایی زۆری دەوێت... بەڵام دانیشتوان زۆر ساویلکەن... لەبەر ئەوە گرانە هەست بەدژواریی چەڵەمەی ناو ئەم کۆمەڵە چیناتییە بکەن...

– کاک هێمن تۆ دەتەوێت هەموو وەک تۆ وەها بن...؟!... جا ئەگەر هەموو وا تێگەیشتوو بوونایە بۆچی کارمان بەم مەرەیە دەچوو...

– برا، بڕۆ با بڕۆین، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت... ئیتر بزانین چۆن دەبێت و بەچی دەگات، بەڵام دەبێت بایەخ بەهوشیاریی دانیشتوان بدەین و بۆ خۆشمان ئاگادار بین...

– ڕاستە، هیچ نەبێت خەڵکەکە لە نۆکەریی و چوونە بێگار دوور بخەینەوە...

***

## ٤

– بەڕاستی بەهارێکی بەفەڕە... سەیری ئەم لێزمە بارانە چۆن کردوویەتی بەشەست و ڕەهێڵە...

مینە لە کاتێکدا کە هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، هێندەی ڕاکردبوو؟ بەدەم ئەم بیرانەوە گەیشتە بن دارەبەنەکە... لەم کاتەدا هەورەتریشقەیەک بروسکەیەکی گەورەی بەگردەکەی بەرامبەردا کێشا... لەپڕ، هەور زۆر بەتوندی گرماندی، مینەی ڕاچڵەکاند... تەزوویەکی هەناوبڕ لە تەوقی سەریەوە دەستی پێ کرد لە کەلەنگوستی پێیەوە دەرچوو...، سەیری ئەوبەرەوەی کردەوە هەورەتریشقەیەکی قایمتر دای لە دار بەڕووەکانی ئەوبەر، هەرە بەرزەکەیانی گڕ تێبەردا...

مینە لەمە زۆر سەرسام بووبوو... بیری لە چۆنێتی گڕ تێبەربوونی دارەکە دەکردەوە...

– بەس نەبوو نەیدا لەم دارەی ژوورسەری من...، خۆ ئێستە دەبووم بەخەڵووز، وەک کۆڵۆوم لێ دەهات، زۆر سەیرە، ئەمە یەکەم جارە شتی وەها ببینم...، گەلێک جار باس لەمە کراوە، بڵێیت ئەو دارە وشکەڵ بووبێت... گوایە دەڵێن مەرجیش نییە... لێزمەی باران توندوتیژتر بوو... دیمەنێکی زۆر سامناک بای باران زیاتر کڵپەی بەپیرەدار دەسەند و قەدە گەندەڵەکانی وەک پوشوو گڕی گرتبوو... لەولاشەوە ڕەهێڵەی بارانی بەهار لەگەڵی کەوتبووە شەڕ و دەیکوژاندەوە... ماوەی نیو کاتژمێر ئەم جەنگە خایاندی... تا دوایی، باران بەلێزمە زاڵ بوو، دوای ئەوەی داری زەنگەقڵیشی وەک کۆڵوو بەدوای خۆیدا بەجێ هێشت...

بەدەم سەمەرەی ئەم دیمەنەوە، کەوتە بیرکردنەوە: لە بیرمە ئەو جارەی هێمنی نالەبار دەیگوت:

ئەم سروشتە هەمووی هەر جەنگە...، کێ زاڵ دەبێ...؟!... زاڵبوون کارێکی نەمریی نییە... بەتایبەتی بۆ زۆردار، بەڵام بەردەوامیی ژیان بۆ خۆڕاگرانە... بۆ کەمینە نییە، بۆ زۆرینەیە، بۆ گەلە...، ئەم هەتیوانە لەم قسە قورس و قەبانە ناکەون...

بەڵام ئەو هەتیوە، و ڕاوە دەکات، وا نییە، بۆ ئێمەیە، ئەوەی نەبەزێت، خۆی بەدەستەوە نەدات...، تۆ سەیری ئاسمان و زەوی، هەموو بوونێکی ئەم سەر زەمینە، هەموو جیهان



دەیەوێت مانی خۆی بسەلمێنێت و زەبروزەنگی خۆی دەربخات، لەبەر ئەوەی ئێمە مافی دەستەڵاتمان بەدەستەوەیە...، کەواتە بۆ زەوت نەکەین و زاڵ نەبین؟!، وا دیارە بەهێزەکان هەر بۆ دەستەڵات و زاڵبوون هاتوونەتە کایەوە... هەر وا هاتووە، هەقی خۆمانە...، هەر وایە و هەر وەهاش دەبێت... ژیان، ڕابواردن، خۆشیی دڵ و دەروون هەر بۆ ئەوانەیە هەستی پێ دەکەن و ئارەزوو بەدەستکەوتنی دەکەن و پێی شاد و مەست دەبن، ئەوانی تر لە مەستیی و لەزەت تێناگەن، کەواتە لاواز و بێ هێزەکانیش دەبێت ملکەچ و لارەمل بن، کزۆڵە بۆ فەرمان و دەستەڵات سەر دابنەوێنن... هێدی هێدی لێزمەی باران لە شەست و ڕەهێڵە کەوت... ئاسمان ڕووناکییەکی کەی تێ کەوتەوە...، لەم کاتەدا بریقەی سەوزیی و شینایی دەر و دەشت زیاتر و قەشەنگتر دەهاتە بەرچاو...، خۆر جاروبار پێڵووی سیسی بەخامۆشیی لە نێوانی هەورە بزڕ بزڕەکانەوە دەتروکاند... قەرسیلی سەوزی بەردەمی دارەبەنەکە بریسکەیەکی دڵڕفێنی پەیدا کردبوو... لەم کاتەدا بایەکی فێنکی هەڵکرد... قەرسیلەکە کەوتە ورشە ورشێکی زۆر جوان... دیمەنی جوانییەکی سروشت...، بەدەم شەپۆلی جووڵەی قەرسیلەکەوە مینە سەری هەڵبڕی... چاوی کەوت بەکەوانەیەکی سەوز و سوور و هەمەڕەنگ... پەلکەڕەنگینەیەکی زێڕینی جوان و شیرین...، بەدەم سەیرکردنەوە سەری وەرگەڕاند بۆ باڵەکەی پشت خۆی، تا بزانێت پەلکەزێڕینەکە لە کوێدا دەکوژێتەوە...، لەم کاتەدا چاوی بەشەفەی شوان و ڕانەمەڕەکەی کەوت...

– ئەی سەرسەختی چارە ڕەشی پیس... ئەم لاتەپەتیارەیە، ئا ئەمەیە کە گوتوویانە «دەڵێی نە بای دیوە نە بۆران...»، کوڕە خۆ دەڵێی بارانیشی لێ نەباریوە، من بووم بەشەکپلە، کەچی ئەو لە ژێر ئەو کەپەنکەدا وەک ڕێویی خۆی مات داوە... ئەم نمەنمەش خۆشی بکردایەتەوە من بگەیشتمایەوە ئاوایی چاک دەبوو...، ئای کوڕە خۆ مەڕەکانی کەوتوونەتە قەرسیلەکەوە، مێش میوانی نییە، ئەم چەپەڵە چەند بێ ویژدانە...، گۆچانەکەی چەقاندووە بەزەویدا، خۆی داوە بەسەریدا دەڵێیت بەسەریەوە ڕوواوە...

– لەم کاتەدا، شەفە لەولاوە وەک لە خەو ڕاپەڕێت... «کوڕە شەفەی بێ فەڕ...، خۆ ئەوە بۆ بێوڵەتی تۆ مینەیە و لە بن دارەبەنەکەدا ڕاوەستاوە...، جا تازە ڕانەکە چووەتە ناو قەرسیلەکەیانەوە...، ئێستە دەمار گرتوویەتی، هەر بێ دەنگ بم چاکترە، بەشکو چاوی لێ نەبێت و بڕوات...، بەڵام چۆن... دوایی تووشی مەخسەرەیەکم دەکات...، ئێستە ببینێ تۆزێ ماڵی زیانی لێ بکەوێت کەللەیی دەبێت...

شەفە بۆ تۆزێک لە بیرکردنەوە کەوت، دوایی دەستی پێ کردەوە:

«کوڕە شەفە، خۆ تۆ هەر شێتیت...، دەبا شێتی خۆت ئا لەمەدا تاقی بکەیتەوە، سا یا گاڵ دێنێیت یان پەموو...، با ئەو چاو مۆنە بێ ڕەزایە تۆزێک خەفەت بچێت بەدڵیدا، با بەچاوی خۆی ببینێ یەکێک وا چاوم لێیەتی بۆیە کەوتە جموجووڵ...»

شەفە کەوتە بۆڵەبۆڵ، لە ژێر لێوەوە بەهێواشی دەنگی لێ کردن:

«کسسە...»

دەنگی لە مەڕەکان دەکرد...، مەڕەکان کە بەدەنگی شەفە ڕاهاتبوون، بەریزە، زیاتر چوون بۆ پێشەوە، بەریان گرت بەقەرسیلی شینی جوانەوە...؟!...

«کسسە...»

– کوڕە شەفە گولی شێتی خوێڕی...، شەفە هۆ شەفە، ئەوە بۆ مەڕەکانت دەکەیتە ناو قەرسیلەکەوە...، ئەوە بۆچی وەک بت ڕاوەستاوی... کوڕە شەفە هۆ و...

– وا دیارە گەیشتە تینی...، گوێ مەدەرێ شەفە...، با ئەمیش ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆزێک ئازار بەدەست هەژارێکەوە بچێژێت...، خۆ کفر نابێت...، مینەی نێرەکەر؛ منی شێت دەڵێم هەڵتیزێنە، دەی، بڕیارم داوە، دەبێت تێر ماندووت بکەم... هەر ئەوە نییە دەس و قاچی مەڕێکم بشکێنێت؟!، یان دوو گالۆک بەخۆمدا بکێشێت...؟! چی دەکەیت بیکە، دەتۆ جاری ڕاکە، با هەناسەبڕکێت پێ بکەوێت... شەفە ئەمەی گوت و هەردوو دەستی نایە سەر دەمی گۆچانە ئەستوورە قەف زلەکەی، چەناگەی نایە سەر و زەق زەق، لە ژێرەوە سەیری مینەی دەکرد، بسکەی سمێڵی دەهات:

«ئێستە من شەریف ئاغا و تۆش مینە شێت، دەبخۆ دەی ڕاکە، دەی ڕاکە...»

– مینە لەم کاتەدا ڕایکرد، کەوتە پەل هاویشتن و دار ڕاوەشاندن، قیڕاندن و جنێودان... لەملاوە ڕایدەکرد بۆ ئەولا... پۆلێکی دەردەکرد و ڕادەدا، لەولاوە تاقمێکی تر خۆیان دەکردەوە بەقەرسیلەکەدا... ماوەی چارەکێک، مینە لەملا ڕایدەکرد بۆ ئەولا، تا وەکو توانی هەموو مەڕەکان دوور بخاتەوە... مینە لە ماندوویتیدا دەهەژا... لە داخاندا هار بووبوو...، لە قینیشدا هەناسەی سوار... دەمی کەفی چەندبوو... بەتەواوی خۆی شپرزە کردبوو...، مینە تا ئەم تەمەنەشی وەهای بەخۆیەوە نەدیبوو... بەڵام شەفە گولی مەیبیو، وەک یاساوولێکی تەرخان تا ئەم کاتە چەقیبوو، لە ژێرەوە سەیری مینەی دەکرد... لە دڵی



خۆیدا دەیگوت:

– بەخودا شتی چاک بوو... دەبخۆ، دەبخۆ، دڕندە، ئاوا بەو مەرەیەت دەبەم، بەخودا هەزار ساڵی تریش بژیت، ئەم ڕۆژە لە بیر ناچێتەوە، ژەهراوی چاکم کرد بەقوڕگتدا... جگە لە خەفەت، ڕەنگە ساڵێکیش بێت هێندەی ئەم ساتە ماندوو نەبووبیت، ئیتر بشمکوژیت قەیناکات...

شەفە چاوی نایە سەریەک و دەستی کرد بەپرخەپرخی وەک خەوی خۆش...

مینە بەڕاکردن و هەناسەسواری خۆی گەیاندە نزیک شەفە... سەیری کرد ئەوا شەفە بەپێوە خەوی لێ کەوتووە...

– بەخودا سەیرە، ئەمە چییە... خۆ ئەوە بەپێوە لاربووەتەوە، هەی شێتەی پەتەڕی...، سەیری ئەم مشەمش و خرپەخرپەی...

– هەتیو شەفەی سەگباب...، شەفە گولی شێتوویت؟! شەفە، بەدرۆ خۆی داچڵەکاند...

– بەڵێ قوربان...، میناغا...، ئەوە تۆی قوربان...، چی دەفەرموویت، شەفە دەستێکی هێنا بەچاوی خۆیدا، هەڵی گوڵۆفتن...

– کوڕە نالەباری ناچیزە... ئەو هەموو بانگەم لێ کردیت بۆچی وەڵامت نەدامەوە...، ئەوە بۆچی مەڕەکانت کردبووە قەرسیلەکەمانەوە...؟!...

– قوربان کوا... مەڕەکان، ئەوە نین لە خوارەوە...؟!... خۆ منیش نوستبووم ئاگام لە هیچ نەبووە...، من هەر فێرم، ئاوەها بەپێوە کەروێشکە خەو دەکەم...

– نانا چەپەڵ...، ئەمە گورگە خەوە، کەروێشک نەرمیلە و بەسەزمانە...

– بەخودا منیش بەسەزمان و گوناهم...، بەقوربانت بم...، چی بکەم، گەورەم... جاری وا هەیە زۆر ماندوو دەبم، ئیتر ئاگام لە خۆم نامێنێت، هەر بەپێوە خەوم لێ دەکەوێت، کردوومە بەپیشە و لەگەڵی ڕاهاتووم...

– کوڕە خوێڕی، ئەی نابێ ئاگات لە پەزەکانت بێت تا زیان لەم و لەو نەدەن...؟!

– ئێ قوربان ئەم قەرسیلەتان بۆ ماینەشێ دانەناوە تیادا بلەوەڕێ؟!

دەبا جارێکیش مەڕەکان لێی بخۆن، خۆ کەم ناکات... بگرە بەهێزتر دەبێت و چاکتر هەڵدەچێت...، گەورەم هەموو وا دەڵێن!! مینە کە گوێی لەم گوتەیە بوو، بەتەواوی ئارامی لەبەر هەڵگیرا لەم وەڵامە زیاتر تەنگە گرتی...، پەلاماری قوڕقوڕاگەی شەفەی دا و دەستی

دایە گالۆک لە شەفە، پێنج شەشێکی کێشا بەلا ڕان و گازەرای پشتیدا...

– بگرە، بێ شەرمی بێ عار... بخۆ بێ فەڕی گەڕ...

– ئای...، وەی... مەکە قوربان...، بەسە لە ڕێی خودادا... ئەگینا بەسەرتا ساغ دەبمەوە...، گوناهم نییە...، ئاگام لێ نەبوو...، دەمرم، بەخودا دەمرم...

لەم کاتەدا، مینە گالۆکێکی لە دەست دەرچوو، دای بەناوچەوانی شەفەدا...، خوێنی پێدا هاتە خوارەوە... شەفە گالۆکەکەی گرت مینەش کە چاوی بەخوێن کەوت، دەستی شل بوو... گالۆکی بەردا...

– ئەم جارە با ئەمەندەت بەس بێت... بەڵام جارێکی تر سەرت هەڵدەکەنم مەرج بێ وازت لێ نەهێنم... تفو لەو ناوچەوانە پیسە و لەو چارە ڕەشەت...

شەفە لە تاو ئازار و بەپاڵێکی مینە کەوتە سەر زەوی، مینە تفێکی قایمی لێ کرد و بەرەو ئاوایی گەڕایەوە... بەڵام لە داخاندا خوێن لە سەری دڵی دەتکا...، شەفە لە تاو ئازار بەقایم هاواری دەکرد: «هەی هاوار، کوژرام، مردم، فریام کەون...» پاش کەمێک، شەفە دەستێکی هێنا بەناوچەوانیدا، گوتی:

– هەقی هەزار ساڵم لێ کردیتەوە...، قیر و سیا لەشم دێشێت...، ناوچەوانیشم باش بوو، خوێنی زۆر لێ نەهات...، بەڵام تۆزێ شانی چەپم دێشێت، ڕەنگە شین بووبێتەوە... بەس نییە نەشکاوە... دڕندەیە دەستی زۆر قورسە... شەفە لەم کاتەدا خۆی کێشایەوە، کەوتەوە بیرکردنەوە...

– هەرچەندە ئازارم زۆر بێ، بەڵام دوو سێ ڕۆژە و ئیتر برینم سارێژ دەبێتەوە... بەڵام برینی ئەو لە دڵ و دەروونیدایە... سارێژبوونی نییە... چاک دەزانم هێندەی داخی قەرسیلەکە و ماندووبوونەکەی خوارد، ئەم تۆزە خوێنەی منیش دە ئەوەندە داخ و خەمی زیاتر هێنایەوە سوێ و ورووژانی... ئەگەر بەزەیی پیامدا بێتەوە هەر خەم دەخوات، ترس، یان قینیش بێت، وەک خۆرە خۆی دەخواتەوە... بەڵام ئەمە پەنگێکی چاک بوو پێم دا... من تەلیسمێکم شکاندووە تا ئێستە بەکەس نەکراوە...، هەرگیز ئەمەی لە بیر ناچێتەوە...، لەگەڵ ئەوەدا کە لەشم ئازار دەدا و جێی دارەکانی دێشێت، بەڵام لە دڵدا زۆر شادمانم... بەدڵی خۆم، وەک پیلان، بۆم ڕێکخست...، بەچاوی خۆشم چاوم لە چاوی جنۆکانە و هەنکەهەنک و پەلامار و جرتوفرتی بوو... چاک سەرشێت بووبوو؟!... لە داخ و قینا ئاگای لە خۆی نەما بوو... خوێن زابووە چاوی...، دەبا بەداخی پەتەڕییەکی وەکو منەوە سەر



بنێتەوە...، من دەستی خۆم وەشاند... دەبێ ئەمە بۆ مامۆستا ڕزگار و هێمن بگێڕمەوە، با دڵی ئەوانیش بەم سەمەرەیەی کە بەسەرم هێنا، هەندێ خۆش و شاد ببێت... با تێشیان بگەیەنم کە منیش شتێکم هەر لە دەست دێت منیش هەم...؟!... ئای کە پێیان خۆش دەبێت، سەد ئافەرینیشت لێ دەکەن...

***

## ٥

شەش مانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی... مینە کەوتبووە دوو بیری پێچەوانەی یەکەوە، مێشکی جەنجاڵ، هەر دەیهێنا و دەیبرد...

– خێزانی ئەم سێ ئامۆزایە دوژمنی هەرە گەورەی ئێمەن و بەهەموو توانایانەوە بەربەرەکانێمان دەکەن...، هەتا ڕۆژ وا بێت و کاربەدەستان لە خۆمان بن، ئەوا پشتگیریمان دەکەن... هەر لە خۆشمان دەبن، خۆ کچوولەیان نەخواردووە...، هەرچەندە منیش لە ژێرەوە ئیشی خۆم هەر دەکەم و دەستم بڕوات پارچە پارچەیان بکەم تێر ناخۆم و ئۆخەی ناکەم...، بەڵام «گوڵە خان» ئەی «گوڵە گیان» ؟!. کۆڵەی کوتاوم، دەبێت بەسەر زاریی خۆم بەدۆستیان دابنێم، گوڵەیان لێ دەستێنم، ئەوسا دەبم بەزاوایان، خۆمیان بەسەر دادەسەپێنم، وردە وردە دەیانهێنمە سەر بار و، کاروبارم بۆ تەخت دەبێت، خۆزگە بتوانم خۆم بگرم و وەک باوکم دەڵێت تێکی نەدەم...، نازانم ئەم شڕشێتییە چییە لە مندا؟!... ئای گوڵە گیان بۆ ئەو ڕۆژەی تۆی تیادا بهێنم؟!... مەرج بێت بیکەم بەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تیادا کوژرا...، دەمێکە هەوڵ دەدەم نەختێ بیدوێنم، بەڵام هەر خۆییم دوورەپەرێز لێ دەگرێت...، ئێستەش لە بیرمە، هەفتەیەک دوای ئەوەی لە شەفە گولی سەگبابم دا، لە ڕێگەی کانی پێم گەییشت...، خۆشی و چۆنیم لەگەڵ کرد، بەلالووتێکەوە وەڵامی دامەوە، دوایی بەتەشەر و سەرزەنشتەوە گوتی:

«ئەوە دەرەقەتی شەفە شێتی هەژار هاتیت؟!... جا شوورەیی نییە بۆ تۆ، هێزی خۆت بەشەفە تاقی بکەیتەوە...» ئەمەی گوت، زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕیی کەوتە سەر لێوە ئاڵە جوانەکەی و لچی لێ کردم...

– گوڵە خان، بەچاوی تۆ زۆر پەستی کردم و لە دەستیشم دەرچوو، بەرێکەوت بوو «درۆشم دەکرد» ئەگینا چۆن ئازاری شوانی ئێوە دەدەم، خۆ ئەگەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری دڵی تۆ...

– وا دیارە دەتەوێ دڵی ئێمە ڕابگریت و زۆریش بەتەنگمانەوەیت؟!

– ئەی چۆن، ئەرێ بەو خودایە، وا دیارە لە دەردی دڵم، دەروونم تێگەییویت... خۆزگە دەتزانی چەندە سووتاوم و ناو سکم چۆن وەک ناو سکی ماسی ڕەش بووەتەوە، کۆڵاوم کۆڵاو...



– جا تۆزێ بەزەیی مرۆیەتی بخەرە دڵی خۆتەوە، با بەرچاوت ڕۆشن بێتەوە و ئەوەندە خەفەت نەخۆیت، ژیان ئەوە نییە ئێوە وەها خۆتان بۆ شپرزە کردووە...

– هەیهوو هەیهوو، من دەڵێم نێرە و تۆ دەڵێیت بیدۆشە...، دەدیسان ڕەنگم لێ مەگۆڕە... من چی دەڵێم و تۆ چی...؟! تکایە خۆتم لێ هەڵە مەکە...

– وا دیارە من و تۆ وا بەئاسانی لە یەک ناگەین، ئەوەتا خۆت باسی نێرە بیدۆشە دەکەیت، ئەمەیە قسەی خۆشت...

ئەمەی گوت، ئیتر وەک توێسکەی تفەنگ خۆی کردەوە بەناو دێدا، ئەوە دوو جارم بانگ کرد ئاوڕی لێ نەدامەوە... هاوارم لێ کردەوە، «گوڵە خان، دەتۆزێ گوێم بۆ ڕابگرە، بەپەلە نابێت، بەقوربان چاوەکەم...»

هەر لە یەک دەگەین... من ئامادەم چی دەفەرموویت بەفەرمانی تۆ هەڵسوکەوت بکەم، چی دەڵێیت ئەوە ڕەفتارم بێت و بەچاوان...

«وەک گوێشی لێم نەبووبێت وەها بوو، بەڵام هەرگیز واز ناهێنم، دەبێت وەک نێچیر بۆ هەلێکی دەستگیر بۆی لە بۆسەدا بم...»

مینە دەستێکی برد بۆ ناوچەوانی...، وەک لە خەودا بووبێت یان وڕاوە بکات، باوێشکێکی دا، خۆی کێشایەوە و بەپەژارەوە دەستی نایەوە ژێر چەناگەی...، ئێوارەیەکی تری وەک ئەمەی هاتەوە یاد:

ئای لەو هەلەی بۆت گونجا، هێشتا دەرفەتی وەهات بۆ هەڵنەکەوتووەتەوە، مەگەر داوێکی خەڵتێنەر بێتە هانات... بانگی دابوو، سەر کانیی چۆڵ بووبوو، تۆ هەر چاوە چاوت بوو، دەتزانی گوڵە هێشتا لەسەر کانی نەگەڕاوەتەوە... چوویتە لاپاڵی بەرزاییەکەی ڕووکاری ئەودیوی دێ...، بەرامبەر کانی ڕاوەستابوویت... گوڵە گیانت لێ دەرکەوت، لە دوورەوە باڵای بەرزی شووشە، لا ڕانە گۆشتنەکانی، کراسە تەنکە پەمەییەکەی گرتبووە خۆی و لە هەنگاونانیدا پیایدا مەڵاس دەبوو، وەک ڕاکێشێک دەتبینی هێندەی تر جوانی دەکات... بەتایبەتی لە هەردوو لای کەمەریەوە دابوویە بەر ئاوەڵکراسەکەی...، پووزە سپییە خڕەکانی وەک هاوار لە پیاو بکات وابوو...، بەڵێ تۆ وەهات دەهاتە پێش چاو، نەتزانی بۆچی ئێجگار وا خۆی تەڕ کردبوو، بڵێیت بۆ دەرخستنی گۆشتە خۆشە بەلەزەتەکەی نەبووبێت...؟!... جا خۆزگە ئەوە بۆ تۆ بووایە...

مینە کەوتەوە دەریای هەڵوێستە دڵفڕێنەکە:

«ئەوەتا تۆزێک نزیکتر بووەوە، چاوت لەو سنگە بەرزە و لەو مەمکۆڵە قیتە سوخمە دڕانە بێت، کە وەک هەوریی توندوتۆڵ هەڵدەبەزنەوە، دەک بەحەیرانت بم...، چاوت لە ئەگریجەی زەردی ئاڵتوونیی، سەیری لاملی پەمەیی...، پێستی ئاڵی کاڵی دەڵێیت باغەیە...، ئەی تۆ چاوە کاڵە بریقەدارەکانی وەک سێ چوار ڕەنگ لە جوانیی تێکەڵ بەیەک کرابن، بۆ ئەوەی ئەمەی لێ دەربچێت کە لە ناو ئەو پێڵووە درێژە نەشتەرییانەی دایە... ئەی ئەو گووپە خڕە و ئەو چەناگە چاڵە و ئەو دەمە کوڵە، متورفەیەکە بۆ خۆی...، نەیناسیت و لە دەشتێکدا بەتەنها بیبینیت خێرا دەڵێیت، ئەوا نەمردووم و پەریم بەچاوی خۆم دی...، کێ دەڵێت ئەمە پەری نییە و لە بەرگی مرۆیەکدا بۆ نەگبەتیی من نەهاتبێتە ئێرە...، جا کێ پەری دیوە، مەگەر هەر بەخەیاڵ، بەس ئەمە گورچکی سەر دڵی منە:

ئەی بەخولامت بم گوڵی جوانی خان و مان»

– باشە، تا ئەم کاتە خاو دەڕۆییشت...، بەڵام ئەوە بۆچی وا خێرای کرد؟!... کوڕە ئەمەشی جوانترە، ئەمەیە کە گوتوویانە ڕەوتی سوێسکە...، ئەمەیە ناز و جیاز، ئیتر چۆن شێت نەبم و نەدەمە ئەو کێوانە؟! بەڕاستیی حەشری پێ کردووم... بەڵێ، لە بیرتە، وەک سنگ لە بەردەمیدا چەقیت، ڕێت پێ گرت... بەڵام لە تۆ قایمتر بوو، ئەفسووس، دەرەقەتی نەهاتیت، دەرفەتی نەدایت...، ئیتر تفت لە قوڕگدا وشک بوو، ئەویش بەشی خۆی پێ کردیت و بەداخی گرانی خۆتەوە بەجێی هێشتیت...، خودای گەورە، بلێیت دڵی ئەم ئاسکە سرکەت بۆ نەرم ببێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕامی بکەیت...؟!... ئەوە شەش مانگ زیاترە تۆ دەتلێیتەوە...، دنیای لێ کردوویت بەچەرمی چۆلەکە...، ژیان و هەموو خۆشیی و بوونێکت...، تەنها لە خۆشەویستیی ئەودا دەبینیت...، مینە، ناهەقت ناگرم کە بڕیارت داوە ئەگەر بەئاسانی بۆت دەستگیر نەکرا، هەزار پیلانی ژەهراویی خۆت ئاسایان بۆ ڕێک بخەیت...، لە پێشدا ملی ئەو مەریوانە بشکێنیت و بەکۆسپێکیاندا بخەیت... خۆت دەزانیت، تۆ ئیتر ناتوانیت دابنیشیت و ئۆقرە ناگریت، خراپی خۆشت چاک شارەزایت، کە وەڕزیش بوویت و پەتت پچڕی، ژیانت ناوێت و بۆ چیتە... ئیتر چی دەبێت با ببێت، باوکیشت چی دەڵێت با بیڵێت...

مینە کەمێک لە بەخۆدا چوونەوە و بیرکردنەوە وەستا... بریقەیەکی شێتانە کەوتبووە ناو چاوی، ئاخێکی هەڵکێشا، کەوتەوە گێژاوی ورووژاوی بیرە ئاڵۆزەکانی و لە ناخیدا



تالاوی هەڵدەڕشت...، ئەو ڕۆژە دوو مانگێک پتر بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕی بوو...

– دیسان چییە، ئەم بەیانییەش هەر ئاگری جگەر هەڵیگرتوومەوە، نەمزانی چۆن ئەلەم ڕافڕاند و بەفری سەربانەکەمان ڕامالی، دوایی بەفرماڵەکەم تووڕ هەڵدا و چوومە خوارەوە.

«با ئەلە و جەلە و ئەوان بەشێنەیی هەموو سەربانەکان لە بەفر پاک بکەنەوە، کوڕە خۆ بەم بەیانی زووە چوو بۆ سەر کانیی...، سڵ لەم بەفرە قورسە زۆرە ناکاتەوە... خۆ ئێستەش وەک کولو دێتە خوارەوە... ڕەنگە تا دەگاتە کن تۆ، بەفری سپی زیوین پلپلە و پۆپلانەی دەستی ڕەنگینی سروشت، بۆ ڕەنگینی گوڵی ئاڵ و پرچی زەردی ئاڵتوونیی بنەخشێنن، ئەگەر بەپۆخی ئاوەها گەورە ببارێت، ئێجگاری لە من دەبێتەوە کیژی شێرە بەفرینەی خودانی بەفری چیایی...، پڕووشەی زیوینی وەک پەپوولەی تەریو، بەرزەفڕ باڵت پێ دەگرێتەوە بەشی تۆ سەراسیمەیەکی وێڵە... خۆزگە ئەم شەیداییەت تووش نەدەبوو...، هەر لە سەرەتادا ئەم هەستە قووڵەت بۆی نەدەبوو...»

– ئەوا تارمایی پەرییەکەم دەرکەوتەوە، بەگاڵتە من شەیدای نەبووم...، لە مەلابانگدانەوە، وەک شێت لە خولیای ئەودام، من مافم بەدەستەوەیە، مافی جوانیی ئەو ئاواتەی دڵی گڕگرتووی خۆم، خەتای ئەوە...، هەر هێندە دەزانم لە بەردەممدا قوت دەبێتەوە... خۆزگە ئەو قاچە سپییە خڕپنە نەرمونۆڵانەی کە ئەو بەفرە خرمەخرم پێشێل دەکەن، بەسەر سەرچاوەی نیگای مندا بهاتایە...، پێڵووی ڕەقم لە بەرپێی نەرمی ئەودا بشکایەتەوە...، با خۆمی بگەیەمێ، ئەوا هاتە بەرەوە، بەشکو سەنگینییە ڕێزدارە پڕ حورمەتەکەی کەمێک نەرم ببێت و ئەم جارە بەزەییەکی بەمندا بێتەوە...، دەیسا دەی، ڕۆژی خۆتە...

– گوڵە گیان ئەوە بەم بەیانییە سەرمات نابێت؟!... بەم بەفرە چۆن هاتووی بۆ سەر کانیی...

– من گیانی تۆ نیم...، لەمە زیاتریش خۆت ڕێژگاو مەکە...

– بۆ تۆ، لە ڕێژگاویش خراپترم لێ بێت هەر پێم خۆشە...

– جا کوا...، ئیتر دوایی پەتیارەی تەواویش ببوویتایە و بکەوتیتایە کۆڵانان و چەپڵەیان لێ بکوتایتایە...، ئێستە پێم بڵێ شوورەیی نییە تۆ ئاوا بەناشیرینی سەرە ڕێگە بەمن دەگریت...؟!

– دەتەوێت وەهام لێ بێت ئەوسا دڵت نەرم دەبێت؟!...

– کوڕە نە بەخودا، ئەوسا خراپتریش دەبم... ئیتر خۆشت ماندوو نەکەیت چاکە...

– ئاخر من دڵم داوە بەتۆ، ناتوانم وازت لێ بهێنم، بەدەست خۆم نییە، شەیداتم، تکات لێ دەکەم...

– دەسا دڵی منیش وا لە جێی خۆیەتی...، نەخەڵەتابیت نزیک بکەویتەوە، ئەگینا خراپت پێ دەکەم هۆ و، لەوە زیاتر خۆت سووک مەکە...

گوڵە وەک کارمامزێکی تیژڕەو، دەرفرتا و هەنگاوێکی لێ کرد بەدە...

«دیسانەوە دوور کەوتەوە...، دووبارە قاچەکانم لە دوام نایەن...، دەڵێی هەرچی ڕەگ و هێز لە گیانمدا هەیە، هەمووی دەرکێشراونەتە دەرەوە...، کوێرا ئەوەندە دوور کەوتەوە... دەمم نایهێنێت خراپی پێ بڵێم، بەڵام وا دیارە ئیتر ناچاری هەموو شتێکم دەکات...، چاوکە، لەم بەفرە زۆرە چۆن دەبارێت، خۆ نە گوڵەم چاو لێیە نە گوند، هەست دەکەم هەرەسی ڕەنووە بەفری ئەم وڵاتە بەسەر سەری منی نەگریسدا دێتە خوارەوە...، ئەم کزە با ساردەش سەری لووتی پیاو دەتەزێنێت، سەر پەنجەکانی پێم ئەوەندەی نەماوە بپەڕێت، ئەمجارەش با بڕۆمەوە ماڵەوە، دیسان مایە پووچ...، بەڵام دەزانم کە نابێت ببەزم، ئەو سەرەی هێناومە نایبەمەوە دواوە...؟!... ئەمشەو لەولاوە با بزانم هەوڵی ئەوانم چۆن دەبێت، ئایا بەباوکم هەڵدەخەڵەتێن، یان نەء...؟!... «ئەوی سەنگین هەر وا دەست دەکەوێت، خۆ سۆزانییە سووکەکانی خۆت نین...»

مینە لە داخ و خەفەتی خۆیدا خەنجەرت لێ بدایە قەترەیەک خوێنی لێ نەدەڕژا...، بەخێرایی خۆی کردەوە بەماڵدا...

– ئەوە خۆ باوکم لە ژوورەوە بەتەنها دانیشتووە و کەسی لا نییە...، ئەلە، کوڕە ئەلە باوکم ناردتی بەشوێن خەسرەودا؟!

– بەڵێ میران، دوای نوێژی نیوەڕۆ چووم...، گوتم ئەم ئێوارەیە، کوێخا وا ئارەزوو دەکات کە بفەرموون و بەیەکەوە نانێک بخۆن...

– ئێ...، دەزوو بیڵێ، کەوا بوو ئێستە دێت...؟!...

– نەخێر قوربان، بەداخەوە، گوتی «نەخۆشم، ناتوانم، دەبێ ببوورێت...، باوکت ببوورێت...؟!! ئەو سیخوڕە مەگەر من بیناسم...



– هەی دەمت شکێ ئەلە ڕیوەڵەی چەتوون، کەوا بوو نایەت...؟!...

– جا من چی بکەم... بەخودا هیچیشی نەبوو... هەر ئارەزووی نەبوو بێتە خزمەت باوکت، ئەگینا دەهات...، نازانم باوکت کەی لەمانە دەگات...؟!...

مینە ڕووی گرژ کرد، وەک مۆتەکە سواری کۆڵی بێت...، پەستیی دایگرت...

– هەتیو، باوکم لە من زیاتر ڕقی لێیانە...، بەڵام ئەمە پیلانی خۆمانەیە، تۆ لەمە ناگەیت، ئەمجا لە دڵی خۆیدا...

– با بچمە وێزەی باوکم...، لەم ڕێیەدا هەرچی بکەم هێشتا هەر کەمە...، «ئاخ باوکی جەربەزە...، تۆی ئە ئاوا خوڵقاند...

ڕەوانتی ترساند، کردتی بەقامچی دەستی، ڕایوەشاندیت، داتی بەسەر و گوێلاکی دەیاندا، ڕەشی کردیت و بوویتە دێوەزمەی بەرچاویان...، دەبڕۆ بەدەردی خۆتەوە تالاو بچێژە و هەر بتلێرەوە...» ئەمەی گوت و ڕووی کردە ژوورەکەی باوکی...

– بابە گیان ئێوارەت بەخێر...، چاکیت؟!...

– باوکی بە ڕووی مۆن و گرژەوە

– خۆشبیت، ئەوە لە کوێ بوویت؟؟...

– مینە هەر بەپێوە، وەک هیچی نەزانیبێت...

– بابە گیان، ئەوە چاوەڕێی خەسرەو دەکەیت؟؟

– خەسرەو نایەت بۆ ئێرە، دەڵێت گوایە نەخۆشە!!...

– جا کە وابوو با تۆ بچیت بۆ لای...، چ زیانێک دەدات، گەورە لە بچووکی خۆی بپرسێتەوە؟!...

– جا تۆ مەبەستت هەواڵ پرسینە، یان ئاسانکردنی کاری خۆت؟

– گەورەم، ئەم کچە بدرێت بەمن، جگە لەوەی کە پشت بۆ ئێمە پەیدا دەبێت...، سێکوچکەی یەکبوونی ئەو خێزانە لەم گوندەدا دەپسێنین...، دوور نییە بەتەواوی هەڵیان بووەشێنین و بەلای خۆمانیاندا بهێنین...، دواییش پشتیان دەشکێنین و لە یەکیان دەکەین ئەوسا تۆی گەورەم دەبینیت چۆن لێیان دەبمە خوڕە...؟!...

– بەڵێ، منیش زۆر بیرم کردۆتەوە، ئەگەر ئەمە ببێت، زۆر سەرکەوتنێکی بۆ ئێمە و

خواستی دڵی تۆش جێبەجێ دەبێت...

– بابە گیان، بەو کارە دڵسۆزی و باوکێتیی خۆت بەچاکیی دەسەلمێنیتەوە...، تکات لێ دەکەم بەناوی هەواڵ پرسینەوە بچۆ بۆ دیدەنییان...، بەشکو ئەو دوژمنانە بەهەنگوین بخنکێنین؟!...

– کوڕم، منیش لەگەڵتدام...، هەرچەندە پێ بەجەرگی خۆمدا دەنێم، بەڵام هەر دەچم...، بەگوێشیاندا دەدەم، بزانم چی دەبێت...

– سوپاس بابە گیان...، هەر بژیت کوێخای زیرەک...، گەورەم، جا ئەگەر وا بلیمەت نەبوویتایە چۆن دەبوویت بەجێ باوەڕی میریی لە هەموو ئەم ناوچەیەدا...، یان ئاوەها زووش بەکوێخا دێ هەڵدەبژێردرایت، زۆر سەربەرز و شادمانم کە باوکێکی وریای وەکو تۆم هەیە...، بەخودا بۆ نوێنەرییەکەشت، شەڕی ژیان و مردنت بۆ دەکەم...

– منیش شانازی دەکەم، کە کوڕێکی باش هەڵکەوتووی بەدەستەوە هاتووی وەکو تۆم هەیە...؟!...

جێگە ئومێدی منیش هەر تۆیت...

***

هەرکە کوێخا لە دەرگاوە دەرکەوت، گوڵە پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ ژوورەوە... بەشپرزەیی:

– دایە، دایە... ئەوە کوێخا ڕۆستەمە بەرەو ئێرە دێت، ئەوەتا گەیشتە بەرماڵ...؟!...

چی چیی؟؟. کوێخا ڕۆستەم...، چی بەم ئێوارە سارد و سۆڵەیە هێناویە، کوڕم خەسرەو تۆ مەیە، با هەر وابزانێت نەخۆشیت... ناتەواویت، ئەو کابرایە من بیناسم ئیشێکی گرنگی نەبێت بەم تۆفە ناگاتە ئێرە...؟!...

خەسرەو پەلاماری پەتوویەکی دا و خۆی لێ گرمۆڵە کرد...، سەرسامیی کەوتە ناو ماڵەکەوە... پرسێکی شپرزە خۆی خزاندە دڵی هەمووان...، لەم کاتەدا خەجیج خان ڕاپەڕی، بەرەو ڕووی کوێخا، بۆ دەرەوە ڕۆیشت...

– فەرموو کوێخا، فەرموو...، فەرت هانی...؟!...

– خەجە خان چۆنی، چاکیت؟! وابزانم ئێوە بەگوناهی دەزانن تەنها جارێک دەرگەکەمان بقلێشێننەوە...، خۆ من تا ڕەحمەتیی مابوو، هەمیشە لە ماڵی ئێوە کەوتبووم...



خەجیج خان لە دڵی خۆیدا:

«بەڵێ وەکو جل، هەمیشە لێرە کەوتبوویت، بەڵام بەنیازی چەپەڵی دەروونی پیست...»

– کوێخا، من یەک تەن و تەنها باڵم، هیچ کوێییەکم پێ ناکرێت...، فەرموو، فەرموو، بچۆرە سەرەوە...

– بەخودا من هەرچەندە چاوم بەئێوە دەکەوێت، دڵم ڕوون دەبێتەوە... بەبینینتان چاوم گەش دەبێتەوە... خەسرەو و دایکی، لە یەک کاتدا، لە دڵی خۆیاندا:

«بەڵێ بۆ مەرام، بۆ مەبەست»

– خۆش هاتیت کوێخا، بەسەرچاو...

– خەسرەو، کوڕم، چۆنیت... ئەوە چیتە...، زۆرم لا ناخۆش بوو کە نەهاتی لەگەڵ مامی خۆت ئەم ئێوارەیە پێکەوە شێو بکەین...؟!...

خەجیج خان سەیرێکی خەسرەوی کرد، بەو جۆرە پەتووەکەی لە خۆیەوە پێچا بوو، زەردەخەنە گرتی و ڕووی لێ وەرگێڕا... خەسرەو وەک نەخۆش بێ، بەشێنەیی هەستایە سەرپێ...

– بەخودا کوێخا، ئەمڕۆ زۆر پەرێشان بووم...، هەموو گیانم ژان دەکات...

– کوڕم هیچ نییە...، سەرمایە...، ئەم پەتایە هەر لە ناودایە، دوو ڕۆژ لە ماڵەوە بحەوێرەوە، پشت بەخودا چاک چاک دەبیتەوە...

خەجە خان ئەی ئەوە گوڵە خان دیار نییە...؟!...

– بڵێم چی...، وابزانم لەودیو درووومان دەکات...، گوڵە نەختێک شەرمنیشە...

هەر لەم کاتەدا، گوڵە سەری کێشایە ژوورەوە، چایەکی خستە بەردەمی کوێخا...، بێ ئەوەی چاوی هەڵببڕێت و سەیری ناوچەوانی کوێخا بکات، لە ژێر لێوەوە، بەدەنگە نەرمە ناسکەکەی، خۆشهاتنی کوێخای کرد و چووەوە ئەودیو...، کوێخا هەرچەندە هانی دا بمێنێتەوە، بەبێ وەڵام، یەکسەر ژوورەکەی بەجێ هێشتەوە...

– جا نابێت شەرم لە من بکات، من دەمەوێت بیکەم بەکچی خۆم...، دەسا بەخودا هەر بۆ ئەوەش هاتووم...، خەجە خان من هەر لە کۆنەوە ویستوومە نزیک بەئێوە ببمەوە...

ئەم دوو خێزانە وەجاغزادەیە یەک بخەمەوە...، بەڵێ خەجیج خانیش لەولاوە هەر بیری

لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە چۆن بەڕەوشتی پاکی خۆی ئەم جەربەزەیەی بەزاند و لە خۆی دوور خستەوە، ئەگینا...

خەسرەویش کە ئاگای لە مینە بوو، چۆن دەور و خولی گوڵە دەدات و هەوڵی ئەوەیەتی لە خشتەی بەرێت... ئەوەبوو زۆر جاریش ئەم دوای گوڵەی خوشکی کەوتبوو، هەتا وەکو بۆی دەرکەوتبوو، چاکیش دەزانی چۆن هەڵوێستێکی بەقینی هەیە بەرامبەری...، لە لایەکی تریشەوە لە خوشکی گەیشتبوو کە دڵی داوە بەمەریوانی ئامۆزایان...، خۆ لە منداڵیشەوە هەر بۆ ئەو دانراوە...، لەبەر ئەمانە بوو کە ئەم واتانەی ئەمی لە لا هەر وەکو کا و با وابوو...، دەسا بۆیە خۆی لێ بێ دەنگ کردبوو...

– خەجیج خان، ئەوە بۆ بێ دەنگن... ئەم کارە بیرکردنەوەی ناوێت؟!... سەرپشک بن، چیتان دەوێت داوای بکەن لە زێڕ، جلوبەرگ و ناوماڵ...، تفەنگە بڕنەوەکەی خۆشم بەخەڵات ئەدەم بەخەسرەو...،ماینی نەبووایە ماینەشێشم دەدایە، خۆ ئەگەر دەتەوێت ئەوا پیرۆزت بێت...، من ماڵم بۆ چییە... دەبین بەیەک ماڵ... هەر چیم هەیە دەبێتە هی خۆتان...

خەجیج خان تۆزێ شڵەژا...، ویستی بەگورجی بەرپەرچی کوێخا ڕۆستەم بداتەوە...، بەڵام نەیتوانی...، ماوەیەک مات بوو...، دوایی کەمێک خۆی پەشۆکاند...، بەهێمنیی، گوتی:

– کوێخا ڕۆستەم... داخەکەم تازە لە دەست چووە... هێشتا باوکی بەهەشتیی منداڵەکان مابوو، خۆی، بەدەمی خۆی گوڵەی داوە بەمەریوانی برازای...، ئەگینا منیش پێم خۆش دەبوو...، بەڵام تازە بەڵێنی خۆیەتی...، ئێمەش لەسەرمانە کە بەجێی بهێنین...؟!...

– جا خۆ لێیی مارە نەکراوە...، گوتنێکی زۆر لەمەوبەر بووە، یان نەبووە...، گوڵە خان هەر بۆ مینە باشە... وەک لە نیاز و جیازدا گەورە بووە و پەروەردە کراوە...، با هەر بەو پێیە و چاکتریش بەخێو بکرێت، زۆر کارێکی نابەجێیە سەری لێ تێک بدەن و بیخەنە بارێکی دەرامەتی نزم و ناخۆشیی ژیانەوە...، لای من دە کەس حەڵوحەڵوای پێوە دەکات...

– کوێخا، وەک دایکم فەرمووی، تازە ئەوە تێپەڕیوە و هەڵناوەشێتەوە...

– کوڕم...، قسەی باش بکە، خێزانەکەمان هەردووکی دەبن بەپشتی یەکتری...، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە چاکە و خۆشگوزەرانی خوشکەکەتی تیادایە، من دنیام زۆر دیوە...، دوایی بەلای هیچ کامێکماندا پەشیمانیی لە دوا نابێت...، کچێکی وەک گوڵە خان هەر



بۆ مینەی من باشە...، ماڵەکەی منیش بووکێکی وەهای دەوێت... من زۆری لەسەر ناڕۆم... ئەوا ڕۆیشتم، بەڵام تا سبەی دووسبەیەک ڕاوێژی خۆتان بکەن و وەڵامم بدەنەوە، من ئەگەر زۆر مەبەستم نەبووایە ئەم کارە جێبەجێ ببێت، خۆم نەدەهاتم بۆ بەدیهێنانی، ئەوە ئارەزووی پڕ بەدڵی هەمووماند، بەتایبەتی کوڕە تاقانەکەم...

– کوێخا زۆر سوپاسی تۆ دەکەین...، گەورەیەتی خۆتت بەجێهێناوە، بەڵام چەند جار لەمەوپێش ئامە خان ئەم داوایەی کردووە و تێمگەیاندووە کە هەر لە زووەوە خودا لێخۆشبوو گفتی داوە و داویە بەمەریوان...، ئیتر ئێستە کە هیچ لە دەستی ئێمەدا نەماوە...

– کچێ خەجیج خان، تۆش دوای بیری ئەم لاوە سەرچڵانە مەکەوە...، مەرج بێت ئەم کارە بکەن قانزاجێکی باشتان بەدەست ئەخەم و خەسرەویشت بۆ دەگەیەنم بەپایەیەکی چاک، ئێ هەر لە ئێستەوە ڕووناکی کچیشمی پێشکەش دەکەم، بەکراسەکەی بەری خۆیەوە پیرۆزی بێت... ئیتر گوایە چیتان دەوێت...؟! پەلە مەکەن، بەو عەقڵە جوانەی خۆت بیرێکی چاکی لێ بکەرەوە، ئەمانە بەرژەوەندیی خۆیان نازانن...، ئەوا ڕۆیشتم...، خواتان لەگەڵ... چاوەڕێی وەڵامم...

– چی باشە، خودا ئەوە بۆ هەموومان بکات... خودات لەگەڵ کوێخا... خودات لەگەڵ...

«خودات لەگەڵ نەبێت» خەسرەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت... «ئاوی ئاموون چی و توونی بابا... گەڕ بیت وەک گەڕت لە ئێمە ئاڵاندووە...، خۆی گەوج دەکات، وەک نەزانێت هەنگوینی شەمەتلێیکەی ئەوان بۆ ئێمە ژەهری مارە... بەسەری خۆی هەزار مامەیی ساختە بەسەر ئێمەدا تێناپەڕێت...»

دوای ئەوەی کوێخا چووە ئەودیو دەرگای دەرەوە، خەسرەو بەپەرێشانیی هەستا و بەرەو ڕووی دایکی ڕۆییشت...

– دایە گیان، نەکەی بیری وەها بکەیتەوە... گوڵە خۆیشی هەر دڵی بەمەریوانەوەیە، من خۆشم هەر ئەوم بەدڵە... ئەگەر سەریشم دانابێت نایەڵم گوڵەی خوشکم بۆ مینە بێت...؟!

دایک بەڕووی خۆشەوە پەلاماری خەسرەوی دا، ئەملا و ئەولای ماچ کرد و بەخۆیەوە نووساند...

– کوڕی شیرینم، جا بۆ من شێت بووم شتی وەها بکەم...

گوڵە یان بۆ گڵە یان بۆ مەریوانە...، باوکی بەهەشتیشت بەدەمی خۆی بەمنی ڕاگەیاند کە هەر دەبێت بۆ مەریوان بێت، چونکە کە خۆیشی مابوو ڕۆستەمە سوور چەند جارێک هەر دابووی بەگوێیدا...، بەڵام خۆ نابێت بەڕەقیی وەڵامیان بدەینەوە ئەگینا منیش دەڵێم کاری وەها نەکراوە و نابێت...

***

شەوێکی تۆف و تووش بوو، کولووە بەفرەکان بەشێنەیی پۆخی گەورە گەورەیان دەختە سەر زەوی... دار و بەرد، ماڵ و دەر و دەشت سەرپۆشی سپی زیوینی بریسکەداری پۆشیبوو...، خامۆشیی و بێ دەنگی هەموو کەلەبەرێکی گرتبووەوە...، ئا لەم شەوەدا کیژی شۆخ و شەنگ، یەکە جوانی ئەم دێیە، پێخەفی نەرمی گەرم کردبووەوە... زەردەخەنەی شادمانیی سەر لێوەکانی بەر نەدەدا...، دڵی ئاسوودەی بەشێنەیی بۆ خۆشەویستی لێی دەدا...، سەرلەئێوارە لە پەنا دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو، گوێی لە وتەکانی دایکی و کاکی بوو لەگەڵ کوێخا ڕۆستەم و لە نێوانی خۆشیاندا... «ئەوا ئیتر دەرووی ئێجگاریت لێ کرایەوە...، دوا ترسیشت نەما... کەوا بوو ئیش بڕایەوە، تۆ هەر بۆ مەریوان دەبیت...»

«خۆزگە ئێستە، مەریوان تۆش لێرە دەبوویت، هەتا پێم ڕابگەیاندیتایە...، ئای لەو خۆشییە کە هەردووکمانی تیادا دەبووین...»

«خودای گەورە ئەو ڕۆژە کەی دێت کە هەردووکمان باوەشی بەئاواتگەییشتنی خۆشەویستی بکەین بەیەکدا... مەرج بێت بەهەشتی ژیانی لە ناز و خۆشەویستی بۆ دروست بکەم...»

گوڵەی شادمان بەباڵی خەیاڵە خۆشەکانی بەرز بەرز دەفڕی:

«بەڕاستی من کچێکی شادمان و بەختەوەرم، دایکی دڵسۆزم بەهیچ شتێک تەفرەی نەخوارد... نە زێڕ، نە پارە، نە ماڵ و سامان...، کاکیشم هەر وەها، سەربارەی ئەوانەش، ژنی باش و لە خێزانی بووە...، تفەنگی بڕنەو، ماینەشێی کوێخا و ئەو هەموو بەڵێنەش لەوە پێشیش و ئەو کاتەش، ترسی هەرە گەورەم کاکم بوو کە بەمانە و بەتایبەتی دوو پارچە زەوی تاپۆکراو هەڵبخەڵەتێ...، بەڵام ئیتر ئەوا ئەو ترسەش نەما...، ئەمەیە بەختەوەریی، ئێستە کوڕی تر هەیە بۆ ئەم گشت دەسکەوتە چاکانە، نەک خوشکی، بەڵکو خۆیشی بۆ دەفرۆشێت... ئەی ئافەرین برای چاک و دڵسۆز کە من هەمە...»



گوڵە خان تا ئەم کاتە ئاگای لە خۆی نەبوو...، مەستی بادەی ئاواتی دڵ و دەروونی خۆی بوو... لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشابوو...، چاوی بڕیبووە بنمیچی ژوورەکە...، لە بیرکردنەوە کەوت... گوێی بۆ چۆڕاوگەی گوێسوانەکان ڕاگرت... بەڵام دەنگی تنۆکە تنۆک کەم بووەوە، وردە وردە نەما... بەوەدا بۆی دەرکەوت کە زۆر لە نیوە شەو تێپەڕیوە و ساردیی گەییوەتە ئەو پەڕەکەی... چۆڕاوگەکان بەستوونی و بوون بەچلوورە سەهۆڵی زیوین و ئامادەن بۆ ملوانکەی بووکی شای پەرییانی بەفری زستان...، بەڵام گوڵە لە تاو هاڵاوی کوڵاوی هەناوی، هێندەی نەمابوو لێفەکە بەکۆڵەوە بگرێت...، هێدی هێدی بەدەم خەیاڵە خۆشەکانی خۆیەوە هێوور بووەوە، تا بەو جۆرە باوەشی کرد بەملی خەونی خۆشەویستیدا...، خۆی هەڵدایە باوەشی مەریوانەوە...، توند خۆی پێوە نووساند، خونچە گۆنای نا بەلێوی یاری خۆشەویستەوە، لە سەدا و ئەندێشەی گوشین و هەڵمژیندا خۆی لە بیری چووەوە، دوایی ڕەشەبایەک هەڵیکرد، مەریوانی لە باوەش ڕافڕاند، کەوتە هاوار، وریا بە دەیانەوێت لە ناوت ببەن... مەڕۆ... بەجێم مەهێڵە...

***

هەموو ناو دێ، بەتەنها یەک چرای دەگڕا، ئەویش هی ژوورەکەی مینەی ڕۆستەمە سوور بوو، ئەوا نزیکی بەرەبەیان بووەتەوە...

هەرچەندە گەوز دەدات خەوی لێ ناکەوێت...، لەسەر هیچ لایەک خۆی ناگرێت... هەر دانە کیرپێیەتی، ئۆقرەی لەبەر بڕاوە...، وەختە کەللەیی ببێت...، لێوی قین و بوغزی خۆی لە دوو سێ لاوە کرۆشتووە... دوا نامەی هیوا بڕاویی دراوەتە دەست...، هەرچەندە باوکی زۆر دڵی دایەوە و بەڵێنی دایە کە هەموو توانایەکی بەکار بهێنێت و بەختی بکات بۆ بەئەنجامهێنانی ئەم کارە، بەڵام مینە خۆی گوڵەی چاک دەناسی، دەیزانی کە ئیتر هیچی بۆ ناکرێت...، ئەی گوایە ڕۆستەم خەجیجی نە دەناسی، بەڵام چی بڵێت، ئەو بوو باوکی بەژنی خۆڕایی و جوان... بەتفەنگی بڕنەو و نەویی و ماینەشێ خەسرەوی بۆ ڕام نەبووە، ئیتر هیچ...، چونکە دوا هیوا بۆ سەرگرتنی ئەم کارە قایل کردنی خەسرەو بووە، ئەویش ئەوا هیچ...؟! ئەویش هەمان قوڕی گیراوەی خەست بوو بۆ تەپڵەسەری مینە...

– تازە تەواو ئیتر ئارامم لەبەر هەڵگیرا، کاتی خۆ خافڵاندن نەما، تەماداریی تەواو، مەرج بێت داخێک بنێم بەسەر دڵی گوڵەدا هەرگیز سارێژ نەبێت...، لە ئێستەوە تا دوو سێ مانگی تر بەشێنەیی دەبێت بۆ پیلان و هەل بگەڕێم...، چاکیش بیر بکەمەوە،

پێویسته فیڵێکی پیاوانه بەکار بهێنم، پێیان بسەلمێنم کە من پیاوم...، خاوەن دەسەڵات و بەزەبرم... دەبێت پیلانێکی گەورە بێت، بۆ تیاداچوونی ئەو مەریوانە بەناز بەخێوکراوە کە ڕەگی پیاوەتی و ئازایەتی هەر تیادا نییە... چۆن دەبێت ئەو بەسەر مندا زاڵ ببێت...؟!... ئەی هێزی بازوو...، چەکی کوشندە، دەست و پێوەند و... دەسەڵاتی ئەمڕۆ...، ئەی گوایە بیرکردنەوەی خێڵگەریی خۆمانە... ئەوانە بۆ ئەمە و بۆ ئەمڕۆ بەکار نەیەن بۆچی باشن، ئیتر خۆ خواردنەوەی بێ ئاکام بەسە...، خۆ من بەدەست گوڵەی نامۆبارەکەوە دیقم کرد...

چاکترین شت لەناوبردنە...، بەڵام بەجۆرێک پێ نەزانرێت، دیارە ئەمە کارێکی دژوارە...، یان داوێک، کە وەک تەڵە مەریوان بگرێت و تووشی بکات...، ئابڕووی بەرێت...، بەیەکجاری پشتی بشکێنێت...، ئەمەش بەوە دەکرێت کە تاوانێک بکات...، تاوانێک کە تووشی گرتن و چەرمەسەرییەکی زۆری بکات و قورتاری نەبێت...، ئەویش چۆن دەبێت...؟!... هەر کوشتنە...، یان بکوژرێت یان بکوژێت...، من بەکوشتن نەبێت دڵم ئاو ناخواتەوە...، دەیسا بابیێتە تاوانبار...، ئای کە چاکە...، دەردی دڵی منی پێ تیمار دەبێت...، ڕۆستەمە سووری باوکت کەمی نەکردووە، بۆشی چووەتە سەر...، هەر تەڵە زۆرە...، تەڵەی کوشتنە، با بکوژرێت، ئەمە دوا ئەنجامی تەگبیر و ڕاوێژی بیر و هۆشی منە...، ئەمە بڕیاری یاسای دادگەریی دەرەبەگایەتیی خۆمانەیە، وەک ئەوان پێمان دەڵێن...، بیکەین نەیکەین هەر بەوە ناسراوین، دەبا ئەمجارەش هەر وا بێت...

سا ئیتر چۆن ئەم کارە ڕوو دەدات، کێ دەیکات و بەئەنجامی دەهێنێت، کێ دەیسەپێنێت، ئەوە نازانم... ئیتر ئەوا مینەی ڕۆستەمە سووری ناو دەرکردوو، خۆت دەزانیت، خۆت و هەڵپە و تەقەللا دەیزانێت...، تۆش ئەمە بۆ خۆت... دەکەیت، وەک دەڵێن «دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکات...» لەمە زیاتر چارت نەماوە...، دەبێت هەر لە بەیانییەوە دەست پێ بکەیت و خەریک بیت...، بەڵام لە بیرت بیت، میری بەڕێوەبەر چی پێ گوتیت؛

«لەسەرخۆ بە، پەلە مەکە...، دان بەخۆتدا بگرە...، بەشێنەیی هەموو کارێک جێبەجێ دەبێت...»

مینە بەخەیاڵاتی خۆیەوە، وەک یەکانەی پێکراو گەوزی دەدا، ئەوە بوو تا نەهاتە سەر ئەنجامی بیر و بڕیاری کارنامە دژوارەکەی خۆی، خەوی پیادا نەکەوت...، پڕزەی لێ بڕرا



بوو، نەگریسیی جۆری پەروەردەکردنەکەی، وەک دڕندەیەک هەژاندبووی، هێندە شەکەتی کردبوو تا درەنگانێک خەو بەری نەدەدا...، ئەلە دوو سێ جار چوو بۆ ئەوەی بەئاگای بهێنێت، بەڵام زاتی نەبوو، نەیدەوێرا بانگی لێ بکات...

دوایی ڕووناکی خوشکی هاتە ژوور سەری، هەر چۆن بوو بەئاگای هێنا...، سەیری کرد ناو چاوی مینەی برای بووە بەگۆمی خوێن... کە بیری کردەوە، شەوێی هاتەوە یاد...، ئیتر ئەمیش نەیوێرا هیچ بدرکێنێت، چاکی دەزانی کە ئەمشەو لە داخ و خەفەتدا خەو نەچووەتە چاوی...، چونکە بەیانی زوو هەر خۆی هات چرای ژوورەکەی لێ کوژاندەوە...

بەهێمنیی هەوڵی دا، دوو سێ جار بانگی کرد «کاکە، کاکە...»

بەڵام وەڵامی نەدایەوە...، لێفەکەی لەسەر خۆی لادا و سەیرێکی ڕووناکی کرد...، دوایی دەستی نایەوە ژێر چەنەی خەفەت، کەوتەوە بیرکردنەوە...

– «نە ڕووناک، نە تفەنگی برنەو، نە ماینەشێی بەناوبانگی کوێخا... نە ماڵ و سامانی باوکی، هیچیان میکلێکی قەڵبیان بۆ من نەهانی...، دەبێت هەر خۆم ئەم کارە تەواو بکەم...، هەر خۆم...، نابێت پشت بەکەس ببەستم...، بەکێ؟! دەبزانە دەی...، کامەیە ئەو دڵسۆزە ڕاستگۆیە؟!...

مینە لەم کاتەدا سەرێکی بادا و هەستایە سەرپێ...، خۆی گۆڕی بەبێ ئەوەی نانی بەیانی بخوات، ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ناو دێ...

ڕووناکی خوشکیشی هەناسەیەکی ساردی بەدوایدا هەڵکێشا و دەستی کرد بەنوێن و پێخەف کۆکردنەوە...، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– خۆشەویستی جۆشی دەروونە...، کزەی گیان و ژیانە... بەزۆر و بەپارە دروست نابێت...، من بەخۆمدا دەیزانم...، ئاخ ئەم توندوتیژییەی باوکم و کاکم...، ئەم ژیانە ناخۆشە...، ئەم هەموو گێرەشێوێنییە...، لەگەڵ ئەم هەموو بوونەدا ژیانێکی ئاسوودەمان بەخۆمانەوە نەدی...

***

# ٦

– ها پیرۆز، چۆنیت، چاکیت؟!

– مامۆستا ڕزگار تۆ چۆنیت...، ئەوە بۆ دەرناکەویت...؟!...

– بڵێم چی، دەتۆ پێم بڵێ ئایا ڕووناکت دوواند؟!...

وتی چی... بنێرمە خوازبێنی؟! ئایا ئارەزوو دەکات شوو بەمن بکات...، پیرۆز من پەرێشانم، ئارامم لەبەر بڕاوە...

– مامۆستا گیان، ڕووناک چۆن ئارەزوو ناکات...، ئەوەندەی پێ خۆشە هەتا بڵێیت...، مەگەر خەمی ئەوەی هەبێت لە دەست گەوور و ئاژەڵ ئێوەتکردن ڕزگاری ببێت...، ئەو تۆی زۆر خۆش دەوێت، لە تۆ زیاتر، بەڵام...

– بەڵام، چی، کچێ...، بڵێ بزانم، ئەم نەبەنگییە تا کەی؟!...

– بەڵام باوکی...، ڕۆستەمە سوور...، مینەی برای، ئەو خۆشی هەر لە وان دەترسێت...، لەوانەیە بەخاوەن خێڵ و عەشرەت نەبێت نەیدەن...، جگە لەوە بەشووشی بدەن، بەشیربایی زۆر نەبێت نایدەن، ئەوانە کەللەڕەقن، ئازام دەوێت لە حەنایان بکۆکێت و دەرەقەتی بیانوویان بێت...

– کچێ گەوجە، خۆ من لە کونە دیوار نەهاتوومەتە دەرەوە...، منیش خزم و کەسوکارم هەیە، هەموویان لە شار دادەنیشن...

– مامۆستا، مەبەست هەر ئەمە نییە... ئەوان پتر ئارەزوو بەلادێیی دەکەن وەک لە شاریی...، دەیانەوێت لێرە پشت بۆ خۆیان پەیدا بکەن...، نەک لە شار، شار لێرە بەمان چی... دەتۆ بنێرە بۆ لای باوکی بزانە چی دەڵێت...، مامۆستا مەلا و مارفی فەڕاش بنێرە بزانن وەڵامی چی دەبێت...، من خۆشم ڕووناک دەبینمەوە، پێی دەڵێم کەوا دێن، بەشکو ئامە خانی دایکی، کوێخا قایل بکات، چونکە وەک بزانم دایکیشی پێی خۆشە کە بۆ تۆ بێت...، سبەی سەرم لێ بدە بۆ ماڵەوە هەموو شتێکت تێدەگەیەنم...، هەرچەندە من...

– تۆ چی؟! دەبیڵێ...

– دەڵێم با جارێ نەیوروژێنین...



– نا، نا، من پەلەمە، خوات لەگەڵ پیرۆز...، هیچ پێویستت نییە بۆتی جێبەجێ بکەم؟!...

– بەخودام سپاردی، مامۆستا گیان... لە سایەی سەری تۆوە جارێ هیچم ناوێت و کەموکوریم نییە... «من چی بکەم، دڵم نایە درۆی لەگەڵدا بکەم، خۆزگە جارێ دانی بەخۆیدا بگرتایە، کوێخا ئێستە وەک پڵنگی پێکراو وەهایە، کێ دەوێرێت خۆی لە قەرەی بدات؟!»

***

– ڕووناک گیان خۆشی خاسییت...

– خۆش بیت پیزە... ئەوە هاتیت؟!

– لەبەر چاوەکانی تۆ و کاکە ڕزگار، ئەی چۆن نایەم...، دەزانیت ڕووناک، مامۆستا ڕزگار شێتی باڵای بەرز و شۆخ و شەنگێتی و ئەم سەر و سنگە پڕە نەرمەت بووە؟! ژیانی لێ هەراسان بووە...

– پیزە شتی هەلەق و مەلەق مەڵێ...، ئەوە دایکمە ئەوا هاتە ژوورەوە بێ دەنگ بە...

– بەچاوان... بەڵام میوانتان دێت...، بەدایکت بڵێ با باوکت بدوێنێت بەشکو دەست بەڕوویانەوە نەنێت...

– پێم گوتووە...، تازە ئیتر ڕووم نایەت هیچی تر بڵێم... تۆ خۆت هەر هێندە بڵێ میوانتان دێت، ئیتر خۆی تێدەگات بۆ چییە...

لەم کاتەدا، ئامە خان هاتە ژوورەوە...

پیزە هەستایە سەرپێ...

– ئامە خان چۆنی... باشیت؟؟

– پیرۆزە...، چاکی کچم... خۆشهاتیت...

– دەستەکانت ماچ دەکەم...، هاتم پێتان بڵێم کە ئەمشەو میوانتان دێت، مامۆستا و ئەوان دێن، وابزانم مامۆستا ڕزگار دەیانئێرێت...

– باشە کچم...، فەڕیان هانی...، ماڵی خۆیانە، بەڵام خۆزگە دوایان بخستایە، چاکتر دەبوو...

ئامە خان ئەمەی گوت و چووە دەرەوە...

– بەو خودایە منیش پێم گوت، بەڵام ئەو زۆر شپرزەیە و حەیشی لەبەر هەڵگیراوە، ڕووناک گیان، منیش ئیتر دەڕۆم...، درەنگە، وا تاریک داهات...

– بۆچی دەڕۆیت... تازە بۆ کوێ دەچیت... بەخودا نابێت بڕۆیت... دەبێت ئەمشەو لێرە بیت، یان لە دواییدا ئەگەر هەر ڕۆیشتیت ئەوسا بەئەلەدا ڕەوانەت دەکەمەوە...

– دەباشە، ناڕۆم، بائاگاشم لێ بێت چی دەڵێن...، تا بۆ بەیانی بچم و هەمووی بۆ ڕزگار گیان بگێڕمەوە...؟! بەخودا کوڕی چاکە لە وێنەی نییە...

– ئیتر ئەوە ئارەزووی خۆتە!!...

شێوی ئێوارە کرا، شەو تاریک داهات... مینە خۆی کرد بەژووردا...

– پیرۆز... ئەوە لێرەیت...، کچێ ئەوە بەم شەوە چی هانیوتی؟!...

– دەمەوئێوارێ لێرە بووم...، ڕووناک خان نەیهێشت بچمەوە...

«ئیتر هەردووکیان بۆ ماوەیەک بێ دەنگ مانەوە، مینەی چاوبز بەقووڵی سەیری پیرۆزی دەکرد...»

لەم کاتەدا ڕووناک ڕۆیی بوو بۆ دەرەوە...، گوێی لە باوکی و دایکی ڕاگرتبوو کە لە دان و نەدانی ئەم دەدووان بەمامۆستا ڕزگار...

– بەکێ؟! «لەو کاتەدا کە گوێی لە باوکی بوو بەدایکی دەگوت...»

– شتی وەها نەکراوە و نابێ...، من کچی خۆم نادەم بەهەرزەپیاوی وەها کە هەمیشە بەدوای لات لەوێرەوەیە، من پیاوی ناو پیاوان و کەسی بەبڕشتم دەوێت، من خۆم بەهەرجا، مینەی کوڕت سبەینێ پشتی قایمی دەوێت لە دوای بێت، دەمڕووتێکی وەها چی لێ بکەم...

– ڕووناک، ئیتر خۆی پێ ڕانەگیرا...، بەپەستییەوە گەڕایەوە بۆ ژووری ئەودیو...، کاتێ کە گەیییە ناو دەرگاکە، گوێی لە دەنگی پیزە بوو لەگەڵ مینەی برایدا دەدووا...، وەک یەکێ پێی بڵێ...، پاشەوپاش گەڕایەوە...، هات بەمێشکیدا کە بەشکو بەکاکی بڵێت و هەوڵی لەگەڵدا بدات و قایل بێت بەم کارە...، لەبەر ئەوە نەیویست لێیان تێک بدات...، گوێی بۆ شل کردن

– میناغا دەزانیت ئەمشەو میوانتان دێت؟!...



– بەڵێ دەزانم، دایکم پێی گوتم...، جا تۆ چیتە بەسەرەوە...

– من ڕووناک خانم خۆش دەوێت، گوناهە، ئەو کچە بۆ نادەن بەو کوڕە خاسە...، گوایە کێ لەو باشترە تاکو نەیدەنێ؟! مامۆستایە و مووچەی باش و کوڕێکی خۆشمەشرەف و پیاو؟!...

– ئەی پیزە قرخن کێ لە من چاکترە وا گوڵەم نادەنێ؟! ها، دەبڵێ دەی سیخن؟؟...

– دەتۆ دەمت بەچاک بگەڕێ بۆ ئەمان...، بەشکو ئەو خودایە کاری تۆش ئاسان بکات...

– من مەرجێکی چاکم هەیە کە ڕزگاری پێ دەگات بەئاوات...؟!

– ئەو مەرجە چییە من پێی دەڵێم، ئەو ئامادەی هەموو شتێکە، فەرموو چی دەڵێیت بیلێ...

لەم کاتەدا دەنگە دەنگ لە بەردەرگا پەیدا بوو...، ڕۆستەمە سوور مینەی بانگ کرد...، مینە ڕایکرد و فەرمووی لە میوان کرد...

میوانەکان دانیشتن... هەر ئەوەندەی بلێیت یەک دوو، چایان لە بەردەم دانرا...، دەست کرا بەدەمەتەقێ... دوایی داوایان پێشکەش بەکوێخا کرد...، بەڵام بێ ئەنجام میوان زۆریان گوت و کوێخا کەمی بیست...، شەو درەنگ بوو... میوان بەسەرسامی و بێزارییەوە سەیری یەکیان کرد...، دوایی بەناچاری هەستان و هەر کەس بۆماڵی خۆی گەڕایەوە...

***

ڕووناک و پیرۆز بەیەکەوە دانیشتبوون...، ڕووناک چاو بەفرمێسک، زۆر پەست و خەمبار بوو، پیزە لە بیرکردنەوەدا بوو، دوایی گوتی:

– ڕووناک گیان، کار نییە ئاسان نەبێت...، خەم مەخۆ، بزانین بەشکو کاکە مینە کارێک بکات ئیشەکەتان ئاسان ببێت...، چونکە خۆی بەمنی گوت، بەڵام مەرجێکی هەبوو، ئیتر نازانم ئەو مەرجەکەی چییە؟!... «دەبا جارێ لەبەر دڵی ڕووناک نەیلێم چاکە...» پیزە لە دڵی خۆیدا...

– من دەزانم مەرجەکە چییە...، شتێکە کە باوەڕم وایە بەهیچ جۆرێک نابێت و جێبەجێ ناکرێت...، ئەوە دەردەکەی منی گرانتر کردووە...، من خۆم دەزانم چەندە لێیان بەقینن...

– چییە، ئادەی بیلێ، ئێجگاری ناخۆشی مەکە...

لەم کاتەدا تەپەی پێ هات...، ئەمان بێ دەنگ بوون، مینە خۆی کرد بەژووردا...، دیار بوو هاتبوو خۆی بەسەردا بنوێنێت...

– شەو خۆش...، ئەوە چی دەکەن...، ئەی شەوچەرەتان لا نییە؟!... ئادەی ڕووناک بچۆ نەختێکمان بۆ بهێنە با بیخۆین...

– کاکە، بەم شەوە ساردە بۆم دەرنایەت، لە ژووری زەخیرەدایە، تازە کەی کاتی دانیشتنە؟؟...

– دەبچۆ، دەزانم دڵت زویرە...، کێ دەڵێ بەیانی چی دەبێت، هەستە دەی گوێشی مەدەرێ...، سەیری کاکت بکە و ئیتر هیچ مەڵێ...

ڕووناک بەدۆشداماویی و بەناچاریی هەستایە سەرپێ، پانی بەرزەکانی لە پێ کرد...، چرای دەستیی لێ گرت بەدەستەوە، بەرەو ژووری زەخیرە کەوتە ڕێ...

– ئێ، پیزە خۆ هەموو شتێکمان گوێ لێ بوو...!!

– بەڵێ، باوکت دڵی چەند ڕەقە...، ئەو هەموو پاڕانەوەیەی مارفی فەڕاش... ئەو هەموو دواندنەی مامۆستا، کەچی پاشگەزی نەکرد... گفتێکی واشی پیشان نەدا، جارێکی تر ئەمان بوێرن بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵی بدوێن...، بەئاشکرا هەڕەشەشی لێ دەکردن...، چەند توورەیە...، من تا ئێستە نەموێراوە بۆ یەک جاریش سەیری بکەم...، باوکەڕۆ، ئەوە چییە...؟!

– دەسا پیزە، باوکم هەزار ئەوەندە دڵی ڕەق بێت، بەیەک وشەی من نەرم دەبێت و بەئاسانی ڕووناک دەدات بەڕزگار...، من ئامادەم بۆ ئەم کارە، بەڵام بەیەک مەرج...

– مەرجی چی میناغا... دەبیلێ... من سەرم لە ڕێتە...

– گوێ بگرە...، ڕزگار لەگەڵ خەسرەو و ئەواندا زۆر ڕێکە، با هەوڵ بدات قایل بن کە گوڵە بەمن بدرێت، منیش هەر بەخۆڕایی ڕووناکی پێ دەدەم...؟!...

– جا ڕزگار چۆن دەتوانێت ئەوان قایل بکات و گوڵە بۆ تۆ بستێنێت؟!...

– چۆن ناتوانێت، ئەی ئەوان یەک دەستەی هاوبیر نین، من ئاگام لێیانە، ڕزگار چییان پێ بڵێ بەگوێی دەکەن و، لە وتەی دەرناچن، کەرانی تۆی بێ ئەقڵ لەوانە ناگەیت...

– بزانم، من ئەمە بەڕزگار دەڵێم، هەرچەندە پێشەکی دەزانم کە ئەم کارە بەو ناکرێت...

«مینە کەوتە بیرکردنەوە...، زەردەخەنەیەکی مەبەست فێڵاویی کەوتە سەر دوو لێوی،



پێکەنینێکی لاقرتێی بۆ کرد و گوتی:

– ئەگەر بەو کرا ئەوا باشە، خۆ هاتوو بەو نەکرا، ئەوسا بیرەکەی باوکم کە من وەستانوومە، چاکترین بڕیارە...

– بیرەکەی باوکت چییە؟!...

– ئەوسا ڕزگار نە بەکەڵکی ئێمە دێت...، نە بەکەڵکی ئەم گوندە...، یا بەدەرکردن، یان بەگوێزانەوە، دەبێت لەم دێیە دەربچێت؟ هەر وا بەئاسانی بۆ دەرەوە، ئەگەر ڕووناکی خۆش دەوێت، دەبا پیاو بێت ڕازیان بکات، منیش وەک قارچکی یەک شەوە دەیکەم بەزاوای خۆم...

جیرەی دەرگا هات و کرایەوە...، ڕووناک جامێکی پڕ لە شەوچەرەی هانی و داینا...، مینە دەستی پیا کرد چنگێکی هەڵگرت و هەڵسا بڕواتەوە بۆ ژووری خۆی...

– ئەوا من ڕۆیشتم...، بۆ خۆتان شت بخۆن و دەمەتەقێتان بەردەوام بێت، دەزانم ئەمشەو ڕووناک خەوی نایەت، لەمەودوا من و ڕووناک دەتوانین سوود لە هەوڵی یەکتری ببینین...

سەیرێکی پێکەنیناوی پڕ مەبەستی کردن و ڕووی لێ وەرگێڕان و بەجێیی هێشتن...، پیرۆز سەری نایە پەنا گوێی ڕووناک و گوتەکانی مینەی بۆ گێڕایەوە... ڕووناک هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– من خۆم دەمزانی ئەمە مەرجە جوانەکەیەتی...

ئەویش مرخی خۆی لەوە خۆش کردووە...، بەڵێ کچ لە لای ئێمە دەبێت لە خوێنی تاوانی ئەواندا بدرێت...، ئەو ئاگاداریشە، منداڵی ئەم گوندەش دەزانێت کە گوڵە دەزگیرانی مەریوانە...، ئەمەش بەهانەیەکی ترە...، لە لایەک بۆ من و لە لایەکی تریش بەڕزگاری دەگرت، بۆ ئەوەی یان بمدەن بە ژن، یان بە ژن و شیربایی...، بەڵام بەکێ؟ یان بۆ مەبەستێ کە بەرژەوەندیی خۆیانی تیادا بێت... دەبێت من ببم بەقۆچیی بۆ ئەوان...، ئێستە ئەگەر میری بەرێوەبەر بهاتایە و بۆ یەکێک داوای منی لێ بکردنایە، بەردەستی خۆشی بووایە، هەر قایل دەبوون و پێیان خۆش دەبوو، نازانم باوکم و کاکم بۆچی خۆیان بەواندا هەڵپەساردووە، باوکم لە چی کەم بووە...، ئەوان ئیشی تایبەتی خۆیانی پێ مەیسەر دەکەن، ئەمانیان خستۆتە گێژاوەکەوە...

– ڕووناک گیان ڕاست دەکەیت، (ئەمجا بەپێکەنینەوە):

ئاخر ئەوە قسەکانی مامۆستا ڕزگار گیانە...، دەبیلێ بەخودا وەهایە...

– سەرت شینکەیت، لە قسە قۆڕەکانت ناکەویت...

ڕووناک ئیتر نەیتوانی هیچی تر بڵێت...، دڵی پڕ بووبوو لە گریان، هۆن هۆن فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوارەوە...

– ڕووناک گیان ئەوەندە دڵگران مەبە، بەشکو کارێکی وەها ڕێک بکەوێت دڵیان نەرم ببێت و بەئاواتی خۆتان بگەن... کورد گوتەنی «خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە»

– هەستە پیرۆز تۆ ئیتر بچۆ بنوو، شەو زۆر درەنگە...

– بەخودا باجی گیان ڕاست دەکەیت، ئیتر من کوژاومەتەوە:

پیرۆز پاش ماوەیەک پرخەی خەوی خۆشی بێ ئاگایی پیادا کەوت...، هەر زوو لە حەوت ساڵان ڕاست بووەوە...

– خۆزگەم بەخۆت...، هیچ خەفەتێکی لە دڵدا نییە...، دەڵێیت نە بای دیوە نە باران...، خەفەت هەڵناگرێت، دوای ئەو هەموو کارەساتەش...، بەڵام کێ دەزانێت دوارۆژی ناسۆراوی ئەم چی دەبێت...، گرنگ ئەوەیە منی دارا، لە جەرگەی پۆشتەیی و تێریی و توانا و ساماندا هەزار خۆزگە بەم هەژارە ڕووت و ڕەجاڵە برسییە دەخوازم... کێ دەزانێت کاکم، من، چیمان لە ڕێ دایە؟!... هەر ئەمشەو گوێت لە مامۆستا مەلا نەبوو دەیگوت «چەرخە و بەسەر سەرماندا دەگەڕێت...»

***

– مامۆستا ڕزگار، ئەوە لەماڵیت؟!...

– ئەوە کێیە فەرموو...، پیرۆز، ئەوە تۆیت، وەرەماڵەوە، وەرە...

– بەڵێ منم، هاتم جلەکانت ببەم بۆت بشۆم...

– دەباشە، ئەوەتا هەموویم کۆمەڵ کردووە، بییان بە... پیرۆز چووە بەرەوە...، سەیری کرد هێمنیش لە ژوورەوەیە، دوای ئەوەی چاکوچۆنی لەگەڵ کردن، شەو هەرچی لە ماڵی ڕۆستەمە سوور ڕوویدابوو، هەمووی بۆ گێڕانەوە...

– هەی هەی، جا ڕووناکم بەو مەرجە دەداتێ کە گوڵەی بۆ بستێنم...؟!...



شتی چاکە، بۆچی گوڵە خوشکی خۆمە تاکو بڵێم باشە دەیدەمێ؟! یان دەبێ من چ توانایەکم بەسەر گوڵەدا هەبێ بۆ کارێکی وەها گرنگ...

– مامۆستا گیان، مینە دەڵێت ئەوان یەک پێڕن، مامۆستا ڕزگاریش هەرچی بڵێت هیچیان لە گوتەی دەرناچن...

– جا من بەگوێشم بکەن بۆ شتی وەها، چۆن تاوانی ئاوا دەکەم، دوو دڵ لە یەک دەکەم و دەبمە هۆی تێکدانی خێزانێکی وا بەڕەوشت و سەربەرز؟! هەرگیزاو هەرگیز...

– کاک ڕزگار، ئەوە دەیانەوێت بەتیرێک چەند نیشانێک بشکێنن...، یەکەم، دەزانن گوڵە بدرێت بەمینە، ئیتر پەیوەندیی ئەم خێزانە تێک دەچێت، دوایی بێتو ڕووناک بدەن بەتۆ بەرەی لای تۆش هەڵدەوەشێنن...

– گوایە بەباوەڕی خۆیان من ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا؟؟

– لە لایەکی تریشەوە دەبن بەهاوبەش لە زەیوزارەکانی خێزانی ئێمەدا...

ئەوە بۆیە ئەم پیلانە زەهراوییەیان خستووەتە کار...

– هێمن گیان، جا بۆ من بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆم دەچم ئەم خراپە گەورەیە دەکەم...، ئەگەر سەری خۆمم هەڵگرتووە و ئێرەم بەجێ هێشتووە من شتی وەها ناکەم...

– ئەی مامۆستا تۆ ڕووناکت خۆش ناوێت؟! «پیزە بەسەرسامییەوە ئەم پرسیارەی لێ کرد»...

– کچێ تۆ دەڵێیت مێشک لە سەرتا نییە...، من ئەو کچەم خۆش دەوێت، خۆشەویستییەکی پاک و بێ گەرد... دەمەوێت بیکەم بەهاوبەشی ژیانی خۆم...، بەڵام هیچ وا ناکەم خۆم سەرشۆڕ بکەم و کارێکی ناپەسندم لێ بووەشێتەوە...، شووکردن و ژنهێنانیش بەزۆرەملێ نابێت...، خۆشەویستی لە ژیانی مندا پیرۆزترین شتە، بەڵام ئەو پیرۆزییە نابێت بشێوێنرێت، منیش هەرگیز لەکەداری ناکەم و بەخاوێنیی و بێ گەرد بۆ هەمیشەی ژیانم لە هەست و هۆشمدا دەمێنێتەوە...

– مامۆستا، ئەی تۆ بەزەییت بەو کچە دڵشکاوەدا نایەتەوە کە وەختە بۆ تۆ شێت بێت؟!... ئەی گوایە خۆت تەمادارت نەکردووە؟!...

– تاوانی ئەوە سەر و ملی باوک و کەسی مێشک ژەنگاویی دڵڕەشی خۆی دەگرێتەوە، من وەک خۆم دەمێنمەوە، شکست ناهێنم و هەر بەو پەرۆشەوە بۆ ئاواتەکانی دەژیم...

– کوڕه بابه ئێوه دەڵێن چی «هێمن لەگەڵ ئەم وتەیەدا سەرێکی بادا» ڕۆستەمە سوور هەرگیز کچی نادات بەتۆ... دەیدات بەخێزانێک کە لە تاوان و دەستدرێژیی و کاتی دژواردا، دەست بەچەک لە پشتییەوە بووەستن و لە سەری بکەنەوە... من وای دەزانم، ئیتر هیچ خۆتان ماندوو مەکەن...، مینە و ڕۆستەمی باوکی شێتی دەستەڵات، زەویی و خۆنوواندنی ساماندارین...

– هێمن، من ئەوەندە لاوێکی هەرزە نیم کە ئەوان نەناسم، بەڵام من بەڕاستیی دڵم بەو کچەیانەوەیە، ئەگەر بەبێ گیروگرفت بمدەنێ، ئەوا دەیهێنم... خۆ ئەگەر وا نەبێت، لە شار، کچی زۆری لەو پێشکەوتووتر هەیە کە من لەگەڵیدا بحەوێمەوە، بەڵام ئێمە لێرە هەردووکمان دڵمان یەک کەوتووە و یەکمان خۆش دەوێت، تا بتوانم وازیش ناهێنم، چی دەبێت بابێت

– کەوا بوو تۆش بەئارام بە...، پەلە مەکە...، بزانین چۆن دەبێت، پەیوەندیی ئێمە بەتۆوە قووڵە، هەر ئەمێنێتەوە...

– جا چارم چییە...، پەلەی چی بکەم...، ئەوا وەهایە...، من جارێ بێ دەنگی لێ دەکەم، کاک هێمن ئێمە ئاوات و ئامانجمان یەکە، مەسەلەکەمان گەلێک گەورەترە لەمانە...

– دەباشە منیش دەڕۆم، بەیارمەتی خۆت...

– خوات لەگەڵ برا...، خۆشهاتیت، سەر چاو، بەهیوای دیداری ئەوەی لەسەری ڕێک کەوتین...

– ئەی من چی بەڕووناک بڵێم، یان بەمینە؟!، من تێماوم، سەرم لێ شێواوە، لە ئێوە ناگەم...، وەختە تێک بچم...

– کچێ پیزە، چی پێ بڵێیت...؟!... بەڕووناک بڵێ من هەر ئەوەم کە دەزانیت، چاوەڕوانیی دەکەم، بەڵام جارێ بۆ ماوەیەک خۆمانی لێ بێ دەنگ دەکەین...

– ئەی مینە ئاگر تێبەربوو چی لێ بکەم، چی پێ بڵێم، بەو خودایە بەقسەیەک لێم هار دەبێت، زۆری لێ دەترسم، لەوانەیە لە دووبانییەکەوە فڕێم بداتە خوارەوە...، جەربەزە و شێتوشوورە...

– پێی بڵێ من کچیان لێ دەخوازم...، گوڵەش خوشکی خۆم نییە یان خزمم تاکو



دەستەڵاتم بەسەریدا هەبێت... ئەگەر دەمدەنێ ئەوا ئامادەی هەموو داوایەکیانم...

– هەر ئەوەندە؟!

– بەڵێ هەر ئەوەندە...

– داخەکەم بۆ دڵی بەکوڵی ڕووناک...، خوات لەگەڵ مامۆستا.

– خوات لەگەڵ، زۆر هەواڵی ڕووناکم بۆ بپرسە...، دڵم لەلایەتی...

ڕزگار دەستی نایە ژێر چەناگەی...، پەستییەکی زۆر فرە دایگرتبوو...، بەتەنهایی کەوتە گێژاوی بیرکردنەوەی نائومێدییەوە...

«کەی ئەمە ڕەوایە...، نەریتێکی گەندەڵ، بیرێکی پووچی نابەجێ، فەرمانێکی گەوج، کۆیلەیەتیی لە گشت شتەکاندا، ترسی تۆقێنەر... زەوتکردن، جا چیتر نا...»

«ئای لەو ڕۆژە خۆشە بەهارییە...»

– توخودا ڕزگار گیان، ئیتر مەیەرە ناو ئەم دێبەرە...، دەترسم...، دەستم بەردە، هێندەی شپرزەی تۆم، لەوە پتریش زارەترەکم، ئەمانە کەسی خۆمن، دەیاننانسم، تەنها فیشەکەکەش بۆ نێوچەوان لە کیس خۆیان ناچێت...، نۆکەرێک، جلفرێک...

– باوکت و کاکت دوێنێ بەرەو پایتەخت نەڕۆیشتوون، ئیتر ترسی چیت هەیە؟!

– با، بەڵام نۆکەر و دووزمان لێ ناگەڕێن...

– پیزە چاودێریی ڕێگەوبانەکە دەکات، لە گەڕانەوەشدا من ئەودیو دەگرم... ئای لەو بۆنە خۆشەت...، لە بیرمە یەکەم جار بۆ نانخواردن کە لە بەردەم دەرگای دیوەخاندا لە ژوور هاتیتە دەرەوە، لەپڕدا ڕوو بەڕووی یەکتر وەستاین، ئازایانە چاکوچۆنیت لەگەڵ کردم، ئیتر هەر ئەو دیمەنە شرینە دڵڕفێنەت، هەر ئەم بۆنە خۆشەت بوو، کەیل و مەستی کردم و جوانترین سۆزی لە گیان و ژیانمدا خەملاند...، ئیتر هەر ئەوە بوو، لەو ساوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەجۆشی خۆشەویستیت لە سووتانێکی هێووری هەمیشەیی دام...

– لە دەورت گەڕێم ڕزگار گیان، توخودا بەسم داڕژێنە، بەم جۆرە قسانەت ئێجگاریی پرووکاوم...

«هەزار ئەفسووس، کورت بوون، ڕۆژانی دیداری ئەوین و شەیدایی...»

***

## ٧

ساڵ زیاتر تێپەڕی...، هێندەی نەمابوو بۆ کاتی جۆزەردان، دوای ئەوەی بەهارێکی تەڕی بەفەڕ بەسەردا چوو، سەوزە گیای دەر و دەشت ورشەی دەهات... مێرگەکان پاراو و ڕازاوە بوون...، بۆ هەر لا دەچوویت سەیرانگای جوانی سروشت... ڕەنگی پەڕەی ئاڵی گوڵاڵەسوورە ئاوی چاوی دەبرد... ئاوی کانیاوەکان تەقیبوون... هەمیشە لە هاژە و خوڕەدا بوون بۆ شتنەوەی زیخ و چەوی دەنک مرواریی ناو جۆگەی ئاوی ڕوونی وەک چاوی قرژاڵ... بەفراوی کەللە تەزێنی چیاکان بەهوروژم دۆڵەکانیان پڕ کردبوو، هاژەیان دەهات، کار و بەرخی تازەبوو کۆرپە بووبوون، کەوتبوونە بازد و هەڵتێزان، لە هەموو شوێن هەستت بەخۆشیی و ئاوەدانیی دەکرد، جووتیارەکان لە بزەی دەستکەوتنی بەرهەمی چاک و پاکدا بوون... بازووی سڕبووی زستانیان هێنابووە جوولەی گەرمی خۆڕەتاندن، هەر لە ئێستەوە کەوتبوونە داس تیژکردنەوەی خۆ ئامادەکردن بۆ درەو و جۆماڵی بەراوەکانیان...، دارە بەردارەکان خۆیان بەگوڵی هەمەڕەنگی ناسکە هەرمێ و گوڵاوی و سێوە لاسوورە و هەڵووژە ڕەشە و قادریی و گێلاس نەخشاندبوو...، ڕەزە بەپیتەکان بووبوونە پێشانگەی گوڵی بەری درەختەکان...، پەپوولەی ڕەنگینی تانوپۆ ئاوریشمین، لە ناو گوڵ و گوڵزاردا کەوتبووە سۆزی باڵ بەیەکا دان و شیلە مژین و هەڵفڕین...، هەنگ سەرقاڵی تێر ماچی ڕووی گەشی گوڵان بوون و بەپەرۆشەوە هەراڵە پۆرگی هەنگوینییان نۆش دەکرد...

خونچەگوڵەکان دەمیان بۆ هۆزار دەکردەوە و بەزەردەخەنەی شیرین مەستیان دەکردن...، لەولاشەوە خۆشیی و کامەرانی کەوتەوە ناو خێزانی گوڵە و خەجیج خان... هێمن و مەریوان کە ماوەیەک بوو لەسەر بڵاوکراوەی دەنگی جووتیاران کرابوونە ژوورەوە و بەند کرابوون، بەسەربەرزیی گەڕانەوە ناو خێزانەکەیان... دوای ئەوەی لە کەرکووک شەش مانگیان بەندیی تەواو کرد، کە چووبوونە شار نیشانە کرابوون، گوایە بابۆڵە کاغەزیان پێ گیرا بوو، ڕەوانەی مەرکەزیی کرابوون، لە ناحیەوە هاتبوونە سەر ماڵەوەشیان، بەگێرانەکەی خۆیان قایل نەبووبوون، بەڵێ بەهۆی ئەو پەڕاوەی کە گوایە دەنگی جووتیارانە و لە ماڵی ئەواندا، لە کاتی پشکنینی لەپڕدا دۆزراوەتەوە، ئاوایان بەسەر هێنابوون...، بەڵام مەریوانی تاقانەی بەناز بەخێوکراو، کە چەند ساڵێک بوو تەماداری ئەم بەهارە بوو ژیانی خۆی و گوڵەی تیادا تازە بکاتەوە...، دیسان بۆی نەهاتەوە... تا ئەم کاتە



بەندبوو، ئێستەش وا بەسەر نەخۆشی دایکیدا هاتەوە... دایکیشی، کە کوڕە تاقانە و خۆشەویستەکەی چاو پێکەوتەوە، پاش دوو ڕۆژ هاتنەوەی گیانی دا بەدەستەوە و شادەمەرگ بوو، دوا گوتەی لە سەرەمەرگدا، بەدەنگی بزڕکاو و چاوی گێژ و وێژەوە گوتی:

– ئۆخەی مەریوان گیان...، باش بوو هاتیتەوە، زوو گوڵە گیان بگوێزەرەوە، با ئاواتەکەی باوکی بەهەشتیت بێتە دی و منیش بەدڵ ئاسوودەیی تەنها جارێک بتانبینم... لەم کاتەدا سەرێکی بەخەمی بادا، وەک گومانی لە خۆی هەبێت، چاوەکانی فرمێسکیان تێزا...

خەجیج خان لەم کاتەدا لە ژوورسەری دایکی مەریوان بوو...، دایکی مەریوان دەستی درێژ کرد...، دەستی خەجیج خانی گوشی، دەستی گوێزایەوە و داوێنی بادا...

– خەجیج گیان، وەکو هەرگیز دڵم لێت نەیەشاوە، با لە جیهانی دواییشدا هەر بەو جۆرە بین...، ئاگات لە مەریوان و گوڵە گیان بێت...، دەستی من و دامانی تۆ...

خەجیج خان چاوی پڕ بوو لە فرمێسکی گەرموگوڕ...

– خوشکێ گیان...، هەردوو چاوم نەبێ و مەرگی تۆ بەچاوی خۆم نەبینم... مەریوان چاو و ڕۆحی هەموومانە...

بەڵام کار لە کار ترازا بوو، خەجیج خان هێشتا واتەکەی تەواو نەکردبوو کە دایکی دەستی شل بوو، دەمی دا بەیەکدا... شین و شەپۆڕ لێرە گەرم کرا...

لەولاشەوە سوارەیەکی میریی بەپڕتاو خۆی کرد بەناو دێدا...، یەکسەر چوو بۆ بەردەمی قوتابخانە و پێچراوەیەکی دایە دەست ئیشکەری قوتابخانە...

مامۆستا ڕزگار پێچراوی کردەوە بۆ ماوەیەک تاس بردییەوە... چاوی گێژ و وێژ بوو، ئەم داوای گوێزانەوەی نەکردووە...، بەڵام تێینوو کراوە، لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی گوێزراوەتەوە بۆ گوندێکی زۆر دووری ئەوبەری شار... مامۆستا ڕزگار... سەراسیمە، کەوتە گێژاوی بیرێکی قووڵەوە: «ئەمانە هەمووی چنینی شانەی پیلانە گڵاوەکانی میری و دەرەبەگی نۆکەرن...»

«بەڵام زۆر سەیرە...؟!...» لێوی خۆی گەست، هەستایە سەرپێ، کەوتە دەست گلۆفتنی خۆی، بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو...

«دەستی خۆیان وەشاند...، کاری خۆیان کرد...، من بیستم گوایە ڕۆستەمە سوور

دووزمـانی کـردووە لە دژم، بڕوام نەدەکـرد...، بەسـەرزاریی چۆن بـوو بەرامـبـەرم، بەڵام لە ژێرەوە نەهێنبـڕێکی بەپێچ و پـیـلان...، هیچ بەدرۆ ناگـوترێت...، بەڵام تازە کـار لە کـار ترازاوە...، هیـچم بۆ ناکرێت...، پێش ئەوەی ئەم نووسراوە دەربچێت دەمـتوانی بەدرۆیان بخەمەوە، یان هەڵیبووەشێنمەوە... بەڵام ئیتر ئێستە ئەوا لە دەست چوو...»

ڕزگـار مـاوەیەک لە بیـرکـردنەوە کـەوت...، گـوێی لە دەنگی گـریانی مـاڵی مـەریوان و خەجیج خان ڕاگرت، لە نێوان ڕووداوە لە دوایەکەکاندا ئەم سەراسیمە دەخوولایەوە...

«پێویستە جارێ دەنگ نەکەیت، باهەر لە دڵی خۆتدا بێت، وره بەرز و خۆڕاگر بە، ئەمە یەکەمین تاقیکردنەوەیە بۆ پیاوەتیت و هەڵوێستت، دەبێت ئاگات لە دڵی ڕووناک گیان بێت، لە لایەنی تۆوە هەستی بریندار نەبێت، ورەی بەرز بکەیتەوە...، لەم ساتەوە ڕووناک خەمی گەورەتە... گرفتی ڕۆژانەی تۆیە... دواییش کار بەچ بارێکدا ڕۆییشت هەڵوێست وەردەگریت...» دەنگی گریانێکی دووری بەکوڵ ڕزگاری هوشیار کردەوە...، لەولاشەوە هەر زوو ناو دێ بەهاتنی کـاکی پۆلیس قـاوەقـاوی تێ کـەوت...، زۆر بڵێ وەک چیکەنە لە کاردایە...

«وا چاکە هیچ خۆم تێک نەدەم، پێویستە بچم بەلای جەماعەتەوە، دڵسۆزانە و ئاسایی بەشدارییان لەگەڵدا بکەم، هەر زووش ڕووناک ببینم، کە پرسە بڕایەوە، ئەوسا ئێرە جێ دەهێڵم، بەڵام لە ڕۆیشتندا نایەڵم بزانن کە من گوێزراومەتەوە...، باپێیمان خۆش نەبن؟!... ئەی لە دواییدا...، نا، نا... تا زووتر بیڵێم چاکترە...، باهەموو تێبگەن...، با شتی وەها ببینن و ببیستن، ئەم جۆرە ڕووداوانە چاویان دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە زیاتر هۆشیاریان دەکاتەوە...، گوێ مەدەرێ ڕزگار، هەستە برۆ، ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە... مامۆستا ڕزگار ئەمەی گوت و ڕۆی بۆ ناو دێ، بۆ بەر ماڵی مەریوان، هەر ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو دەنگ بەناو دێدا بڵاوبووەوە...

«مامۆستا ڕزگار لێرە نامێنێت و دەڕوات؟!...»

دوا گوتەی وەک بروسکە لە ماڵی ڕۆستەمە سوور گـیرسـایەوە...، مینە بەهەڵەداوان، وەک تویسکەی تفەنگ خۆی کرد بەماڵدا...

– بابە، بابە.... مژدەت لێ بێت؟!...

– چیبە کوڕم، ئەوە چییە بۆ وا خۆت شپرزە کردووە، بڵێ بزانم چی ڕوویداوە...؟!...

– ڕزگار...، ڕزگار...، مەسەلەی گۆڕینی تەواو، بڕایەوە...



– ئێ، ڕزگار، ڕزگار... بوو بەچی هێندە خۆت پێوە جەنجاڵ کردووە؟!... هێندە لێت بووە بە شت...

– نەمـا... لێـرە نەمـا...، دەبێت بڕوات، فـەرمـان...، هەر ئێـسـتـە نامـەی مـیـریی پێ گەیشتووە...، لێرە توورِیان هەڵدا...

– دەم خـۆش ڕۆڵەکـەم...، هەرچەنـدە من خـۆم دڵنیـا بووم لـەم کـارە، پەیمانم وەرگـرتبـوو، بەڵام ئەم هەواڵە مـژدانەیەکی چاکی دەوێت...، دەمـڕووتی وەها چۆن دەتوانێت لە ئێـمـە ببێتە ڕێگر و چەتوونی بکات؟؟...

ڕووناک لەلاوە گـوێی لەم دەنگە دەنگەی مـینەی برای و ڕۆسـتـەمی باوکی بـوو...، لەپڕ وەک شیشێکی سوورەوەکراو بکەی بەناو دڵیدا وەها بوو...، بۆ ساتێک داچڵەکان هەناوی ڕاتەکان...، ماوەیەک بەحەپەساویی بەپێوە ڕاوەستا، وشک بوو، ئیتر بەپەلە ڕایکردە ژووری گـەنجـینە و دایە پرمـەی گـریان... بەلووشکەیەکی قـووڵی بێ دەنگ پـیـشی ناخی هەژاوی خۆی دەخـواردەوە...، نەفـرەتی لە کـاری ناپەسـەندی باوکی و کـاکی دەکـرد...، لەم کاتەدا ئامەی ژنی ڕۆستەمە سوور لە پرسەکەوە گەڕایەوە ماڵەوە...، بەسەر ئەم مشتومڕەدا هاتەوە...، چاوی لە ڕووناک بوو کە بەڕاکردن و گریان خۆی کرد بەژووردا و دەرگای بەدوای خۆیدا داخست... بەتووڕەییەوە، چووە بەردەمی مینە و گوتی:

– چاکـتـان کرد ئەمـەتان کرد...، کێ ئەم کارە بەڕەوا دەزانێت، پێم بڵێین بۆچی ئەو کچە چارە ڕەشـەتان ئاوا دڵشکاو کـرد، لەو کـوڕە چاکـتـرمـان دەست دەکـەوت، ئەو باوان شێواوەمان بدایەتێ...؟! ئاغا گیان بۆ چ ڕموزنێکت داناوە؟؟...

ئەی تۆ...، تۆ، ئا دەی پێم بڵێ کـاکی دڵسـۆز، ئاوا بەفـریای خـوشکی بەسـەزمـانت کەوتیت؟!

– ئامە، ئەوە دیسان دەستت پێ کردەوە؟... شاتە شاتەکەیە؟!... کچ کچی خۆمە... من دەزانم قازانجی خۆم و ئەو لە چی دایە...

– لە چی دایە...، هەر دەبێ خەنجەرە دەبانەکە و تەزبیحە دەنک زلەکانی بەپشتێنەوە بێت ئەمجا زاوای چاکە و بەدڵتانە...؟!

– کچێ بێ دەنگ بە بانەدەم بەدەم و لەووستا، خەڵک هەموو لە دێدان، حەیای خۆت مەبە...

– بەڵێ هەر قوڕ و قەپ... ئاخر بۆیە وەهات لێ کردم...، حەیا و جوانی دنیا لای من بوو...، ژنێتی و حورمەتی من لای ئەو خەڵکەیە نەک لای تۆ، بچۆ دەمیان بکەرەوە، ئاخر ئەم چەند ساڵەم ئاوا هێنا لەگەڵتدا، بۆیە بووم بەقامیشی داپڕووزاو و بەداسک و دەرزی...، شاژنەکەی خۆت ئاوا لێ کرد و ئێستەش کچە نازدارەکەم...

– دایە، دەبڕۆ بەولاوە، ئێوەی ژن لە چی دەزانن...، ڕووناکیش دڵی چاک دەبێت، چەند ڕۆژێکی تر ڕزگار لێرە نامێنێت، دوای ماوەیەک ئیتر لە بیری دەچێتەوە، ئەو لە جیاتی دۆست دوژمنی ئێمەی هەڵبژاردووە...

– جا بۆچی کوڕم، من بەواتەی ژن و کچ دەڕۆم بەڕێوە، یان بەئارەزووی دڵ و مەبەستی خۆم...، من خۆم دەزانم چی دەکەم...، گوێشیان مەدەرێ، دایکت هەر فێرە، جا چ شتێکی منی بەدڵە؟!...

– وای لە بەختی نامرادی من و داخی گرانم لە تۆ...

قینی دڵی داچزاوی دایکە گەییبووە تەقینەوە، بەڵام زانی دەرەقەتی ئەم جووتە جەربەزە دڵ ڕەشانە نایەت...، ئاخێکی هەڵکێشا، سەری شۆڕ کرد، بەبێ دەنگی ڕووە و ژووری گەنجینە ڕۆیشت، ڕووناک بەرەو پیری هات، باوەشی پیادا کرد، دایە پرمەی گریان...، دایکەش باوەشی کرد بەملیدا...، دەستی کرد بەماچکردنی کچە لە ژیان بێزارەکەی، هەناسەیەکی ساردی نائومێدیی بۆ هەڵکێشا...

لەم کاتە دژوارە ناهەموارەی دایک و کچەدا، مینە بزەی خۆشیی و سەرکەوتن کەوتبووە دەموچاوی، کەوتە بیرکردنەوەی مەبەستە پیسەکانی خۆی...

بەخودا باش بوو...، وا دیارە هەموو شت بۆ ئێمە باش ڕێک دەکەوێت... ئەوا ڕزگارمان دەڕوات...، خوات لەگەڵ ماموستا گیان؟!... لەوەلاتر چیت، سپلی لاوورگ...، مایەوە مەریوان، ئەویش جارێ وا کۆستی کەوتووە، ئێمەش بەشداریی پرسەی درۆیان لەگەڵدا دەکەین...، وەک یەکێک لە خۆیان... ئێ منیش لاوی گوند نیم...؟! بەدرۆی شاخدار من لەم هەڵوێستەدا لەگەڵیدام، چونکە تازە هیچی بۆ ناکرێت...، خۆ بەدڵیش هەروەک خۆمم، درۆ بکە، درۆکان لای گەمژە و کەرەکییەکان دەبن بەڕاست... با بەبێ پشێویی بڕوات و گوندەکەمان بۆ بەجێ بهێڵێت...

«مینە، تۆ خۆت دەزانیت، بەزیرەکییەکەی خۆت، ماموستا ڕزگارە، ئێوە ئێشتان بەیەکە، تۆ ڕووناکی خوشکت بۆ ئەو جێبەجێ دەکەیت، ئەویش گوڵەی خەجیج خان بۆ



تۆ...!؟ دیارە تۆ پێت ناخۆشە ئەو بڕوات، چونکە کارەکە لە هەردووکتان تێکدەچێت... بەڵێ وەهایە... مینە لەم کاتەدا چووە بەردەمی ڕۆستەمە سوور:

– بابە گیان من دەچم بۆ پرسە، پێویستە بچم، دیارە تۆش لەگەڵمایت؟! ئێمە هەموو شتێکی ناخۆشی ئەم گوندە بەهی خۆمان دەزانین، ڕۆژی ئەویش دێت، جارێ بابانمبێت...، خەمی گرانم تۆزێک ئاسان بووە، کاری ناخێری دوور کەوتەوە...، ئەم بەینە ناو سکم کەوتبووە خوارەوە...، جارێکی خواردووە، باش بوو خۆشییان لێ تێکچوو، جا بزانین بۆ داوێکی ڕەختە چێنراوی تر...

مینە کەمێک لە بیرکردنەوە وەستا... دوایی سەرێکی بۆ لەقاندەوە:

واتە مادار بوون، دوای جۆ درەو مارەی گوڵە خانی لێ ببڕن و دەستبەجێ بیگوێزنەوە...، جارێ ئاهێکم تێگەڕا، بزانین چۆن دەبێت...

با بچم بۆ پرسە...، لەوێ کەمێک خۆم بنوێنم...، بەڵام دەم ناکەمەوە، بەدرۆ خۆم زۆر پەست و پەژارە دادەنێم...، ڕزگاریشم دی داخی خۆم دەردەبڕم بۆ ڕۆیشتنی، ئا، خۆمان دەزانین، لە گەوهەریی و سەرداریی تۆوە، من دەبێت لە خزمەتدا بم...، لەم جۆرە جێگەیانە من دەبێت جێگەی گەورەیی تۆ بگرمەوە... ڕۆستەمە سوور زەردەخەنەیەک گرتی...

– وا دیارە ئیشی خۆت باش دەزانیت، بڕۆ کوڕم پێویستە لەوێ ئامادە بیت و هاوبەشی خەمیان بیت، تۆ بڕۆ خۆشم دێم، بەڵام درەنگانێک...

***

جۆ زەرد بوو، دروورایەوە، مەڵۆکان کۆکرانەوە، کرانە ڕەشکەی گەورە و دەستکرا بەکێشەکردنی بۆ نزیک دێ...، خەرمانی جۆ لە هەر چوار لای گوند بەرز بووەوە...، جووتیارەکان سەرگەرمی دەستکەوتی بەرهەمی ساڵەیان بوون...، بەلاوک و حەیرانەوە ڕەشکەیان ڕۆ دەکرد و دەستیان دەکرد بەڕێکخستنی خەرمانەکانیان...، تا قەڵایەکی خڕی کەوانەیی لێ دروست دەکرا...، ئەمجا بەچوار لایدا دەسووڕانەوە و دەستیان دەکردەوە بەگۆرانی گوتن...، سواری ئێستر و بارگیرەکان دەبوون و دەیاندایە چوار ناڵە و بۆ هێنانی مەڵۆی تری درووراوەی دروێنەکەر...، بەڕاستیی وەرزێکی خۆشە...، بۆ هەر لا دەڕۆیت هەر کەسێک دەبینیت ئاگای لە هیچ نییە...، هەر لە خۆشیی کار و فرمان نەبێت... شتێکی ئاساییشە، چونکە جۆر و پلەی ژیانی ساڵێک لەسەر دەرامەتی ئەم وەرزە وەستاوە، بەڵێ

دانیشتوان هەتا خۆشیان نایەتەوە یاد...، لەوپەڕی ماندوویێتی و شەکەتیی و تەقەلا و توانا بەختکردندا هەست بەحەوانەوەی ئاسوودەیی بەری ماندوویێتییان دەکەن...، مەگەر دووانی وەکو مینەی ڕۆستەمە سوور...، پیش لە خۆی بخواتەوە...، کە کرمی سەرڕەشی دڵ و دەروونیان، وەک خۆرە ناوسکی داڕزاندوون...، مینە دەمێک بوو لە پاساودا بوو بۆ مەریوان «هەر دەبێت جەزرەبە بەگیانی بگەیەنم...، سا یا ئەو من دەگلێنێت... یا من دەبێت ملی بشکێنم و پەترۆی بکەم...»

***

ئەو ڕۆژە، هێشتا تازە ڕووناکایی کەوتبووە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە کە مینە لە خەو ڕاپەڕی...، وەک یەکێک پێی بڵێت، کێچ کەوتبووە کەوڵی، ئەوەندەی بڵێت یەک و دوو خۆی گۆڕی...، کەوتە ڕێ...، تا گەیشتە قەراغی دێ...، لەوێوە ڕووەو پەڵەگەنمە گەورەکەی خۆیان ڕۆیشت. ئەو پەڵەیەی کە ئەوەتا لە نزیک کانییەکی خێزانی سێ ئامۆزاکەوە...، گەیشتە سەر کانییەکە، دەست و دەموچاوی شت...، نەختێک ئاوی خواردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا...

«هەرچەندە دەگەیتە سەر ئەم کانییە... گوڵە خانت بیر دەکەوێتەوە...، گوڵە بۆتە بنێشتە خۆشەی ژێر دانت...، بۆتە خۆراکی خۆشیی ژیانت...، ئەگەر گوڵە بهێنیت، بەشی تۆش دەکەوێتە ئەم کانییە و زەوییە گەورەی بەرامبەر، ئەمبەریش زەوی خۆتانە...، لە جیاتی ئەوەی هەر ئەمبەر بکەیت بەدەغڵودان، ئەوبەریشی دەدەیتە دەم، ئێستاکە مەریوان دەیکات بەدانەوێڵە، ئەوسا وردە وردە، هەمووی دەخەیتە ژێر دەستی خۆتەوە، کاکە، زاوای وەک منتان هەبێت چۆن دەهێڵێت ئێوەی خۆشەویست عەزێت بکێشن، فەرموون پاڵی لێ بدەنەوە ئێوە هەر ئەمر بکەن...»

مینە گوڵە گەنمێکی لە پەڵەگەنمەکەی خۆیان و یەکێکیشی لە پەڵەکەی ئەمبەری ئەوان پچڕی...، ئەمجا دانیشتە سەر زەوی...، دەستی کرد بەهەڵپرواندنی گوڵەکان...، دوای ئەوەی لە قەڵاسی پاکردنەوە هەڵیدایە ناودەمی، دەستی بەجوونی کرد، ملچەیەکی بۆ کرد: «ئە ئاوا بۆتان دەخۆم...» ئەمجا کەوتەوە بیرکردنەوە:

– چاوت لێ بێت هینەکەی ئەوان شیلەی بەتەواوی ڕەق بووە، گەییووە، کەچی گەنمەکەی ئێمە هێشتا شیلەکەی نەمەییووە زەوادی تێنەپەڕیوە، دەستی پیا بنێ وەک فیچقە دەردەپەڕێت... بەخودا سەیرە، ئەوە بۆ، خۆ وا نزیکی مانگێکی هاوین خەریکە



بڕوات، دەغڵی ئێمە بۆ وا دواکەوتووە؟!

«مینەی ناموبارەک، تۆ لەمەشدا هەر دەبێت لە دواوە بیت، کردت بەچی...؟؟...»

مینەی پەرێشان، لەم کاتەدا گوێی لە دەنگ و خرمەی پێی ڕانەمەڕ بوو...، چاوی نابینای کردەوە، هەستایە سەرپێ، سەیری کرد ئەوا شەفە بەلارە لارەوە ڕانەمەڕەکەی خۆیانی داوەتە بەر...، ڕێگەی نێوانی هەردوو پەڵەگەنمەکە زۆر فراوان نەبوو... جاروبار چەند مەڕ و بزنێک خۆیان دەکرد بەپەڵەکەی مەریواندا، تا فریای ئەمبەر دەکەوت، کۆمەڵێکی تر خۆیان دەکرد بەپەڵەگەنمەکەی ئەماندا... پەلاماری ئەمبەری دەدایەوە، مینە کە ئەمەی دی چاوی چووە پشتی سەری...، بۆ بەرەو ڕووی شەفە ڕاپەڕی... شەفە هەر لە دوورەوە کە مینەی بەتووڕەیی دی، لەرزی لێ هات...

– بەخودا گوناهم نییە...، ئەوەتا بەهەموو هێزمەوە دەریان دەکەم، دووریان دەخەمەوە، دەرەقەت نایەم، جارێکی تر لێرەوە نایانهێنمەوە، مەرج بێ ئەمە دوا جار دەبێت، توخودا لێم توڕە مەبە...

– ئێ، باشە بەم بەیانی زووە بۆ کوێ وا بەرەو گوند دەڕۆیتەوە؟! بۆچی دەگەڕێیتەوە؟!

گلێنەی چاو شێتی مینە سەرەوخوار و سەرەوژوور دەجما و فڕەفڕی بوو...

«دەی مینە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە بۆی دەگەڕایت... دەستی خۆت بوەشێنە»

– باشە ئەم بەسەزمانە گوناهی چییە... ئاخر...

مینە وەک شێت کەللەیی بووبوو... لە ناخی پەشێو و شێواویدا دەخولایەوە...

ئاخر چی؟؟ کەواتە لای باوکیشت هەر هاشە و هووشەتە، ئەوە هەڵێ ڕەخساوە کە بۆی دەگەڕایت... مردوو لەمە پاکتر دەشورێت؟؟

– میناغا، بەقوربانت بم لێم مەدە، لێت دەترسم، گوناهم نییە، خۆت دەزانیت بەینێکە مەڕ شەوبێرە...، نایانهێنمەوە ناو دێ، دوێکە ئێوارە کە ڕانەکەم بردەوە بۆ پەچە بۆ دۆشین... ژنان مێشکی سەریان بردم، گوتیان «بەبەیانی هەر دەبێت بیانهێنیتەوە بۆ خوێدان» منیش وا ناچارم، گوتم: با لێرەوە ڕێگەکە نزیکە بیبیانکەمەوە بەناو دێدا...

– ئەی ئەو خەنجەرە هی کێیە بەلاقەدە جوانەکەتەوە، هەتیوە گڕوێیە، هی وەکو منیش لێت دەترسێت!!؟... وا نییە؟!

– کامە... ئا... ئەم خەنجەرە؟!... ئەمە هی کاک مەریوانە، بەخودا بەزۆر لێم سەندووە،

داوای تفەنگە شڕێکم کرد بۆم پەیدا بکات، گورگڕەوێن، کەچی گاڵتەی پێ دەکردم...، منیش بەزۆر ئەم خەنجەرەم لێ سەند، دوایی دەیدەمەوە...

– جا کێ ئاگای لێ بوو کە لێت سەند؟!...

– کەس...، بەخودا کەس، ئەو شەوە لە ماڵ لێم سەند، درۆ ناکەم، خۆ هەموو دەزانن، ئەوەتی دایکی بەڕەحمەت چووە هەر بەتەنها نییە لە ماڵەکەدا؟! خۆ خوشک و برای نییە، شەوانە جاروبار دەچم گۆرانی بۆ دەڵێم، ئەویش پێم پێ دەکەنێت...

– ئێ، ئێ... ڕاستیش دەڕۆیت، ئا دەی بزانم جەوهەرەکەی چۆنە ژەنگ لێی نەداوە...؟! کوڕە بەڕاستیی تۆ چەک هەڵگری چاکیت...

– بەخودا من جەوهەر و مەوهەر ناناسم... من لەوانە نازانم... شەفە خەریک بوو نەیداتێ...، مینە، وەک هەڵۆ خەنجەرەکەی لە یەخەی شەفە کردەوە...، چاوی لێی بز کردەوە...، بریقەیەکی شێتانە کەوتە ناو چاوی ئەبلەقی...، خەنجەرەکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد و بیری دەکردەوە، دەماری هاریی لە جەستەیدا ڕەپ بووبوو، کەللەی کاس و پووت، هۆشی مرۆڤپەروەریی لە مێشکیدا نەما... «کارێکی زۆر ئاسانە...، هەل بەکار بهێنە...، هەل...، نەکەیت ئەمجارە لە کیسی بدەیت، باوەڕ مەکە جارێکی تر شتی ئاوەها گونجاوت بێتە بەردەست...»

مینەی نالەبار لە دڵی خۆیدا گەلێک شتی زۆری بەگورجی لێکدایەوە، بیری ئاڵۆز و پچڕ...

– «کارێکی زۆر ئاسانە...، با هەل بەکار بهێنم... هەل... با ئەم جارە ئەم هەلە لە کیس نەدەم...، سیروان لێت دەدەم، دەمبەیت؟! توخودا ئەمە گوتەیە...، هەی هەی دەمبەیت و نامبەیت...» مینە بەجۆرێک تێک چووبوو ئاگای لە خۆی نەما بوو...، وەک شمڵی شەڕ...، بەوێنەی مۆتەکەی چەپەڵ...، مینە بوو بەخێوی سەر کانیی...، بوو بەواشە، شەفەی بەچەشنی کۆللارە فڕاندە ناو پەڵەگەنمەکەی مەریوانەوە...، لە ناخی خۆیشیدا بوو بەدڕندەیەکی شاخدار، چاوی جانەوەرێتیی چووە پشتی سەری... لە شەفە بوو بەباڵی شبر...

– ئاغا گیان، توخودا ئەمە چییە، ئەوە بۆ وا دەکەیت، بەرمدە، منی زەبوون گوناحم، مەڕەکانیش بۆ خۆتان... من... تۆ، ئەوان...

شەفە دەمی تێکەڵوپێکەڵ دەبوو...



– هیچ نییە، وەرە پرسیارێکت لێ دەپرسم...، شتێکە بەچاوی خۆت بیبینە، وا دیارە ئارەزووی گەمە و وازی ناکەیت؟!...

«دەترسم، من دەترسم...، ئاغا گیان، ئاخر دە... ت...»

شەفە حەپەسا، ترس کەوتە ناو دڵییەوە...، ڕەنگی هەڵبزرکا، تف لە دەمیدا وشک بوو، ویستی هاوار بکات و بقیرێنێت...، بەڵام زوو فریا کەوت چەپۆڵەیەکی دڕندانەی کێشا بەناو دەمیدا و سواری کۆڵی شەفەی لاواز و بێ هێزی بەسەزمان بوو، وەک گورگی برسی قورقمی گرت، بەهەموو توانایەوە خەنجەری لە گازەرای پشتی توند کرد و ڕایتەکاند... دەستی نایە بینەقاقای و بەخەنجەر دایدروو بەسەر زەویدا...، لە ژێردەستیدا وەک دەستەمۆیەکی بێ پەلەقاژێ، بەچەشنی کارەکۆرپەیەکی بەسەزمان شەفەی سەر بڕی. کە لێ بووەوە، لە حیرساندا بەوێنەی بیینی ئاو دەلەرزی...، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشایەوە، کەمێک بەدیار فیچقەی خوێنەوە وشک و سڕ وەستا، چاوی شێتی گێژ و وێژ کرد «ئەمەشت کرد، بزانە چۆن دەبێت...، بەڵام تۆ خەنجەرەکە لەسەر سنگی توند بکە...، کێلانەکەشی لە نزیکەوە فڕێ بدە تا زوو بدۆزرێتەوە...، خەنجەرە جوانەکەی کاکە مەریوان زوو دەناسرێتەوە...، خەنجەرە بەجەوهەرەکەی باوکێتی، ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد...

مشتووەکەی دوو ئەستێرەی زیویان لە دەستکەشاخینەکەیدا چەسپێنراوە، پیاوان و کوڕوکاڵی دێ هەموو دەیناسن، گەلێک جار بەناوێزە باسکراوە، نایابەکەیە و بەجێماوە...

ئەمە چاکترین هۆیە هاتە دەستت بۆ ئەوەی تووشی بکەیت...، «تاوانی کردووە...، مەریوان یەکێکی کوشتووە...؟! ئا ئا، لەتاو پەڵەگەنمەکەی، جا با نەختێک لە گەنمەکەشی خورا بێت، مەریوانە بێ ئەقل ئەو بەسەزمانەی بۆ کوشتووە» ؟!

– ئەی ڕانەکە، ئا، خێرا ڕاکە، بیانکەرە ناو پەڵەگەنمەکەی کاک مەریوانەوە، با بڵێین لەسەر گەنمەکە لەگەڵیدا تێکچووە...، قینی لێی هەستاوە و کوشتوویەتی...، ئەمە کوڕە چاکەکە بوو، دەبا خەجیج خان و گوڵە باش بیناسن...

مینە وەک هار و توێسکەی تفەنگ دەرپەڕی...، ڕانەمەڕەکەی کردە ناو پەڵەگەنمەکەوە، دوایی بەپەلە، بۆ بەرەو ناو دێ بەخێرایی تێی تەقاندەوە... «دەبێت بچیت بنوویتەوە، تۆ ئەم بەیانییە، هەر لە ماڵ نەهاتوویتە دەرەوە...، هێشتا زوو زووشە...، بڕۆ، مینە تا زووە... گورج بە دەی، خۆت دەرباز بکە، با ناوی تۆ هەر لە ناو ناواندا نەبێت دوایی تۆی پیاوی ناو پیاوان، بەشداریی لە ناشتن و پرسەکەشیدا بکە...»

مینه تا گەیشتە بەرمزگەوت، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو... ڕەنگی هەڵبزرکا بوو، هەر لەم کاتەدا، هێمن لە مزگەوت، لە نوێژکردن بووبووەوە، گەیشتبووە بەردەرگای مزگەوت... کە مینەی بەم شڵەژاوییە بینی و سەیرێکی تەواوی کرد، لەم پەلەپەلەی مینە سەری سوڕما، دوایی ئەمیش بەرەو ماڵ بووەوە، بەبێ ئەوەی هیچ تێگەیشتبێت... مینە گەیشتە ماڵەوە...، بەوردیی سەیری جلەکانی خۆی کرد، کە نەکو دڵۆپە خوێنی پێوە بێت...، خۆی پاک کردەوە...، چووە سەر جێگەکەی...، جگەرەیەکی داگیرساند...، مژێکی قووڵی لێدا، کردی بەچەڕەدووکەڵ...، وەک خەونێکی قورسی دیبێت، یان لە سەفەرێکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژیی گەڕابێتەوە، ماندوو و، وڕ و کاس، مێشکی درنگەی دەهات...

– ئاخ، خۆزگە ئەو هێمنە ناپەسندەشم نەدەدی...، لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەدا تا ماڵەوەش، لەو زیاتر، کەسی ترم نەدی، نازانم لە کوێوە بۆم دەرپەڕی، دەبووایە بمکردایە بەقوربانی فیشەکێک، قیروسیا با ببوونایە بەدوو، شەریکە موڵکێکی گەورەشیان لێ کەم دەبووەوە... بەڵام چۆن لە ناو دێدا، ئاخ گوڵەی ناموبارەک، تۆ بۆ خۆم و خەجیج خانی دایکیشت بۆ باوکم، هەردووکتان بوون بەدەردە دڵ بۆ ئێمە...، حاڵم بەحاڵی باوکیشم نەبێت...، «خۆزگە ئەو هەتیووە پۆرخزە نەگریسەش نەبووایەتە مووی لووت، مینەی نەگبەت، ئەوت نەدیبایە ئیتر تۆ خەلەست بوویت...؟!... وا ئەم گومانەت بۆ بوو، ئەوەش ترسی تۆ، نازانیت چی بکەیت؟!» دوای کەمێک بیرکردنەوە «شەفە ترسا، نەخەلەستا...، ئەی تۆ...؟؟»

– دەبێت هەر بێ دەنگ بم... چاکترین چەک بۆ ئەمڕۆی من بێ دەنگی و ئارام و خۆگرتنە...، نابێت بەرامبەر بەکەس تووڕە ببم و لە وتەی کەس هەڵبچم...، مەرج بێت...، ئەوا مەرجم لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆمدا کرد...

«مینە، کوڕە میناغا، خۆ ئەمە بەخۆشیی خۆت نییە...، ناچاریت، ئەگینا تیا دەچیت...، زرنگیی و هۆش بۆ ئەمڕۆ چاکە بیخەیتە کار...، گوتەکانی میرانی بەڕێوەبەرت چاک هەڵگرتووە...، دەبێت کەڵکی لێ وەربگریت... ئێمەش، هەر ئەو ڕێگە پیشاندەرمان نییە گوایە؟؟، ئەی چۆن، هەتیو، تۆ باوکت بەو هەموو فێڵ و فەرەجەوە، لەسەر تەگبیری ئەو نەبێت هیچ دەکات؟!...» قەیناکات، ئەمشەو چوار میوانی میریی میوانی ئێوە بوون و ئەم بەیانییەش تۆ لە خزمەتیاندایت...

***



ناو دێ نەختە نەختە جموجووڵی تێ کەوت...، ژنان پەلاماری سینی و تەشتەکانیان دا و دەستیان کرد بەخوێ ئامادەکردن بۆ مەڕ و بزنەکان...، ئەمڕۆ مەڕەکانیان خوێ دەدەن...، هەموو ژنان پەلەی ئەوەیان بوو پێش ئەوەی ڕانەمەڕ بێتەوە، دەفرەکانیان ئامادە بکەن...، ڕۆژ دوو سێ ڕم بەرز بووەوە...، کەچی ڕانەمەڕ دیار نەبوو...، شەفە هەر نەهاتەوە...، ژنانی کانیی دەستیان کرد بەبۆڵە بۆڵ و کوتانەوەی سەر و پۆتەڵاکی شەفە شێت...

– بەخودا میمکە، شەفە شێت بەکەڵکی شوانی نەماوە...، بەڵام ئێمە دەستی لێ هەڵناگرین، خەتای خۆمانە...

– کچێ، کچم، کێیی وەک شەفەتان دەست دەکەوێت، ئەو بەسەزمانە مەرجی شەرتە شوانی هەر ناخاتە سەر کەس، کێ بەم جۆرە قایل دەبێت؟!...

– ڕاست دەکات، دادە گیان، وەک ئەم هەژارە بە نانەسکیی دەیکات؟؟ دەبێت سوپاس و گەلێک دڵنەواییشی بکەین گوناهە...

– جا کام لە ئێمە ئەوە دەکات...، بەخودا کەس... ماڵی خەجیج خان و ئەوان نەبێت، من خۆم یەکێکم هیچم بۆ نەکردووە... ژنان زۆریان گوت... خەجیج خان لەولاوە هەڵیدایە... گوتی:

– دەبا یەک دووانێک بچن بەدوایدا...، دیسان لەوانەیە، لەو دەشتە فێکەی لێ هاتبێت، یان ڕانەکەی گورگ لێی دابێت و شەرم دەکات بێتەوە...، ئەگینا ئێجگار ئەوەندە دواکەوتوو نییە...، بەڵام با من خۆم بچم...، بەشکو کەسێک بنێرم بیهێنێتەوە، ئیتر سەر کانیی باس هەر باسی شەفە بوو...، یەکێک شەفە گول، هی تر شەفە گەڕ و... خەجیج خان ڕووەو گوند ڕۆیشتەوە و داوای لە کوڕ و کاڵ کرد کە بچن بەدوایدا و بزانن هۆی دواکەوتنەکەی چییە... لەو ساتەدا هێمن و کوێخا وەیسە و دووانی تر لەوێ ئامادە بوون...، بۆ دەرەوەی دێ ڕۆیشتن...، ماوەی نیو کاتژمێر ڕێگە ڕۆیشتن، ڕانەمەڕی پەرشوبڵاویان بەدی کرد و گەیشتنە نزیکی...، مەڕەکان بەریان بەپەڵەگەنمی مەریوانەوە گرتبوو، خەریکی خواردن و کاوێژکردن بوون...، هەندێکیشی بەدەم کاوێژەوە لێی کەوتبوون، وەک چاوەڕوانیی لێپرسینەوە بکەن...

ئەمان، هەر لە دوورەوە دەستیان کرد بەبانگکردنی شەفە... بەڵام وەڵام نەبوو...، چوار کەسەکە بوون بەدوو بەشەوە، کوێخا وەیسە و هێمن ڕووەو لای کارێزەکە ڕۆیشتن...، دووانەکەی تر، لاپاڵی گردەکەیان دایە بەر...، گوتیان نەوەکا بەودیودا چووبێت بۆ

بەراوەکانی ماڵی مەریوان و هێمن لەودیو گردەکە...، هەردوو لا بەپێچەوانەی یەکەوە ڕۆیشتن کە بزانن شەفە لە کوێدا کەوتبێت...، کوێخا وەیسە گوتی:

«مەسەلە گورگ نییە، مەڕێکی ملشکاوی لێدراو نابینم، گورگ چەند کەلاکێک بەدوای خۆیدا بەجێ دەهێڵێت...»

– هەر خۆیەتی، بزانە لە کوێ گلاوە... لە هۆش خۆی چووە، دەبێت دوای بوورانەوەکەی، شەکەت بووبێت و نووستبێت...؟!...

– کوێخا گیان، خۆ مردوو نییە، لەوانەیە هەڵاتبێت... لەولاشەوە دووانەکەی تریان بەدەم قسەوە ڕۆیشتن، تا دوایی گەیینە لای مەریوان کە لە بەراوەکەیدا خەریکی جۆگا پاککردنەوە بوو...، ماندوونەبوونیان لەیەک کرد... هەواڵی شەفەیان لێ پرسی، مەریوان گوتی:

– من سەرقاڵی جۆماڵم، نەمدیوە...، بەڵام ڕەنگە بەودیودا بگەڕێتەوە ناو دێ...

کە لە مەسەلەکە گەیشت، مەریوانیش بێڵەکەی چەقاند بەجۆگەکەدا و لەگەڵیاندا گەڕایەوە بۆ ئەودیو...، بۆ دیوی کارێزەکە. بەڵێ هەر لەم کاتەدا بوو ئەمان لەملاوە بەسەرسامییی، بۆ شەفە دەگەڕان...، لەولاشەوە هێمن و کوێخا وەیسە لە بەردەمی لاشەی کەوتووی لە خوێنا گەوزاوی شەفەدا وەک نەمام چەقیو و حەپەساو وەستابوون، دوایی... کەوتنە بیرکردنەوە کە دەبێت چی بکەن؟؟. پێزی بیرکردنەوەی مێشک بۆ ماوەیەک سڕ بوو، لە کار کەوت، ئەمە چییە؟! تۆ بڵێیت ئەندێشەی خەون بێت، یان ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان؟!...

ئەی پەروەردگار، لە تاوان گەورەتر...، لە مردن پیستر، کوشتنی بێ تاوانێکی ڕەجاڵی بێ گوناهی بێ دەستەڵات...، کردگار، چۆن ئاسمان و زەوی لە یەک نادەن، ئەی لەو چنگە خوێناوییە، هەی هەی لەو مێشکە ژەهرینە، وەی وەی لەو بەردەدڵە...، ... دادی ئاسمان لەم بارەدا لە کوێ گیرساوەتەوە، ناخی هەموو دەجۆشا و دەکوڵا... ئەوپەڕی شپرزەیی و پەرێشانیی و شڵەژان...، دەهاتن و دەچوون، هێمن کە ناوسکی وەک کانی ئاگرین کڵپەی سەندبوو، بەپەستیی و بێزارییەوە گوتی:

– با جارێ تەرمەکەی بەرینەوە بۆ ناو دێ... بەڵام کوێخا وەیسە دەستی گرت و نەیهێشت...



باوکەکەی منن نەکەن، نەء، نابێت، نەکەی، ئەفسەری پۆلیسی ناوچە و سێ پۆلیس ئەمشەو لە ماڵی ڕۆستەمە سوور میوان بوون...، وا چاکە زوو بچین و بانگیان بکەین و بەچاوی خۆیان ببینن و ڕاپۆرت بدەن...

هێمن کە گوێی لەم وتەیە بوو، بەگورجی ڕایکرد... کوێخا وەیسەش دەستی کرد بەکۆکردنەوەی مەڕەکان...، لەم کاتەدا، لە دوورەوە مەریوان و دووانەکەی تریش دەرکەوتن...، بانگی لێ کردن کە لە لای خۆیانەوە مەڕەکان کۆ بکەنەوە و ڕووەو دێ بەرەو خواری بکەنەوە...

مەریوان کە نەیدەزانی ڕووداو چییە، بەپەلە و بەشپرزەیی کەوتە مەڕ ڕادان، لەبەرخۆیەوە واتەی نابەجێی بەشەفە دەگوت کە دەغڵەکەی بەخواردن داوە...، دووانەکەی تریش بەریان بەڕانەمەڕی پەرشوبڵاوەوە گرت...، مەریوان لەبەر پەڵەگەنمەکە هەر بیری لە شەفە نەدەکردەوە کە گوایە لە کوێ بێت...، دووانەکەی تر لەولاوە بەیەکیان دەگوت:

– ڕەنگبێ شەفە تۆرا بێت و مەڕەکانی بەجێ هێشتبێت... ئیتر دوای ئەوەی لە کارەسات تێگەیشتن، بەپەشۆکانێکی زۆر زۆرەوە هەر چواریان، بەخێرایی مێگەلیان دایە پێش، ڕووەو گوند ملیان نا...، بەڕاونان، ڕانیان بەناو دێدا کردەوە...

هەر لەم کاتەدا بوو، لەولاوە بەرغەلیش کرا بەناو دێدا...، ژنان، دەم بەنزا لە شەفە، هەوڵی جیاکردنەوەی مەڕ و بەرخی لە شیربڕاویان دەدا... بەڵام نەیانتوانی...، چونکە ماوەیەک بوو بەرخ و کار نەدەکرانە بەر دایکەکانیان... دایکیش لە ترسی دۆشین، بەپەرۆشەوە بۆ کار بەرخۆڵەکانیان دەیانباڕاند، کار و بزن دەیانباعان، بارەباڕی مەڕ و بەرخ مرقەی تێهەڵچوونی مژینی گوانی پڕ لە شیر، کەوینحەی ژن و منداڵ...، ناو دێ بەجۆرێک ژاوەی تێکەوت، کە هەرگیز ڕۆژێکی وا تووش و بەیەکاچووی بەخۆوە نەدیبوو...، قیرەی ژنان و بارەی ئاژەڵی بڵاوەی ناو دێ و...، دوایی بیستنی سەربڕینی شەفەی شوان، هەستی گەورە و بچووکی جووڵاند و هێنایە لەرزە، ژاوەژاوێکی ترسێنەری خستە ناو خێزانەکانەوە...، کوڕوکاڵ پیر و لاو و پیاوانی دێ گشتیان لە بەردەمی مزگەوتدا بەحەپەساویی کۆبوونەوە...، ئەفسەری پۆلیس ڕووبەڕووی هەموویان وەستا بوو ئەویش شوێن و جێگە و کاتی بینینی لاشەی شەفەی لە هێمن دەپرسی... دوایی هەموو شوێنی کەوتن، دارەمەیتیان هەڵگرت، ویستیان بۆ شوێنی تەرم بکەونە ڕێ...، مینە کە لە پشت باوکییەوە وەستا بوو، ڕووی کردە کاکی ئەفسەری پۆلیس «قوربان، چاک بوو

جەنابتان ئەمشەو لێرەبوون...»

ڕۆستەمە سوور خەریک بوو لەگەڵیاندا نەچێت، مینە دەستێکی تێوە ژەند:

– بابە، بائێمەش بچین...، بزانە چییە و چۆنە...؟!...

پیاوەکان بەدەم ڕێگەوە هەزار پرسیاریان لە خۆیان دەکرد... بەڵام کەس ڕێی بەوە نەدەبرد کە دەبێت بۆچی شەفە کوژرا بێت...، لە ناو هەمووواندا، مینە نەبێت، کە بەسەرزاریی خۆی بەئارام و لەسەرخۆ دادەنا، بەڵام لە دڵەوە لە هەزار جۆر بیر و پرسیارکردندا بوو...

«هێز نییە تۆ تووش بکات...، ئەفسەر خۆی و پۆلیسەکانی لە ماڵ بوون کە تۆ بەیانی لەگەڵ ئەواندا ناشتات کردووە...، هەرچەندە هیچت پێ نەدەخورا و بەدرۆ لە بەرچاوی ئەوان خۆت خەریک کردبوو بۆ شوێنەونی... بەخودا خۆش دەبێت لەسەر ئەمە ملی بکەن بەپەتەکەدا، بابڕواتەوە بۆ کونە ڕەشەکە...، یان هیچ نەبێت بیست ساڵ فەرمانی گرتنی بەسەردا بدرێت... دەیسا بەملی شکاوەوە فەرموو بۆ کونە ڕەش...

بێجگە لە مینە، لەولاوە یەکێکی تریش بیری لەم بەیانییە دەکردەوە، ئەویش هێمن بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت و دەیگوتەوە:

«باشە بەو بەیانی زووە، گوایە مینەی ڕۆستەمە سوور لە کوێ بووبێت، بۆچی وا شڵەژا بوو، ئەی ئەو پەلەپەلەی لە چی بوو...؟! من گومانێک لەمەدا بەدی دەکەم...، خۆزگە بێجگە لە خۆم یەکێکی تریش بەو جۆرە دیبێتی... ئا لەم کاتەدا کوێخا وەیسە کەوتە پێشی کۆمەڵەکە...

قوربان فەرموون، ئالێرەوە...، ئەوەتا...، ئەوە لاشەکەیەتی...، هەی هاوار بۆ خودا، کەی ئەمە ڕەوایە، بەخودا ئەمە کاری کردەنیی نییە...

– ئەی لەو بێ ویژدانییە، توخودا، خودای گەورە...

ئیتر گەورە و بچووکی دێ کە بەهەڵەداوان و هەناسەسوارییی گەیشتبوون، بەپەرۆشەوە لێی دەهاتنە پێشەوە... دوایی لەپڕ هەموو کەوتنە پاڵەپەستۆ... ئەڵقەیان لە تەرمەکەی دا، بەسەر دەما کەوتبوو...، یەکێک لە پۆلیسەکان هەڵیانگێڕایەوە سەر پشت، دەسکی خەنجەرەکە لە سنگی چەقیبوو...، دەستەسرێکی دەرهێنا پێی گرت و خەنجەرەکەی تۆزێ بەگران لە سنگی دەرهێنا دایە دەست ئەفسەری پۆلیس، ئەویش گوتی:

– کەواتە ئەمە چەکی ئەم تاوانەیە، کێ ئەم خەنجەرە دەناسێتەوە هی کێیە...؟! (کابرای



ئەفسەر بەلەخۆباییی بوونەوە، سنگی دەرپەڕاندبوو، چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد...) گوتی:

– ئاخر کە هەڕ و کوڕێکتان بەسەردا دەکەین بۆ ئەوەیە شتی وەها ڕوو نەدات... ئەمجا لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەمڕۆ ڕۆژی خۆمانە...» مەریوان زۆر لە نزیکەوە بوو...، کە ئەمەی بیست لەرزەیەک لە کەللەی دا، کڵپەیەک بەدڵیدا هات و هەناوی ڕاچڵەکاند...، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا...، ویستی بدوێت و وەڵام بداتەوە، بەڵام دەمی گوێی نەدەکرد...، بۆ ماوەیەک تاس بردییەوە، لە جێی خۆی وشک بوو، لەو خورپەیە دڵی کەوتە کوتەکوت...

هێمن لە تەنیشتییەوە بوو، دوایی ڕووی تێکرد و بەدەنگی نزم و تێکەڵوپێکەڵ گوتی:

– لە ڕێی خودادا فریام بکەوە، چی بڵێم...، کوڕە خۆ ئەوە خەنجەرەکەی منە...، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، شەفە بەزۆر لێی سەندم، گوتی «با پێم بێت...» زۆرم لێ پاڕایەوە...

– جا تۆ ئاگات لە هیچ هەیە...؟!...

– هێمن ئەوە دەڵێیت چی...، بەڕاستە؟!... من؟؟

– ئەی چی بڵێم، نابێت پرسیارت لێ بکەم؟!، تا زووە بڵێ هی منە با لێت قووڵ نەبێتەوە...، خەنجەرە دەبانە دەسک ماهییەکەتە، هەموو کوڕانی دێ دەیناسنەوە، بەتایبەتی ئەستێرە زیوینەکەی سەرمشتوو...

... کۆمەڵ هەموو بێ دەنگ ڕاوەستابوون، هەندێکیان بە سەرسامییەوە سەیری یەکیان دەکرد، بەڵام کەس زاتی دەم هەڵهێنانەوەی نەبوو... مەریوان هاتە پێشەوە...، خەڵکەکە هەموو ئەبڵەق بوون، ورتەورتێک لە ناویاندا پەیدا بوو...، ئەفسەر هاواری کرد «کاکە بێ دەنگ بن...»

– میرم ئەم خەنجەرە هی منە...

دەنگە دەنگ وەستا، گەورە و بچووک قوڕ و قەپیان لێ کرد...

– ئەی کوا کێلانەکەی؟!

کاکی ئەفسەر بەم پرسیارە ویستی مەریوان تێ بخات... کوێخا وەیسە هاتە پێشەوە، ویستی قسە بکات، یەکێک لە پۆلیسەکان ڕێی لێ گرت «مام کوێخا تۆ بچۆ دواوە...»

– دەبێت هەر بەیەخەی خۆیەوە بێت، چونکە ئەم خەنجەرە ماوەیەکە لای شەفەیە، من داومەتێ...، ئەمە شوانی خۆمانە...

– ئەی ئەم دەستەسرە سوورە هی کێیە لە دەسکەکەیەوە پێچراوە، ئەمە بۆ ئەوە کراوە

جێ دەستی تاوانکار دیار نەبێت؟!... مینە لە دڵی خۆیدا «ئافەرین بۆ بیر و ژیریی خۆت، ئەم ڕێگەیەشت لێ بڕیونەتەوە، نازانن دەستەسڕی شەفە گوڵ خۆیەتی...، ئیتر ئەگەر هی کاک مەریوانی بەڕێزیش نەبێت!؟

لەم کاتەدا خەڵکەکە بەچپە و دەنگی نزم ورتەورتیان بوو، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە...

– ئادەی کوڕە پۆلیس، ئەم کوڕە بگەڕێن بزانن کالانەکەی بەخۆی نییە؟!... «لەم کاتەدا خەڵکەکە هەموو کەوتنە ملەقوتێ...»

مندالان لەملا ڕایاندەکرد بۆ ئەولا

– نەخێر قوربان – پۆلیسەکان دوای گەڕانی مەریوان، وەڵامیان دایەوە...

– ئادەی لەشی ئەم کوژراوە بگەڕێن... «گەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، لەم کاتەدا دوو منداڵ هێندە هاتنە پێشەوە خەریک بوو بەسەر تەرمەکەدا بکەون، پۆلیسێک قیڕاندی «هەتیو، بۆ دواوە...»

– «ئادەی ئەم ناوە بگەڕێن...» هەموو دەستیان کرد بەپشکنین...

پاش تۆزێک یەکێک لە پۆلیسەکان، لە ناو گەنمەکەدا دۆزییەوە، هاواری کرد:

– ئەمەتا قوربان...، ئەمە کالانەکەیە...

– ئەم پەڵەگەنمە هی کێیە...؟!...

– هی منە میرم...

– ئەمە چی بوو، گەنم هەر هی تۆ، خەنجەر هەر هی تۆ...

یەکێک لەوانەی کە بەیانی هاتبوون، هەڵیدایە گوتی:

– جەناب، بەیانی ئێمە کە هاتین ڕانەمەڕەکە هەمووی بەناو پەڵەگەنمەکەی کاک مەریواندا بڵاو بووەوە...

– کەواتە دەبێت لەسەر ئەمە شەڕت لەگەڵدا کردبێت...؟!...، ئەفسەری پۆلیس لایکردەوە بەلایدا «ئەمە بەشایەت بنووسن...»

ئەمجارە ڕووی کردەوە لای مەریوان:

«پێم بڵێ ئەم بەیانییە لە کوێ بوویت...، دوایی لەسەر چی شەڕت لەگەڵ کرد؟!»



پێش ئەوەی مەریوان وەڵام بداتەوە، کابرای دووەم لە پیاوەکان بەجۆرە گەرمییەکەوە هەڵیدایە:

– قوربان، بەخودا کە ئێمە لە گوندەوە هاتین بۆ ئێرە، مەریوان لەودیوی ئەم گردە، لە بەراوەکەی خۆیدا جۆماڵی دەکرد، هەر ئاگاشی لێ نەبووە لێرە چی ڕوویداوە...

ئەفسەر ئەم وتەیەی قۆستەوە:

– ئەمیش شایەتی دووەم، ناوی بنووسن...، ئەمە شتێکی باش بوو، ئەی کێی ترتان دی لەم ناوەدا؟! تۆ کوێخا وەیسە، کێتان دی لەم ناوەدا؟؟!

– هەردووکیان بەجارێک – قوربان بەخودا کەسمان چاو پێ نەکەوت... ئەمجا وەیسە گوتی «ئیتر نازانین پێش ئێمە یەکێک لێرە بووبێت و ڕۆیشتبێت...»

– کەواتە نزیک جێی تاوانیش تەنها تۆی لێ بوویت، ئەمە سێ شت بەرامبەر بەتۆ کە گومانی لێ بکرێت... کوڕم دەپێیم بڵێ تۆ خۆت گومانت بۆ کوێ دەڕوات، ئەم کارە ناپەسندەی کردبێ و دەڵێیت چی؟!.

– من...، جا من چووزانم...، کەس...، نازانم ئێستە گومانم بۆ کەس ناچێت...

– لەبەر ئەوە من تۆ دەگرم و دەتدەم بەدادگا... چونکە جێگەی گومان بۆ لێکۆڵینەوە تەنها هەر تۆیت...

– قوربان تکات لێ دەکەم، ئەم کوڕە شوانی خێزانی ئێمەیە...، هەموو مەڕەکانی خۆشمانی لەبەرە...، من چۆن کاری وەها دەکەم...، بەبێ تاوان من چۆن دەگریت؟؟...

– ئەی کێ بگرم...؟! من نازانم...، هەر تۆی کە گومانم بۆی بچێت...

– جا گوایە کاسەکە لە سەری مندا دەشکێنیت...؟!...

لەم کاتەدا کە ڕاوەستاوەکان بێ دەنگ وەستابوون... هەموو وەک بتی تاساو، حەپەسابوون و نقەیان لە خۆیان بڕیبوو... مینە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«وا دیارە ئەفسەری پۆلیس ئەمشەو خودا بۆ تۆی ڕەخساندووە...، ئەئاوا هێناونی بۆ ماڵی خۆتان... بەخودا چاک قورتمی گرتووە و دەمی مەریوانی کردووە بەتەڵەی تەقیو...، نەخێر تازە تووش بوو، دەرچوونی بۆ نییە... یاخوا پیرۆزی بێت...»

– کوێخا وەیسە هاتە پێشەوە، بەنیمچە پاڕانەوەیەکەوە گوتی:

– قوربان، مەریوان لەو کوڕانە نییە تاوانی وەها ناڕەوا بکات...، ئەم شەفەیە گوناهێکی بەرامبەرمان نییە، بەکەس، تاکو ئەم بچێت بەو مەرە دڕندانەیەی بگەیەنێت، هەر کەسێک کوشتوویەتی هەر بەخەنجەرەکەی بەرۆکی خۆی، ئەم بێ دەستەڵاتەی کوشتووە، دیارە بۆ ئەوەی ئەم پەنگە بنێتەوە...

– باشە تۆ هیچ شتێک دەزانیت؟!... گومانت بۆ کەسێک دەچێت کە ئەم کارە پیسەی کردبێت...؟!... ئەی خۆ من وام لێ نەکردووە...، یەکێکە لە خۆتان...، یان هەر ئەمە... لەم کاتەدا مووچڕکە بەلەشی مینەدا هات، دڵی کەوتە پەلەپەل و کوتەکوت... چاوی شۆڕی کەوتە سەر پۆستاڵەکانی کابرای ئەفسەری پۆلیس

– شەق، تێهەڵدان، پۆستاڵ، قامچی و پەت... «کوڕە مینە کەرەکییی... ئەوە چیتە، هەی داوەشێیت...، ئای، خۆ خەریکە ورە بەردەدەیت...، ئاگات لە خۆت نەبێت تێیدا دەچیت... دەبێت دان بەخۆتدا بگریت...، دەبێت بەئارام و دانا و وریا بیت...»

لەو کاتەی مینە لەم لێکدانەوەیەدا بوو کە هێمن لەولاوە، وەک لە خەو ڕابپەڕێت...، بەهەڵەشەیی هاتە بەردەمی ئەفسەر، ڕووی تێکرد:

– میران، من گومانم بۆ یەکێک دەچێت... فەرموو لە مینە بپرسە، بەیانی کە بەبەر مزگەوتدا هات، بەو تاریک و لێڵە لە کوێ بوو؟؟!

لەم کاتەدا ژاوەژاوێک لە ناو خەڵکەکە وا دروستبوو، پۆلیسێکیان هاواری کرد «کوڕە هۆ و بێ دەنگ بن...»

– مەبەستت چییە، دیسان ئاژاوەکەیە...، خۆ من هەمووی دوو مانگ نابێت کە ئێوەم لە چەڵەمەی ئەو پەڕاوە پەڕپووتە ڕزگار کردووە، هەمدیسان دەتەوێت چی دروست بکەیت؟!...

– تۆ دەفەرموویت چی، ئەم ڕووداوە چی بەسەر ئەو کارەوە هەیە...، من ئەم بەیانییە زوو، مینەم دی بەشپرزەیی و پەلەپەل بەرەو ماڵ دەبووەوە، لەمەوپێشیش جارێکی تر لەم شوانە بەسەزمانەی دابوو...، هەموو ئاواییش ئاگاداری ئەم کارەن...، ئەم کوژراوەش شوانی خۆمانە، ئیتر مەریوان چۆن ئەم کارە دەکات، من دەڵێم مینە ئەم گۆبەندەی بۆ مەریوان ناوەتەوە...

– بۆچی...؟؟



– قوربان بۆ ئەوەی تووشی بکات و بەسەریدا بسەپێنێت...

یەک دووانێک لەولاوە گوتیان: هێمن ڕاست دەکات، لە پارەوە چەند جارێک مینە لەگەڵ ئەم شوانەدا شەڕی کردووە و بیانوو دەگرێت...

ڕۆستەمە سوور بەتووڕەیییەوە هاتە پێشەوە...، بەدەنگی بەرز، بەسەریاندا نەڕاندی...

– وا دیارە ئەم پیلانەتان بۆ کوڕی من ناوەتەوە... کوڕی من شێت نەبووە کاری وەها بکات... دوای ئەوە هیچ گیروگرفتێکی نە لەگەڵ ئەم شوانەدا و نە لەگەڵ ئێوەدا نییە تاکو شتی وەها بێ شەرمانە بکات...

– کوڕە من خۆم ئەمشەو لە ماڵی ئەوان نوستووم... بەیانی لەگەڵ خۆم نانی خواردووە، ئیتر بەکوێدا هات ئەم تاوانە بکات...؟!...

زۆر سەیر و مەخسەرەیە، ئەمە هەڵبەستنێکی ئاشکرایە... مینە تۆزێ زات کەوتە دڵییەوە، وەک یەکێ بیجووڵێنێت، گوتی:

– فەرموو میرم، با یەکێک بێجگە لەم بڵێ من ئەم بەیانییە مینەم دیوە، ئەمانە هەر دوژمنایەتی لەگەڵ ئێمەدا دەکەن...، بۆ هەموو شتێک بۆ هەموو کارێک بەرامبەر بەئێمە دەوەستن، من شەو و بەیانی لە خزمەت جەنابتا بووم، برا پۆلیسەکانیش دەزانن... کۆمەڵ بێ دەنگیی تێکەوت...، کەسێک نەیگوت من مینەم دیوە...، ڕۆستەمەسوور بەهەڕەشەکردن هاتە پێشەوە، بەرامبەر هێمن و کوێخا وەیسە ڕاوەستا پیشی دەخواردەوە...، وەک بۆ شەڕ وەستا بێت

لەم کاتەدا ئەفسەری پۆلیس بیری دەکردەوە، سەیرێکی مینەی کردەوە...

لە دڵی خۆیدا «کەواتە گومانێکی تر...، چەند جارێک شەڕی لەگەڵدا کردووە...، ئەم بەیانییە زوو بینراوە...، جگە لەمە ڕەنگی لەسەر خۆی نییە...، دوێنێ ئێوارێ، خۆی بێزی نەدەهات چاکەم بخاتە بەردەم...، کەچی ئەم بەیانییە خۆی نانەکەی لە بەردەم هەڵگرتم و چای بۆ هێنام...، لێشم جیا نەدەبووەوە...، ئەمە پێویستی سەر شانمە، دەبێت لەمیش بکۆڵینەوە، ویژدانی دادوەریم، مەریوان سەر بەجووتیارانە، تاوانی وەها...، بەڵام دەبێت هێمنی تیا بێت، ئەم لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە کۆمەڵ بوون بەدوو دەستەوە، بەبۆڵە و تیر و توانج، خەریک بوو لەو ناوەدا شەڕێک بقەومێت:

ئەفسەر خۆی وریا کردەوە...، دەموچاوی مۆن کردەوە، سەیرێکی مینەی کردەوە «بڵێیت

ئەم نەگریسە ئەمشەو میواندارییی منی بەهەل زانی بێت، ئەم تاوانە قۆڕەی کردبێت و بۆ خۆ ڕزگارکردن من بکاتە دەستکەلا، ئەو کڵاوە بکاتە سەری من؟!...»

بەخودا شتی چاکە...، تاوانێک بەنانێک، بەڵام تا لەم دەشتەدا کار لە کار نەترازاوە، با فریا بکەوم... لەم کاتەدا بەقایم نەڕاندی: کوڕە، لەگەڵ ئێوەمە بێ دەنگ بن...

بەڵام لەبەر ژاوەژاو و سەرگەرمیی و تووڕەبوون کەس وتەی ئەمی گوێ لێ نەبوو...، یان هەر گوێیان نەدایە... ناچار دەستی برد بۆ دەمانچە و «تاق» فیشەکێکی بەئاسماندا تەقاند... هەموو ڕاچڵەکین و هوشیاربوونەوە...

– هەر کەسێ جووڵەی لێوە بێت، یا دەنگی لێوە بێت ئەویش ڕاپێچ دەکەم، ئا دەی پێشم کەون، هەموو بۆ ناو دێ...

تەرم هەڵگیرا، بەرەو ناو دێ، بۆ مزگەوت، خرایە سەر وڵاخ، ئەفسەر بەگوتەی شیرین، لاسی بەهەموویان دا و دڕیان دا بەکۆمەڵ...، مینە و ڕۆستەمە سوور و هێمن و مەریوان و کوێخا وەیسەی دایە پێش خۆی بۆ ناوچە...، لەگەڵ ئامۆزاکاندا، بەهەڕەشە و تووڕەبوون، لەگەڵ ڕۆستەم و مینەدا بەشێنەیی و هەڵدان هەموویانی خستە ڕێ بۆ دوا لێپرسینەوە و بەئەنجام گەیاندنی کار بۆ دادگا و بۆ دۆزینەوەی تاوانکار...

دوای ئەمان، گوند وەکو ئاشی ئاوکەوتووی لێ هات، هەموو هەر وەک کەسێکیان لێ هاتبوو...، دوایی بەخۆیان زانی کە کارەساتێکی جگەربڕ ڕوویداوە... شین و شەپۆڕی گەرم لە ماڵی خەجیج، بۆ مەریوان گەرم کرا...، لەولاشەوە لە ماڵی ڕۆستەم بۆ مینەی کوڕیان.

بەڵام شەفەی داماوی ڕەنج بێوەر...، چۆن لە کاتی بوون و ژیانیدا هەر بێ کەس و ئاوارە بوو...، لە کاتی مردن و سەرەنگرێ بوونیشدا هەر بێ کەس بوو...، مەگەر ڕانەمەڕەکە بێ شەفەیی پێوە دیار بدات...، یان دەرودەشت و شاخ و کێوەکان دەنگدانەوەی دەنگی شەفەی لێ بڕابێت، یان گەماڵە بۆر و بازەی وەڕەکەری پاسەوانی ڕانەمەڕەکە، ئیتر جاروبارێک بیرێکی بۆنە تایبەتەکەی شەفە بکەنەوە کە لە توولەییییانەوە لەگەڵی ڕاهاتبوون، فرمێسکێک بۆ ئەو دەست و پلە باریکانەی هەڵبڕێژن کە لە کاتی نانخواردنەکانی خۆیدا، وەک کوڕ و کچی خۆی بن تێری دەکردن، لەمەودوا قوروسکە قوروسکێکی بۆ بکەن...، ئەگینا لە هەردوو بەرەی ناو دێدا، کەسێک نەبوو، نەک شین بۆ شەفە بکات، بەڵکو هەر تەنها تۆزێک بەڕاستیی خەمی بۆ بخوات...، بگرە بەپێچەوانەوە هەبوو دەیگوت:

– بەهۆی ئەو ئاگرتێبەربووی لەوەلاتر چووەوە ئەم هەمووە تێوە گلان...، بەڵێ بەم جۆرە،



خەتاباریشیان کردبوو، دوای ئەوەی لایەک کوشتی و بۆ لایەکی تریش تیادا چوو، لە پێناوی ئەواندا کوژرا...؟!...

ئەمەش دەستکەوتە؟!... دوارۆژی سەرەمەرگی ژیانی نیوە گیانێک، لە ژێر سایەی ڕژێمی کۆیلەتیی و دەرەبەگایەتیی بۆگەندا، ئە ئاوا، لانەوازێکی وەک شەفە، ببێتە قوربانی تەنگوچەڵەمە و دژوارییەکانی بەرژەوەندیی چەوسێنەرانی ئەم کۆمەڵە...

***

# ٨

تۆ چیت نەکردووە بۆ ئەوانە...، تاوان، تەڵەکەبازیی، دیاریی، مامە حەمەیی...، لە قەومـوقـیلەش بوویت... هەر ئەوەت مابوو...، جا چی، گوایە ئەوەشت بۆ نەکردن؟! هەریەکەیان بەجۆرە قۆڕەکەی خۆی؟؟ ڕۆستەمی باوکی مینە بەتووڕەبوون و شێواوییەکی بێ هاوتاوە بەخۆی گوتەوە:

«ئەم هەموو خزمەتە و ئەمەش ئەنجامەکەی، نەیانهێشت ئاگات لە لێپرسینەوەکەشی ببێت...»

بەم جۆرە مینەی چەپۆڵە خوێناویی ڕۆستەمە سوور و مەریوانی بێوەی وەکو یەک بەند کران...، تا ڕۆژی لێپرسینەوەی دادگا هێشتیاننەوە...، بەقسەی لووس و چاووڕاو، سوورەیان فریو دا و لە ئاکامی لێکۆڵینەوە بێ ئاگایان کرد...، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆستەمە سووری نۆکەری دامودەزگای کۆیلەیەتیی دەستەوسان دانەنیشت، وەک هارومار دەستی کرد بەپەلەقاژێ و دەست و پێ ماچکردن...، بەکوڕنووش بردن دەرگا نەما نەیقلیشێنێتەوە...، کۆش نەما سەری پیادا نەکات، چی لە توانایدا هەبوو لە دیاریی و پارە بەختی کرد...، لە هەموو لایەک دڵیان دەدایەوە، پەیمانیان دەدایە و یارمەتییان دەدا... ئەمیش پتر سەری دادەنەواند، بەسەرشۆڕیی بەردەستانە، وەک بەندەیەکی ئەڵقە لە گوێ هانای بۆ دەبردن...، پەیمانی تازە دەکردەوە کە هەر کلک بێت، هەر پواز بێت، هەر کۆڵەکە بێت بۆ ڕاگیرکردنی قەوارە و بوونی ڕژێمی بۆگەنی ئەو فەرمانڕەوایە و فەرمانبەری گەورەی میریی ناوچە...، پارێزەرێکیشی لە کۆنە چەکمە ڕەقەکانی ئاوەڵی خۆی پێ ناساند، لەسەر چەردەیەک پارە ڕێک کەوتن. کە مینەی بۆ ڕزگار بکەن، بەڵام لەولاشەوە، لە پشت کوێخاوە، بۆ پاراستنی کورسی و پلە و پایەی خۆی، بەدرۆ و بێبارانە دەیگوت «لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێت دادپەروەرانە کاری خۆی بکات...» خەسرەو و هێمن و کوێخا وەیسەش گەلێ هەوڵیان دا... بەزۆر لادا چوون.

کەوتنە کۆششێکی بێ پەروا...، کێیان ناسی تەقەلایان لەگەڵدا دا، دوایی پارێزەرێکی وریای لاویان چنگ کەوت، ئەویش کۆڵینەوەیەکی تەواوی لە ڕووداوەکەدا بەئەنجام هێنا...، هەرچەندە هیوای سەرکەوتنی هەبوو لە دادگادا...، بەڵام دەریخست کە لە یەکەم لێپرسینەوەدا زۆر خراپ بۆ مەریوانیان تێچاندووە و ئەوپەڕی یارمەتی مینەیان داوە.



لەبەر ئەوە ئەمیش ترسی خۆی دەردەخست... دەشیزانی ئەو پارێزەرەی بەرامبەریی لەگەڵدا دەکات، لە پیاوانی دادگەر نزیکە و لە یەک پێڕن...، لەبەر ئەم هۆیانە پێشەکی پێی ڕاگەیاندن کە سەرکەوتن زۆر ستەمە...، بەڵام پەیمانی بەختکردنی ئەوپەڕی توانای دانێ، تێشیگەیاندن کە ئەم خۆی یەکێکە لە لایەنگرانی جووتیاران و ئەو دامودەزگایەش بەسەرچاوەی سەر لێ شێواندنی ئەو خەڵکە دادەنێت. مینەی تاوانکاریش لەولاوە، لە داخاندا خەنجەرت لێ بدایە خوێنی لێ نەدەهات... ئەو بەتەمای تووشکردنی مەریوان بوو، جارێ وا خۆیشی لەگەڵیدا کەوتووەتە داوەوە...، ئەم چونکە لە خۆی بەگومانە، لە ناخی دەروون و هەستەوە زۆر شپرزەیە...، بەبچووکترین شت، یان ساکارترین بیرۆکە، دەئاڵۆزێت و لە خۆشی هار دەبێت...، ئەو دڕندەیەی کە خۆی هەمیشە خەریکی تەڵەکە و داو بوو، لە ڕیزی پێشەوەی دەستدرێژیکردن بوو بۆ بێ چارە و ڕەنجبەر و جووتیارەکان...، گەرچی هەرکە باوکی دەردەکەوت لە هاتن و چاوپێکەوتنیدا بۆ گرتووخانە، زووڕە زووڕ دەستی بەگریان دەکرد و دەپاڕایەوە:

– بابە گیان، لە ڕێی خودادا، ڕزگارم بکە...، مردم، دیقم کردووە...، بچۆ بۆ لای بەگ، بۆ لای میر...، سەر بەکۆشی دوژمنیشدا بکە و من قورتار بکە، دار عەساکەی خۆتم...، ئەو هەتیوە فێری بەندیخانەیە و هیچی بەخەیاڵدا نایەت... مینە پاڵەوان وای لە خۆی کردبوو باوکیشی لێی پەست و بێزار بووبوو...، بەڵام مەریوان، وەک بتی تاساوی لێ هاتبوو... وڕ بووبوو...، هەر لە گێژاوی کۆڵینەوەی ڕوودانی ئەم کارەساتە جگەربڕەدا بوو... پیش خواردنەوەی بێ ژمار، هێجگاری مەنگتری کردبوو...، بەزۆر نەبووایە ورتەی لێوە نەدەهات...، لە ناو گیراوەکاندا، لە هەمووان مات و بێ دەنگتر بوو، هەر کە هێمن و خەسرەو دەهاتن بۆ لای، لە پاش چاکوچۆنی، هەواڵی خەجیج خانی ئامۆژنی دەپرسی، بەنیمچە شەرمێکەوە، سەری دادەنەواند و دوایی هەواڵی گوڵە خانی دەپرسی: «بڕواتان بێت من خەمی خۆمم نییە، ئەوەی ئازارم دەدات دڵی خەجیج خان و گوڵەیە، پەرێشانی من هەر بۆ ئەوانە، بەڵام دەستەڵاتی هیچیشم نییە، ئەوە کوشتوومی...» گوڵە خانیش لەولاوە، هەموو جارێک بەدڵ، جلی پاکی بۆ ئامادە دەکرد و فڕووجێکی بۆ دەکرد بەبریانی، ناو سکەکەی پڕ دەکرد لە بادام و کشمیش و قیمە و داوودەرمان... هەر جارەش یەک دەنک لە بەرموورەکەی خۆی هەڵدەپچڕووقاند، جاری دوو دەنکیش لە مێخەک بەندەکەی بەدیاری بۆی دەنارد...:

«ئای کە بەختەوەرم...، هەر هەمان بۆنە خۆشەکەی ئارامی دڵەکەم و ڕۆحەکەی ڕەوانم...

ئاسوودەیی ژیانی پڕ جەخارم هەر بەتۆوە بەند بووە...»

بەڵێ گوڵە خان و مەریوان، لەو کاتەوەی کە خۆیان ناسیبوو، لەو هەناسەیەوە کە هەست لە دەروون و سۆز لە دڵیاندا بزوا بوو، یەکتریان خۆش دەویست...، گوڵە خان بۆ یەکەم جار بیری کردەوە، دەنکە مێخەکی بۆ بخاتە چیپەوە...، دوایی باوەڕیی هاتە سەر ئەو کراسەی کە هەمیشە چاوی مەریوانی پێ گەش دەبووەوە...، کراسە پیازییە کاڵەکەی کە بەگوڵی ئاڵی گوڵە باخیی ڕازابووەوە...، هەر جارە گوڵێکی لێ دەبڕی و دەنکە بەرموور و مێخەکی دەخستە ناوی، دەینایە ناو گیرفانی کراسەکەیەوە...، چاکترین دیاریی، بەرموور و مێخەک و گوڵی ئاڵی گوڵەی جوانی پەرۆشی دڵ...، ئەمانە هەمووی بۆنی بوونی خۆشەویستی گوڵەیان پێوە بوو، یادگارە شیرینەکان، هەموو جارێک دەیگوتەوە...

«ئای کە ئیقباڵت بەرزە، لەم لێقەومانە تووشەشدا، سۆز و هانای خۆشەویستی مەستت دەکات و دەتبووژێنێتەوە...»

ئا بەم جۆرە مەریوانیش لە ناو گرتوخانەی تەنگوتاردا بۆنی گوڵەی ناوە بەمانەوە، هەر مانگی یەک دەنک بەرموور...، ئەوا بوون بەشەش دەنک... شەش مانگ تێپەڕی...، شەوانی دوورودرێژی بێ خەویی و چاوەڕوانی و بێ ئارامی...، دووجار کاتی دادگەرییان بۆ دانرا و دواخرا بۆ مانگێکی تر...، چار چییە، هەر دەبێت دان بەخۆیاندا بگرن... بەهیوا...، بۆ قورتاربوون...، بەربوون و گەڕانەوە بۆ ژیانی سەربەستیی و شادمانیی... بۆ ناو باخ و بێستان... بۆ دێبەر و سەرچاوە و کانیاوەکان...، بۆ نشێوی لاپاڵی چیا بەرزە سەرکەشەکان...، بۆ ڕۆژانی دروێنە و مەڵۆکاریی و ڕەزبڕین و هەرەوەز...، بۆ سەیرانگای بەهارانی تەڕی بەفەڕ... بۆ جەژن و کامەرانی و سەیران و ڕمبازیی، بۆ گەمە و هەڵپەڕکێی داوەت و زەماوەند... بەڵێ بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی ژیان...، بۆ بازوو وەشاندن و کارکردن بۆ خۆرەتاندنی ڕۆژانی سارد و گەرمی ناو کۆمەڵ...، بۆ کۆکردنەوەی بەری ڕەنج و بەرهەمی ساڵێکی ڕەبەق... بۆ هەستکردن بەگیانی ژیان، بۆ دانانی دەستی ماندووی بەختکردن و هێزی بازوو لەسەر سکی تێر، بەبەروبوومی کاتی پێتی سامانی دەشت و چیای نیشتیمانی ڕەنگین و جوان «لە بەختی تۆدا، چەند جارێک پشێویی ناو شارەکان، برمێ و برووخێی سەر شەقامەکان...» پارێزەر وا دەڵێت: «ئەم دنیایە لە گۆڕاندایە، تۆ جووتیارانەکەشت بۆ خزێنراوەتە ناو فایلەکەتەوە...»

***



ڕۆژێکی تەموومژ بوو، هێمن و خەسرەو و کوێخا وەیسە لەملاوە، ڕۆستەمە سوور و دەستەی چڵکاوخۆریش لەولاوە، هەموو ڕووەو شار کەوتنە ڕێ...، ترس و گومان و دوودڵی دەستی بەسەر دڵ و دەروون و هەست و هۆشی گشتیاندا کێشا بوو...، هەموویان بەدوای وەڵامی یەک پرسیاردا دەگەڕان، نەبەنگیی، دەخیل و داوێنگریی خەجیج و گوڵە، هەڕەشە و گوڕەشە و چاو سوورکردنەوەی ڕۆستەم و وێڵبوون بەدوای «ئەنجام، بەڵێ ئەنجام دەبێت چۆن بێت...؟!...»

هەتا ڕۆستەمە سووریش کە لە پێشەوە پەیمانی تەواوی وەرگرتبوو، بڕوای بەخۆی نەدەکرد...، دڵی وەکو چیکەنە لێی دەدا، جێگەی بەخۆی نەدەگرت، هێندە خۆی نواندبوو پۆلیسەکانی گرتوخانەشی لێ بێزاربوون، ڕقیان لە مینە دەبووەوە، مەریوانیان خۆش دەویست...، ئەو ڕۆژە کاتی دادگا دەستی پێ کرد، مینە و مەریوانیان هانی...، خزم و خوێش پەلاماریان دان، ماچوموچ دەستی پێ کرد...، مینە زۆر پەشۆکاو و شڵەژاو بوو... گومانی دەروونی خۆی تۆقی پێ کردبوو...، بەپێوە ڕاوەستا بوو، وەک بینی ئاو دەلەرزی، باوەڕی بە وتەکانی باوکی نەدەکرد کە پێی دەگوت:

– کوڕە شیرینەکەم، پاش چەند ساتێکی تر ئازاد دەبیت و دێیتە دەرەوە...، من لە دە لاوە پەیمانم وەرگرتووە... بەچەند جۆر هەوڵی تووش کردنیم داوە، دەترسم لە کاتی قسە لێوەرگرتنیشدا ئاوا ڕووخاو بوویت و قوڕی خەستت بۆ منیش گرتبێتەوە...، ئەوە بۆ وا دەکەیت؟!...

پۆلیسەکان کە لە ڕاڕەوی دادگادا بەدیار بەندییەکانەوە وەستابوون، ناوە ناوە لە قڕوقاڵیان بێزار دەبوون و خۆیان تووڕە دەکرد، بەپاڕانەوەی کەسوکار هێور دەبوونەوە...، مینە بەترس و گومانەوە «بابە گیان باوەڕم نەماوە، بەدۆستەکانی تۆش، دۆستی نانیی و مەسڵەحەتن، من باوەڕ ناکەم...، باوەڕ ناکەم...، ناچێ بەگوێمدا... چۆن، بەچی... دەپێم بڵێ دڵم دەرهات...»

ئا لەم کاتەدا کە ئەمانەی دەگوت چاوی پڕ بووبوو لە فرمێسکی گریان و قوڵپی دەدا... «ئەوانە فێری حەپسیی و کوناوکونن، من ئەوەم پێ ناکرێت»

– کوڕم، دان بگرە بەخۆتدا... تۆ پیاویت، شوورەیی خۆت مەبە، لەبەرچاوی ئەمانەدا خۆت مەشکێنە...

– نا... من پیاو نیم...، کێ دەڵێت من پیاوم...، نامەوێ پیاوبم...، پیاوەتی لە من

نایەت و پێم ناکرێت...، بۆ گرتووخانە پیاو نیم؟! بۆ ئازایەتی بەندیخانە و ئەسپێ و مۆریان پیاو بم؟!

– هەی بێ فەڕ...، دەم کوت بە، لێکینێ، ئێستە بانگتان دەکەنە ژوورەوە، ئەی خۆتت بیر نایەت، دەمت داخە با لێرە بەتەنها بەجێت نەهێڵم، بێ دەنگ نەبێت دەڕۆم... بەڵام مەریوان بەهێمنی لەولاوە ڕاوەستا بوو...، زۆر بەئارام و لەسەرخۆ لەگەڵ وەیسە و هێمن و خەسرەودا دەدوا...

– هیچ باوەڕ ناکەم من شتێکم بۆ ببێت...، من ترسم لە دڵدا نییە، چونکە من خۆم بەتاوانکار نازانم...، ئەم حەوت مانگە ئەو ئەشکەنجە و ئازارەی لە بەندیخانەدا دیومە بەخۆڕایی بووە و سەپێنراوە بەسەرمدا...، بڵێیت دادپەروەریی سەرنەکەوێت بەسەر فێڵ و تەڵەکەبازیی و پیلان و پیلانگێڕاندا؟!، من دەزانم ڕازێکی نهێنێ لە ژێر ئەم پیلانە گلاوەدا هەیە...

– ئاخر من لە مشتەی ناو هەمانەکە دەترسم...، کێ دەزانێت ژێر بەژێر چی لە ناودایە...؟!...

کوێخا وەیسە دەستی خستە سەر شانی خەسرەو، گوتی:

– ئەگەر من تۆزێک ژیریی لە مێشکمدا هەبێت، ئەوان کاری خۆیان لە ژێرەوە جێبەجێ کردووە...، بزانین دوایی دەردەکەوێت، ئێمە ڕۆستەمی پیلانگێڕ لە بیر ناکەین...، هەزار بەند و باوی لە ژێر سەردایە... لەم کاتەدا کابرای پۆلیسی سمێڵ بابڕی بەردەرگای دادگا هاتە دەرەوە، قیڕاندی: «دادگا... دادگا...» هەموو لە پڕدا ڕاچڵەکین.. تەزوویەکی سارد بەپشتی مینەدا هات و ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین...، نەیتوانی خۆی بەپێوە بگرێت... دەستی گرت بەلاشیپانی دەرگاکەوە و خۆی پێ گرتەوە کە نەکەوێت...، لەم کاتەدا لە ژوورەوە بانگ کرا:

– مینەی کوێخا ڕۆستەم...

پۆلیسی بەردەرگا: مینەی کوێخا ڕۆستەم بۆ ژوورەوە...

مینە بەلەتر ڕۆی بۆ ژوورەوە، بەدوای ئەوەدا مەریوان بانگ کرا، کەسوکار بەدوایاندا چوونە ژوورەوە، بەسەر کورسییەکاندا دابەش بوون... پرسی دادگا و گەواهەکان تەواو بوو...، دوو کاژمێر بەم هەیتوهووتەوە خەریک بوون...، پارێزەری هەردوو لا تەقەللایان دا



و تەلاشیان کرد...، گەلێک پرسیار هاتە پێشەوە...، شەڕی هەردوو لا، لەوەوپێش، گوێزانەوەی کوێخایەتیی لە خێزانی یەکەمەوە بۆ دووەم...، گرتنی مەریوان لەسەر باری ڕامیاریی و جووڵانەوەی جووتیاران، ڕانەمەڕ...، پەڵەگەنم، خەنجەری سەر دڵی شەفە...، کێلانی خەنجەری مەریوان لە ناو پەڵەگەنمدا...، بوونی مەریوان لە نزیک ئەو شوێنەدا، گەواهی ئەفسەر و پۆلیس بۆ لەماڵەوەبوونی مینە...، لایەنگیریی دەزگاکانی میری کە ئەم ڕووداوەی چووەتە لا، بەلای مینەدا...، مەریوان کرا بەتاوانکار و بیست ساڵ گرتنی بەسەردا درا...، مینەش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو...

لەو کاتەدا کە دادگەر بڕیاری بەسەردادانی دەخوێندنەوە، گوتی:

– بڕیار درا بەبیست ساڵ گرتنی

لەوێوە مینەی ڕۆستەمە سوور لە هۆشی خۆی چوو، ڕهێڵ بووە سەر زەوی... ئیتر ئاگای لە خۆی نەما... ڕۆستەم و دەستوپێوەند ڕێیان درایە مینەیان هەڵگرت و بردیانە کەنارێکەوە، دوو پۆلیس لەسەر فەرمانی دادوەر بەدوایانەوە بۆ دەرەوەی هۆڵی دادگا...، لە پاشدا مینە هۆشی هاتەوە بەخۆیدا...، بەگریانەوە دەیگوت:

– هەی هاوار، چۆن بیست ساڵ گرتن درا بەسەرمدا...، پەترۆ دەبم...، لە ناو دەچم...، بیست ساڵ بەو دوورودرێژییە...؟؟، دەمرم، بەخودا دەمرم... لەم کاتەدا باوکی خێرا دەستی گرت بەدەمییەوە...، توند دەمی گرت:

– کوڕم، مژدە بێت، تۆ بەربوویت، مەریوان ئاوی ئاموون چوو... تۆ نیت، ئەوە ئەو، تۆ تەواو...

لەم کاتەدا مەریوان بەهاوار هاوار بەدەست دوو پۆلیسەوە هێنرایە دەرەوە، ڕاپێچی گرتووخانەی تەنگوتار کرا... بەزیندوویی زیندەبەچاڵ دەکرا... بەپیلانی دەمڕەش، پیاوکوژ، دز و درۆزن تووش کرا...

– من بێ تاوانم...، هەی هاوار، هەی داد، هەی بێداد...، خودای گەورە چۆن بەمە قایل دەبیت... چۆن پێیان نانوێنیت، ئەمە زۆرداریی و چەوساندنەوەیە...، تاوانکار وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت، بێ تاوان بەزۆرەملێ بخرێتە جێگای... ئایا بەری تاوانی ئەوانیش دەبێت ئێمە بیچێژین...؟!...، بۆچ دەبێت وابێت... ئەمە کەی دامودەزگایە، یەزدانی گەورە...؟! تۆ خۆت ئاگاداریت، دەبێت هەقم بستێنیت...

مینه لەم دەنگە ڕاچڵەکی، چاوی بەرز کردەوە، بەدەستەسڕەکەی چاوی سڕی، بەسەرسوڕمانەوە سەیری مەریوانی کرد و لەبەرخۆیەوە دەیگوت...

– باوەڕ ناکەم...، بڵێیت وابێت...، من نەبووم؟؟! چۆن من نەبووم؟!... ئەو بوو ئەو...؟!...

لەم کاتەدا هەستایەوە سەرپێ، پەلاماری دەستی باوکی دا و ماچی کرد، بەحەپەساوییەوە دەستی کرد بەپێکەنینێکی شێتانە، وەک ئارام لەبەربڕاوێک...، دەماری پیسی وردە وردە تەزووی پیادا دەهات و چاوی شێتی بەهەر چوار لایدا دەگێڕا کەوتە خەیاڵی بێ ورەیەکی سەر لێ شێواوەوە:

«تۆ کوشتت، وەک ویستت ئەوت تووش کرد...، ئەم هەتیووە ئێستەش واز ناهێنێت، ئەم هەموو دۆعا و نزایەی ناو جەرگت ڕادەچەنێنێت، با وەل بێت و ئیتر گوێت لە دەنگە زولاڵە بێزارکەرەکەی نەبێت...»

لەم کاتەدا باوکی سیخورمەیەکی ورياکەرەوەی لە کەمەری سرەواند، خزم و خوێش بەپێکەنین و خۆشییەوە ئەملا و ئەولایان لێ گرتبوو، پیرۆزباییيان لێ دەکرد و پێیان دەگوت:

– هەتا ماویت هەر نۆکەری باوکت بکە، ئاوا دڵسۆزانە فریات کەوت، ئەو نەبووایە تووش بووبوویت و کێ ڕزگاری دەکردیت؟!...

ڕۆستەمە سوور لەولاوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا...

– منیش بەگاڵتە نۆکەریی ئاغا و میر ناکەم، لەبەر چوار شتی وەهایە، کە ئاوا بێت بەفریادمانەوە...، دەک خودا فریادڕەسییان بکات و لە هەموو بەڵایەک ڕزگاریان بکات، بەڵام مینە تۆش چاک بزانە کە ئەمەی تۆ زۆر گران لەسەرم کەوتووە، خزمینە ئێوەش بزانن هەرچی بۆ خۆم و مینە دەکەم، شان و شەوکەتی ئێوەشی پێ بەرز دەبێتەوە!!...

– بابە گیان، تۆ خۆش بیت زوو پڕی دەکەینەوە، بەزیادیشەوە... لەولاشەوە پیڕی ماڵی خەسرەو و ئەوان، وەک بۆمبا بەسەریاندا تەقێنرابێتەوە وەهایان لێ هاتبوو...، هەموو سپی هەڵگەڕابوون، نەیاندەزانی چی بڵێن و چی بکەن... بۆ پێشەوە دڕیان دا، هەر ئەوەندەیان زانی مەریوان بەبەردەمیاندا ڕاپێچ کرا، بەبێ ئەوەی بییەڵن نەختێ بیدوێنن، پۆلیسێک هاواری کرد «مەواجەهەی هەیە، بچن بۆ بەندیخانە...»



لەم کاتەدا، پۆلیسە سمێڵ بابڕەکە هاتە پێشەوە...، ڕووی کردە ڕۆستەمە سوور، خۆی گیڤ کردەوە، سنگی لێ دەرپەڕاند:

– کوێخا مزگێنییەکەم بدەرێ...، زووکە دەی...، کەمیش بێت نامەوێ...، تەبەڕوکە تەبەڕوک...

کوێخا دە دیناری دایە دەستی... «بڕۆ بەشی کەن...»

دە دینارەکەی ماچ کرد، ڕووی کردە خەسرەو و هێمن و ئەوان، بێ بارانە شانی لێ هەڵتەکاندن:

– ئێرە چۆڵکەن، دەی لێرە مەوەستن...، بڕۆن دەی لە بەندیخانە دوایی ڕێگاتان دەدەن کە بیبینن...

هاوڕێیەکی وەکو خۆی:

– فەرموو بڕۆن، ئێرە چۆڵکەن... ئیشتان نەما...؟!... وەستان قەدەغەیە، با بەشی بکەین...

– خۆزگە ئەویش تەبرییە ببووایە، دەی تریشمان حەلاڵ دەکرد...؟!

سێیەم بەزەردەخەنەوە سەیری دەکردن...

***

## ٩

«بەڕاستیی حەشرت بەم باوکە لۆزەنگەرە کرد، خەتای خۆیەتی منی وەها ڕاهێنا، لە منداڵیمەوە هەڕ و گوڕ، بەزم و فەرتەنە، خۆ گیڤکردنەوە و سنگ دەرپەڕاندن...، تۆ لە هەمووان زلتریت، ئەمانە نابن بەتۆ...»

مینە دوای حەوت مانگ بەندیی و دووریی و سزای دەروونی و پەژارەی جگەربڕ کە بەرەو گوند کەوتە ڕێ...، وەک تازە لە دایک بووبێت، باوکیشی وەک مالۆس لە ناو ماشێنەکەدا خۆی مەڵاس دابوو...، جاروبار بەورتەیەک ئەمی دەهێنایەوە هۆش خۆی...، دوای تۆزێک دەکەوتەوە ناو گێژاوی وڕە وڕی ماشێنەکەوە، هەر لە کەرکووکەوە هەتا کاتێک لە دەمکەلی چیاکە چوون بەودیودا...، ئاسۆی فراوانی دەشتی بەرینی ئەودیوی چیاکە سەرەنجی لەپڕی ڕاکێشا و بردییەوە بۆ ئەندێشەی ڕۆژانی لەمەوپێش...، خرمەخرمی زیخ و چەو و بەردی ژێر پێچکەی ماشێنەکە گێڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە شەفەی تیادا کوشت...، هاوار و داد و پاڕانەوەکەی دەهاتەوە بەمێشکدا...، مینە توند دەستی نوقاندبوو...، پاش کەمێک، لە تاسەیەکدا، بەبێ ئاگایی کەوت بەسەر باوکیدا...، بەرچاوی تاریک بووبوو...، وایدەزانی ئەو کاتەیە کە دەستی لە مشتۆی خەنجەر توند کردووە، لەسەر دڵی شەفەی گیر کردووە «خەتای من نییە، ئامۆزا دڵسۆزەکانی لەمەڕ خۆت ئەمە بەمن دەکەن، بۆ ئەوانت دەکوژم، با تۆش لە چەرمەسەرێ ڕزگار ببیت...»

لەم کاتەدا باوکی سیخورمەیەکی توندی لە لاقەبرغەی دا، وریای کردەوە...، بەسەرسوڕمان و مۆنیی سەیری کرد، بەپەستییەوە:

– کوڕە ئەوە چیتە...، نووستوویت...، ئەوە دەڵێیت بووراویتەوە...؟!... هەستە ئاگات لە خۆت بێت، لە بیرت نەچێت، چۆنم پێ گوتیت وا دەکەیت و وەها دەڵێیت...

– بەڵێ؟!... چۆن؟ بابە گیان لەگەڵ منت بوو؟!...

– بەڵێ بەڵێ، هیچم لێ تێک ناچێت، بڕوات پێم هەبێت، خەمت نەبێت... ماشێن وەستا و... هەر ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو، ناودێ ژاوەی تێکەوت...، هەر منداڵ بوو بۆ بەرماشێن و بەدوایدا ڕایان دەکرد، منداڵە ڕووتەڵەکان، سەراسیمە، بەبێ ئەوەی لەم گەرداوە بگەن، بەحەپەساویی ڕەق بووبوون، پیرێژنە جامبازەکان هەر زوو ڕاپەڕین و



کەوتنە مقۆمقۆ، هەندێکیان تەشیی بەدەستەوە، ئەم چەپە و ئەویان ڕاستە، هەریەکە بەلایەکدا بای دەدا...، نیمێ شاد و ئەویتریان ناشادە...، هەبوو لەم هەڵوێستە خۆی دەدزییەوە، بۆ هەندێک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دوو دیو...، دڵی ئەملاش و دڵی ئەولاش...، سەرەگێژەیەکی سەیر لە ناودا دروست بووبوو...

– مینە هاتەوە، مینە بەربووە...، مەریوان تووش بووە، تازە تیاچووە، بیست ساڵ گرتنی بەسەردا دراوە، مەگەر مەیتەکەی بێتەوە... لەوانەیە هەر زوو بەدەرزیی بیکوژن، دەرمانخواردی بکەن...، با...، ئا ئا وەهایە...، نا نا... هەر بەندییە... مەگەر بەنەخۆشیی!؟

– ئەفسووس بۆ مەریوانی ڕەوشت خاوێن...، لاوی ڕاست، دروست و بێ وەی...، دەبێت گوڵەی نازداری چی لێ بەسەر بێت، چۆن ژیانی لێ بەسەر بچێت؟! ئێستە لەوانەیە بووڕابێتەوە...، تووشی نەخۆشی خراپ نەبێت چاکە...

– بڵێیت بەوەفا بێت و پەیمانی خۆی نەدۆڕێنێت؟!

– من دەڵێم وا دەبێت... من باوەڕ ناکەم...

بەڵێ هەزاران بیرۆکەی چاک و پاک...، وەک ئەویش دوودڵیی و ترس و دڵ کرمێ کردن، گومان بۆ هەڵبەستن... گوندەکەمان گۆڕانێکی گرنگی تێکەوت...، بووبوو بەدوو بەرەی دژ بەیەکتر... کار بڕابووەوە، کەچی سەر کانی ژنان بەم ڕۆژگارە وەک شوێن کۆڵینەوەی دادگای لێ هاتبوو...، هەر کەسە بەجۆرێک دەدوا و بەلایەکدا دایدەتاشی، لای هەندێک بەرژەوەندیی و لای هی تریش پاکی و دڵسۆزی، جا یان بەملادا، یان بەولادا... ماڵی مەریوان چۆڵ بوو، دەرگاکەیان خڕ داخراو، وەک بڵێیت «مۆر کرا بێت»، مەریوانی تەنها هەر خۆی مایەوە، ئەویش نەهاتەوە...

«با بخۆن، باوکت و مینەی برات کەمیان نەچەشت، دڵت بۆیان دانەخورپا...»

بەم بیرانەوە ڕووناکی کچی ڕۆستەمە سووریش لە دڵی خۆیدا دەیگوت و دەیگوتەوە...

... ئەمە گشتی ئاهی تۆ و ڕزگارە...، وەک ئەو کوڕە لاوە جوانخاسەیان دوور خستەوە و دەربەدەر کرد...، دڵی تۆشیان شکاند و بەو خراپییە لە یەکیان کردن، ئەوەندەی تۆزێک دڵیان ڕانەگرتی... تۆش مەگەر هەر بەدرۆ...، هەقی خۆیانە...»

«ئەی دایکت، ئامەی ژنی ڕۆستەمە سوور، لەو ڕۆژەوە کە مینەی کوڕی گیرا بوو، لە ناو دوو توێی پێخەفدا، وەک کوتەکت دابێ بەمێژەڵاکیدا، بێزمان لێی کەوتووە...، خۆ،

خوا نەکات ڕۆستەمە سوور تۆزێک بەتەنگییەوە هاتبێت، ڕووناک، دەیارەم ئەم چەند ساڵەتان هەر وا هێناوە...، ڕۆستەمە سوور هەرگیز دایکتی نەویستووە...، بەدەردی ئامە کە هەموو جارێک پێی دەگوت:

«من شـــاژنی ناو ژنانی ئەم ناوچەیە بووم، تۆی چاولەدەر منت داڕزاند، پیس و گەڵگەنیو نەما خۆتی لەگەڵ تێنەوەشێنیت، منیشت گلاو کرد، بەڵام تۆ خۆت هیچ شتێک کارت تێناکات...، هەرکە زانیت پرسیارێکت لێ دەکرێت، خۆت توورە دەکەیت، بەهەڕەشەوە دەنەڕێنیت، دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەیت، ئیتر بێ دەنگە و دەمکوت...» «ئا، ڕووناک، بەزمەکانی باوکت و دایکت و مینەی کاکت، قەوانی ناخۆشی هەمیشەیی لە مێشکتدا دەزرنگێتەوە، دایکیشت زۆرلێکراو بوو، هاوارەکانی دایکتت لە بیرە»...

– تۆ منت هەر بۆ ئیش و ئەرکی ماڵ و بەڕێوەبردنی دیوەخانەکەت دەوێت، بەمامە مامە، موڵک و ماڵی باوکی بەڕەحمەت چووشمت قووت دا... ڕووناک هەمیشە لە دنیای ناخۆشی ئەم ئەندێشانەدا دەتلایەوە، «باوکە ڕۆستەمیشت لە وەڵامدا بەتووڕەیی لە دەمی ئامەی دایکتی دەدایەوە:

– ئەی چی...، گوایە وشکەڵی گەندەڵی وەکو تۆ بۆ ئیش نەبێت بۆچی چاکە...، دەلێکینێ...، دەم و قەپۆزت بەرە بەولاوە... با... «دایکە ئامەی بەسەزمانیشت هەر پیشی دەخواردەوە...، ناچار، هەرچی هەبوو دەیپەرچنییە ناو سکی خۆی و قوتی قورمیش دەبوو...، لە داخاندا ڕووناکاییت لە ناوچەوانیدا نەدەدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستیی ژنێکی سەلاری نان بدەی ماڵی خۆی بوو، لە ڕێزی خۆیەوە، لای خەڵک وای دەرنەدەخست...»

لەولاشەوە ماڵی سێ ئامۆزاکە، لەوپەڕی خەم و پەشێویی دڵسۆزیدا بۆ مەریوانی تیا چوو لە پەژارەدا بوون، خەجیج خانی شۆخە ژنی کارامە و لەسەرخۆ، هەمیشە لە دڵدانەوەی کچەکەی نەدەکەوت و دەستی میهرەبانی بەسەروچاویدا دەهێنا و دڵنەوایی دەکرد...، هەرکەسێ ڕێی دەکەوتە شار و لەوێوە بۆ کەرکووک، ئەم لێرەوە بەرگ و پێویستیی خاوێن و خواردنی چەور و نەرمی بۆ دەپێچایەوە و دەینارد بۆ مەریوانی تاقانەی بەجێماو... لاوە جوانخاسەکەی دەزگیرانی کچە خۆشەویستەکەی...

***

مەریوان وەک تریشقەی شەڕ لەسەری دابێت...، بڕیاری دادگا وڕ و کاسی کردبوو...، لە



پاشدا وەک یەکێ لە خەوێکی سامناک و ترسناک و قورس بەئاگا هاتبێتەوە...، بەچەشنی شێت و هاری لێ هاتبوو...، جێگەی بەخۆی نەدەگرت... پەنجەی خۆی دەکرۆشت.. لێوی دەگەزی... هەمیشە هاواری دەکرد:

– بێ تاوانم...، ئاگام لە هیچ نییە...، ئەی کردگاری چەپکەرد...، چۆن، بۆچی منت وا لێ کرد؟! گوناهم چی بوو... تاوانکەر بۆی دەرچوو...، بێ تاوان تووش ببێت...؟!... کوا ویژدان؟؟! کوانێ دادپەروەریی...، کەسیش باوەڕم پێ ناکات...، بەتاوانکار و خوێنڕێژم دادەنێن...، ئەمە بەفەرمانڕەوایی نارەوا...، هەی هاوار...، تۆ تازە بەربوویت، بۆ شتێکی پیرۆز، ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ، تەنها ساتێک دڵگران نەبوویت، خۆزگە ئەم حوکمەت بۆ ئەوە بدرایە...

مەریوان پتر لە مانگێک، بۆ دوو مانگیش، وەکو شبر و شێتی لێ هاتبوو...، هەتا خەجیج خان سەرێکی لێ نەدا و دیدەنیی نەکرد لە پەرێشانیی نەکەوت...، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە خەجیج خان هات بۆ لای ئیتر هێمن بووەوە...، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە، هەرکە خەجیج خان دەرکەوت، مەریوان خۆی پێ ڕانەگیرا، دەستی کرد بەگریانی بەکوڵ:

«من بۆ گوڵە ژیاوم، ئێوەم لێ زویر بەن، بێوڵەتیمە، چونکە من بێ تاوانم، بێ گوناهم...، بەخۆڕاییی تووش کراوم...، بڕوام پێ بکەن، بەیەزدان...، بەچیتان بڕوایە...، بەچاوی هەمووتان، بەگۆڕی عەزیزەکانی ئێوە، کە هی خۆمن...» ئیتر بەپەرۆشەوە پەلاماری دەستی خەجیج خانی دا:

– بەساقەی چاوەکانت بم... مەریوان گیان...، ئەوە بۆچی هێندە شپرزەیت و وەها دەکەیت...؟!... خەم مەخۆ...، بۆچی بەم جۆرە ورەت بەرداوە؟؟ من وامدەزانی تۆ دڵخۆشی ئێمە دەدەیتەوە...، بەس نەبوو گوڵەم نەهانی...، خۆ تۆی بەم جۆرە بدیایە، دەتۆقی و ئێجگاری شێت دەبوو.

مەریوان تەزوویەکی ڕوونی حەوێنەر کەوتە هەناوی:

– بەقوربانی گوڵە بم، ئامۆژن گیان...، ئاخر چی بکەم...، دەستەڵاتم چییە...؟؟ من بۆ ئێوەش بووم بەئازار و دەرد...، تازە من بەکەڵکی چی دێم...، بۆ مردن چاکم...، توخودا ئەی گوڵە... من چی بکەم، یەزدانی گەورە؟؟ گوڵە گیان و دڵی من، گوناهی چی بوو بەمنەوە وەهای لێ بێت؟!

– کوڕی خۆشەویستم، بەخودا، بزانم وا دەکەیت و بەم جۆرەیت ئیتر هەرگیز ناتناسم،

دیدەنیشت ناکەم، ناشیەڵم گوڵە قاچ بێنێ بۆ ئێرە، ئەمە مەریوانی ژیر و بەڕاوێژەکە بوو ؟!... ئەمە تۆیت...

– دەسا چی بکەم، چارم چییە...، ژیان و جیهانم بۆ چییە، گوڵەشم لە دەست چوو، بەڵام با هەر من لە کیس بچم چاکترە، ئەو بۆ؟! لەم کاتەدا مەریوان دەستی کردەوە بەفرمێسک هەڵڕشتن، بەدەنگێکی بڕسکاوەوە خۆمم مەبەست نییە، نا، ئێوە، گوڵە، ئەو خزمانە، بووم بەئەرک و ئازار...، ژیانی ئاسوودەم لێ هەراسان کردن... ئەی ئێوە بۆچی بەدەست منەوە دامێنن و بکەونە ناخۆشییەوە ؟!...

– کوڕی شیرینم، ئێمە مەرجێکە و داومانە...، گوڵە یا بۆ گڵە، یا بۆ تۆ...، ئێمە واتەی بەهەشتیی مامت ناشکێنین...، گوڵە خۆشی لە تۆ زیاتر کەسی ناوێت...، ئێمەش هەموو هەر وا دەڵێین...، دڵ لە دڵ مەدە، ئەگەر پەرێشانی ئەمەی، دڵت تەخت بێت...، گوڵە پرچی سپی بۆ تۆ دەهۆنێتەوە، بەڵام بەمەرجێک؟!... ئەمە واتەی خۆیەتی و بەمنی سپاردووە «ئاسایی لێمی وەربگریت...»

– چی... مەرجی چی... بەچاوان... بەسەر سەر؟!!

ئەوەی کە ئارام ببیتەوە، دان بەخۆتدا بگریت...، خۆت تێک نەدەیت... بەتەمای ئەوە بیت کە هەر دەردەچیت و ڕزگار دەبیت، دێیتەوە دەرەوە، خودا دەرگایەک دادەخات، بەڵام هەزار قاپی دەکاتەوە...، دەبێت بۆ ئەو ڕۆژە بژیت کە یەزدان دەروومان لێ دەکاتەوە...، من لە دڵم چەسپیوە، هەقی هەقدار نافەوتێت و تۆ بەهیوای خۆت دەگەیت، دڵت ئارام دەبێتەوە...

مەریوان هاتەوە هۆش خۆی، گوتەکانی ئامۆژنی، دەرمانی کاریگەری دەروونی گوڕۆز و ئاڵۆزی بوو...، پاش تۆزێک بێ دەنگیی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، گوتی:

– ئامۆژن گیان...، وەک هاتی بەفریادم...، خودا بگاتە فریادت، لە هەموو دژوارییەکدا...، من ئەوا دڵم ئاسوودە بووەوە، کە بۆم دەرکەوت ئەمە باوەڕی ئێوەیە من پەرۆش و سووتاوی ئەمە بووم...، ئیتر لەم جیهانەدا خەمم نییە...، مەرج بێت ئیتر گرژیی نەکەوێتە ناوچەوانمەوە...، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت هەموو پەستیی و پەژارەیەکم لە دەست چوونی گوڵە بوو...، ئێستە بەواتەکانی تۆ، باوەڕم پەیدا کردەوە کە هەموو کارێکی سەخت و دژوار ئاسان دەبێت، منی زیندووی بێ تاوانیش، بەبڕوای پتەوی خۆشەویستی و ژیانەوە، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەم کە قورتار دەبم و بەئێوە شاد دەبمەوە...، من خاوەنی



باوەڕێکی پاکم...، ئێستە گشت بڕواکانم پتەوتر و خۆشم لە جاران قایمتر دەبم...

خەجیج خان بەپێکەنین و بەگەرمییەکی خۆشەوە:

– ئێستە بەدڵمیت، بوویتەوە بەکوڕە ئازا و بەڕاوێژەکەی جاران...، کوڕم، ئێمەش ئیتر کە تۆ وا ببینین، خەمی گرانمان سووک و ئاسان دەبێت و تا ڕادەیەکی چاک ئارام دەبینەوە...

– پەیمان بێت، ئەوا ئەم واتانەتم کردە تێشوو بۆ پاراستنی دڵ و گیانم، مەرج بێت، خۆم بۆ ئاواتی خۆشەویستیی ژیان هەڵبگرمەوە، بۆ ئەوەی دوارۆژی ڕەشی زۆرداران و تاوانکارانیش بەچاوی خۆم ببینم...، بۆ گوڵە و بۆ ئێوە بژیم...، ئامۆژن گیان، لەولاشەوە پارێزەرەکەیان ناردۆتەوە لام، لە هەوڵی گەرم دان...

– پشت ئەستوور بە، دەسا ئیتر بەخۆشیی بتبینینەوە، کوڕی شیرینم... مەریوان پەلاماری دەستی خەجیج خانی دا و ماچی کرد...، خەجیج خانیش باوەشی بەملی مەریواندا کرد و ناوچەوانی ماچ کرد...

– خوات لەگەڵ ئامۆژن گیان... بەپەرۆشەوە هەواڵی گوڵە خان دەپرسم، چاوی ماچ دەکەم، من چیم هەیە لای خۆتە و هەمووی هی گوڵەی جوانە توخودا بێ دڵی مەکە، سەر و ماڵم هی ئێوەیە...، بۆ خۆشەویستەکەمە...

– کوڕە کوڕم، ئەوە تۆ چی دەڵێیت، ئەی من ماڵم بۆ چییە ؟!...

خەجیج خان...، دڵی پڕ بووبوو...، ئیتر بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەپەلە خۆی دەرباز کرد و چووە دەرەوەی گرتووخانە، دەرگای بەندیخانە داخرایەوە...، ئەم دیدەنی کردنە و ئامۆژگاریی و واتەکانی خەجیج خان، وەک دەرزیی بەهێز و کاریگەر، درا لە گیان و دڵ و دەروونی مەریوان و ئیتر لەو ڕۆژەوە، خەم و پەژارەی لە دڵ بڕا و بریقەی هیوا کەوتەوە ناو چاوی، ڕووناکایی کەوتەوە نێوچەوانی...، پێڵووی گرژی چاوەکانی خاوبوونەوە...، ئیتر لەو ڕۆژەوە بەهیوا دەژیا و بۆ ئامانجی دڵ و گیانی بەپەرۆشەوە لە ئەندێشە دڵخۆشکەرەکان جودا نەدەبووەوە...

***

ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەیە، وا دیارە سەرکەوتنی پیلان و هەوڵەکانی دەرەبەگێتی بەنوشوستیی هەژار و ژێردەستە و جووتیاران تەواو دەبێت...، مینە بەر بوو، هاتەوە...،

ڕۆستەمە سوور دوای ئەوەی کوڕەکەی لە بەندیخانە ڕزگار کرد و نەیهێشت هیچی بۆ ببێت، کەوتەوە ناو دێ...، ئامەی ژنی بەنەخۆشی و کەنەفتیی لێی کەوتبوو...، ڕوویەکی خۆشی نەکرد بەلایەوە، لە جیاتی دڵدانەوە و چارەسەرکردن، کەوتە سەر و پۆتەڵاک کوتانەوەی...، ئامەش هەناسەی ساردی پڕ خەم و خەفەتی هەڵدەکێشا...، لە دڵی خۆیدا سێ و دووی ئەوەی دەکرد کە چۆن ڕۆستەمە سوور هەمیشە خەریکی داوێن پیسی بووە...، ئەو ڕۆژانەی دەهاتەوە یاد کە ماوەی وا هەبوو مانگی جارێک جێگەی ئەمی نەدەدی...، یا چۆن ئێستەش بەو کەوڵە کۆنییە هەر خەریکە و بەهیچ دانامرکێت...، گەلێک بیری کردەوە...، بەڵام ئەنجام هەر ئەوپەڕی بێزاریی و بەزین بوو، بەرامبەر بەخۆشیی ژیان... تا دەهات لاوازتر و بێ تواناتر دەبوو...، وای لێ هاتبوو خواردنی بەتەواوی نەما بوو...، بەزۆریش پاروویەکیان پێ دەرخوارد نەدەدرا...، کە مینە هاتەوە تۆزێک گەشیی کەوتە دڵییەوە...، بەڵام کۆستێکی نوێ، ڕۆستەم وەک سیپاڵێکیش سەیری ئامەی نەدەکرد، پاش چەند ڕۆژێک لە هاتنەوەی مینە، ڕووناک درا بە سیروان ئاغا لە ناوچەی (ش)...، ڕووناک گەلێ هاوار و شین و ڕۆی کرد، بەڵام بێ کەڵک بوو، هیچ دادی نەدا، ڕۆستەمی چڵکاوخۆر، دەمێک بوو پەیمانی دابوو بەئاغای دەموچاو ئاولاویی چاو قرپۆک، کە خاوەنی دوو ژنی تر و هەشت منداڵ بوو، لە قەبەلێدا دوو پارچە زەوی چاکی لە بری شیربایی لێ وەرگرت...، هەمووی پانزە ڕۆژی پێ نەچوو، دوای ئەوە ڕووناک گوێزرایەوە...، ئامەی سەرسەخت گەلێک دەستەودامانی مینەی کوڕی بوو کە نەیەڵێت ڕووناکی خوشکی، بەو منالّی و جوانییە بدرێت بەپیرەکەرێکی بێ ڕەزا کە دەڵێی مۆتەکەیە...، بەڵام کەڵکی نەبوو...، مینەش لە باوکی کەللە شەقتر و کۆنەپەرستتر و بیر ڕەشەتر...، بەناڕەوا، لە وەڵامدا دەیگوت:

– ئێوە چوزانن، قازانجی ئەو لەمەدایە...، پشت...، زەوی و سامان، وەجاخی بەرز و بەنرخ...، ئەی کێ باشە؟! ئەو هەتیوە شارییە لەوێوە کەس نەناسە؟! سەد و پەنجا دۆنم زەوی، کێ ئەوە لە دەست خۆی دەدات. مینە هەر لەو کاتەدا و لە دڵی خۆیدا بەخۆی دەگوت:

«هەتیو مینەی جرتوفرت، ئەوە یەک قازانج، دوایی ئەوەش هەر بۆ خۆتە، هەر کات سیروانیش لار بووەوە، هی تریشی دەچێتە سەر...، دەترسم تۆش وەکو ڕۆستەمی باوکت لێ بێت، چاوت هەر پڕ نەبێتەوە، نا نا، تۆ وەک ئەو نیت،...»



– مەرج بێت لە هیچ کۆنەکەمەوە...

– دەبێت لەوانە هەقی خۆت بکەیتەوە، نەگریس هێشتا ماوتە لە باوکتەوە فێر ببیت هێندە بەخۆت مەنازە...، مینە گاڵتەشی بەدایکی دەکرد... بەتەشەرەوە دەیدواند...، دایکیشی هەرچەند چاوی سیسبووی نەخۆشی کوشندەی لێک دەنا، ڕووناکی دەهاتەوە پێش چاو...، کوڵی گریان و هەنسکی گەرموگوڕی کچە بێ ناز کەوتووەکەی وەک زەنگ لە گوێیدا دەزرنگایەوە...، بەڵام دەنگدانەوەیەکی بێ هیوا، تاسا و لە دەریای قووڵی نامرادیدا...، وەک شیشی سوورەوەکراو بەجگەریدا کرابێت، ئێجگاریی ژانی پێ کردبوو...، ئەمەش وەک خۆرە بەهێجگاریی ناو سکی دادەڕزاند و بەرەو لێواری گۆڕی نزیکتر دەخستەوە...

ڕووناک گوێزرایەوە...، شایی شیناوی و بەزمی بەگۆبەنگ تەواو بوو...، فرمێسکی خوێناوی کەوتە سەر پەردەی سپی بووکێنی...، ئاخوداخی دڵی نامراد، لە سینەی لاوێتی بووکی ژێر چنگی خوێناویی دڕندەی چاوی شەیتان پەنگی خواردەوە...، دڵیش دەیویست لەت ببێت و ئاسوودەیی بدات بەگیان، بەڵام دەستی بەستراوی بەخۆیدا نەدەگەیشت تاکو لەشی ماندووی پەژارەش کفت و کۆ بنێ...، دوای دوو هەفتە لاشەی بێ گیان و باوەخوون کرایەوە بۆ ماڵی باوکی...، هەرکە هاتە ژوور سەری دایکی، بەدەم هەنسکی گریانەوە گوتی:

– دایکە گیان، ئەوە بۆچی وەهات لێ هاتووە...؟؟...، بەخودا منیش وەک تۆ نەخۆش دەکەوم و دەمرم...، من بەزیندوویی زیندەبەچاڵ کراوم، خۆم دەزانم ڕۆژێک دڵم دەپچڕێت و ئیتر دەم بەیەکدا نادەم...، ئەوەشم پێ خۆشترە لە ژیان لە باوەشی ڕموزنێکی وەک جانەوەردا...، ئەوەی گوت و خۆی دا بەسەر دایکیدا، هەنسکی کوڵی جۆشە خەستەکەی دەروونی پەستی بۆ نەدەوەستایەوە...، دایکەش بەمە ئێجگاری بوو...، وەک پەتت نابێتە بینی، لە دڵی خۆیدا «هەقی من و ئەم کچە بێ گوناهە لە دنیا و قیامەتدا ڕووی ڕەش بێت...» ڕووناک سێ شەو لە لای دایکی مایەوە، باوکی بەوردی چاودێریی دەکرد... ڕۆستەم، هەر خۆت دەیزانیت، ئەم بێ ئەقڵانە لە چی دەزانن، گوایە حەزی لە دەمڕووتێکە، هەر ئەوەمان ماوە سبەی بیباتە شار و هەتیو و مەتیو کوڕێنی بەسەرەوە بکەن، ئەو بەسەزمانە لە چی دەزانێت، بکەوێتە کۆڵانێکی چەتوونەوە لەوێ فێری چاوبڕکێی بکەن، بتدایە بەو مامۆستا بەرەڵایە لەوانە بوو سەر و قاچیشی پێ ڕووت

بکردایە، بۆ خۆت و کچیشت دەبووە شوورەیی...

– سیروان ئاغا پڕاوپڕە، دەسەڵات، بڕشتی پیاوەتی، دیوەخان و سامانی زۆر، زەویی و بەراوێکی زۆر، لە لووتی کچەکەت دێتەوە...

ڕووناکیش کاتێک کە بەزەبوونیی و دڵی شکاوەوە، بەوپەڕی پەرێشانییی، بۆ ماڵە باوان گەڕایەوە، هێشتا جێی لووتە خەنجەری شەوی زاوایەتی سەرپشتی دەستی ڕووناک سارێژ نەبووبووەوە...، کە باوکی وەک دەرکردن، بەتووڕەیی نەڕاندی بەسەریدا بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ کاولبووەکەی خۆی...، پێشی ڕاگەیاند کە دەبێت وەک کۆیلە سەر بۆ ئاغای مێردی دابنەوێنێت، دەبێت دەست دابنێ خاووخێزانی ئەوی بەسەردا بڕۆن...، دەبێ خۆڵی ژێر پێی سیروان ئاغا بێت، ئەوسا کچی ئەو دەبێت...؟! ئەگینا...؟!

ڕووناک لە ماڵە باوانی شێواوی سارد و سڕەوە بۆ دۆزەخی تەنگوتار ڕۆیشتەوە...، بەڵام لە دڵی خۆیدا هەزار مەرگی بەئاوات دەخواست...، خۆی بەخۆی دەگوت:

«باشە تۆ بۆچی ڕەدوو نەکەوتیت...؟!...» ئاخر ڕزگار...، ڕزگاری بەڕەوشت پێی باش نەبوو، ئەی بەتۆی نەگوت: ئەو کارە بۆ هەردووکمان نەنگییە، هی دنیای تاریکستانی دواکەوتەییییە... جا با وابووایە...، ئاخر دوایی ڕزگاریان دەکوشت و ئەوسا قوڕی خەستت بۆ خۆت دەگرتەوە...، قیروسیا لە خۆت، ئەی تۆ چەند جارێک نەهاتیتە سەر ئەوەی خۆت بسووتێنیت، لەبەر کێ وازت هێنا، هەر لەبەر مامۆستاکەی خۆت نەبوو؟!، لەبەر ڕزگار گیان نەبوو؟! هەر خۆت نەتگوت بڕیار بێت ئیتر هیچ خەفەتێکی تری بۆ دروست نەکەم... ئەی چەند جار ئەو جوابی بۆ نەناردبوویت؟!، بەوەفایی ئەو هەتا ئێستەش بێ سنوورە، خودا باوکت و کاکت بگرێت، ڕزگار بەو بێ گەردییەی خۆیەوە هەر بەتەماتە، دەڵێت بەشکو... ڕووناک لە تاو قیژە و هەراوهوریای بەری دوو ژن و ماڵێکی جەنجاڵ، دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی داخستبوو، لەو کاتەی بەسەر بیر و ئەندێشە ناخۆشەکانیدا تلێسابووەوە، لەپڕ و بەپرتاو کچە گەورە جرپنەکەی سیروان ئاغا تەق دەرگای دا بەیەکدا...، ڕووناک داچڵەکی، هاتەوە هۆش خۆی: «دادە ڕووناک، باوکم هاتەوە» ئەمیش چاوی بەخەفەتی لێک نا و خۆی کرد بەنووستوو...

***



## ١٠

مام زۆرابی کۆڵووی پیری پەککەوتە...، ئەم ماوەیە لە گەڕەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی گیرسابووەوە...، بەرد هەڵکەندنی کردە پیشە...، هەموو بەیانییەک زوو، هێشتا تاریک و لێڵ بوو...، بۆ بەرەو (گردەگڕوێ) بەپێ، لارەوە لارەوە بەڕێ دەکەوت...، پریاسکەیەک نان و پیازی دەبەستە پشتی، قۆرییەکی قوپاوی فافۆنی ڕەشی بن تێگیراوی هەڵدەگرت، جاروبار لە زستاندا هەندێک خورمای کوردکوژە و بەهاوینیش تەماتە و کەوەر، یان تەڕەپیازی دەخستە توێشووەکەیەوە... مام زۆراب لە ئەرک و ئازارێکی بێ ئەندازە دابوو...، تا بەردێکی بەنۆیڵ و قازمە لە ناو سکی زەوی هەڵدەکەند، ناو سکی دەکەوتە خوارەوە، یەکەم جاری کە هاتە سەر ئەم ئیشە و کانەبەردی بینی، سەری سوڕما، لە ژووررووی شاری سلێمانی، لە بناری شاخی گۆیژە، بەدرێژایی سێ چوار گردی گەورەی ماوە فراوان، کون کون کراون، هێزی پاڵە کردوویانن بە شاری بازوو وەشاندن و تەقەڵلای بێ وچان...، لە سلێمانییەوە سەیری دەکەیت، وەکو دێیەکی خانووی قوڕین دێتە بەرچاو...، بەڵام کە نزیک دەبیتەوە، لە هەموو لایەکەوە تەقە و ڕەقەی ئاسن و بەرد بەیەکدادان، بەئاسانی دێتە بەر گوێت...، سەر دەکەیت بەهەر کونێکدا، دیمەنی سەیر دەبینیت، کەندڕێکی قووڵی فراوانە، هەندێکیان هێندەی حەوشەیەکی گەورە دەبێت، سێ لای گڵی قەڵا بەقەڵا...، لە ناوەوە دەستی کردگاری سروشت تاشەبەردی لە ناو سکی زەویدا بەڕیز و لەسەر یەک هەڵچنیووە، بەیەکدا نووساندوونی، بۆ ئەوەی ئەرک و کۆششی چینی چەوساوە سەختتر و دژوارتر بکات، یان دەبێت بۆ ئەوە بێت کە ڕادەی خەباتی چینایەتی پێ دەربخات، ئەوەتا بۆ پارووە نانێکی ڕۆژ بەڕۆژ، ئەرکی ڕۆژانەی مام زۆراب بەوە دەستی پێ دەکرد کە بەیانی، هەر زوو، شەوەکی دەبوو ماوەی نیو سەعات بە سەرەو ژوورەیەکی ڕەقەندا، بۆ کانەبەردەکان هەڵبزنایە... جگە لەوە، مام زۆراب هێندەی بەردی قورس و گران هەڵگرتبوو پشتی ناوکەڕێژ بووبوو...، هەموو ئێوارانێک لە لای تووەکەی شێخی نەمرەوە، ماوەیەک لەسەر کارێزەکە، ماندوویێتی خۆی دەحەساندەوە...، کە دەهاتەوە خوارەوە بۆ مەڵکەندیی، بۆ ماوەیەک لە گوێ بانیژە، لەگەڵ هەندێ کەسانی گەڕەک دادەنیشتن، گوێی لە وتوویژی ئەم و ئەو دەگرت...، کاتێکی دەزانی دەکەوتە وەنەوزە کوتێ...، دوایی باوێشکێکی بۆ دەدا و بەرەو پشتیرە پڕ کەمێڵ و گەوورەکەی ماڵی

حاجیلە دەڕۆی...، تیر نانی ڕەقی دەگوشییە ئاوی شلەوە...، یەک دوو چای خەستی بەسەردا دەکرد...، دوایی وەک چەقۆ بەملیدا بهێنێت...، کاتێکت دەزانی خەو لاسی پێ دەبردەوە، حاجیلە زۆر دڵ نەرم بوو، شێوان خودا هەرچی بدایە، زۆرابی لێ بێ بەش نەدەکرد... مام زۆراب زۆر شادمان بوو. بەم ژیانە پڕ ئەرک و ئازار و کوێرەوەرییەشەوە...، لە چاو ئەوسای لادێدا، بەلای خۆیەوە، وەکو لەوپەڕی ڕێزداریدا بێت، وەها بوو...، هیچ خەمێکی نەبوو، تەنها جاروبار بیری گوندەکەی خۆیانی دەکردەوە...، بیری لە جێی یادگاری ترش و تاڵی خۆی و باووباپیرانی دەکردەوە...، هەر لە ڕۆژانی منداڵیی و لاوێتی و پیرییەوە، تا دەربەدەرکردنی خۆی، جاروباریش، دوای نوێژ، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، ڕووی لە پەروەردگار دەکرد: خودایە نازانم بۆچی بەهەندێک دەدەیت و بەهەزارانی تری وەکو منیش، نەء؟! شەوی پێشوو یەکێک بوو لەو شەوانەی کە بیری گوندەکەی خۆیانی دەکرد...، خۆزگەی بەسەردانێکی دەخواست...، هێندەی بیر کردەوە تا شەویش خەوی پێوە دی، لە خەویدا گەڕابووەوە بۆ گوندەکەی خۆیان...، بەڵام گوندەکەیان زۆر ئارام و بێ خەم بوو...، ڕۆستەمە سوور و دەستوپێوەندەکەی لەوێ نەبوون، لە خەویدا زۆر شادمان بوو...، بەدەم خەوەوە لە بەیانییانی تر زووتر بەئاگا هاتەوە...، پریاسکەی بەستە پشتی و ڕووەو گردەگڕوێ کەوتەوە ڕێ، وەکو هەموو بەیانییەک...، هێشتا مستۆی هاوەڵی نەهاتبوو...، دەستی دایە پیک و لەگەڵ بەردێکی بنەوەی کانەبەردەکە خەریک بوو، هەر ئەو بەردەی دوێنێ شێوان بوو کە بۆی دەرنەهاتبوو... کەمێک لەگەڵیدا خەریک بوو، ئەمجا هاتەوە دەرەوە لەسەر تەپۆڵکە گڵی بەردەمی کانەکە، بەرامبەر سلێمانی دانیشت، سلێمانی جوان وەکو خوانێکی ڕازاوەی دلۆڤان، سفرە ئاسا لەبەردەمیدا ڕاخرا بوو... «بەخودا شارێکی دڵگیرە، خۆزگە هەر لە منداڵییەوە لێرە لە دایک ببوویتایە، تووشی ئەو هەموو چەرمەسەرێ و دەردیسەرییە نەدەبوویت...، کوڕە زۆراب وە نەبێت ئەم شارەش پشێوی نەبووبێت...، کاتی خۆی گرانییە گەورەکەی دیوە، ئەی شەڕەکەی بەردەرکی سەرایان بۆ نەگێڕاویتەوە، شاڵڵا تۆ ئەو عەولە سیسەی ئەوسایە بوویتایە، یان ئەختەرەکەی ئەم دواییەی هێنانەوەی تەرمی شێخ، بەو جوانییەی کچی تۆ بووایە، تۆش ئێستە پیاوێکی پیاوانەی ئەم شارە دەبوویت...، هێی هێی، باشە لەو بەردەرکی سەرایە جوعمەی پێشوو چیت نەدی... برمێ و بڕووخێی موهازەرەچییەکان و شەڕەتێلاو شەڕە بەردی پۆلیس و ئەمنییەکان، پەنجا زیاتر سەر و قاچی تێیدا شکا و بەدەیانیشیان لێ سەرەونگوم کردن؟! دانیشە زۆراب...، دانیشە بەدەردی خۆتەوە، خەیاڵ پڵاوی قۆڕی چی



لێ دەدەیت...» مام زۆراب سەیرێکی قووڵی سلێمانی کردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، سەیرێکی کەندرە قووڵەکەشی کردەوە، گوڕی دایەوە خۆی «بڕۆ بەلای بەردەگۆرینەوە...» ئەم پیرە بەغیرەتە نوێڵی لە تاوێرە بەرد گیر کردەوە، کەوتە پیک لێدان و دیسان بۆی دەرنەهات...، پاچی لێ گرت بەدەستەوە، کەوتە بنکەندکردن و هەڵکۆڵینی بنی تاشە بەردی عاسی بوو، خۆی ئازاتر کرد، ویستی داخی خۆی بەوتاوێرە سەختە بڕێژێت...

– ئەمە چی بوو، بەخودا «مستۆ» دوێکە ڕاستی کرد کە گوتی:

«دەبێت گڵ و بەردی سەرەکەی سووک بکەین...»، خۆ هەر دەرنایەت...، دەسا قەینا کات، با من هەموو لاکانی بنکەند بکەم، بەشکو لە ڕیشە دەربێت...

مام زۆراب زوو لە خەو ڕاپەڕی بوو، بۆ یەک کاتژمێر خەریک بوو، تاوێر هەر دەرنەهات...، ماوەیەکی زۆریش بوو بەردیان لەم کانە دەردەهانی، بێ ئەوەی سەرەکەی سووک بکەن...، کانەکە وەک ژوورێکی قووڵی لێ هاتبوو هێندەیان بەرد لێ دەرهێنا بوو...

مام زۆراب کەوتە نقەنق، ئارەقی دەڕشت و هێز و بازووی دەڕەتاند

– ئەوا تاوێرەکەم بزواند...، با نوێڵەکەی لێ گیر بکەمەوە، با ڕابکەم... ئا لەم ساتە ترسناکەدا، ڕەوانی فێرە ترسی زۆراب ڕاچەنی، کەوتە نێوانی هەوڵی کارەکەی و پاراستنی ژیانی پڕ مەینەتیی و بەچەرمەسەریی خۆی...

«ئەها، خەریکە لە جێی خۆی بجووڵێت...، بەڵام گڵ زۆر دێتە خوارەوە، ئەوە چییە ئەو هەموو تەپوتۆزە، بەردەکە خەریکە بنەوێ...، هەی هاوار، ماڵی کاولم، کانەکە هەرەسی هێنا... هەی ها...»

گڵ و بەردی کان هەرەسی هێنا و بەسەر مام زۆرابی کەساسی بێ داڵدەی هەژاردا ڕما، گێژەلووکەیەک و تەپوتۆزێکی زۆری بەئاسماندا لوولدا، وەک چەڕە دووکەڵێکی خەست ئەو ناوەی تەنی... سۆزی دەربەدەرێکی بەمەینەت، لە توونێلی کانی هەرەس هێناوی گردەگڕ وێدا خنکا و توونا بوو... هەر لەم کاتەشدا بوو مستۆی هاوەڵی مام زۆراب گەیشتە بەردەمی کانەکە...، گوێی لە هاواری لەپڕی مام زۆراب بوو...، بەڵام گرمە و ناڵەی هەرەس هێنانی کانەکە، بەسەر هەموو دەنگێکی تردا زاڵ بوو...، زەوی لە ژێر پێی مستۆدا لەرییەوە...، گەزێک بەئاسماندا چوو...، بۆ ماوەیەک لە جێی خۆی وڕوکاس حەپەسا بوو...، دوایی پاشەوپاش بەشپرزەیی ترسا و گەڕایەوە دواوە، لە ناخەوە لەرزی و دڵی کەوتە کوتەکوت، شڵەژا و بۆ ماوەیەک زبانی گیرا، دوایی کەوتە کۆکەکۆک و هاوار

هاوار، بەسەری خۆیدا دەکێشا و دەپاڕایەوە:

– فریام بکەون...، کوڕە هاوار وەرن بەدەنگمەوە...، بمگەنێ، بۆ خاتری خودا، هەی هاوار... (هێندەی بلێیت یەک و دوو، هەموو بەرد هەڵکەنەکانی دەوروپشت و ئامادەی ناو کانەبەردەکانی تر دەرپەڕینە دەرەوە...، هاتن بەدەنگەوە، دەستبەجێ بەپەرۆش و پەرێشانییەوە دەستیان کرد بەگڵ و خۆڵ و بەرد لابردن...، سێ چارەکێکی خایاند هەتا لاشەی کوتراو و پلیشاوە و جنراوی مام زۆرابی بەمەینەت و مردوویان لە ژێر خۆڵ و بەردی کانی ڕووخاوی هەرەسدا دەرهێنا، بەرد هەڵکەنەکان هەریەکە بەجۆرێک دەدوان... «گوناهە...، خودا خۆشییویست...، بابە خەتای خۆی بووە...، هەژار و دەربەدەر بوو، ڕزگاری بوو» مستۆ لە کاتی گڵ لابردندا هەر لە بیرکردنەوە و گریان نەدەکەوت، لێوی خۆی دەکرۆشت و دەیگوت:

«ئای کە چەوساوەیەکی دڵپاک بوویت، بەچنگەکرێش بووایە کارەکەت مەیسەر دەکرد، بەو حاڵەشەوە لە من بەچنگتر بوویت، کوڕە زۆراب هەتا دوێنێش چەندم پێ گوتی کە ئەو گڵ و خۆڵەی سەر کانەکە دەبێت سووک بکەین و لایبەرین...، ئەوەندەمان بەرد لێ دەرهێنابوو تەواو قووڵ بووبوو...، بەڵام هەر بەگوێت نەکردم...، پەلەت کرد...، ئەوەشت هەر لە دڵسۆزی و بێ فێڵی خۆتەوە بوو... مەرج بێ ئیتر لە دوای تۆوە ئەم ئیشە نەکەم...، گەر بووم بەدەروازەکەر، ئەم بەردە هەڵنەکەنم...، ئەم کارە سەختە نەکەم...»

لەم کاتەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوی سڕی، سەیرێکی تەرمەکەی مام زۆرابی کردەوە، ئەمجا ڕووی کردە بەردهەڵکەنەکان

– تۆخودا پێم بڵێن، بەچ دڵێکەوە ڕوو بکەمەوە ئەم گردە پڕ مەخسەرە و بەئەرک و ئازارە...، ئەوە چەند ساڵە ئەنجامی کرێکارەکان یان مردنێکی ئاوەها ترسناک بووە، یان نەخۆشیی و گۆجی و دەست و قاچ شکان...، هەموو ناوکەڕێژ بووین، ئەوەندەمان بەرد هەڵکەند و هێندەمان خستە سەر پشتی ئێستر و دامانگرتەوە...، گوایە ئیتر بەسمان نییە؟! لە نانەسکی زیاتر کە بۆمان ماوەتەوە، چیمان دەست کەوت، ئەوەی ئەم ئیشەی کردووە، وەک قالۆر، دوای چەندین ساڵ، کۆمە کۆمە لەسەر سەکۆی مزگەوت داخ و خەفەتیان بۆ یەک هەڵڕشتووە...

بەم جۆرە لاشەی پلیشاوەی مام زۆراب بەرەو مزگەوتی گەڕەکی مەڵکەندیی برایەوە...، هەموو بڕیاریان دا کە لە گردی جۆگا بینێژن...، بەڵام مستۆی هاوڕێی هاتە پێشەوە،



بەچاوی سوور و پێڵوی پڕ لە فرمێسکەوە، گوتی:

– براینە، خزمینە...، بەقوربانتان بم، مام زۆراب هەمیشە تکای لە من کردووە...، وابزانم کە مامۆستاش ئاگادارە...، پەیمانی لێ وەرگرتووم، سوێندی داوم، کە دەبێت کاتی مردن بیبرێتەوە گوندەکەی خۆیان و لەوێ بنێژرێت...

گوتی: «من هاوئێشم بووە، خۆشم قەرزار ناکەم... من لەگەڵی دەڕۆمەوە گوندەکەی خۆیان...»

دوای وتووێژ...، هەموو بڕیاریان دا کە بیبرێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان...

مستۆ یەکەم کەس بوو هاتە بەرەوە، لەگەڵ دوو کەسی تردا بڕیاریان دا کە لەگەڵی بچن و بیبەنەوە... بەم جۆرە تەرمی مام زۆراب لە مەیتخانە هێڵرایەوە، پۆلیسیش هات، دوای ئەوەی ڕۆژێک لە تیمارخانەی گەورە، بۆ سەیرکردن و ڕاپۆرت هێشتیانەوە... ئەمجا بەرەو هەواری یادگارە ونەکان برایەوە...

***

هەر ئەو ڕۆژەی کە تەرمی مام زۆراب کرایەوە ناو دێدا... ناو دێ ورووژا بوو...، دەنگی شیوەن و گریان هەموو گوندەکەی پڕ کردبوو...، زۆربەی ماڵەکان خەریکی خواردن ئامادەکردن بوون کە بینێرن بۆ ماڵی ڕۆستەمە سوور...، بۆ هاوبەشبوون لە پرسەی ئامەی ژنیدا و بۆ ئەوە ڕەوشی هاوماڵەکی خۆیان بسەلمێنن و بەجێ بێنن...

کوێخا لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەرزاریی مات و بێ دەنگ دانیشتبوو، خۆی بەخەمبار و دڵتەنگ دەردەخست، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە دڵدا یەک دەنک باکی نەبوو...، هەر لە ئێستەوە مرخی خۆی لە یەک دووانێک خۆش کردبوو کە هەوڵی هێنانیان بدات، کچێکی منداڵکاری ماڵە خەزوورانی ڕووناکی کچی...، کیژێکی شانزە ساڵی گوندەکەی خۆیان...، بەڵام لە پێش ئەم دووانەدا خەجیج خان؟!...

«ئاخوداخ، خەجیج خانی خەرامان، فەرشی کاشانە کاشان، ڕۆستەم، ئەو خۆزگەیەت نەبردایەتە گڵ، ئەگەر بۆت لاس بدرایە زۆر چاک دەبوو...، بەخودا لە دەمێکەوە پێوەی دەتلێیتەوە، ئای کە حەزت لێیەتی، ئای کە دڵت پێوەیەتی...؟!، ئەوا ئەم قۆرتەش نەما...، ئامەش ڕۆی و ئۆغری کرد...، بەشکو قایلی بکەیت...، بەپارە، بەسامان، بەزەوی و بەهەر شتێ کە خۆی دڵی بیخوازێت و لێتی بوێت...، هەر هێندەی قایل بوو گورزی

خۆی دەوەشێنێت... گوند بۆ تۆ دەبێتە ماستی مەییوو... دایک و کچ بۆ باوک و کوڕ، ئیتر کێ دەتوانێت بڵێت لەل...، زمانی دەبڕێت و قاچی دەشکێنێت، لەملاشەوە، دەست و دەمی خۆت و کوڕت بەهەنگویندا دەچێت، «هەم ئێشەک و هەم دۆشەک...» ڕۆستەمە سوور لەو کاتەدا سەیرێکی مەلای کرد، بزەیەک گرتی، مەلا دەنک دەنک تەزبیحەکەی بەیەک دادەدا، دەمی دەجووڵاند و سووکە سووکە سەری دەلەقاند، فەقێ ناوە ناوە قورئانی دەخوێند و فاتیحەیەکی دادەدا، ئیتر هەموو دەمیان دەجووڵاند...، چاوێکی بەخەڵکەکەدا گێڕایەوە، پاکەتی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشایەوە

دووکەڵێکی زۆری بەبا کرد...

«خۆ وا مەریوانیشی لە دەست چوو، دەبێت هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ بدەیت، لە پێشدا بۆ گوڵە و مینە...، ئەو ڕام بکرێت، کاری تۆش ئاسان دەبێت...، ئەگەر تۆ مینەی کوڕت بناسیت، ئەم جارە ئیتر گوڵە لە دەست نادات...، بەهەر شێوەیەک بێت لە خشتەی دەبات...، بەخودا ئەمەی بکردایە باش دەبوو...، دەسا پێویستە بۆ ئەم کارە هانی بدەیت، لەم بارەیەوە هەرچی بکات خۆتی لێ گێل بکەیت...، هەر چۆنێک بەجێی بهێنیت، مەرج ئەنجامی بەدەستهێنانە، ئەم سەرکەوتنە، بەفێڵ بەتەڵەکە...، کوڕە هەتا بەزۆرداریی و بەدەستهێنانیش و بەیەدەستکردنی...، لە دەشت، لە ماڵێکدا...، یان بەهەر جۆر و هەر نرخێک بووایە...؟!، خۆزگە بەشەوی نیوە شەو دەچووە سەر جێگاکەی و...، یان بەهۆی یەکێکەوە دەرمانی بێ هۆشی دەدایە و...» ڕۆستەمە سوور لە حیرسی دڵی خۆی ئاگای لە هیچ نەما بوو، هەستایە سەرپێ، بەپەرۆشەوە، وەک بڕسکانێک

– ئەم کارە چۆن دەبێت...، بەخودا کارێکی دژوارە...

دانیشتوانی پرسە وایانزانی ئەمە بۆ ئامەی ژنی وەها دەڵێت، بەدڵدانەوە کوێخایان دانایەوە...

– کوێخا ئیمانت بەقەوەت بێت!؟...

– کوێخا ئەمە کاری خودایە...، دەستەڵات نییە...

– قوربان ئەوە کەی تۆ هێندە بێ ورە بوویت؟!...

کوێخا هاتەوە هۆش خۆی...، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:



«هەی هەی، کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە...»

بەڵێ ڕۆستەمە سوور، بەڕووکەش پەست و خەمبار...، لە دڵی خۆیدا بەم بیرانەوە خەریک بوو...، هەر لەم کاتەدا دەنگە دەنگی هێنانەوەی تەرمی مام زۆراب لە بیرکردنەوەی خست...

دانیشتوانی گوند، وەک پەلەیان بێت، زوو بەزوو مام زۆرابیان ناشت...، بەڵام پرسەی مام زۆراب، وەکو پرسەی ڕۆستەمە سوور نەبوو، بگرە هەر پرسەش نەبوو، تەنها کەسێک کە شیوەنی بۆ بکات و بۆی بگری، هەر پیزە بوو... ئەوانی تر هەموو دەیانگوت «چاکتر...، ڕزگاری بوو...؟!» زۆربەیان دەیانگوت... «پیرە قرخنی وەها هەر بۆ مردن چاک بوو...» دڵنەرم و خاوەن بەزەیی و پیاو چاکەکانیش دەیانگوت:

«لە کوێرەوەریی و چەوسانەوە و مەینەتیی ڕزگاری بوو...»

«تروسکەیەکی شادی لە ژیانیدا نەبوو...»، «ساتێک خۆشیی نەدی، وەک بۆی بڕابێتەوە، چەرمەسەری و ئەرک و ماندوبوون و پشووبڕیی»، «ڕۆژگار و ڕژێمی چینایەتی کردبووی بەپارچەیەکی قاڵبووی دەستی مەینەتیی...»

پیزە لە کونی ژوورەوە، بۆ بێ کەسی خۆی، فرمێسکی تەنهایی وشک نەدەکرد...، بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێت و هەستی تەواو بەلێقەوماویی ئەم باوان شێواوە بکات...، خۆ براکەشی سەربازی گیراوە...، ئەو یەک دوو دینارە مانگانەیەی کە وەریدەگرێت هەر بەشی جگەرە و فیشەفیشی تووتنەکەشی نەدەکرد...، بەم جۆرە، پیزە بۆ ماوەیەک سەری خەفەتی بردە کونی ژوورە تەنگ و تاریکەکەیانەوە...، جاروبار ماڵی خەجیج خان، وەک بەزەیییەک، دەیاننارد بەدوایدا، لای خۆیان چەند ڕۆژێک دەیانهێشتەوە...، زۆر جاریش چاودێرییان دەکرد...، پیزە بۆ بێوڵەتی خۆی کەوتبووە قڕوسکە، شەپۆڕ لە ناخ و هەستیدا قوڵپەی کوڵی دەهاتێ...، مێشکی پەڕپووتی وەک کەشتییەکی شەق و شڕی ناو گەرداو، لەمبەری کەنارەوە بۆ ئەوبەر تووڕ دەدرا و یا پێی دەکرا، بێ ورەیی تووشی نەبەنگیی کردبوو...

«پیزەی نەگبەت تۆ چی دەکەیت...، ماڵی خەجیج خان ئەوپەڕی میهرەبان و چاک، مینە و کوێخا دژ بەوان جەربەزە و دڕندە، هەر بزانن بەتەواوی بەلایاندا دەچیت، ڕقت لێ هەڵدەگرن قوڕت بۆ دەگرنەوە، تۆ لە ناو دۆڵیانی ئاشێک دایت، ساتە نا ساتێک، بەقووتدا دەچیت، دووتای بەرداشی هەردوو لا دەتهاڕن، بەئەستۆ شکاویی تووڕت دەدەن،

بەلای بنچکی هەر لادا گیـرسایتـەوە، ئیتـر دەبێت پەنای بۆ بەریت، وا چاکە خـۆت ساخ نەکەیتەوە، ئەمە چارەنووسی تۆیە، خۆ تۆ لە باوکت زیاتر نیت، لەم لێقەومانەدا دەتوانیت سەر بەکوێوە بنێیت؟!...»

***



# ١١

نزیکی مانگێک بەسەر ئەم کارەساتانەدا تێپەڕی...، ماڵی ڕۆستەمە سوور وەکو ئاشی ئاو کەتووی لێ هاتبوو...، هەر کـەسە چووەوە ماڵی خـۆی و بەدەردی سەری خۆیەوە خەریک بوو...، سەریان هانی و سەریان برد، کەسێکیـان نەدۆزییەوە بێت و ئیش و کـارێکیـان بۆ بکات...، دوایی هەر هاتنەوە سـەر پیـزەی سـەر بەمـەخسـەرە...، میـنە یەک دووجـار چووە ماڵەوە بۆ لای...، بەڵام قـایل نەبوو، دوایی ڕۆستەمە سوور پێی بەجەرگی خۆیدا نا و چوو بۆ کونەکەی...

– پیزە، کچم، ئەوە بۆچی لێمان عاسی بوویت، پیزە ئەوە لە ماڵ نیت؟!...

پیـزە دڵی داخـورپا، سـەری لە کـون دەرهێنا و بەتەریقـبـوونەوەیەکی زۆرەوە ڕایکردە بەردەمی، دەستەکانی دەهانی و دەبرد:

– ئەیەڕۆ، ڕووم ڕەش بێت...، کوێخا، ئەوە تۆ هاتوویت؟!

– کچم، تۆ وەکو کچی خۆم وایت، ئێستـەش ئێمە لێمان قەوماوە، ئەگەر لە لێقەوماندا بەدەم یەکەوە نەیەین، دەبێت بۆچی باش بین...، گوایە ئێمە بەباش نازانیت بێیتە ماڵمان و یارمەتییـەکـمان بدەیت...؟! من نەختـینەی مـاڵەکەم دەخەمـە بەردەستت...، تـۆ ئەمەت بەخەو دەدی؟!...

– خوا نەکات، ڕایەم چییە...، من هەر نۆکەری ئێوەم... کارەکەری بەردەستی تۆم...

– ئێ، ئیـتـر چی مـا...، هەر چیش بڵـێیت پارە، جلوبەرگ بتدەمێ...، ئەوەی بەسەرچوو ڕۆی، با دوعـای خـێر بۆ مردووان بکەین، من وەکـو گەورەیەکی ئەم ناوە لە تۆ بەرپرسم، دەبێت ئاگام لێت بێت...، چۆن دەبێت ئاوا تـەنها و بێ کەس لێرە بمێنیتەوە؟!... تۆ دێیتە ماڵێکی ئاوەدانەوە...

پیزە لە دڵی خۆیدا «کچێ پیزە...، ماڵی خەجیج خان بۆ تۆ چاکترن، هەمیشە هەر ئەوان زیاتر خەمخۆرتان بوون...، بەڵام ڕۆستـەمـە سووریش بەتۆی یەکـتەن و بێ کەس دەمکوت ناکرێت، وا دیارە وازیشت لێ ناهێنێت، پیـزە نازانیت چی بـکەیت و چی بڵـێیت، ئەوە بەئاشکرا هەڕەشەت لێ دەکات

– دەبێت ئاگـام لێت بێت – واتە نابێت نەیەیت، بەدەست خـۆت نییـە...، کـچـەتیـو،

پیزه...، مامۆستا ڕزگار، مەریوان، ڕووناکی کچی خۆی، گوڵە، باوکی خۆت و ئامە خانی ژنی خۆیت لە بیر چووەتەوە، ئەی شەفەی گۆشاوگۆشی سەر بڕراو؟؟!...»

ڕۆستەمە سووری توندە تەبیات، جۆری قسەکردنی گۆڕی:

– پیزە، کچێ ئەوە بۆ بێ دەنگ بوویت، ئەوە بۆچی وەڵامم نادەیتەوە، ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە، تۆ شەرم ناکەیت منت ڕاگرتووە؟!...

– چوزانم... بەخودا نازانم چی بڵێم، قوربان من نۆکەرتم...

– هەر چی بڵێیت کەڵکی نییە... پیاو کە داما سەر بەماڵی دوژمندا دەکات، گەوجە...، گوایە تۆ بەوە نازانیت من خۆم هاتووم بەدواتدا؟!

– «با، با، گەورەم، من سەرم لە ڕێتە، چۆن دەتوانم لە فەرمانی تۆ لابدەم...» پیزە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«داماو، بوویت بەتەڵەکەوە...، ئیتر دەکەویتە ناو فاقەی کوێخا و مینە شەڕانییەوە، جا لە تۆ داماوتر و برسیتر و لێقەوماوتر هەیە تۆ ناچاریت، هەر دەبێت مل بدەیت...، شەوی وا هەبووە بێ شێو سەرت ناوەتەوە...، بەڵام ئەی ئەولا، بەخودا دەبێت ئەوانیش دڵگران نەکەیت... دوایی خۆت بچۆرە لای خەجیج خان و زۆرەملێی ئەم زاڵمەی تێ بگەیەنە...»

– هەستە لەگەڵم، دەی باخۆم یەکەم جار بتبەم بۆ ماڵەوە، ئەگینا ئەم تەلیسمەت بۆ ناشکێت، هەر جارێک دووجار چارەت گران دەکەیت، ئیتر وا هەست دەکەیت لە ماڵی خۆتدایت... دەهەستە کچەتیو، دەبووایە لە خۆشیدا هەڵبپەڕیتایە...

پیزە خەریک بوو دەم بکاتەوە...، بەڵام خۆشی نەیدەزانی چی بڵێت، تیا مابوو، هەستی بەمەترسی دەکرد، بەڵام ئەوە ڕۆستەمە سوورە و بەڕاستی، «بەسەر سەر، قوربان ئاخر...»

– منجەمنجی ناوێت...، کەڵکی نییە، پێشکەوە دەی، خێرا بە... هەستە دەی...

بەم جۆرە پیزەی بەرەو ماڵی خۆیان ڕافڕاند...، پیزە لە ڕێگا گوتی:

– کوێخا گیان، دەبێت ڕێم بدەیت شەو بێمەوە بۆ کونە گورگەکەی خۆم، چونکە وا حەز دەکەم... «کچەتیو، پیزەی بەتەڵە گیراو، هیچ نەبێت و بەشکو شەوانە سەر لە خەجیج خان بدەیت و ئەم زۆرلێکردنەیان تێبگەیەنیت...»

– هەر بەیانیان زوو وەرە، ئیتر خۆت چۆنت پێخۆشە وا بکە، من ڕات دەهێنم، بەڵام زۆرت لێ ناکەم... «پیسی بۆگەن، مەگەر سوورە ناناسێت؟! لەل بکات وەک سەگ پەتی



دەکەیت، جارێ هەر پشی پشی چاکترە...، سبەی خۆت و کوڕت دەلاڵی ئەولاشی پێ دەکەن، جارێ دەبێت دەمی چەور بکەیت و چەشە ببێت...، با کەمێک بیبوژێنیتەوە... خەیاڵاتی دەمرێگا تەواو، پیزە لەرزی لێ هاتبوو...، دەمی بەسترا بوو، بەدەم خەیاڵاتی ناخۆشەوە گەیشتن... پیزە و کوێخا خۆیان کرد بەژووردا...، مینە خۆشهاتنی پیزەی کرد:

«ئافەرم پیرۆزە، ئیتر تۆ خانمی ئەم ماڵەیت...»

– لێم بگەڕێ، سەرم لێ شێواوە، خۆشم نازانم چۆن هەنگاو دەنێم...، چاک نییە لە دواییدا هەر هاتمە خزمەتتان؟!... گەورە و بچووکی ناو دێ سەیریان دەکردین، کە لەگەڵ کوێخادا بەرێوە دەڕۆیشتین، لە تەریقیدا دەلەرزم و گشت گیانم بووبوو بەئاو، لە ترساندا هەفتەیەکی تریش نایەمەوە سەر خۆم... زۆر دەترسم، زەندەقم چووە... دەترسم پەنگێکم پێ دەن... من دەزانم دەکەومە بەر تەشەری چاک و خراپ...

– هەی بێ ئەقڵ، کێ دەوێرێت دەم بکاتەوە، زمانی لە بندا دەقرتێنم، ئەو سێ بێوەژنەی دێ، ڕابە، هەمین و فاتە لنگەسۆڵی تۆ ماچ دەکەن بیانهێنین، کوێخای باوکم و منیش هەر تۆمان بەدڵ بووە...، من زۆرم پێ خۆش بوو...، هەر ئەوەت چاک کرد...، بۆ ئێمەش و بۆ تۆش، کار لەمە چاکتر نییە، ئەوپەڕی ژیرییە...

پیزە بەم قسانە کەمێک هێور بووەوە، لەسەر دۆشەکڵەیەک، لە خوارەوە دانیشت، سەراسیمە لە گێژاوێکی قووڵدا بوو، لە دڵی خۆیدا «دەزانم، وایە، لە سێ چوار سەرەوە پێتان خۆشە، نۆکەرێکی چوار پەل قەوی وەکو من، بەبێ پارە و پوول و نانەسکی، بیتەقێننەوە و بیرەقێننەوە هیچتان لە کیس ناچێت، لێتروونە دەلاڵییەکەشت پێ دەکەن...، جارێ زووە...»

یەکەم ڕۆژانی پیزە زۆر ناخۆش بوو...، لە بارێکی دژواری دەروونی ورووژاودا بوو...، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ملی نا بەدەم ئیشەوە...، وردە وردە بەستەڵەکی گومان و ترس و دوودڵیی توایەوە، بەناچاریی گرێ کوێرەی هەموو ناقایلییەکی ڕەوایەوە، لە لایەک خۆراکی چاک و پۆشتەیی و ماڵێکی ئاوەدان، لە لایەکی ترەوە هەستی دەکرد ڕۆستەمە سوور زەبر و زەنگی بەسەردا ناباڕێنێت و تا ڕادەیەک دڵنەوایی دەکات، ئەوەی کە زیاتر هانی دا واتەی ڕۆستەمە سوور بوو کە لە بەردەمی خۆیدا وەک شێوە هەڕەشە بەمینەی گوت:

– مینە، دەبێت بەچاوی من سەیری پیزە بکەیت، بێ دڵیی هیچی نەکەیت، نەیەڵێت

بەهۆی ئێمەوە تووشی ناخۆشی و گیروگرفت ببێت، خۆشم مەغدووری ناکەم... ئەوە بوو لە وەڵامدا مینە گوتی:

– باوکە، تۆ چۆنت بوویێت وا دەبێت...، با ئەمیش دڵ لە دڵ نەدات، هەر چی بەلاوە خراپ و ناخۆش بوو، با پێمان بڵێت، ئیتر پیزە یەکێکە لە خۆمان...

«سەرشین، ئەوەتا هەردووکیان مێچکە مێچکەت بۆ دەکەن، جگە لە ئیشی ماڵ، لەولاوە خەجیج خان و لەملاشەوە گوڵەی جوان ئیتر چیت دەوێت؟!... نانت کەوتۆتە ڕۆنەوە، بەڵام ترسی ئەو دڵەڕاوکەیە، گەلێک جار مۆتەکەی خەمێکی قورس سواری سەرت دەبێت، هانەهانەی مینە و لاقرتێکانی وات لێ دەکات بەرت بدات... خۆشت نازانیت گەمییەکەت بەرەو کوێ دەتبات...»

***

سێ ساڵ تێپەڕی بەسەر ئەو ڕۆژەدا کە پیزە هات بۆ ماڵی ڕۆستەمە سوور...، ئەم ماوەیە پیزە پێی لە ماڵی خەجیج خان نەبڕی...، لە پێشدا گوڵە زۆری پێ ناخۆش بوو کە پیزە هاتوچۆیان بکات...، هەر لەبەر ئەوەی چووەتە ماڵی ڕۆستەمە سوور...، بەڵام دایکی زۆری لەگەڵ گوت کە لەبەر لێقەوماویی و زۆری ڕۆستەم، ناچار بووە، بەم کارەش هیچ تاوانێکی نەکردووە...، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ویستی بچێت بۆ ماڵی برایە کەڵەچاوەکەی...، کەچی لەبەر ژنە بێ فەڕەکەی داڵدەی خوشکە بەسەزمانەکەی نەدا، بۆ ئەو مەبەستەش خەجیج خان دەستی کردە ملی گوڵە: «بەقوربان، ئەوە نەگبەت و سەر لێ شێواوە، تۆش هێندە دڵ ڕەق مەبە...، ئێمە چیمان بەسەر بێ کەسێکی وەهاوە هەیە؟!...»

– دایە گیان من دەزانم بێ فەڕە، باوکی ئەو کێ سەرەنگرێی کرد، هەر ڕۆستەمە سوور نەبوو؟! ئەو حورمەتی گۆڕی باوکی خۆی نەگرتووە...

«کچم دەرەقەتی زۆری ئەو جەربەزەیە نەهاتووە...، وەک مەڕی گێژ بەدەم گورگەوە... داویەتە پێش خۆی و قاڕەی لێ بڕیوە...»

– بەدەست خۆم نییە، لەبەرچاوم کەوتووە، چارەیم ناوێت، مەگەر لەبەر خاتری تۆ...

«بەقوربانی چاوت بم، ئەوجارە کە بینی لێی زویریت، پەلاماری قاچی دایت...، ئەو گریانە بەکوڵەییت بیر چووەوە؟!...»

***



ڕۆژان هات و ڕۆی...، گوڵەش ئەمەی لە بیر چووەوە...، جا چی لە بیردا مابووەوە...، ئەوە نەبێ سەری پێچابووە خەفەتی کۆستی گرانی دڵی شێواو و پەستی...، جاروبار بڵاوکراوەی جووتیارانە کە هەندێ خەبەری دڵ خۆشکەری بڵاو دەکردەوە، کەمێک سوکنایی پێی دەهات، وەکو ئەوەی ئەفسەرە ئازادەکان و گۆڕینی بارودۆخەکە و ڕێکەوتن و داوای بەربوونی گیراوەکان و... ئا بەم جۆرە لە باوەشی سۆزی دڵسۆزانەی ئەو دایکە میهرەبانەدا مایەوە...، گوڵەی بێ ناز کەوتووی دڵ و خۆشەویستی، ئەوسا توانی لەگەڵ مەریواندا لە ئاخر بینینی بەندیخانەدا، ئەم باسی هەواڵە دڵ خۆشکەرەکانی دەنگی جووتیاران و ئەویش هەواڵی موزاهەرەکانی بەغدا و خوارووی بۆ بگێڕێتەوە کە هەموو داوای ئاشتیی بۆ لای خۆمان دەکەن و دیموکراتیش بۆ هەموو، گوایە دەڵێن دەبێت هەموو حەپسەکانیش بەر بن... گوڵە ئا بەم حاڵە و بەسێ ساڵ ئەمجا کوڵی پێشی دڵی پەڕەی گوڵی تۆزێک بنیشێتەوە، گڕ و کڵپەی کانی جۆشی خورۆشی هەندێک خامۆش بێتەوە...، هەرچەندە سۆزی دەروونی تاساوی، وەک پزیسکی ژێر خۆڵەمێشی کانی ئاگرین لە ماتەدا بوو، بەڵام ڕووناکایی کەوتبووە ناو چاوە گەشەکانییەوە...، ڕەنگە هەڵبزڕکاوەکەی گەشیی تێکەوتبووەوە...، لە ماوەی مانگێک یان دوو مانگ جارێکدا دەچوو بۆ دیدەنی کردنی مەریوانی خۆشەویستی دڵ و گیان...، پەرچەمە زەردە ئاڵتونییەکەی وەک کڵافەی ئاوریشمین لەسەر تەختی ئاڵی کاڵی ناوچەوانی پان و جوانی، وەکو گوڵێک خەرمانەی کردبوو... ئەگریجەشی وەک تاڵی خەیاتەی خاوی نەرمی بریقەدار، بە لاملە بەرزە ڕێکە ناسکەکەیدا پەخشان دەبووەوە، بەڵێ دیمەنی کیژی جوان، تێکەڵ بەشێوەی پڕ پەژارە دەبوو، دڵێک نا هەزار دڵ شەیدای دەبوو... مینەی ئارام لەبەر بڕاویش لەولاوە، هەموو جوانی سروشتی لە ڕەنگینی گوڵەدا دەبینی و هەر ئەوە نەبوو شێت نابێت، وەک هارومار گینگڵی دەخوارد، ژەنگی دڵی پیسی و مێشکی پووچەڵی وەک خۆرە لە ناخدا دەیخواردەوە...، مینە مەبەستی بەپیزە هەبوو، ئەم ماوەیە زۆر دڵی ڕاگرتبوو...، بەڵام جاروبار، بەدەم دەیجوڵاند و بەدەست چەپۆکان و گەمەی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام هەرکە بیدیبایە پێی پەست و بێزار دەبێت، وازی لێ دەهانی و سەری نەدەکردە سەر...، هەندێ کاتیش هانی دەدا کە بچێتە لای گوڵە، گەلێ جاریش وای لێ دەکرد کە لە گوڵەی بۆ بدوێ بزانێ لە چیدایە...، ڕاشیدەسپارد کە پیزە کارێکی وەها بکات بەجۆرێ لای گوڵە بدوێ کە مەریوانی لەبەرچاو بکەوێت...، بەڵام پیزە زاتی ئەوەی نەدەکرد هیچ بدرکێنێت...، پیزە وردە وردە ڕۆ دەچووە زەلکاوە پیسەکەی شکۆداریی ساختەی دنیای لیخنی ڕۆستەم و

مـینەوە، هەرچەندە مـاڵـی خـەجـیج خـانی خـۆش دەویست و ڕێزی دەگـرتن، بەڵام بەهۆی دەملووسـیی و فـێـڵـی مـینەوە، بێ ئەوەی بەخـۆی بزانێت، تا دەهات پتـر دەخـزایە حەشارگەیانەوە...، مینەی مۆرانەش جاروبار واتەی وای دەردەخست کە بۆنی ئەوەی لێ بێت...، ئەوە بوو پیـزەی نەرم کردبوو کە لە پرمـەی گـریانی گـوڵەدا، پیـزە جـاروبـار هەلی دەقۆزییەوە، قسـەی بەتوێکڵی بەگـوێیدا دەدا... «تازە کاکە مەریوانمان لە دەست چوو...» یان جارێکی تر گوتی:

«تۆ ئەوت لە کیس چوو، ئەویش تۆی لە کیس چوو...» پیزە چەند کەرەتێکی تر خۆی ئازا دەکـرد و دەیگـوت: «بیـست سـاڵـی تر کێ دەژی...؟!...»، «بیـست سـاڵ تەمـەنێکە، مەگەر لە حەقایەتدا ببیسترێت...» «کچێ کێ خۆی بۆ کێ دەفەوتێنێت...» بەڵام ڕاستەوخۆ نەیدەتوانی تا ئەم کاتە هیچ بدرکێنێت، بگرە پێی بەجەرگی خۆی دادەنا... مینە وردە وردە پیزەی لاس دا، بەم سێ ساڵە وای لێ هاتبوو گـەمـە و دەستبازیی ڕۆژانەی لە لا بووبووە کارێکی ئاسایی لەگەڵیدا...، مـینە هەر شتێکی پێ بگوتایە، ئەم بەڕاکـردن بۆی دەکرد، بۆچی نا، لە پەژموردەیی برسێتی و ڕەجاڵیی ڕزگاری بووبوو، باوک و کوڕ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پشیی پشییان بۆ دەکرد، تا بۆ دوایی مـاڵیی و دەستەمـۆیان کـرد... مینەش هەمـوو شـتێکی بۆ پیـزە جـێبـەجـێ کـردبوو، جلی چاک، خـواردنی بـاش، شوێنی پاک...، هەرکـە دەچوو بۆ شار، هەندێک مـوتو و مـور و بۆنی هەرزانبەهای بۆ دەهانی...، بەم جۆرە پیزەی کردبوو بەئەموستیلە و کردبوویە دەستی خۆی...، دیارە ئیشی گرینگی پێیەتی، مـینە خۆی دەزانێت چی دەکـات...، ئەوە بوو ئەم مـاوەی سێ سـاڵە ئەوپەڕی هێـمنیی لەگـەڵ مـاڵـی خـەجـیج خـاندا بەکـار دەهێنا، ڕێزی تەواوی دەگـرتن، بەشکو بەئاسـانیی بەمـەرامی خـۆی بگات، بەجـۆرێکی خـێرخـوایی و یارمـەتیدەرەوە خـۆیان نیـشـان دەدا کە پاک و هەندێک ساویلکەیـان پێ بخـەڵەتێ و بەباش نـاو ببـرێن... تا کـار گـەیشـتـە ئەوەی شـەوی پێشـوو بڕیاری تەواوی لە پیزە وەرگرت کە سبـەینێ لە کـاتی نوێژی نیـوەڕۆدا، کە خـەجـیج خـان دەچێت بۆ سەر کـانی، ئەمیش بچێتە لای گوڵە و بەئاشکرا پێی بڵێت کە با شوو بکات بەمـینـە، هانی بدات و تێی بگـەیەنێت کـە تـازە بۆ مـەریوان نابێت و با بەزەیی بەخـۆیدا بێتەوە، بەتایبەتی کە مینە زۆر مەجبوورێتی... پیزە هەرچەندە ئەم کارەی بەلاوە گران بوو، بەڵام پێی بەجەرگی خۆیدا نا، دوای بیـر لێکردنەوەیەکی زۆر، بەرەو مـاڵی خـەجـیج خـان ڕۆی، هەرکە پێی بردە ئەودیو دەرگاکەوە، خەجیج خانی دی، دڵی داخورپا...، «ئای پیزەی ناهەموار، ئەو داوەی تێی کەوتوویت و چوار مێخەی کێشاویت...، ئەگەر سەرسەخت و



نەگبەت نەبوویتایە، بەم جۆرە ناخۆشە تووش نەدەبوویت، بەرامبەر بەمەلا گوناهێکی گەورە دەکەیت، ئەی ئەولا؟! بەئاسانیی سەرەنگرێت دەکەن...»

– ئاخ... من چی بکەم، بێ ئەمەکیی و سپڵەیی بەرامبەر ئەو خەجیج خانە میهرەبانە تاوانێکی گەورەیە، ئەی ناپاکیی لەگەڵ گوڵەی پاک و بێ گەرددا...؟!...

«ئێ ڕۆڵە تۆ دەسەڵاتت چییـە... ئەگـەر بەفـەرمـانی مـینە دەکـەیت هەر وەی، نایکەیت خراپتر، قوڕێکە و تێی نیشتوویت، ئەمجارە هیچ مەڵێ، لای مینە درۆیەک...»

«جـاری پێـشـوو مـینە لاسـار حـەشـری دنیـای پێ کـردی، گـوایە بەناوی گـەمـە و دەسـتـبـازیـیـەوە...، بەنیـوە ڕاست و نیـوە درۆ، قـۆڵی بادایت، لەپەوڕوو داتی بەزەویدا، سواری کۆڵت بوو، باڵت تا هەفتەیەک جەمام بووبوو، گریایت، مینە زەبەلاح بەباوەشێک هەڵیسانیتەوە، بەناوی ئاشتکردنەوەوە تێر ماچی کردیت، دەمی خستە ناو دەمت...، ئەوە بوو برە پارەیەکی خستە قولی مستتەوە، نەتویست، حەزیشت لە پارەکە بوو، دوایی بەزۆر و بەهەڕەشە لێت وەرگرت و خستتە تەنکەی باخەڵت، پەیمانی ئەنگوستیلەیەکی زێڕیشی دایتێ کە لە شار بۆت بهێنێت، ئاشتی کردیتەوە، دڵت نەرم بوو، ئەی گوایە چی بکەیت و تازە ڕوو لە کوێ بکەیت...»

– هەستە نەگبەت، ئەوە خۆیەتی، مینەی حەشەریی وا بەرەو ڕووت دێت، خۆزگە باسی مەسەلەی گۆڕینی نەکردایە... مینە بەهاوارێکی شپرزەوە:

پیـرۆز خـان چۆنی؟!... «ئەی قـوڕت بەسـەر، دیسـان مـەسـەلەکـەیە، ئەمـجـارە بەهانەت نییە...»

– میناغا بەخێر بێیتەوە، درەنگ هاتیتەوە، نانت بۆ دانێم؟!...

– کچێ نانی چی، بێ مێشک، منی نێر ئەمڕۆ ڕانی قەلی خرتە مێیان بۆ داناوم، مرم مر، ئێسکوپروسکیم دەرهێناوە...

– لەوە دەچێت دڵت زۆر خۆش بێت؟!

– ئەی چۆن، دۆستی گیانی خۆش بێت... «هەش بەسەرت پیزە، وا دیارە هەر خەریکە، بەهیچ دانامرکێت...»

– هەستە پیرۆز، بڕۆ بۆ لای گوڵە، بزانم چۆن لاسی دەدەیت...

پیزە ترسـە دوابڕاوەکە دایگرتەوە...، دڵی ڕاتەکی، بەناخۆشیی و بەم جـۆرە بەرەو مـاڵی

خەجیج خان کەوتە ڕێ، لە ڕێگە، وەک بەجەنازەیی بیبەن، دە جۆر بیری کردۆتەوە، کاتێکی بەخۆی زانی لە ناو دەرگاکەیاندا چەقیوە، خەجیج خان بەگەرمی پێشوازی کرد...

– پیزەکە، بەخودا چاک بوو هاتیت...، خودا ڕەخسانتی...، دەچم ئەم بەرەیە دەشۆم، هەندێک گیر دەبم، کچەکەم تا دێمەوە تۆ لای گوڵە بە...

– دەبا من بچم بیشۆم، توخودا با من بچم...، تا من وەستابم چۆن تۆ دەچیت، خەجاڵەت خۆم...

– نا نا خۆم دەیشۆم... تا دێمەوە ئاگاداری گوڵە بە...

– کەواتە بەچاوان...، کارەکەرێتیشی دەکەم – پیزە لە دڵی خۆیدا «بەخودا چاک بوو...، باش ڕێکەوتووە، ئەمری مینەیە...»

– گوڵە خان گیان، چۆنیت؟! باشیت...

– خۆش بیت، پیزە...، فەرموو وەرە بەرەوە... پیزە تەواو چووە نزیکی، بەیەکەوە دانیشتن، دەستیان کرد بەدواندن و دەمەتەقێ...

– گوڵە خان لە کەیەوە نەچووی بۆ شار...؟!...

– مانگێک زیاترە...، ئەوەندە چووین وەڕز بووین، چوونی چی، هەر داخ و خەفەتە...، هەر نەچم باشترە...

– دەم خۆش، ئەرێ بەخودا، هەر نەچیت چاکترە...، چ کەڵکێکی هەیە...، بەچی دەچێت و بۆ چیتان چاکە، بەخودا ئەم حاڵە بۆ تۆی نازدار ناشێت...

– پیزە، ئەی دەستەڵاتم چییە...، ئەگەر نەچم چی بکەم...؟!...

– بۆچی گوایە، ئەی بۆچی تۆش بەوەوە بپرووکێیت...، بەزەییت بەجوانییەکەی خۆتدا بێتەوە، هەرچی ئەم ناوچەیە هەیە بەعەزرەت شیرینی تۆوەن، دەیان کەسی بەدەست و ساماندار پێڵاوەکانت دەلیسنەوە...، حەلوا حەلوات پێوە دەکەن...

– سوودی چییە...، کێ دەزانێت سبەینێ چی لێ بەسەر دێت؟!

– ئەی کە بەسەریان هات، دەبێت دەستەووسان و بێ چارە، مل کەچ بکەیت؟! تۆ دەتەوێت خۆت و ئەم جوانییە بفەوتێنیت؟!

هەردووکیان بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بوون...



گوڵە هەناسەیەکی بەئاخوداخی هەڵکێشا، گێژاوی خەیاڵ لوولی دەدا «ئەو قسانەی پیزە ڕاستن و گرێی دڵی بەسوێشم وا ناڵێت...»

– ئەوە بۆ بێ دەنگ بوویت، بۆ وەڵامت نەدامەوە؟! گوڵە گیان، بەقوربانت بم... ڕەحمێک بەخۆت بکە...

– وازم لێ بێنە، هاتۆتە کونە لووتم، زۆر پەستم...، هەتا لێی بکۆڵێتەوە دەردم کارییە و زامم سوێ هاتووە...، هێندەی نەماوە دڵم دەربێت و لێک ببمەوە...

– جا بۆچی، وەها لە خۆت دەکەیت، بەخودا پیاوان باریان نییە، بۆچی خۆت دەپڕوکێنیت، لەبەر چی... لە ڕێی چیدا... ئەوا ئەو ڕۆی، تۆ بۆ تێدا بچیت...، گوایە مەریوان پێی خۆشە تۆ بەم مەرەیە بگەیەنێت؟! ئەوە دڵسۆزییە یان لەبەر خۆیەتی...؟! توخودا با ئیتر بەس بتخەڵەتێنێت...!!

– نە بەو خودایە، وا مەڵێ...، لەم دواییەدا، چەند جار بەدایکمی گوتووە کە ئەگەر من قایل دەبم شوو بکەم...، بەڵام من بەهیچ جۆرێک دڵی شووم نییە و هەر دەبێت بۆ مەریوان بم...، یا هەر شوو ناکەم، با بۆ گڵ بم چاکترە...

– جا ئەوسا دڵی مەریوان لە بەندیخانەدا ئارام و شاد دەبێت، تۆش بفەوتێیت... وا نییە؟!

گوایە ئەمەی پێ خۆش دەبێت، خۆ ئەمەش نەبووایە ئەو هەر بۆ تۆ نەدەبوو، هەر خەریکی جووت و مووت و جووتیارانەکەیە، ئەم دەردی سیاسەتە لێی نابێتەوە، گرتن و ڕاکەڕاکەی بەدواوەیە، هەرگیز بۆ تۆ نابێت...

– کچێ پیزە ئیتر لەمە مەدوێ...، دڵم بەبەریەوە نەماوە، وەختە تۆق بکەم...، گوڵە چاوی پڕ بووبوو لە فرمێسک، دڵی قولپی دەدا...، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو، سەری خولی دەخوارد، خوێنی دەمارەکانی لە هاژەی هەڵچووندا بوو...

– ئەگەر بەباوەڕی کارەکەری خۆت دەکەیت، چاکترین چارەسەری باری تۆ شووکردنە...، ئیتر بێ دەنگی چی ببم... من ئەمە بەڕەوا دەزانم بۆ تۆ...، لە دڵسۆزیی خۆم پێت دەڵێم، ئەوە باشە، نەک ئەم کوشتن و خۆ بڕینە، تۆم خۆش دەوێت... گوناهیت بۆچی وات لێ دەکەن... هەر کەسە خۆی مەبەستە، تۆیان بەستۆتەوە؟!...

– کچێ بۆ ئەوەندە زۆر بڵێیت...، جا کێ هەیە جێگەی مەریوان لە دڵی مندا

بگرێتەوە...، کێ؟؟ دەپێم بڵێ ئەوا دیقم کرد...، بزانم مەبەستت لە کێیە...؟!...

– ئەوەی تۆی خۆش دەوێت...، ئەوەی دەتپەرستێ و هەموو شتێک لە پێناو تۆدا بەخت دەکات...، ئەوەی دەبێت بەنۆکەر و بەردەستت، ئەوەی سەری خۆیت لەبەرپێدا دادەنێت و دەتخاتە سەر چاوی...، ئەوەی من ئاگام لێیەتی شێت و شەیدات بووە و داوێتییە کێوان...، ئەوەی خەو و خۆراکی داوە بەنیگای چاوی تۆ...، گوڵە گیان، مینەیە مینە...، شەو و ڕۆژ منی هەراسان کردووە، هەزار جاری پێ گوتووم تکات لێ بکەم، من نەموێراوە، ئاخری ئەوە ئەمڕۆش زۆری لێ کردم کە بێم و پێت بڵێم...، گوڵە گیان بەخودا مینە دەڵێت هەموو سامان و گشت زەویوزاری باوکیشمی لەسەر تاپۆ دەکەین، هەر بەڵێن بدات و شووم پێ بکات...، گەر تۆ قایل بیت، دایکیشت دڵی نەرم دەبێت...

«دایکم...؟!...»

– ئا، ئا، دایکت، خانمی میهرەبان، خۆشەویستی هەمووان...

پیزە بەگەرمی بینی گرتبوو، ماوەی بەگوڵە نەدەدا دەم بکاتەوە...، گوڵەش دەمی بووبوو بەتەڵەی تەقیو...، چاوی زەق کردبووەوە، لەشی کەوتبووە لەرزین...، لە دوای بێ دەنگی پیزە، گوتی:

– کێ کێ، مینە...، مینەی دڕندەی چەپەڵ؟!...، مینەی دوژمنی خوێنەخوێمان...؟! هەی بێ سیفەت، ئەمە تۆی وات لێ هاتووە، بوویتە دەڵاڵی مینە و باوکی... من زوو تۆم ناسی، خەتای دڵ پاکیی دایکم بوو...

گوڵە سەری خولی دەخوارد، چاوی گێژوویژ بووبوو، هێندەی زانی کەوتە لێوەلەرێ، لەم کاتەدا کەوت و بوورایەوە... پیزە سەری لێ شێوا، بەپەلە جامێ ئاوی ساردی هانی، دەستی کرد بەئاوپرژێنی دەموچاوی گوڵە...، لەم کاتەدا خەجیج خان خۆی کرد بەژووردا، ڕایکرد و باوەشی بەملە نەرم و شلەکەی گوڵەدا کرد، سەری کردە سەر ڕانی خۆی

– هەیرۆ...، هەیرۆ، پیزەی سەرشین ئەوە چییە... چی ڕوویداوە...؟! هەڵبەتە دڵت یەشاندووە، بزانم چیت پێ گوتووە؟!...

– بەخودا نازانم، هیچ نییە...، تۆزێ دڵی لەسەر خۆی چووە، ئەو دڵە ناسکەی، لە دەوری بگەڕێم، خەمت نەبێت هیچ نییە...، هەر ئێستە هەڵدەستێتەوە، منیش وەختە لە داخاندا بمرم، خەجیج خان پەلاماری سەری گوڵەی دایەوە، خستییە باوەشی خۆیەوە،



دەستی کرد بەماچکردنی، بەسنگی خۆیەوەی نووساند، پیزەش بەگریانەوە هەردوو دەستە سپییە جوانەکانی گوڵەی هەڵدەگوڵۆفتن و ماچی دەکردن...

– گوڵە گیان، گوڵەکە، ئەوە چیتە...، ئەوە بۆ چاوە جوانەکانت هەڵنابڕیت، لە دەورت بگەڕێم، بەقوربانی ڕۆحت بم... پاش ماوەیەک گوڵە چاوی هەڵبڕی، چاوی بەناوچەوانی پیزە کەوت، زۆر بەتوندی قیژاندی:

– بڕۆ... لێرە نەمێنی...، بێ ئابڕووی بێ شەرم...، لێرە نەوەستی...، نەمێنی، هەی چەپەڵی پیس...

پیزە دەمی تێکەڵوپێکەڵ بووبوو...، هەستایە سەرپێ، ڕووی کردە خەجیج خان، بەگریانەوە:

«بەخودا ئێوەم زۆر خۆش دەوێت، گوناهم نییە، بەعەقڵی خۆم قسەی باشم کردووە... من چوزانم بەو جۆرە دڵگران دەبێت، ئێوە تاکە دڵسۆز و مشوورخۆری من بوون...، من هەرگیز چاکەی ئێوەم بیر ناچێتەوە...»

– ناچیزە لەبەرچاوم ون بە، بەخۆمەوە ناوەستیت، دایکیشم...

پیزە بەپێوە وشک بووبوو، دەمی بووبوو بەتەڵەی تەقیو، لە دڵی خۆیدا:

«دەبخۆ پیزەی خلێنە...، کلک بکە بەکلکی مینە و ڕۆستەمدا، با پەنگی وەهات پێ بدەن، هەر ئەمانت هەبوو، ئەوا ئەمانیشت لە کیس چوو...»

گوڵە دیسانەوە هاواری کرد: «بەپێوە وشک مەبە، بڕۆ ئێرە بەجێ بهێڵە...»

خەجیج خان ڕووی کردە گوڵە...

– ئەوە چییە کچم، چی ڕوویداوە، پێم بڵێ...، وا شێت بووم، پیزە چی کردووە، چی گوتووە؟! بۆ وەها لێی بێزار بوویت... بۆچی دەرتکرد؟! دەپێم بڵێ...

– بابڕوات، بێ ئابڕووە، ناچیزەیە، بەدڕەفتار و ڕەوشت پیسە...

– چییە دەپێم بڵێ چی کردووە، چی گوتووە...؟!...

– پێم دەڵێت شوو بکەم بەمینەی ڕۆستەمە سووری پیاوکوژی دوژمنی باوەکوشتەم، بەخۆمەوە نەوەستاوە، با نەیلێیم...

– ڕایەی چییە، بەباوکییەوە، بەئاژدادییەوە، بۆ خۆی گوت...، سەری دا لە بەرد...، ئیتر

بەم دەرگایەدا بێت، سەگی ئاواییەکەی تێ بەردەدەم...

دوای ئەمە، دوو کاژێرێکی پێ چوو ئەوسا گوڵە بەتەواوی هاتەوە سەر خۆی...، ڕووی کردە دایکی، چی ڕوویدا بوو بۆی گێڕایەوە...، دوایی گوتی:

– قسە ناخۆشەکانی پیزە وەک تریشقە لە کەللەی دام، هەر نەیدەبڕییەوە، خۆشم نازانم بۆ وام لێ هات...، دایە بەدەست خۆم نەبوو...

– قەیناکات، بەقوربانی چاوە جوانەکانت بم، بابڕوات، ئەو ناکەسی لە کەس نەچووی سیخوڕە پیسە، ئاوی ئاموون چێ و توونی بابا...، بەهەرزان بۆمان دەرکەوت و ناسیمان، خۆی زەرەری کرد و ئێمەی دۆڕاند...

پیزە لەو ڕۆژەوە ببڕای ببڕ ئیتر نەیوێرا سەر بکاتەوە بەپەرێزی ئەو ماڵەدا، پشت و پەنا پاکە دڵسۆزەکەی لە کیس چوو، ئەو خەمە گەورەیەش چووە سەر خەمەکانی، ڕۆستەم و مینەی سپڵە بوونە تەنها پەنا و داڵدەی...، بەم جۆرە، پیزە لەولاوە هەرچی ڕوویدابوو بۆ مینەی گێڕایەوە...، مینە لە داخاندا خەنجەرت لێ بدایە خوێنی لێ نەدەهات...، داخی ئەم هەموو ماوەیەشی لە دڵدا بوو کە بەفیڕۆ لە دەستی چوو...، لێو و زمانی خۆی دەکرۆشت...، وەکو هاری لێ هاتبوو، لە ناخی خۆیدا دەیگوت:

«هەلێکت دەستگیر نەبوو بەیدەستی بکەیت، بەخۆشی و تەماع هیچت نەکرد...، هەوڵێک نەڕەخسا پڵنگ ئاسا چۆکت بخستایەتە سەر ئەو سینە نەرمە و دەمت بنایەتە ناو دەمی و هەناسەت لەبەر ببڕیایە، چەند جارێک بۆی چوویتە پەرێزەوە، تۆ پڵنگ و ئەو ئاسکێکی ناسکی نەرمەقووت، دەرفەتێکت دەست نەکەوت، دوای ڕێ لێ گرتنەکانی یەکەم جار، هەستیان کرد نیازت خراپە، کەوتنە سەر فێڵی خۆیان، ئەگینا یەک چنگت بەس بوو، بەورئاسا لە پەلەقاژێت دەخست... ئەی بۆ ئەو هەڵمەتە و لەو شێ گیربوونە...»

پیزە لە ترسی مینە و لە داخی لە کیسچوونی ماڵی خەجیج خان، دەستی بەگریان کردەوە...، لە بەردەمی مینەدا دەلەرزی و دەپاڕایەوە:

– بەگۆڕی باوکم تۆ چیت پێ گوتووم دە ئەوەندەم گوتووە و بەئێوەمدا هەڵداوە، هێندەم لەگەڵ گوت تاکو بەو مەرەیە چوو...

«کوڕی ڕۆستەم، ئەگەر بەم بوورانەوەیەت دەزانی، بەچرکەیەک شندڕ و بندڕت دەکرد... هەزار ئەفسووس...»



– دەزانم، پیزە دەزانم، ئەوە بەختی خۆمە و ناپەسەندیی ئەوان...

مینەی نەگریس لەم کاتەدا سەیرێکی چاوشێتانەی پیزەی کرد و لە دڵی خۆیدا:

«مەگەر کفتوکۆی دڵی زامدارم بەگۆشتی کفکردووی تۆ بڕێژم! ؟...»

***

# ١٢

ئا بەو جۆرە پیزە خەجیج خانی لە کیس چوو...، تەنها دەرگای یارمەتیدان و خۆ بەخێوکردنی هەر ماڵی ڕۆستەمە سوور بوو، پیزە بەشی زۆری شەوی لە ماڵی ئەمان بەسەردەبرد...، وای لێ هاتبوو لە گەڕانەوەی شێوان، بۆ کۆختە داڕووخاوە سارد و سڕەکەی و هاتنەوەی بەیانیانی زووی، تەواو وەڕز بووبوو...، کوێخا بەمەسەلەکەی گوڵەی زانیبوو...، ئەوە بوو کە ڕۆستەمە سوور پێی گوت بەئێجگاری لەوێ بمێنێتەوە، زۆری لا خۆش بوو...، ژوورەکەی ڕووناکیان دایە کە لەوێ بنوێت...، ساڵێک بەم پێیە ڕاببوارد...، مینە دۆشەک و لێفەکەی دایکی دایە کە پێی بنوێت...، پیزە نوێنی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، دەمێک بوو خەوی بەپێخەفی وەهاوە دەدی، ئەوپەڕی ئاواتی ئەوە بوو کە یەکێک بیخوازێت و دەستێک نوێنی گەرم و نەرمی بۆ ئامادە بکات کە تیایدا بتلێتەوە، ئا لەم بیرانەدا بوو کە مینە کردی بەژووردا، پیزە لە جێی خۆی داچڵەکی و هەستایە سەرپێ...

– پیزە هەڵسە...، ئەمە نوێنی بووکێنیتە... هەر ئەوەندەت ماوە کە لە ئەلەی ڕەنجبەرت مارە بکەم...، تۆ حەز لەوە ناکەیت؟! هەر ئەوەت نەماوە بۆت بکەم؟!... مینە لەسەر تەنیشتی نوێنە تازەکان دانیشت، پیزەش بەدوایدا دانیشتەوە...

– میناغا، وامزانی کە گوڵەم بۆ قایل نەکردی لێم زویر دەبیت، بەڵام ئێستە دڵم خۆش بووەوە، توخودا بەڕاستتە بۆ ئەلە، خۆزگە ئەمەشت بۆ بکردمایە...، جا ئەلە قایل دەبێت؟!...

– گەوجە، من ڕێیەک بۆ ئەلە دابنێم...، ئەلە دەتوانێت لێی دەربچێت؟!... کەس دەتوانێت بێ ئەمری من بکات؟! تۆ دەتوانیت؟؟...

ترسێکی کوشندە هەناوی پیزەی ڕاتەکاند...

– نە بەو خودایە، ڕایەی چییە، ملفیچگە قرخەیە، کێ دەتوانێت لە قسەت دەربچێت...، منیش حەدم نییە...

– ئەی ئافەرم عاقڵ، ئیتر خەمت چییە و بۆچی دوودڵیت...!!...

– قوربان، لە چی دوودڵم...؟!

– لە گەمە و ڕابواردن و مەزاقەکەی خۆمان...



– نازانم، خودا بەخێری بگێڕێت، بەخودا ترسم نارەوێتەوە...

پیزە ئەم وتانەی پێ خۆش بوو...، چووە بیرۆکەی ئاواتی دڵی خۆشی نەدیوبەوە...، لەم کاتەدا مینە لێی نزیک بووەوە...، هەردوو دەستی گرت، دەستی کرد بەهەڵگلۆفتنی پیزە...، بەهەر شێوەیەک بوو، پیزە خۆی لە ژێر دەستی دەرهانی...

– میناغا گیان...، دە وامەکە...، دیسان دەستت پێ کردەوە... دە بەسە ئیتر، تێر لە لاقرتێ و دەستبازیی ناخۆیت...

– ئەی نابێ تۆزێک گەمان بکەین...، گوایە پێت ناخۆشە میناغا وازیت لەگەڵدا بکات...؟! هەزاری وەکو کابرا خەون بەساتێکەوە دەبینن کە ئاوا بیانگەوزێنم...، شەیتان ئەو جارە کە هات خۆتت لێ نەگرتبووین...؟!...

– با، با، دەباشە ئیتر وا مەکە... شەودێرە بچۆرەوە ناو جێگەکەی خۆت... ئەوەشت بیر خستمەوە، بەخودا ڕاست دەکەیت، حەز دەکەیت کابراشت بۆ پەیدا دەکەمەوە... هەر هێندە بزانە هێنامە میوانیمان...

– ئافەرم، کەواتە باشە بابڕۆم...، خۆتی لێ هەڵخە، بەخەونیش نەتدەدی لە شوێنی وەهادا بنوویت...، لێدە پیرۆزی جانانە، بەختی ئاوەها چاکت هێناوە...

پیزە لە خۆشییاندا، پەلاماری دەستی مینەی دا و ماچی کرد، مینە باوەشێکی توندی پیادا کرد و لەسەر گازەرای پشت دای بەسەر نوێنی پاک و خاوێن و نەرم و شلی دایە ئامینەدا، ماوەیەکی تر پیزەی ڕەقاندەوە و ئەمجا بەجێی هێشت...

پیزەی خۆش خەیاڵ ویستی چراکە کز بکات، بەڵام نەیئاوزا و کەوتە خەیاڵەوە

«پیزە نەگریسی بەختەوەر، سەیری ئەو بنمیچە پاکە و داری دارەڕای سپی و جوان، دیواری گەچکاریی، باشە چۆن وەها سپی و لووسە...، فەرش بەدیوارەوە، من نازانم چۆن شەو و ڕۆژت لەو کۆلیتە نزمە داڕووخاوە قەقنەسەدا بەسەردەبرد، جا ئەوە کەی ژیان بوو، ئەوسا تۆ لەبەر سەرما و بێ ئاگر و دوویی خەوت لێ نەدەکەوت، ئەی ئێستە تێر و پڕ، لە خۆشییاندا هەر ئەوە نییە گەشکە ناگریت... بەڵام چەند شەوێکە ئەم ئێشە تازەیەت بۆ پەیدا بووە...، بەری دەستت شل دەبێت و ماندوو دەبیت، ئەو هەر ناڵێ بەسە...، پشتی پان و ماسوولکەکانی بەهێز و پتەون، ئەو دەڵێت «سەرمام بووە و پشم ڕەق بووە...»

تۆ دەڵێیت «با بۆت چەور بکەم...»

– ڕقم لە چەورکردنە...

دوێشە و هەمەدیسان لە ئەلەت بۆ دووایەوە... بەخودا بەڕاست دەرچووایە و ئەم شووەت بکردایە خۆش دەبوو، جا ئیتر چیت ئەویست، مێردی چاک و جێگە و ڕێگەی پاک و خاوێن و یارمەتی مینە ئاغاشی لەسەر...، ئیتر چیتر پیزە، بەڵام خۆزگە وەکو گوڵە جوان بوویتایە، بەئاسانی شووت بکردایە بەیەکێکی وەکو مینە، بەخودا قۆزە، کوڕێکی بۆشناخ و قەبە و بەتوانایە...، ئاگات لێ بوو پیزە دوێنێ شەو کە ڕەگی شان و ملت دەگرت و دەتشێلا، پێی گوتی ماسوولکەی سنگ و مەمکی بۆ بشێلیت، ئای چەندت پێ خۆش بوو، نەگریس، بەخودا مووچڕکە و تەزووت پیادا دەهات...، شەرمت نەکردایە، دەیگرتی و خۆت بەملیدا دەدا، ئەوە چۆن ئەمشەو بانگی نەکردیت، خۆ دوێنێ شەو گوتی «تا هەفتەیەک هەموو شەوێک دەبێت بمشێلیت» پیزەی چاوشۆڕ، چاکی ڕاهێنایت، هەی بێ ڕەوشت، بۆی بوویت بەمریشکی ڕەجەبی، دەستێکت بۆ بهێنێت وەک دەستەمۆ فسی بۆ دەدەیتەوە...، جا گوایە تۆ لە کابرا زیاتریت؟!... هەزار هێندەی تۆ، جوانترە و هەر هێندە دەزانیت دێتە خزمەتی، چەند جار خۆتت لێ گرتوون، هەرچی نەشێت لەگەڵیدا دەیکات، بەساویلکەیی خەڵەتاندوویەتی، گوایە هەر کات گوڵەی هێنا، پاش چەند مانگێک ئەویش دەهێنێت...

ئای کە بەفرتوفێڵە... ئیتر وایە، دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەیە...، هەیەتی و پشت ئەستوورە، لە دە لاوە بۆی لواوە...

***

مینە تەقەی لە دەرگا هێنا و هاتە ژوورەوە...

– میناغا فەرموو، ئەوە بۆ بانگت نەکردم پشتت بشێلم...؟!... هەر بەتەما بووم کە بانگم بکەیت؟!...

– ئەوا خۆم هاتووم، چاکتر نییە...؟! گوتم با ئەمشەو لێرە بمشێلیت...، کەراتیی، میوان ڕاناگریت؟!...

– ڕایەم چییە، ئاخر کە چوویتە دەرەوە سەرمات دەبێت... ئێجگاری شان و ملت ڕەقتر دەبێت، دەترسم نەخۆش بکەویت...

– دوایی هەر بەدەستی تۆ نەرم دەبێتەوە، وا دیارە زۆر بەتەنگمەوەیت... منت خۆش دەوێت... وا نییە؟!



– من خاکی بەرپێتم، تۆ بوویتە فریادڕەسی من، من نۆکەر و کەنیزەکی تۆم...

– شتی تریش، بەڵام ئەوەی تریان ناڵێیت... وا دیارە شەرم دەکەیت، هەی فێڵبازی جانانە...

دەگوێی مەدەرێ، تەمەن پێنج و دوو ڕۆژێکە دێت و دەڕوات و دەبڕێتەوە، ئەو ئاگرە خۆش بکە، دەی دوو سێ چڵ داری تر بخەرە ناو زۆپاکەی ڕووناکەوە...، بۆ تۆ چاکە...، ئەمجا وەرە بمشێلە...

پیزە لە خۆیەوە دڵی داخورپا، ترسەکە کەوتەوە کاسەی سەری... بەڵام ئەوی ئەڵقە لە گوێی مینە ئاغا فەرمانی بەجێ هێنا و هات بەلای ئاغایەوە، بۆ پشت شێلان و...، مینە چۆغە و مرادخانییەکەی خۆی داماڵی بوو...، لەسەر جێگەی ڕاخراوی پیزە هەر زوو لێی دانیشتبوو...، پیزە دەستی بەپشت شێلان کرد، تا وای لێ هات دەستەکانی ماندوو بووبوون...، ئەمجا مینە لەسەر پشت پاڵکەوت...

– سا دەی دەمارەکانی سەر سنگیشم تۆزێک بۆ بشێلە... هەرچەندە ماندووش بوویت...

پیزە بەبێدەنگی، ملی درێژ کردبوو، بەکاری خۆیەوە خەریک بوو، لەگەڵ ئەوەی خۆشیی لێ دەهات، ترسەکەش دایگرتەوە «وەک هەموو جار گوتووتە، ئەم کابرایە ئامانی بۆ نییە...» لە بیرەکانی وەک شەوی پێشوودا بوو کە مینە پەلاماری دا و پیزەی خست بەسەر خۆیدا...، هەردوو دەستە ئەستوورە پتەوەکانی ئاڵاندە کەمەری پیزە، بەجۆرێکی وەها وەک لەپڕ بیخەیتە ناو حەوزێک ئاوەوە وای لێ بەسەر هات... لە هەمان کاتدا هەردوو قاچی ئاڵاندە لاقەکانی وەک گرێیان لێ بدات، پیزە کەوتە ناو فاقەی تەواوەوە، بەڵام تەڵەیەکی قایم، بەجۆرێک پرزەی لێ بڕیبوو کە ماوەی پەلەقاژێی نەمابوو...، هەردووکیان بۆ ماوەیەک بەم جۆرە مانەوە...، مینە لێو و لچە ئەستوورەکەی پیزەی لە ناو دەمی خۆیدا خنکاندبوو، پشووی نەدەدا، هەتا دوایی لەپڕێکدا سەری ڕاپسکاند...

– ئەمشەو زۆرت لێ دەترسم... خراپ پەلامارت داوم... لێوم سڕ بووە، دەچووزێتەوە، ئەوە بۆ وام لێ دەکەیت؟! دەستت لابە، بەرەڵڵام بکە...، تکات لێ دەکەم...، ئاخر چۆن وا دەبێت...؟! توخودا نەکەیت...، ئەوە نا... لایبە...، ئەویتر...، چیتر دەڵێیت باشە بەچاوان... ئابڕووم دەچێت... نا... بەقوربانت بم...

– کچێ کەرانی، هەی گەوجە... یاری دەکەین...، ئەمە لە بیرت چووەوە کە دەتدەم بەئەلە... لە ئەلەت مارە دەکەم...، من لەسەر پەیمانی خۆمم...، منت لە پشتم...، تەواو... با

بتدەم بەئەلە...، ئیتر لە چی سڵ دەکەیتەوە؟!... هەی ترسنۆک... یاربی خۆش... دەی گیانەکەم... یاربی، دەی بابزانم؟! فێر بە، ئەمەیە یاربی خۆش و بەلەزەت، هێشتا تامەکەبیت نەچۆتە ژێر زمان... تۆ بزانە، سووک سووک... ئەها چەند خۆشە...

مینەی جەربەزەی وەک کەشکی سوواوە، بەزۆر و بەخواهیشت...، بەزمانی لووس و واتەی شیرین و هەڵدان، وردە وردە پیزەی کرچی بەدەست خۆیەوە شل کرد...، پیزەی دەهێنا و دەبرد...، خۆشیی و ترسی ئاوێتە، پیزەی کاس کرد...، بەدەم تەکانی مینەی دڕندەوە، بەدەم قەپی گورگی برسییەوە، وەک شەکەمێی گێژی لێ هات، ئاگای لە ئاخ و ئۆفی خۆیشی نەما...، خولیای ئازار و شوورەیی و لەزەتی خۆشیی کەوتە ناو قاووغی برسێتیی و ئارەزووی دەروونی وشکەڕۆی هەڵقرچاو و لە تینوەندا هەڵپڕووزاوەوە... خۆی کردە بووکەزمە... شل بوو، ساردبووەوە... لە هۆش خۆی چوو... ئارەقە و ڕووسووریی بەمەینەتی تێکەڵ بوون...، هۆش و گۆشی بەسەر دنیاوە نەما... مینەی ڕەتاو سەیری نێچیری ئەنگیۆراوی کردەوە، دەستی بەملچەملچ کرد، کەیل و سەرمەستی شادمانیی، خێرا خێرا شڵپەی لە ڕانەکانی پیزە دەهانی... پاش ماوەیەک سەیرێکی جنۆکانەی پیزەی خلتانی کردەوە...

«میناغا میناغا...، وەک خانمێک قسەم لەگەڵ دەکات... خرەفاوی گەلحۆ...، دەبخۆ دەی...، ژوور و پێخەفی ڕووناک و ئامە خانت پیرۆز کرد... بوون بەمیراتت...، دەی مینە بەڕاستیی ئەم خرتە ناشیرینەش خۆش بوو...، ئەمە سێ...، هەر دەبوایە داخی گوڵە و خەجیجم بەتۆی خۆشەویستیان بڕشتایە...، بەشکو بەمەش کەمێک خەفەت بخۆن، هەر باشە...، دەبێت کارێک بکەم باوکیشمی پێ فێر بکەم...، با ئەویش کەمێک خەفەتی پێ دەربکات...، ئەم کچەتیوە هەراشە، با ناشیرینیش بێت...، بۆ بێ تووتنیی ئێستەی کوێخا ڕۆستەمیش چاکە؟!!...»

بەم جۆرە لە دوای دوو کاژێر کە لە پێخەفی بووکێنیی نامرادی پیزەی دۆڕاودا مایەوە...، لێی ڕاکشا... سەیرێکی پیزەی کردەوە:

باش بوو دەروازەی جرینی تۆش کرایەوە... با پەکمان نەکەوێت... تۆ لەبەر دەستتایت... تۆ لە ماکەرێکی چڵکنەی لمۆز بۆگەن چاکتر نیت؟!...

هەیە بەرد بەگونی نێرەکەریشدا هەڵدەواسێت؟!...

– بەخودا پیس و نەگریسی... مینە...، مەگەر کوڕی ڕۆستەمە سووری ناودار نەبیت؟!...



مینە چرچی لنگی لێ ڕاکێشا و پاڵیدایەوە...

پیزەی شەکەت نەیدەزانی لە کەیەکەوە ئاوەها بێ گیان و لە ناو شڵپەی شلوێی گەنیویدا تلێساوەتەوە، کاتێک بەئاگا هاتەوە، دەستی بۆ گەڵی چەپەڵی خۆی برد، چاوی پییایدا داپچڕاند، کارەساتەکەی هاتەوە بیر...

لوشکە و نووزەیەکی قووڵ بەهێواشیی خۆی کرد بەگەروویدا و بۆ ماوەیەک تووشی تەنگەهەناسەی خنکانێک بوو، دەیخواست دڵی بپچڕێت و ڕەوانی لە لەش بێتە دەرەوە... وەک شبر، قژی ئاڵۆسکاوی خۆی دەسکەنە دەکرد... بەسەری خۆیدا دەکێشا...

«بمرە...، دەبمرە، هەی بێ ئابڕوو، ئیتر بۆچی چاکیت...

دانەمرکایت هەتا ئاوەهات لە خۆت کرد، ڕەوشت بەرزەکانت بەردا و خۆت خستە نێوەندی گەلەگورگەوە...»

– چی بکەم دەسەڵاتم نەبوو، بێ دەرەتان، سەر لێ تێکچوو، خەڵەتاو... بەزۆر بۆ ئێرە پەلکێش کرام، هەتا ئەئاوا بەپەنگ کرام...

«تازە تەواو، نابێت خۆت تێک بدەیت، ئەگینا سەرباقی هەموو شتێک وەک پەڕۆیەکی پیس توورت دەدەن... مەسەلەکەی «ئەلە» بگرە و بەری مەدە... خۆشت وەها دەربخە کە بۆ مینە مردوویت و سەری لە ڕێدا بەخت دەکەیت، ئەوە گیانت تەواو، خۆت بەخۆتت کرد و دەبێت تاڵاوەکەشی بچێژیت...

پیزە بەم بیرە هەڵەتوپەڵەتانەوە کەمە کەمە هێور بووەوە، پاش سێ سەعاتێک هاتەوە سەر خۆی...، گوێی بۆ ڕەهێڵەی بارانی پاییزی پیری بن چیا هەڵخست... لە دەروون و مێشک و هۆشیدا هەستی بەگڕێکی سووتێنەر دەکرد... مێشکی هاژەی دەهات، لە دوای ئەو گەرداوە ئارەزووی دەکرد هەڵێت و بداتە ئەو دەشت و کێوانە، ڕابکاتە دەرەوە، خۆی بداتە بەر شەتاوی ئەو لێزمە ساردە، خۆی تیایدا نقوم بکات و تێر تێر بیشواتەوە، چەمی دێمی وشکەڕۆی هەست و سۆزی هەڵپڕوزاوی تەڕ و پاراو بکاتەوە... لەم کاتەدا تریشقەی هەورە گرمەیەک و چەخماخەی بروسکەیەک هەموو دنیای ڕووناک کردەوە... پیزە وای هەست دەکرد تەرزەیەکی دەنک گەورە بەسەر جەستەی ڕووتیدا دادەبارێت، تەزوویەکی ساردی ترسێنەری پێدا هات، بەشێوەیەک سڕی کرد، وەهای هەست دەکرد ها ئێستا ها تاوێکی تر ڕەق دەبێتەوە، سەد خۆزگەی دەخواست گیانی دەربچێت... دانەکانی چۆقەچۆقی لەرزی بوو... وەک بینیی ئاو دەلەرزی... نەیدەزانی چی بکات...

بەشپرزەیی خۆی پۆشتە کردەوە، ماوەیەک داما، سێ و دووی حاڵی خۆی دەکردەوە «تۆ تەواو بوویت، ژیان و پاشەڕۆژت تازە بەمانەوە بەستراوە، هیچ دەرەتانێکت نییە، بەشکو لە ئەلەت مارە بکەن و ئەم کەتنەشتی پێ چارە بکەن...، پیزە بەسە، خەریکە ڕەق دەبیتەوە، لەمەودوا دەبێت وا بکەیت میناغات لێ بێزار نەبێت، بۆ ئەوەی کولانەکەت مسۆگەر بێت، دەبێت ئەوپەڕی زیرەکیی بنوێنیت، لەم خزانەتدا گەر هوشیار و بەئاگا نەبیت، پەترۆ دەبیست و ملیشت دەشکێت... هەستە دەی، بچۆ پاڵی...

ئا بەم خەیاڵانەوە پیزە خۆی کوتایە پاڵ مینە... پشتی نا بەپشتییەوە، تەکی دا بەتەکییەوە، مینە ڕاپەڕی، تلێکی دا، چاوی هەڵبڕی، خۆی هەڵگێڕایەوە... سەیرێکی پیزەی کرد و ڕایکێشایە پاڵ خۆیەوە، لاقی بەسەر کەمەریدا درێژ کرد بەخۆیەوە نووساند...

بنوو کچێ بنوو... شەودێرە، بەیانی بەئاگا نایەیتەوە... باوەشی گەرمی مینە، پتەویی لاقە درێژەکانی بەسەر کەمەریدا، هێدی... هێدی، تەزووی خۆشییەکی تێکەڵ بەترس و بیمی پیزە کردەوە...

وەک سرِیی لەشی خاو ببێتەوە، لاسارانە لەبەر خۆیەوە چرپاندی «خۆزگە بۆ هەمیشە ئاوا لە فاقەی دەدام...»

ڕۆستەمە سوور بۆ هەفتەیەک بۆ کەرکووک ڕۆیشتبوو، پیزەی ڕێژگاو وەک بووکێکی هەڵبژاردە هەڵسوکەوتی دەکرد، جارجارە نازی بەسەر مینە بەرازدا دەکرد، ئەویش خۆی تێک نەدەدا، سەری چوارەم بەیانی بووکێنییەکەی، دوای ئەوەی ئەلەی کردە دەرەوە بۆران، ئەمجا پەلکێشی کردە ژوورەوە، بەچەپۆڵە پۆلایینەکانی توند بەخۆیەوە نووساند، ماوەیەک هێنای و بردی «میناغا، ئەم بەیانییەش دیسان تۆقاندتم، ترسەکەی پێشووم هاتەوە دڵ، خەریکە بەپێوە خۆم ناگرم، بۆ خاتری خودا بۆ وام لێ دەکەیت؟!...»

مینە بەدەستی ڕاستی ڕەگی پشت ملی گرت، بەدەستی چەپیشی قورتمی، بۆ ماوەیەک وەک ئەو شەوە دەم و لێوی لە زاری خۆیدا خنکاندەوە، پیزە پەلەقاژێی پێ کەوت، دەستی بەپەلهاویشتن کرد، سەری ڕاپسکاندەوە، مینەی بەفرتوفێڵ دەمی لێ بەردا...

– خنکام...، مردم...، نازانم بۆ وام لێ دەکەیت؟؟ ئەمە بەرِقەوەیە، بەقوربانت بم میناغا، توخودا ئاوەها عەزێتم مەدە، خەریکە ملم لە بن دەردەچێت...

– کەواتە گوێ بگرە، سێ چوار ڕۆژە ئێوارە، شەو، بەیانی، نیوەڕۆ ئەلە گەڕت کردووە بەبنیشتە خۆشەی سەر زمانت، ئیتر تا خۆم ئەو شتە ڕێک نەخەم لە دەمت بێتە دەرەوە



زبانت دەبڕم، ئەمە یەک، هەموو عەسرانێک لەو سەرشۆرکە خۆت دەشۆیت، بەهیچ جۆرێک بەجلی نوێ و جوانەوە ناچیتە دەرەوە و ناچیتە سەر کانی...

هەر کەسێکت دی و هەر چییەک گوترا، تۆ کەڕیشیت و لاڵیشیت، کە چوویتە سەر کانی گوێ لە قسەی جەماعەتی ئەوبەر بگرە، چییان گوت بۆم دەگێڕیتەوە، کە باوکم هاتەوە من هەفتەیەک دەڕۆم، ئەویش گوناهە، دەبێت دڵی ڕازی بکەیت... شەوێکی تاریکیشت بۆ دەڕەخسێنم، ئەلەش دەخەینە تەڵەکەوە، مەلاش ئامادەیە و بەسەعاتێک هەموو شتێکت بۆ دەبڕێنمەوە، هەی نەگریسی پەتەڕی، کێ خودا دەیداتێ بەیەکجار سێ مێردی هەبێت... بەم جۆرە تۆ چاوی خۆمی، بازنیشت بۆ دەکەم، جیازی و پێکەوەنانی ماڵیش هەر لەسەر خۆمە، ئیتر خەمی چیتە، وەها نەبێت منیش هیچ، بەم جۆرە تۆ بۆ من، من بۆ تۆ... ئەوە لە بیرم چوو پێت بڵێم، دیسان دەڵێن جووڵە جووڵەکە و موزاهەرە و جووتوموتەکە، دەستیان داوەتە شتە قۆڕەکان، لەسەر کانی باش گوێ بگرە، بۆنی هەر چیت کرد پێم بڵێ «بووکە خان...» باشە؟!!...

– تۆ ملت لە بن دەرهێناوم، شانم وەختە بکەوێتە خوارەوە...، باشە، بەخودا، بەسەرچاو، ئەمر ئەمری تۆیە...

– ئاخر دەمەوێت تێتبگەیەنم، من تاڵەوەکەرەی خۆشەوەکەرەم، فێریشت دەکەم و تێریشت دەکەم...، گوژمێکی تر لێ دەنیشین و ئاشتت دەکەمەوە... دەی دوام بکەوە...

ئا بەو گەرداوەی پیزەی تێکەوت، کچێنی خۆی لە دەست دا، پەڕەی کاڵی گوڵی دڵی ژیانی سەربەرزیی لە دەست چوو... بەلای ئەم پێڕە ناچیزەیەدا خۆی یەکلایی کردەوە... بەئارەزووی خۆیان یارییان پێ دەکرد...

مینە بەدەست و بەدەم پیزەی گرتبوو، بۆ مەرامە پیسەکانی خۆی دەلاڵیشی پێ دەکرد...، پیزە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەچەقییە زەلکاوە پیسەکەیانەوە...، بۆ ئەلەش دەستی دەستییان پێ دەکرد... مینە حەبی لە شارەوە بۆ هێنابوو بۆ ئەوەی تووشی کارەساتێکی تری نەکات، پیزە تا جارێک دەیخوارد دووجار نەیدەخوارد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «من بەو حەبانە سەرم گێژ دەبێت، لەتر دەدەم، جاروباریش لێی دەبڕا و مینە پاش دە ڕۆژێک ئەوسا بۆی دەهێنایەوە...

***

پاش هەشت مانگ ژیانی ڕابواردنی بێ شەرمیی، پیزە هەستی بەسەرلێشێواویی و کەوتوویی نزمی خۆی کرد...، سکی بەرزە بووەوە، هاتوهاواری لەگەڵ مینەدا هەر فریودان بوو، ئەوە بوو دوایی مقۆمقۆ لە ناو دێدا داکەوت، پیزە ئابڕووی چوو...، سکی لێ جیابووەوە...، ماوەیەک دوای کوڕ ڕۆستەمە سووریش بەزۆرەملیی پێی فێربوو...، پیزەی ترساند کە لە ناو دێدا بەرەڵڵای دەکات و شوورەیی دەشکێنێت گەر دەستی لەگەڵ تێکەڵ نەکات...، ئاگر لە کای کۆن بەر نەبێت، ڕۆستەمی کەوڵە کۆنیش تا تێری لێ نەخوارد دەستبەرداری نەبوو، هەر جارە یەکێکیان دەیانشەکاندەوە، دەسا هەر وەهایە پیشەی نۆکەرێتی سایەی ژێر چەپۆکی ڕژێمی دەرەبەگێتیی...، دزینی سامان، داگیرکردنی بەرهەم، چاوشکاندن و ئابڕووتکاندن نەبێت هیچی لێ دەستگیر نابێت، لەگەڵدابوونیان ڕووڕەشیی و پەشیمانی لە دوایە...

ڕۆستەمە سووری بەزەبر و زەنگ، پەپووی شمڵی شەڕ، زانی ئیتر لەمە زیاتر مانەوەی پیزە ناشیرینە، بۆ خۆشی...، ئێوارەیەک، کاتی شێوکردن، بەمینەی گوت:

– کوڕم مینە...، لەم چەندانەدا لە شار بووم، مامۆستا برا خاسی بەگۆبەندی خالۆزات لە سلێمانییەوە گوێزراوەتەوە بۆ دیوانییە...، ئەو هەتیوە سەر بەگێچەڵە بۆ خۆی دانانیشێ... تووشی هەزار مەخسەرە و هەیتوهووت بووە تا ئێستە...، پیزە بەرە بۆ لای ئەوان، ئەوە بوو تا دایکت مابوو ئەویش کەمی پێ نەکردین، هەراسانی کردبووین، هەر ساتە نا ساتێک لەگەڵ مامۆستا پیسەکەی بەملشکاندنمان دا و لەگەڵ جانەوەرەکانی ئەم ناوەدا هەر خەریکی ویتەویت و جووت و جووتیاران بوون، با ئەویش لەوەلاتر چێت، بەڵام قەومایەتییەکەشی تێدایە و ئێمەش لە دەست ئەم کچەتیوە پیسە ڕزگارمان دەبێت...، چاکتر وایە دوور بکەوێتەوە، لێرە نەمێنێت...

لە بیرتە ئەم کوڕە جرپنە جلفرە، هەتا ئامەی پووری مابوو، زۆر جار داوای یەکێکیان دەکرد کە لای منداڵەکانیان بێت و یارمەتییەکیان بدات، پیزە لەوێ تووشی زیان نابێت و قازانجیش دەکات بەخێرێ ژنەکەش مامۆستایە، پیزەشمان لە دەست ناچێت؟!...

– ئەرێ بەخودا بابە، ئەوان زۆر باشن، خۆشیان لەو جۆرە کەرەن کە بەزەییان بەهەژاران و لێقەوماواندا دێتەوە...، زۆر سوپاسیشمان دەکەن، دەیکەین بەمنەتیش بەسەریانەوە... بەڵام بابە گیان ئەم پیزە نەگریسە خۆی ئەم پەندەی بەخۆی داوە، من حەبم بۆ کڕیبوو، بەڵام... ئەم قسە قۆڕانە لە لای من مەکە، کوێخا ڕۆستەم ئەمەی گوت، ناوچەوانی کرژ کرد



و چووە دەرەوە، پیزەش لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«هەر ئەوانە ڕاست دەکەن، پاکن، چاکن...، ئەی وەکو ئێوەن تا ئێستە هەزارانتان بەپەنگ کردووە؟!، من خۆشم وا هەڵدەگرم، هەمووی خۆم بەخۆمم کردووە...

– پیزە دەڵێیت چی، وا باوکم ڕۆی...، بەیانی ماشێن دێت، لەگەڵ خۆمدا دەتبەم، چاوم لێت بوو لە پەنا دەرگاکەدا خۆت گرتبوو، هەموو قسەکانی باوکمت بیست، ئەمە هەلە و ڕەخساوە...

– ئەی ئەم سکەم چی لێ بکەم...، چۆن وەها ڕامدەگرن؟؟

– کچێ ئەوان ناچارن، دەتخەنە سەر سەریان...، تا نەشرۆیشتوون و لە دەستمان نەچوون...؟! ئەوە چاکترین چارەیە، هەی سۆزانی تۆ بەختت هەیە...

– جا من دەسەڵاتم چییە، هەموویم ئاگا لێیە، لەگەڵ کوێخا هەزار تەکبیرتان لێ کردم، بەدەستمەوە دامابوون، خۆتان دەیزانن...، بەدارما بدەن و بەبەردما بدەن هەر خۆتان نایکەن؟! ئەمەش وەک هەموو شتێکی تر، نەتانویست بەدەستی هەتیوەکەی برام بەکوشتم بدەن و ئەو نەگبەتەش تووش بکەن؟!... هێشتا ئەمەم قانزاجترە

– کچێ گەوجەی جامباز، ئێمە لەسەر قازانجی تۆین، با لەوێ مناڵەکەت ببێ...، نەختێ مەسەلەکەشمان کۆن ببێت، خۆم دێمەوە دەتهێنمەوە و لە ئەلەی سەگبابت مارە دەکەم، ترست نەبێت، ئەمجارە بەزۆریش بێت...، هەستە وەرە ئەمشەومان ماوە، با تێر ڕابوێرین، با شەوێکی خۆشی وەها لە کیس نەدەین...، دوایی وەک یادگاریی بۆ هەردووکمان دەمێنێتەوە...

مینە ئەمەی گوت و بەپەل ڕاکێشان پیزەی بەزەویدا ییخدا...

***

دەمەوچێشتەنگاو، پیزە و مینە خۆیان ئامادە کردبوو کە ماشێنەکە بکەوێتە گەڕ...، ئەمان لە پێشەوەی پاسەکەدا شوێنیان گرتبوو، هەر ئەو ڕۆژەش خەجیج خان و هێمن و خەسرەو دەچوون بۆ شار، بۆ ئەوەی لەوێوە بڕۆن بۆ گرتووخانە و دیدەنیی مەریوان بکەن..

پیزە ئاوڕێکی دواوەی دایەوە...، کە ئەوانی بینی مووچڕکەیەکی تێکەڵ بەترس و شەرم بەهەموو گیانیدا هات، چاوی شۆڕی دانەواند و بێ دەنگ خۆی مەڵاس دا، کزۆڵە و گرمۆڵە خۆی نقوم کردبوو... دوای ماوەیەک ماشێن کەوتە گەڕ...، لە نێوان وڕەی ماشێن و

خرمەی زیخ و بەردی لە ژێر پێچکە دەرچوو، وەک گوێی بزرنگێتەوە وەها بوو... ئەوان پێدەکەنین و هیچ خەمێکیان لەبەر نەبوو...، وای هاتە گوێ پێی بڵێن:

– وەجاخی ڕۆشن و بەختی چاک هەر وا دەبێت...

وەک دەنگێکی تریشیان بڵێت:

– دوو گونە چارێ خۆی جوان بوو، دوو گونیشی لە چارەی ڕووا بوو... سەمەرەیە...

خەڵکی ناو ماشێنەکە بەسەر یەکدا ترشابوون، ژاوەیان دەهات...

پیزە وای هەست دەکرد بەهەموویان گەمارۆی ئەویان داوە:

– «سەریشیان تاشیی و ئاوێنەکەشیان دایە دەستت...»

– «گوایە بەخۆت نازانیت؟! مردنت ئا لەمە چاکترە کە تێی کەوتوویت»

«ئەمە شاربەدەرکردنێکی بەحورمەتە...»

– «لای ئێمە بوویتایە بۆچی ئەمەت بەسەر دەهات؟!... بەپەنگیان کردیت...»

– خۆت ئارەزووت لەمە بوو، دەستیان خۆش بیت، بەم حاڵەش لێیان نابێتەوە...

پیزە لە گەرداوێکی دڵتەقێندا بوو... مێشکی درنگەی دەهات، گران هەناسەی بۆ دەدرا... هێندەی نەما بوو دڵی دەربێت، ورگی شڵقەی دەهات، منداڵ لە سکیدا هەر جرتوفرتی بوو... وا دیار بوو ئەویش داخی خۆی پێ دەڕشت...، پیزە خەریک بوو لە هۆش خۆی بچێت...

«من زۆڵم، تۆ زۆڵێک دەخەیتەوە...»

لەم کاتەدا دەست کرا بەهاوار هاوار، ئۆتومبێل وەریگرت، سەرەوخوار بەلای چەمدا...، زریکەی ژن و قیڕەی پیاو،پیزە نرایە نێوان مینە و پێشی ماشێن و لێخوڕەوە، لێخوڕ ئانیشکی لە ورگی پیزە گیر بووبوو، بەپەلە پاڵێکی پێوە نا، بەخێرایی سووکانی بادا بەرەو لای کەند پێچێکی لەپڕی دایەوە، هەردوو تایەی پێشەوە کەوتە چاڵێکی بەردەمی کەندەکەوە و لەسەرلا بەگوڕ دەعامی دا بەتاشەبەردێکدا... ناو سکی هەموویانی خستە خوارەوە، ئۆتومبێل کەوتە سەرلا و بەکەندەکەوە هەڵواسرا... پاش قاڕ و قیڕێکی زۆر ئەوەی توانی خۆی هاتە دەرەوە، ئەوەی نەیتوانی هێنرایە دەرەوە، پیزە لە هۆش خۆی چووبوو، ڕایانکێشایە دەرەوە، وەک کوندەیەکی پڕ لە ئاو لە دەستیان بەربوو شڵقەی کردە سەر زەوی، مینەی بێ ئابڕوو بەدەستییەوە داما بوو، شۆفێر و چەند کەسێکی تر بەچوار



دەستە لەولاوە دایاننا، هێمن و خەجیج خان هیچیان لێ نەهاتبوو...، خەسرەو دەستی ئازاری گەییبوو...، مینە ناوچەوانی شکابوو...، پاش هەڵساندنەوەی ماشێن و دیسانەوە بەڕێکەوتنیان، بەهەرچۆنێ بوو ئەو کاژێرەی کە مابوویان تەواو بوو، بەڵام بە چ حاڵێک، نکەنک، هاوار و ناڵاندن... بۆڵە و دوعا و زەنا...، پێکەنین و گریان... ئەو ئۆتومبێلە و نەفەرەکانی کە بەدوایانەوە بوون، لێیان جیا نەبوونەوە، لە هەڵساندنەوەی ماشێنەکەدا گەر ئەوان نەبوونایە وا بەئاسانی ڕزگاریان نەدەبوو، مینە لە دڵی خۆیدا:

«ئەمەش پەنگێکی تر بوو دەبووایە بماندییایە...، ئەوانی تریش هەریەکە بەجۆرێک بیریان دەکردەوە...، هاوار هاوار ناو ماشێنەکەی تەواو ناخۆش کردبوو... یەکسەر بۆ تیمارخانەی شار، پیزە پەرێشان بوو، هاوار و قیژ و ناڵەی هەموویانی کاس کردبوو... خوێنی لەبەر دەڕۆیشت...، دەستبەجێ بۆ خەستەخانەی بەفریاکەوتنی بەپەلە...، بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەریی، مینە خۆی کرد بەخاوەنی، لەوێ گوتیان دەبێت منداڵەکەی بەشەقوپەقی لێ دەربهێنین، ئەگینا خۆشی دەمرێت، مینەی کەشکی سوواوە، لە خودای دەویست، خێرا وەڵامی دانەوە:

– خۆتان چۆنی بەباش دەزانن وەها بکەن...

ئەمجا لە کاتی چاوەڕوانیدا، مینە خۆی بەخۆی دەگوت:

– باشە ئەو نەبەکامە ئاولەمەیە هی من بوو یان هی باوکم؟!، من بەختم یارە، چاوی دەربێت، بەخودا چاک ڕزگارم بوو، نەخشی هێناوە...، کێ وای بۆ ڕێک دەکەوێت...، ئەگەر خۆی قایل بێت دەیبەمەوە بۆ لای خۆمان...، دەست پێ دەکەینەوە، ماوەیەکی تریش با لامان بێت ئەوسا چاوی دەربێت، چی لێ دێت با لێی بێت...، بەڵام نا، نابێت... سەگ و گورگ شوورەییمان دەبەن، کوێخاش بەوە قایل نابێت، ئەو باوکە کەللە ڕەقەم سەیرە، ئەشی خورێ و ئەشی یەشێت...

پیزە، هەفتەیەک لە تیمارخانە مایەوە، یەکسەر بردی بۆ ماڵی براخاسی خالۆزای...، ئەوانیش وەکو هەنگیان لە داردا دۆزیبێتەوە وەها بوون...، زۆریان پێ خۆش بوو، بەهاتنی پیزە دەرووبەکی باشیان لێ کرایەوە...، بۆ ئیشی ماڵ و منداڵ بەخێوکردن...، ماوەیەکی زۆر بوو دامابوون...، پیزەش بەم ژیانە تازەیە و بەرەوشتی بەرزی ئەمان شاد و بەختەوەر بوو...، هێندەی تر خۆی دەرەتاند، بۆ قایلکردنی ئەمان...، ڕۆژانە بەهەناسەساردیی و چاوی پڕ فرمێسکەوە «کەمت نەچەشت، ئیتر بەسە، دەبێت کارێک بکەیت لە بریتی لێ

بێزران، پێتەوە بنووسێن...» ئەوانیش لە بریتی نان و چێشت، جلوبەرگ، مانگانەشیان بۆ بڕییەوە...، بەم جۆرە پیزە لە شاری دیوانییەی خوارووی عێراق، گیرسایەوە، جارێکی تر کەوتەوە ژیانی ئاساییەوە، لە لای ئەم خێزانە نیشتمانپەروەرە، نانی زوڵاڵی بەری ڕەنجی خۆی دەخوارد، ئەوە بوو ئەو شەوە لەسەر پێخەف ڕاکشا بوو:

«پیزە ئەگەر بەخۆت بزانیت ڕزگارت بوو...، توخودا هەر ئەمەت باشتر نییە لەو حاڵە پیسەی تێیدا بوویت؟! مینە سەرشێت بەلایەک و ڕۆستەمی ئەرژەنگی دێویش بەلایەک...، پیزە ئالیکی ئەسپەکان، ئەی ئاڵفی مەڕ و بزن، کچێ بەنەحلەت بی گەوڕ و شیاکە، کچێ پشتیرەکە...، هەی پیسی بۆگەن ماڵ وەها ڕادەگیرێت؟!، ئەوە چێشتت پێ نەگەییووە، دەستت بشکێت گۆشتەکەت بارەی دێت... ئەمشەو میوانمان هەیە، کچێ بەپاکیی وەرە بەردەمیان، ئەمجارە میری بەڕێوەبەر دێت... ئەمشەو نابێت لە هیچی کەم بێت، بێ دڵیی نەکەیت ها، ئەوە پێم گوتی، بەدەست و بەدەم بیگرە، ئەو شەوەت بیر دەچێتەوە؟؟ نا، نا، هەرگیز...، تۆ لەسەر گازی پشت، هەردوو لنگت بەدەست مینەی ناپەسەندەوە، قاقای لێ دەدا، هەر جارە بەجۆرێک یاریی پێ دەکردیت...، دەیخولاندیتەوە... مەشکەژەنێتی پێ دەکردیت و ناو سکی خستبوویتە خوارەوە...

– کچێ پیزە ماخۆلان...، خۆم شێواوە، لە شار دیسان موزاهەرەکەیە، بڕمێ و بڕووخێ، ئەها منیش تۆم خولداوە، تۆش لەوانی، بەو شاخەشەوە، تەقوهووڕ و بەزمە، سەربازەکان دەڕۆن و دەگەڕێنەوە، ئەوانیش وەکو ئێمە لە گەلەگورگەکەن، ئەگەر برسیی و بێ خواردن بوون، چاو لەیەک سوور دەکەنەوە، دوایی بەهەموویان یەکێکیان دەخۆن...، پێش خواردنیش تەپاوتلی پێ دەکەن، وەک ئەمەی من کە ئێستە بەتۆی دەکەم، ئیتر بەستە، وەرە با دەست بەشتە خۆشەکە بکەینەوە، لەسەر گازەڕای پشت تێرم بایەخولێ پێ کردیت، ئەمجا نۆرەی تەپاوتلە...

«باوەڕ ناکەم ئەمانە و دەیان ناسۆری پڕ لە ژان و ناخۆشترت بیر بچێتەوە، لەپڕ هەردوو لاقی توڕ دایت و شلّقە لە ناو سکتەوە هات، بەپاڵ بەکۆڵەمستە، فەردە پێ هەڵگرتن، وا دیار بوو دەیویست بەڕاویتەت بکات، زۆڵەکەت پێ فڕێ بدات، ئەی ئەلە، ئەلەی لە تۆ نەگبەتتر، خۆ بەڕاست مەجبوور بوو بتهێنێت، لە خۆی ڕزگارت دەبوو، باوکی سواری کۆڵەی سنگت دەبوو، ئەلەی بەسەزمان بەهەموو شتێکی دەزانی، ئێجگار هێندە گەوج و گەمژە نەبوو، کلک گرتی، مانی لێ گرتن، ئیستەرەمی کرد، گوتی: من ئەمساڵ ژنم



ناوێت، تێهەڵدانی مینەش سوودی نەبوو...، دیارە لەبەر خاتری جەنابیشت دەستبەرداری ئەلە گول نەبوون، جگە لە شوانیی و گاوانی، دەیان کاری تری پێ مەیسەر دەکەن... بەڵام پیزە نەخێر تۆ هەر لەوە نەگەیشتی، ڕۆژی تێهەڵدانەکە ئەلە مەبەستی چی بوو کە بەگریانەوە گوتی «داخی خۆشمم لە دڵدایە، هەر لە منداڵییەوە، وەک جاشی ماکەرێک سواری کۆڵم بوون و لێی نایەنە خوارەوە.»

***

# ١٣

مەریوان حەوت ساڵی لە بەندیخانەدا بەسەربرد...، بەڵام حەوت ساڵی تاڵی ڕەش، چەوسانەوە و پەژارە...، حەوت ساڵی ڕەبەقی ناهەق، بەداخ و بەئەشکەنجە و ئازار...، بەشەو و ڕۆژانی پەشێوی دەروونیی پەست و خەست... ڕۆژانی دەروونیی دووروودرێژی چاوشکاندن و دڵشکاندن و پێشخواردنەوە... ژیانی کات و دەمەی ڕەتاندن و بەچاوی سووک سەیرکردن، بەناسۆر کوشتن...، ساتی سوێهاتنی سۆزی بیر و هۆش و گۆشی دروستیی... خنکاوی ناو کایەی پەرتبوونی تینی بیینی پیاوەتیی لەبار...، شەهیدکردنی عەشق و شەیدایی پیرۆز... خنکاندن، ونکردنی ئارەزووی ناخی تاسێنراو، پێشێلکردنی هەست و هۆشی مرۆیەتی کەسێکی زیندووی بڕوا، ماوەیەکی بێ وچانی چەرمەسەری، هەیتوهووت و هێنان و بردن...، بیرکەرەوە لە وەرچەرخان و گۆڕینەکان، تەماداریی بێ وچانی سەرکەوتن، بەسەدان داچڵەکان، خەوزڕان و چۆقی ددان، گیان لەرزان، شەونوخونی بێ ئەندازەی بێخی گیان...، هەتا هەڵبگرێت و بەبیردا دێت، بێ ئارامی، نائاسوودەیی، بێزاریی و دەردەسەریی...

مەریوان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشایەوە:

بیر لە چی دەکەیتەوە بەداستانیش ناگێڕڕێتەوە...، چیت لێ بەسەر هاتووە...، تۆ بڵێیت بەمەش بگوترێت چارەنووس؟!، ئایا تووشکردن و خستنە داویش دەخرێتە ئەستۆی چارەنووسی و ناوچەوانەوە؟!... ئەگەر وابێت، کەوا بوو ڕەواش نارەوایە، ئایا پەروەردگار یاسای ستەم و زۆری بۆ داناوین؟! کەواتە دادی ئاسمان ئاوەژووە، یاداشتێکی پڕ کوێرەوەرییە...، چۆنت لە بیر بچێتەوە و بۆچی...؟! چەندت هاوار کرد...، چەند پاڕایتەوە، سکاڵانامە و داوات پێشکەش کرد، لە وەڵامدا چیت دەبیستەوە...، چییان بەسەردا سەپاندیت: «پیاوکوژێکی دڕندەیە...» «چەتەیەکی بێ ئابڕووە...» «کەی مرۆیە، مارێکی بێ ئەندازەیە...» «لێی نزیک مەکەونەوە، تاوانکارێکی نالەبارە» «دژی دەسەڵات و یاسای دەوڵەتە»، «پشێویی دەنێتەوە» زۆری تریش، لە ژماردن و لە گوتن نایەن...، هەرچی بەسەر ئەو خەڵکەدا دێت، هەمووی بەپیلانی مەحکەم و تەڵەکە و ساختە و ئاوەژوو دادەڕێژرێت، ئامادەی دەکەن و بەسەر تۆ و هی وەکو تۆدا چەسپە و دابڕی دەکەن، بەرەو ڕووی کەسە پاکەکان کراوەتەوە، هەر چیت لەو قسە و بێژە نارەوایانە بەر گوێ



دەکەوت، دوژمنەکانی خۆت و چینە چەوساوەکانت بیر و پێش چاو دێتەوە، چونکە ڕووی ڕاستی ئەوانی دەردەخست و دایدەماڵین، پیسی و ژەنگ و ژاریانی بۆ دەخستیتە ڕوو... بەڵام بڵێیت بارودۆخەکە هەروەها بمێنێتەوە؟! نا، نا وەک خۆت، بەندییەکان، ئێوەش نەگۆڕران؟! تۆش، بەڵێ، ئاوەها بوویت، ئەوان بەم جۆرە و لەمەش خراپتر و نابەجێتر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردیت، هەر پاسەوانەکان؟! نا...، بگرە بەندییەکانیش، لە سەرەتادا... کێ دەڵێت زیندانییەکانیش لە چاوی خۆیانەوە سەیری تۆیان نەکردبێت...، یان چۆن بزانیت ئەوانیش هەندێکیان بێ تاوان نەبن و لە داخی دڵی خۆیان وایان بەتۆ نەکردبێت؟؟... دەبێت تاوانیان لە تۆدا دیاردیی کردبێت، بۆیە بەو جۆرە لە پێشدا ڕووبەڕووت وەستانەوە...، وایە، لەوانەیە گوتبێتیان «ئێمە بەخۆڕایی و بێ تاوان تووش کراوین و لەگەڵ ئەم پیاوکوژە جانەوەرەدا دانراوین...» ئەی دوایی پێیان نەگوتی، بەڵام پاش چی...، خەتای هەردوو لاتان بوو، ئەوە بوو تۆش گۆڕایت و کفت و کۆت نیشتەوە...، ئەوانیش هەر سەیرتر سارد بوونەوە...، بەڵام تۆ خۆت دەزانیت بۆچی وەها کەوتەوە، چونکە لە پێشدا تۆ زۆر سرک و پەرێشان و تێکەوتوو بوویت... سرەوتت نەبوو...، دنیات لێ تاریک بووبوو، هەر وەکو بزنی جینگانەت لێ هاتبوو، جێگەت بەخۆت نەدەگرت، زۆر زوو هەڵدەچوویت، گومانت بێ بڕوایی لە لات دروست کردبوو، بەندیی و حەپسی و گیراویت دی...، مێشکت کرایەوە...، دەروونت لە جاران فراوانتر بووە...، دڵ و گیانی خۆتت بەهیوای گەش و بەتوێژی ئارام هەنووە...، گیراوەکانیش سەیری ڕەوشتیان کردیت، بۆیان دەرکەوت، تۆ ئەوە نەبوویت کە چاوەڕوانی بوون...، گیراوە ڕامیارەکان هەر زوو لە تۆ گەیشتن...، ئەوانە زرنگ و وردن، چاکی دەکۆڵنەوە و سەروژێری دەکەن...، هەر دەمت هەڵهێنایەوە، سەری گولۆڵەکەیان لە دەم قۆستیتەوە و بەزوویی ئەنجامیان دایە دەستت...، زۆر سەیرە، ئەوانە بەپێچەوانەی ئەمانی ترەوەن...، دەڵێیت لە سەیراندان، هیچ پەژارەیەکیان لە دڵدا نییە...، ئەی تۆ خۆشت کاتی جووتیارانەکە هەر وەها نەبوویت؟! چ باکێکت هەبوو، هەر دەخنایتەوە، ئەمەیان جیا بوو، بەخودا هەر ئەوانیش بوون هانیان دایت و بەپیرتەوە هاتن...، ئەگینا زوو ورەت بەردەدا...، هەر چۆنێک بێت ئەم بەندیخانەیە شانۆیەکی سەیرە، ڕەسەنایەتیی کەسەکان بەرجەستە دەکات، مۆخی پیاو دەئاژنێت... تووشی گەرداوێکت دەکات، ئەوسەری دیار نەبێت... دواییش وردە وردە بەخۆتدا دەچیتەوە، ڕاستییەکانت پتر لە لا ڕوون و ساغ دەبێتەوە، دۆستی گیانی و نانیت بۆ دەردەکەوێت... نواندنی چاکە و خراپەیە...، یەکەم جار چۆن بوویت، ئێستەش کردیانیت

بەدەمڕاستی هەمووان و خۆشەویستی بەڕێوەبەرێتی بەندیخانەکەشیت... هەر دەڵێیت بەندیش نیت...، سەربەست بەئارەزووی خۆت دێیت و دەچیت... بەڵام تا کەی؟! چۆن...، بەچی ڕزگارت دەبێت، ئازاد بچیتەوە بۆ شادمانی و خۆشەویستی و زەوی پان و بەرین و ژیانی ژیاوەی شاخ و چەم و ئاسۆی فراوانی بەری چاوی ڕۆشن و کوێستانی ئارامگەی دڵ و خۆشەویستیی؟! ئەو هیوایەی بۆی دەژیت، تەمادارییەکی تفت و تاڵ و دڵتەزێنە، هەر هەواڵە و بەدوای هەواڵدا دێت...، بێ گومان واتەی ئەم ڕامیارانە زۆر سەمەرەیە...، هەر بەتەمای دەرچوونن...، تۆ ئەوا حەوت ساڵت تەواو کرد و چاوەڕوانی ئەم هەموو ساڵانەی تریت...، کەچی هی وایان هەیە دوو ڕۆژە فەرمانی بەسەردا دراوە، وا بەتەمایە سبەینێ دەربچێت و دەڵێت گۆڕان هەر دەبێت... پێشمەرگە لە شاخ خۆڕاگرە، سەرباز هێرش دەکات، دەشکێت، دەگەڕێتەوە، دەڕواتەوە، دەبڕێتەوە، هەر دەبڕێتەوە، هەموویان وەک یەکێک پێی گوتبن «بەیانی دەردەچین، هاکا فەرمانی دەرچوو...، ئامادە بن، ئا هەروا، بەئاسانی بۆ بەیانی...؟! بۆ دووبەیانی، پڕ بڕوان گەشتە و ڕەوە و کاروان لە ڕێدایە، با ئێمەش لە بەندیخانەدا بین... ئەوان بەو جۆرە، بەڵام تۆ لە بواری سیاسەتەکەدا باڕیت، تۆ بەقووڵی لە بیری ژیریی ئەمانە تێناگەیت و دەرنایەیت، بەڵام یەکەم جارت و ئێستەت ئاسمان و ڕێسمانە، تۆ خەریکە ببیتە گچکە سیاسییەک کە هێشتا خۆتی لە ئاستدا نابینیت...»

***

مەریوان گەلێ شەوی تا بەرەبەیان بەبیرکردنەوە و خەیال پلاوەوە ڕۆژی کردبووەوە...، ئەمشەویش شەوێکی مێژوویی بوو لەو شەوانە...، بەڵام شەوێک نەک وەکو گشتی ئەم شەوانە...، جیا بوو لە هەمووان...، شەوی خەوی خۆشی بێداران...، ڕزگارکەری زامداران...، دەمی ڕاپەڕینی دەستەیەکی مەردی تۆڵەسێن بۆ گۆڕکردنی تەخت و بەختی سەختی چەوساندنەوە و کۆیلەتی...، بەڵێ هێزی سوپای دادپەروەر ئاگری لەسەر بڕبڕەی پشتی ڕژێمی دروستکراوی بێگانەپەرستی داردەست کردەوە، مەشخەڵی ڕزگاری و سەربەستیی هەڵگڕاند و شەوی دەیجووری بۆ کردین بەڕۆژی ڕووناک...، شێرەبەفرینەی بەندایەتی لەبەر تیشکی خۆری ئازادیدا بەرگەی نەگرت و تلێسایەوە... ئەفسەرە ئازادەکان، مەردانە، بەپلانی دیاریکراو و هەڵمەتی شێرانە پاشایەتییان ڕماند و کۆمارییان دامەزراند، چەپ و نەتەوەیی و دیموکراتی و ئاشتیپەروەرەکان پێکەوە



پشتگیریی هێزی سوپایان کرد، بەتایبەتی کۆمیۆنستەکان... لە شار و لە دێ جووتیاران و کاسبکاران بوون بەدەستەچێلە... هەر هەموو ئەم هەڵمەتەیان بەهی خۆیان دەزانی، هەر زوو قۆستیانەوە...

لەولاشەوە ئەم چەند ساڵەی بەندیخانە هەر دەگوترا و دەگوترایەوە، بووبوو بەخولیای سەری زیندانییەکان، بەتایبەتی مەریوانی زۆرلێکراو... «ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە ئەو هەواڵانەی دەهاتە ژوورەوە ڕاست بوون، پەیوەندییەکانی ڕامیارەکان وەها بووە...»

«بەڵام بەتۆ چی...، تۆ ناگرێتەوە...»

– کوڕە بەیانە بەیان، نامەی مژدەی خۆشی بەگەل درا...

وەک خەو بێ... یا خەیاڵ... یان وڕاوە و بزڕکان...، بڵێیت وابێت...، ئەرێ ڕاست بێت...، تا ماوەیەک مقۆمقۆی ترسەترس و پسکەپسکی دوودڵیی... جموجۆڵی پۆلیسەکان هێجگاری گومان بەپیاو پەیدا دەکات...، سەیرە، ڕیش تاشینە، نەبەنگیی هەموو یەکێکی گرتۆتەوە...، پیاسەی خێرا، پەنجەرە ڕاوەشاندن، وورووژان، شلەژان و ژاوەژاو، چەپەکان خۆیان گۆڕیوە، حەوت حەوت پێکەوەن. دانیشتنەوە، ئەمجا لە هەر حەوتەی یەکێک، ئەوانیش پێکەوە، سەریان نا بەیەکەوە، هێندەی پێ نەچوو بەر پەنجەرەکانی دیوی ناوەوەی گرتووخانە گیرا، دەستکرا بەهاوار هاوار، بەعەرەبییەکە زۆر تێنەدەگەیشتم، کوردەکانیش هاواریان دەکرد «بەهێزی گەل و سوپا... دوژمنمان لە گۆڕ نرا...» نیو سەعاتێک بەم بەزم و هەڵڵایەوە گوزەرا، بەڕێوەبەر هات، ئەمجارە زمانی گۆڕیبوو...، داوای هێمنی لە هەمووان کرد... پاش ماوەیەک دانیشتنەوە، دوا گوتنی بەڕێوەبەر ئەوە بوو: «ئومێدم زۆرە هەمووتان بەر بن...»

– ئەوانە هەموو بەر دەبن، مەریوان، هەر تۆ نەبیت...

پاش ماوەیەک هێوریی و کەم دەنگی، دیسان چرپە چرپەکە پتر بوو... پۆلیسی دەست بەچەک، هەندێک ترسی خووی ناپاک...، هەندێک سەر بەرز، ڕاست و بێ باک...، قسە کەوتە زارێ، کەوتە شارێ...، ئیتر جێ بەخۆی ناگرێت...، وایە...، بەڵێ وایە...، شۆڕشە شۆڕش...، سەیر و سەمەرەیە... دەرد و مەخسەرەیە، خۆشی و هیوای خەیاڵاتە...

– ... شۆڕشی چی...

– کێ...، کەی...، چۆن...، بۆ کێ...؟!...

– بۆ گەل، بۆ نەتەوە و نیشتمان... دژی دوژمنان... جەردە و پیاوکوژان...

– کورە مەریوان هەستە ڕاپەڕە، گومان و بێ باوەڕیی هەتا کەی؟!

– بەمن چی، کەڵکی چییە...؟! دڵی چی پێ خۆش بکەم...

– چۆن... بەردەبین...، هەموومان...، ...گشت بەندییەکان...؟!... تۆش، ئەوانیش...

– بەڵام من لە بەردەم یاسادا پیاوکوژم...، تاوانکارم، ئێمە چۆن بەردەدەن...؟!...

– تاوان نییە...، نەک تۆ...، تاوانکاری ڕاستەقینەش لە سایەی یاسای دروستی و دادپەروەریی ڕاستەقینەدا دەبێت بەپیاوچاک... بەخۆیدا دەچێتەوە، دەگۆڕێت...، چونکە ئەوانە کۆمەڵ، ڕژێم وای لێ کردوون...، بەڵام دوژمنەکانی گەل ئەوانەی برسێتی و بێ کاریی و نەخۆشیی و چەوساندنەوەیان دروست کردووە، چەوساوەکانیان تووشی دەردیسەریی و ڕەتاندن و ڕووتاندنەوە کردووە...، بەندیخانە بەوانە ڕەوایە... پێویست بوو بۆ ئەوانە دروست بکرایە... بۆ ڕۆستەمی چەوسێنەری جووتیاران، بۆ مینەی پیاوکوژی دەستدرێژیکەر... بۆ دوژمنەکانی ئێوەی پاک و دڵسۆز...

– ڕاست دەکات، دەبێت باوەڕ بکەیت...، بەتاقیکردنەوە بۆت دەردەکەوێت، بەم نزیکانە، هەموو شتێک بەم پێیە دەسەلمێت...

– بەڵێ بۆ تۆش و بۆ ئەوانی تریش...

دەنگە دەنگ لە دەرەوە نابڕێت...، دەڵێی پوورەی هەنگن، ژاوەی خەڵکەکە دەبیسترێت... هەر بڕوخێ و بژییانە... بەدەنگەکەدا زۆر زۆرن...، ئەمانە لە کوێوە داباری... چۆن هاتن...، کوێڕا وا کۆبوونەوە...، چی خستوونیەتە یەکتری و لەم ڕێڕەوەدا وا کۆی کردوونەتەوە...، هەڵبەتە ئەمە ئەوەیە کە ڕامیارەکان هەمیشە لێی دەدوان...، نازانم... ئێجگاری سەرم لێ تێکچووە، گوایە ئەمە کاری ڕێکخستنەکانی دەرەوەیە...، بۆ پشتگیریی... «بێ خەم دانیشتبووم...، وا پەژارە و بێ ئارامی دەستی پێ کردەوە؟!» مەریوان بەم خەیاڵاتەوە لە گێژاوێکی دڵتەزێندا بوو، دەیهانی و دەیبرد:

«باشە مەریوان تۆ لە مەسەلەی جووتیارانەکەدا حوکم بدرایتایە چاکتر نەبوو؟؟ ئێستە وەک موویەک لە ماستی دەربهێنێت، تۆیش بەئاسانی لەگەڵ ڕامیارەکاندا بەردەبوویت...»

– خۆزگە ئێستە بەحاڵی گوڵە و خەجیج خانم دەزانی... ئێستە ئەوانیش پەشۆکاون... وەک من خۆشیی و ترس... بێ ئارامی و دڵەڕاوکێ جەنجاڵی کردوون...، من خەمی



ئەوانمە... دەزانم ئەوانیش خەمی من...، سەد بریا ئێستە لە لام بوونایە... نا نا، چاکتر لێرە نین... لەم بارە ئاڵۆزەمدا من چی لەوان بکەم...، ئەی ئەوانیش خراپتر...

«دەهەستە عاشقی سووتاو، ئیتر بەسە، دیسانەوە ڕوو لە ڕۆخانەی ڕووخانی دەروونی خۆت دەکەیتەوە...؟؟... ئیتر بەسە، چیت نەبینی...، خۆ هیچ نەبێت ئەم گەرداو و هەڵڵایە بۆ تۆ ڕوو لە خۆشیی و ڕووناکییە...، ئیتر شپرزەیی بەسە... هەوڵ بدە خۆت ئاسایی بکەرەوە... تۆش وەکو هەموو ئەمانە...، تا ئێستە چییان گوتووە بەڕاست دەرچوو... ئەوەتا لە چل و سێ زیندانیی، تەنها تۆ نەبیت لەسەر ئەم بەتانییە زبرە و زەوی ڕەقوتەق، لەم گەرما دڵ پڕۆینەدا شانی پەژارە و مەینەتیت داداوە، بەرپەنجەرە و دەرگای یەکێکی تر ناگرێت...، ئەوانی تریش دوودوو سێ سێ، بەخێرایی پیاسە دەکەن، گەرموگوڕ دێن و دەچن، لە گفتوگۆ ناکەون، دەست و پەنجە ڕادەوەشێنن...، هەر تۆ نەبیت...، دەهەستە، دەی ئیتر بەسە...»

مەریوان وەک هەڵۆی شاخە بەرزەکەی پشت ماڵانی گوند ڕاپەڕی، باڵی ڕاوەشاند، خۆی کرد بەناو زیندانییەکانی بەرپەنجەرەکاندا... توند دەستی بەشیشی پەنجەرەیەکەوە گرت و هێندەی نەما بوو لە بێخ دەربچێت...

***

# ١٤

لێشاوێکی سەیر و... هێرشێکی توندوتیژ بوو...، چاک بەڕاست دەرچوو...، ئەم ماوەیە لە خەوێکی خۆش و شیریندا بووین...، هەموو گرێیەکی دڵ و دەروونی ڕەواندینەوە...، ئێستەش تەمای بەربوون هەر لەمڕۆ و سبەینێدایە...، ئاخۆ کەی بێ، ببێت بەڕاست و ڕزگارمان ببێت...، گوایە وەک دەڵێن خواستەکەمان هەر لە هێنان و بردندایە و تا چەند ڕۆژێکی تر بەردەبین...، کێ ئەمەی بەبیردا دەهات...

هەموو ڕۆژێک بەیانی زوو هەموو بەندییەکان ڕیش تاشراو، خۆ ئامادە دەکەن، وەک ئەوەی لە هەموو سات و کاتێکدا پێیان بڵێن: «فەرموون...، بەڕێزەوە وەرنە دەرەوە» هەر وەها بەئاسانی؟!... بەڵێ سەیرە، بەو ئاسانییە... «چاک پێچەوانەیە...، دەبا دوژمنەکان لێک ببنەوە...، ژەنگی ناو سکی پیسیان وەک خۆرە بیانخواتەوە و دایانبڕزێنێت...، چونکە هەر ئەوە هەڵدەگرن...»

– نا نا، گەلێک خراپتریش لەوە...

«هەموو شەوێک، گشت ڕۆژ و کاتەکان بەم تەمایەوە سەرمەست بوون، دڵمان لەسەر هەزار لێی دەدا...، هەر دەرگا کردنەوەیەک، دیدەنیی کارگوزارێک، بینین و دەرکەوتنی فەرمانبەرێکی بەندیخانە، کسپە لە ناو دڵ و دەروونمان پەیدا دەکات... لە دڵەڕاوکەیەکی تێکدەر داین و ناخمان دەهەژێنێت...»

دیسان دەرگا کرایەوە... ئەفسەرێک و بەڕێوەبەر هاتنە ژوورەوە، سێ چوارێک بەدواوە، لیستەیەک بەدەستەوە...، زیندانی بێ ئەوەی کەس ڕێزیان بکات، وەک بۆ مەشقی سەربازیی بچن، لە چاوتروکانێکدا شانیان لە شانی یەکتر گیر کرد، مەریوان هەموو گیانی دەلەرزی، ئەفسەر هاواری کرد:

– ئەوەی ناوی دەخوێنمەوە با بچێتە ئەوبەرەوە؛

یەکەم: مەریوان... دووەم: قارەمان... سێیەم: نەوشیروان...

– بەڵێ... – ئەوەتام... – خۆمم...

لە جۆشی ئەم خۆشییەدا، زیندانییەکان هیچ کام ئاگایان لە خۆیان نەما... بوو بەهەرا، پەلاماردان و ماچکردن... دەستگوشین و پەل ڕاکێشان... دەروونی هەموو هەڵدەپەڕی...



شڵەژابوون و ئاگایان لە خۆیان نەمابوو... هەڵدەبەزینەوە و پەلاماری یەکترییان دەدا...

– ئەو ناوانە بەڕێز و بێ دەنگ وەرنە دەرەوە، ئێوە هەمووتان دەبێت دەستەبەرتان هەبێت...، بەڵام ئاسانە، خەمتان نەبێت، ترس و داخورپانێک کەوتە دڵیانەوە...

مەریوان هەرکە چووە دەرەوە، هێمن و خەسرەوی بینی، چاوەڕوانیان دەکرد، شپرزە ڕایکرد و پەلاماری دان...

– ئای خەسرەو، هێمن گیان ئەوە لێرەن؟!

بەقوربانتان بم، تەقیم، لە کونی ژوورەوە پرزەم لێ بڕا بوو، بۆ دەروویەک هەناوم داخزا بوو...

هەموو باوەشیان بەیەکدا کرد و یەکترییان ماچ کردەوە، بەپەرۆشێکی بێ ئەندازەوە بەدەم یەکتریدا دەتریقانەوە...

– ئاگات لە چییە، ئێمە لێرە هەر لە گەڕان و ئیش جێبەجێکردندا بووین...

دەستەبەریشت تەواو کراوە...، هەر مۆری پەنجەی خۆت وەردەگیرێت، ئیتر هیچت نەماوە...

– هەر یەکەم ڕۆژ کە خەبەرەکە بڵاوکرایەوە، ئێمە هاتین بۆ کەرکووک... کار زۆر بەزوویی تەواو بوو، مەریوان کاتێکی زانی داوای مژدانەیان لێ دەکەن...، هێمن و خەسرەو بەم دەست و بەودەست، ئەم و ئەویان قایل دەکرد...، کاری دەرچوون بەوپەڕی خۆشیی و بەپەلە جێبەجێ کرا... بەم جۆرە خۆشیان نەیاندەزانی چۆن هاتوونەتە سەر شەقامی گەورەی گشتیی شار...، شەماڵێکی فێنک، گیانێکی سەرفراز، دڵێکی خۆشی پڕ هیوا... پاش کەمێک ڕۆیشتن، مەریوان قاچی لە دوای نەدەهات، نەیدەتوانی و بڕی نەدەکرد...

– کاکە خەسرەو، کاکە هیوا، ئۆخەی ئەمە منم...، ئەم هەموو گەرموگوڕییە...، ئەو هەموو جموجووڵە...، شار چەندە جەنجاڵە...، ئەوە حەوت ساڵە هێندە ژن و پیاوم نەدیوە...، ئەوە بۆ وا بەڕیز دەڕۆن؟! چییە دیسان... دەبێت هیچی تازە ڕوویدابێت؟!...

ئای لەو لێشاوە کە هات... ئەرێ هێمن، کوڕە خەسرەو، ئەوە چییە؟!... بەکوردیی... بەعەرەبی... جاروبارە کەمێکیش بەتورکمانی... هەر هاوار و هەر قیڕەیە...

– با، بژی...، با، بڕمێ، برووخێ، چەپڵەڕێزان... وەک گۆرانی... بەستەی ژیان... یەک

دڵ و یەک دەنگ، هەر دەیلێین و دەیلێینەوە...

– دەستت بێنە، مەریوان... وەرە دواوە، وەرە سەر کەنار شەقام، ئەگینا دەبین بەژێر دەست و پێوە...، ئەمە هێزی گەلە، هێزی گەل...، ئەمە موزاهەرەکەی جارانە... خۆپیشاندانە بۆ پشتگیریی دامەزراندنی ئەم کۆمارە، ئا ئەوە جەماعەتەکەی کرێکارانی گاورباخین

– ئەمە ئەوەیە تۆی هێنایە دەرەوە... تۆی قورتار کرد لە بەندییەکی دوورودرێژ، ئەوانە هێزی کرێکارە مانگرتووەکانی ئەوسان... بەڕاستیی پاڵەوان بوون... مەریوان لە نێوان خەسرەو و هیوادا وەستا بوو، دەستێکی بەدەستی ئەمیان ئەویتر لە قولەمستی ئەودا، بەسۆزێکی پەژاراویی، دوای هەناسەیەکی تاڵ: « ئای... کەسە دڵسۆزەکانم، چەندین شەومان بەورتە ورتی ئەم مەسەلانەوە ڕۆژ کردۆتەوە، لە نێوان بڕوابوون و بێ بڕواییدا...، لە نێوان هیوا و ئاواتی گەرموگوڕ و ترس و بیم و نامۆییدا...، ئێستە بەتەواوی تێگەیشتم... ئێستە ئاسوودەم...، ئا ئێوە سەیر کەن، ئەو هەموو ئاڵایە چییە هەڵیان کردووە... دەڵێی جارانە کە بەپیر حەجاجەوە دەچووین...، ئەوسای منداڵیی لە بیرتانە بۆ دەستکەوتی دەستەسڕە ئاوریشمینەکە... ئای کە خۆش بوو...

– ئەوە دروشمە...، ئەوە بەرنامەیە... ئەوە باوەڕە، ئەوە سەر لەوحەی ئاوات و هیوایە، ئامانجی دەستە و توێژ و چینە نیشتمانییەکانی گەلە... ئەوە گرێدانی تواناکانە بۆ هەوڵی بەرەو پێشتر...

– کوڕە هێمن، ئەم وتە قوت قوتانە چییە فێری بوویت، من وامدەزانی لە ژوورەوە هەر خۆم شت فێر بووم...، ئەڵێی تۆ لە من زیاتر فێر بوویت... من ئێستە بەتەواوی لەو ڕێکخستنە و ڕێکخستنەکان تێدەگەم... ئەو بەگوێداخستنە شتێکی سەمەرەیە؟!

– ئەی چۆن...، دەسا بزانە کۆمەڵیشمان هەیە...، کۆمەڵی جووتیاران...، دیارە ئەم ڕێکخستنەی تۆی زیندانی دەفەرمووێت...، بابچینەوە تۆش دەخەینە ڕیزەوە...

– جا چی دەکەن...، کەڵکی... سوودی؟!...

– هەرەوەزییە... هاریکارییە...، تۆ دەهێنین... پێشەکیی وەردەگرین... خۆمان ڕێک دەخەین... نیاز وایە مەکینەی جووت و درەویش لەم بەینەدا بگات...، بێ گومان هاوکاریی پێشمان دەخات و بەرهەمی هەمووشمان پتر دەبێت...



– جا کێ بێ لە سوودی خۆی لاریی هەبێت...، زۆر چاکتان کردووە... منیش هەر لە ئێستەوە لە تەکتان دام...، ئەم حەوت ساڵە تێکەڵ بەڕامیارەکان بووم و گەلێک شت فێر بووم...، بەڕاستیی وەکو لە قوتابخانە بووبم بۆ من وەها بووە...؟!...

– پەلە مەکە... بەهەموو شتێ دەگەیت... تێریش دەخۆیت...، دەڵێیت چی مەریوان، هەر ئەمڕۆ بڕۆینەوە بۆ ماڵ... یان سبەینێ؟!...

– کوڕە بەقوربانتان بم...، ئەی چۆن...، ئیشمان چییە کاتی تر زۆرە بێینەوە بۆ شار... ئەم کاتە ناسکەی من، دڵم لەسەر هەزار لێ دەدات، لەسەر نەریتی کۆن، خۆزگە ئێستە سیمرخێک دەهات و لە چاوتروکانێکدا دەیگەیاندین...، من خەریکم باڵ بگرم... نیازتان نییە دوامان بخەن و بمانهێڵنەوە؟!!... من کۆلاوم... کۆلاو...

– بەڵێ، پەلەیەتی... هەموو دەستیان کرد بەقاقای پێکەنین... بەو جۆرە وەک ڕاویان بنێن بەرەو گوند کەوتنە ڕێ...

***

مەریوان لە گێژاوی زیندەخەونی خۆش و ناخۆشدا بوو... «تۆ دڵت خۆشە، ڕزگارت بوو، ئەو زیندانیانەی هێشتا بەرنەبوون گوناهن، وەک چەند ڕۆژێک لەمەوپێشی تۆ... خۆزگە ئەوانیش هەر زوو ڕزگار دەبوون...»

ماشێنەکە تیژ تێدەپەڕی... «دەڵێی هێزی ئێمەشی لەگەڵە...، وا دیارە ئەویش دەزانێت پەلە و پەرۆشم، دەمەوێ بەفڕکانێک بگەمەوە، باڵ بگرم، خۆم بەماڵدا بکەم، چاوی نەخش و نیگاری جوانی دەورانی ژیانم گەش بکەمەوە و کفتوکۆی لەش و گیانی شەکەت بشکێنم، خۆشیی ژیان بگرمە باوەش...، ئای چەند ڕۆژانێکی خۆش و شاد بوو، لە ناکاو لە هەر شوێنێک هەڵمان بۆ هەڵبکەوتایە، لەگەڵ گوڵە گیان باوەشی پاکی خۆشەویستیمان بەیەکدا دەکرد...، دوو بەدوو پەیمانمان بۆ ئەو ڕۆژە تازە دەکردەوە کە تیایدا بەیەک دەگەین...، باوەڕ ناکەم کەس هەبووبێت هێندەی من بەپەرۆشەوە گوڵەی نووساندبێت بەخۆیەوە، بۆو هەلاڵەی مژیبێت...، وەک هێزێکی ئەفسوونی شەوانی تریفەی مانگەشەوی ڕازی تەنهایی...، ئەی ڕاونان و قاودان، تاودانی گەمە و وازیی، بەیەکداکێشانی منداڵیمان...، ئەی ڕاز و نیاز، بەزمی خۆنواندن، نازی خۆشەویستی و بێ خەوشیی، خونچە گوڵەکەی باخی ژیانم...، ئەوا ئەمجارەش نەمردم و بەو ڕۆژانە شاد دەبمەوە... ئەوا بۆ

جارێکی تریش، دەچمەوە کۆڕی کامەرانیی گیانی دڵی دڵداریی، خۆشەویستی دڵسۆزانە... هەرچەندە ئەم چەند ساڵە تاڵ و تارەی کە وەک ژەهری مار وا بوو، خۆشیی و شادمانی لە دەروون و ڕەگ و دەمارەکانمدا ڕیشەکێش کرد...، بەڵام بەدەردی دەڵێت «ئاگر لە کای کۆن بەرنەبێت...» ئەمجارە کاڵای خۆشەویستیی ئێمە، باڵای ژیان قووت دەدات، نقومی دەکات و دەیکات بەشادیی شادان، دەیزانم دەکەوینە دەریایەکەوە لە جۆش و شەیدایی...

– ئەرێ مەریوان دوێنێ ئەم حەلە لە چیدا بوویت؟!...

«ئێستە لە خەونی هەنگوینە باخێکی بەهەشتیدا بووم...، تۆ لەم ساتە بۆ ناپرسیت؟!... ئەوە بڕوات و نەیەتەوە...، من گیرۆدەی سۆزی ئەندێشەکانی ئەوینم...

– چۆن چۆن؟!... «خەسرەو بەخەنینەوە...»

– هەی هەی لەم بەزم و سەیرانە... لەم پیاهەڵدان و حەیرانە...؟!...

– چاکتان هێنامەوە، بەخودا ئەندێشە خەونە خۆشەکانم لە شەقەی باڵیان دابوو... خۆش خۆش لە فڕیندابوون و لە باڵتان دام...

– کاکە گیان، تازە خەونی چی، وا هەموو شت دوایی هات، هاتینەوە بەخۆشیی و سەرکەوتوویی کێڵگە و دێبەر ئاوەدان دەکەیتەوە...

– ڕاست دەکەیت، خەسرەو گیان، دوێنێ وەک نیوەگیان وەها بووم... مەحاڵە تۆ و هیچ کەسێکی تریش ئەو بارە ناسکە تایبەتەم هەست بکەن...، خۆشمم لە بیر نەما بوو...، ئەی ئەوە بۆ پێم ناڵێن ڕۆستەمە سوور لە چیدایە... مینە چی دەکات...؟!...

– وازیان لێ بێنە، جارێ مینە بەخەستی تووش بووە، بەڵام چاک، گەر بەوە هەقی خۆی وەرنەگرێت، هیچ کارێکی تر خۆش نییە...، تۆڵەسێنە تۆڵەسێن...، بەڵام ئەنجامی ڕەفتاری خۆی...

– چۆن هێمن گیان، ئادەی پێم بڵێن...

– ئەوەتی ئەو کابرایە هەیە سەرکێش و هەڵە و هەرزە بووە، بەهێزی ساختەی دەستوپێوەندی نازیوبەتی...، نەیدەزانی کاتێک دێت کەسی لە دواوە نامێنێت و لە سلّق ڕووتتر دەمێنێتەوە...؟! خۆبەزل زانیی و بەخۆنازین کوشتی...

– ئەی بۆ ناڵێیت پشتگیریی و فەرمانی ساختەی بەڕێوەبەری ناوچە و هانەهانەی



ئاغای بەگ لەگەڵیدا، بەو شتە قۆڕانە فریوی خوارد...

– ئێ ئێ... بۆچی؟! چییان لێ بەسەرهاتووە...؟!...

– مینە ئێستە هەڵاتووە... بەرامبەر بەدەستەیەک لە کۆمەڵان وەستا و بەربەرەکانی کردن...، دەیویست بەرامبەر میری بوەستێ، تازە دەیانەوێت چەتەگەرێتیی زیندوو بکەنەوە، لە هەڵمەتێکیدا دوو کەسی لێ ئەنگاوتبوون.

– دەمێکە ئەمە ڕوویداوە...؟!...

– بەڵێ ماوەی چەند مانگێک دەبێت...

– ئەی باوکی چی دەڵێت و حاڵی چییە؟! مینە بڕبڕەی پشتی دەستدرێژیی و خراپییەکانی بوو...

ماشێن کەوتە هەوراز وڕەی زۆری دەهات، ناچار دەبووایە دەنگیان هەڵبڕیایە.

– تازە تەواو، باوکی چی بڵێت...، ئەویش هەر لەو ڕیشە و ڕەگ و دەمار و دەماخە پووتە نییە؟! هەر لە یەکەم ڕۆژانی شۆڕشدا هانی دەدا، ئەوی کەللەڕەق وایدەزانی جارانە، هەڕەشەی دەکرد و دەیخوڕی، پێنج شەش تفەنگچی نۆکەر و دەستوپێوەندی خستبووە دوای... ئەوانیش هەر زوو لە حاڵەکە گەیشتن و پشتیان بەردا...، بەو جۆرە تا کوڕەکەی بە هەڵاتن و دەرپەڕاندن دا...، دوایی گەلێ هەوڵی دا...، بەڵام خوێن کەوتە بەینەوە و لەگەڵ گوندی ژووروو...، ئەوانیش لەسەری ڕۆیشتن و هەر ساتە نا ساتێ هێرشیان دەهێنا و، گوندیان دەدایە بەر شێلگی تفەنگ، ئەم ناوە هەراسان بووبوو...

– کەوا بوو ئێستە لە گوند نییە...، ئێی ئەوەیە دواییەکەتان، خوڕین و سەرەڕۆیی... دەبخۆن دەی...

– وەک دەڵێن لە ترسی بۆسە بۆ دانان دوورکەوتۆتەوە...

– ڕەنگە لە سنوور بێت...، جاروبارە بەودیویشدا دەچێت و دەگەڕێتەوە... مەریوان لەبەر دەنگی ماشێنەکە سەری بردە بەرەوە، بەزەردەخەنەوە گوتی:

– ئەی باوکی... گوایە ئێستە دەستی لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگە بڕنەوەکەی نییە؟! دەبێت هاشە و هووشەکەی گوێ کەڕ بکات!؟

– نە بابە... ڕۆستەمە سوورساڵێکیش دەبێت تووشی نەخۆشیی کوشندەی دڵ هاتووە... هەر بەڕێی پزیشکەوەیە، ئا ئێستە لەم کاتەدا لە بەغدایە بۆ چارەسەر...، بەڵام ئەڵێن زۆر

پەرێشانە... ئەویش لێ بووەتەوە، ئەو باو و توندوتیژییە ڕۆی... بێ دەنگی ناو ماشێنەکەی داگرتەوە...، لەشیان دەجوولایەوە و قاچیان دەلەرییەوە...، ورە ورِ و شیرەی پیرە ماشێن کاسی کردبوون و هەموویانی بردبووە خولیای بیرکردنەوەوە...، هەندێکی تریش وەکو لە لانکە و بێشکەدا خەوتبن...، بێ خەم، سەریان تەکەتەکی دەهات...، بەڵام ئەوەی خەو لە مەریوان دەخات، مەگەر تەنها قۆڵی گوڵەی بۆ ببێت بەسەرین... یان وەها تێبگات...، ئەوەش مەحاڵە... بەم جۆرە هەتا گەیشتنە بەری دێ لە هەزار ئاشیان کرد، بەدەیان جۆر بیریان ئاژنیی و کەوتنە هیوای خەونە خۆشەکانی دنیای نوێی خۆیانەوە...

***

خەڵکی وەک لە شارەکان خورۆشابوون و هەستابوونە سەرپێ... دانیشتوانی گوندەکانیش، بەتایبەتی مامۆستا، قوتابی و جووتیاران بەڕادەیەکی چاک لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا جۆشابوون... تەماداربوون شۆڕش گەلێک لە خواستەکانیان بهێنێتە دی... ڕۆژ و دەمەوکات و سات هەمووی بەخێرایی و تیژیی تێدەپەڕی...، هاتنەوەی مەریوان بۆ گوندەکە وەک گەڕانەوەی ژیان وابوو بۆ زۆربەی دانیشتوانی دێ...، خۆشیی و شادمانی کەوتە ناوەوە...، بوو بەشایی و چێشت و گۆشتێکی زۆر لێنرا...، چۆپی و هەڵپەڕین دەستی پێ کرد...، خەجیج خان سەرچۆپی ڕەشبەڵەکی گرتە دەست... جووتیارەکان لەم ڕۆژەدا بەتەواوی هەستیان بەبوونی شۆڕش کرد و بڕوایان کرد کە لە تواناد‌ا هەیە گەلێ شتیان بۆ بکرێت...، بەربوونی مەریوان گاڵتە نییە... سەربەستیی زیندانییەکان ژیانەوەیە بۆ هەست و هۆشی گشتیی...، بزوێنەری ناخی هەست و هۆش و گۆشی مرۆیەتی بوو...، بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەکو گوڵەی سەربەرزی داوێن پاک و دڵسۆز، بۆ هەژارە چەوساوەکانیش خولیایەکی تەماداری وەرچەرخانی دامودەزگا و گۆڕینی باری ژیانی خۆیان بوو... هێشتا شایی ئەم خێزانە نەبڕابووەوە کە ڕۆستەمە سوور بەنەخۆشی گەڕایەوە دێ...، دیوەخانەکەی لە چاو جاراندا وێرانەیەک بوو بۆ خۆی، سارد و سڕ، خزمەت و خزمەتکاریی تیادا نەما، لەو لێقەومانەدا تەواو هەستی بەبێ کەسی و دڵسۆز و هاوپشتی قایمی ڕاستەقینە دەکرد...، لە گێژاوی سەر لێ تێکچوویدا خۆی تەنها دەدی...، تا دەهات خەم و پەژارە کاسەی سەری خراپتر دەهێنایە خوارەوە و بۆ بەرەو ڕۆچوون و مردن کێشی دەکرد، دوکتۆر ڕایسپاردبوو ئاسوودە بژی، هەڵنەچێ و خەم و پەژارە دوژمنیەتی...، ماندوو نەبێت، زوو زوو بچێتە شار و دڵی فەحس بکرێت، حەبی بەردەوام بخوات... بخوات و نەخوات، بەڵام



بۆی نالوێ... هەیهات...

– ئەوا ئەم هەتیوەش بەربوو... دەترسم ئەمیش کاسەیەکمان لە سەردا بشکێنێت... یا کۆسپێکی تازەمان بهێنێتە ڕێ و تووشی قۆرتێکمان بکات...، بەخودا باش بوو ئەو برا خاسەش گەڕایەوە بۆ سلێمانی و داوای گوندەکەی خۆمانی کردەوە...، بەشکو وەکو داوام لێکردن ئەو پیزەیەم بدەنەوە، ئەگەر ئەویش بەدیارمانەوە ئۆقرە بگرێت و پێمانەوە بنووسێتەوە، باوەڕ ناکەم، هەرچەندە بەڵێنم لە خۆشی و خێزانەکەشی وەرگرت...، ئەوانیش لە دەستی وەڕزن...، ئەگەر وا نەبووایە نەیاندەدامەوە، ئەگەر بەڵێنی درۆیان نەدابمێ، لێیان دەوەشێتەوە، کەسایەتیی چی... من دەزانم ئەوانیش لە دڵەوە ئێمەیان ناوێت... بەڵام هەرکە گەیشتن نایەڵم ماندوویان بحەسێتەوە، مەلایان دەکەمە سەر، با پێی ئاوەکێتی ئەم چەند ساڵەی ئەو کچەتیوە هەر لای خۆم بکرێتەوە و لێمان تەرە نەبێت... بزانم ئەو ئەلەیەش لاس بدەم لێی مارە بکەم، ئیتر بەناچاری بەدیارمانەوە گیر دەبێت... خۆ منیش بەم بێ کەسییە دەرنابەم...، ئەم پیسەی ژنیشم بەکەڵکی هیچ نایەت، سەد خۆزگە بەئامەی لەوەلاتر چوو، ئەمە هەر ئەوە دەزانێت لووت بەخۆیدا داژەنێت...، با خۆشی بچێت بەدوایدا بەشکو پیزە قایل پێ بکات، خۆ جاران نییە، ئێمە بە خراپی بەچە ترسێنمان کرد، لەگەڵ هەمـوو چەوسانەوەیەکی شەو و ڕۆژیدا، بەدووان دەمانڕەقاندەوە تا ئەو پەندەی دا... ناچارم، چەند بتوانم دەبێت بەسەریاندا بخوڕم، زەبر و زەنگەکەمیان لێ ببڕێت دەمخۆن...

***

پاش ڕووداوەکەی پیزە، بەزوویی هەر ئەوسا ڕۆستەمە سوور مەجەی چواردە ساڵی لە خێزانی خەزورانی ڕووناک داگیر کرد و ملی ئەو چووزەرە ناسکەی کرد بەپەتکی سیپاڵی بەند و داوی خۆیەوە...، وەک ژەهری کوشندە چووە گیانی ئەو هەرزەکارە بەسەزمانەوە، ڕۆستەمی چەتەووڵی زلحۆرت، سیپەلکی تێکوپێک شکاند و بۆ هەمیشە سەری لێ تێک دا، وەک جووچکەیەکی زەڕنەقووتە ملی بادا و ژیانی لێ چەواشە کرد، ڕۆژی ڕووناکی لێ کرد بەشەوەزەنگ، ئەو ژەنگ ئاسا پشتی شکاند و ملی پێ نەوی کرد، مەنیج لەو ڕۆژەوە دەیگوت: «دۆزەخ بۆ من داخراوە...»

بەڵام ڕۆستەمی کەوڵە کۆن هەرکە ڕووسوورییەکەی پێ نەهێشت، ئیتر کۆیلەئاسا وەک ئامێرێک، دەیڕەتاند و ئەو لێقەوماوە تەنها بۆ یەک جاریش چێژی پەرۆشی خۆشەویستی و ئەوین و لەزەت نەچوو بەهەناویدا... لای ڕۆستەمی جەربەزەش هەر خوڕین بوو... لەم

کاتەدا ڕۆستەم وەک جاری جارانی بێت، دیسان نەڕاندی:

– کچێ مەجە... ئەوە کێچ کەوتۆتە کەوڵت... ئەوە بۆچی نایەیت بەلای منەوە...

مەجە لە دڵی خۆیدا «دەک ئاوی ئاموون چی... چەپەڕە شڕەی قەبرغە چاڵی پووچەڵ...»

– کاری چیت هەیە پیاوەکە...، دەستم بەئیشەوە گیراوە...

– دەڵێم وەرە...، خێرا بە...، هێندە چەلەحانێم لەگەڵدا مەکە چاک نییە...، با نەیڵێم... ؟!...

مەنیج لە ژێر لێوەوە «بۆچی، دڵی پچڕاوت لێم زویر دەبیت؟! هەی توونی بابا چیت...»

– ئەوا هاتم کابرا... ئەوە بۆ وا دەکەیت، دان بەخۆتدا بگرە... دەی فەرموو چیت دەوێت؟! ئاخر ئەرکی ئەم ماڵە گەورەیە کوشتوومی... تۆش بەزەییەکت بەحاڵی مندا نایەتەوە...

– کچێ ئەوەندە مەڵێ...، بەدەردی دەڵێیت من بۆ تۆمە... تۆ بۆ کێیتە...، دەوەرە گوێت لێ بێت...، ئەوا براخاس گەییووەتەوە گوند...، لە سلێمانی خۆشم پەیمانم لێ وەرگرتوون کە پیزەمان بدەنەوە...، بەتەواوی دەتحەوێنێتەوە...، تا زووە بچۆ بیهێنەرەوە، هەر لەوێ پێشی بڵێ هەر ئەمشەو لە ئەلەی مارە دەبڕین...

– دەباشە پیاوەکە، با چاکەتان بۆ تێ بکەم، هەر ئێستە دەچم... مەنیج لە دڵی خۆیدا «من بزانم مەحاڵە پێی بخاتەوە ئەم ماڵە، بەڵام با دەمم داخەم»

– ئەلە، کوڕە هەتیوە بێ فەڕە...، گوێت لێمە، پیزەت بۆ دەهێنم، تۆش دەبیتە پیاو و خاوەن ماڵ و منداڵ... وەی وەی ئەلەکە... چۆن سمت و کەفەلێکی پێوەیە؟!

«ئەم هەتیوە سەگە خوێڕییە لە سەگەکانی تر کەمتر نییە، با هەڵیبدەم و کەمێک دڵی خۆش بکەم...»

– ئەلە بێ دەنگ کۆشک هەڵنیشتبوو... لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە «بەخودا کارێکی چاکە...، ئەوەی خۆیان ئابڕوویان تکاند، ئێستە بەسەر مندا دەیسەپێنن...، لەو بنیشن و من بکەن بەنۆکەری خۆیان، هەم ئێشەک و هەم دۆشەک، نازانم بوێرم بڵێم کوێخا ئەگەر ژنەکەی خۆتم دەدەیتێ قایلم؟!، خۆزگە دەمویرا، ئێستە پێم دەگوت و جەرگم ئاو دەدا...، خۆ من بەم گەڕییە لەو لاهێرە تاهێرە چاکترم...، بەڵام ئێمەی بێ دەرەتان و لانەواز لە حەنایاندا دەممان تەڵەی تەقیوە...، خۆزگە مەنیجم پێ قایل دەبوو... هەتیو فیشەکێکت



تیادا خەسار ناکەن...، بەدەردی خۆتەوە دابنیشە...

– کوڕە ئەلە، ئەوە لە خۆشییاندا حەپەساویت؟! بۆ ناڵێیت باشە...، دەبێت دەستیشم ماچ بکەیت، تا ئەم کارەت بۆ بەئەنجام دەگەیەنم،... هەی سپڵەی پێ نەزان...!؟ هەموو شتێکیش لەسەر خۆمە، گوڵ و گوارەشی بۆ دەکەم، بۆ خۆتان ڕابوێرن...

– ئەلە هەر لە دڵی خۆیدا... «بەخودا بۆ خۆتی بێنە، ئەو چاکەیە لەگەڵ من مەکە...، من هەرچەندە لاتم، بەڵام ئابڕووم نەتکاوە شەرمم بەخۆمە...، تازە من نابم بەجاش، بەجاشی دوو دەستان، کوێخا سواری چەرخوفەلەکمان دەکات، دەیەوێت بەنۆرە خۆی و کوڕەکەی و ئەمجا منی نەگبەتی لێ نیشین، ئەگەر میریش میوان بوو ئەوا...

– کوێخا خۆت دەیزانیت... من کارم نییە بەسەرەوە...!!...

بۆ هەموو شتێ هەر خۆتان بڕیار نادەن، هەر جەنابت حسێب نیت؟!

– دەوەرە ژنی بۆ بێنە و فریای بکەوە...، کوڕە دڵی ڕاگری سەری لێ نەشێوێنیت ها، ئەوە پێت دەڵێم...، شەرتە شوانیشت بۆ زیاد دەکەم، ساڵانە شکارتەتان بۆ دەکەم بیفرۆشن بۆ خۆتان، جاران تۆ کوڕی ماڵەکە بوویت، ئێستە ئیتر دەبیتە پیاوی ماڵی خۆت...، هەستە مەجەکە بڕۆ بۆی جێبەجێ بکە.

– بەڵێ کوێخا، بەچاوان، وا من دەچم پیزە دەهێنم...

ئەلە تۆ هیچت بەسەریەوە نەبێت، ئێمە خۆمان هەموو کارێکی تەواو دەکەین و بەپوختی دەیدەینە دەستت... «ئەگەر ئازایت و دەوێریت خۆتم بۆ جێبەجێ بکە، منی ریوەڵە لەو کەڵکیتە قالۆرە چاکترم، هاکا وەکو کەندەڵان داڕمانە خوارەوە...» مەجە هەستا و بەنیازی کێشکردنی پیزە چووە دەرەوە... کوێخا دەستی کرد بەوەنەوزەکۆتێ...، ئەلەی ڕەنجبەر لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی قووڵدا بوو، مێشکی درنگەی دەهات، بیری لە تانووت و تەشەری کوڕانی دێ دەکردەوە، گەلێک جار و لەوەپێش گوێی لێ دەبوو کە دەیانگوت:

«قەپاتمەیە، پیزە قۆرخە و نۆرەی لێ دەکەن «ئەلە دەڵێت» بۆ میری بەڕێوەبەریش کراوەتە ژوورەوە...»

– هەتیو ئاخر ئەمە قسەی خۆشت بووە...

«خۆ درۆم نەکردووە...»

– چۆن، ئەم سووکییە... ئەم نەنگییە بێتە ئەستۆی شکاو و نەگریسی من؟؟، هێندە بێ

نرخم؟! جا خۆ دەبێت لە ناو کەسدا چاو هەڵنەبڕم...، دەسا دەبێت قایل بم، یان لێرە نەمێنم...، جا من لە هەر شوێنێک بم نانێکی ڕەق و دۆیەکی زەهرەمارم هەر چنگ دەکەوێت... کە من ئیشم کرد و بازووم ڕەتاند و خۆم ماندوو کرد، دەبێت بەسەرشۆڕیی و لووت شکاویی و نزمی دانەنیشم...، ئەو هەموو بەرداوبەرد و چەرمەسەرێییە و بشمکەن بە...، وا چاکە خۆم قورتار بکەم...، جا مەگەر من پیزە لە خۆم مارە بکەم و بۆ مینەی تەرخان بکەم، هەرچەندە بەدزییەوە هاتەوە، من لە دوورەوە، یان لە سەربان ئێشکی بۆ بگرم و ئەویش بچێت تێبخزێت، جاروبارە کوێخاش و...، لەم کاتەدا کوێخا ڕۆستەم مرخە و لرخەیەکی قاییمی بۆ کرد...، چاوێکی هەڵبڕی...، پاش کەمێک کەوتەوە پرخە پرخ...، ئەلە هوشیار بووەوە...

– ئای کوڕە نەگبەت، هەتا هەڵنەستاوە، پیزەیان نەهێناوە و لێتی مارە ببڕن، هەتا زووە فریای خۆت بکەوە، وا چاکە هەڵبێیت و لە دەستیان ڕابکەیت، ئەمەت باشترین هەلە، گەر لە دەستی خۆتی بدەیت کە تووش بوویت قوتار نابیت و لە چنگی جانەوەرەکە دەرناچیت، لەوانەیە بەدیار خۆیەوە پەتت بکات، شوانییەکەشت پێ ڕەوا نەبینێت... هەتا زووە هەڵێ و خۆت دەربکە... ئەلە بەپەلە گوندی بەجێهێشت...، خێرا ڕۆیشت و کەوتە ڕێ...، بەپەلە دەڕۆیشت و هەر ئاوڕی دەدایەوە، لە ترسی ئەوەی نەکو بیگرنەوە، ئۆقرەی لەبەر بڕا بوو...

«هەتیو... بچۆ بۆ ئەودیو، بۆ لای ئەلیاغای پیاو، تۆ بۆ ئەو باشیت، ئەلیاغا قینی دنیای لە کوێخایە، لەو کاتەوەی مینەی چەتوون قسەی ناشیرینی بۆ ناردووە، دووردۆنگن...

بەخودا دەتقۆزێتەوە...، کە هاتیتە لای ئەمان چووزەرەیەک بوویت، منداڵی خۆت و مینەی بێ ئابڕووت بیر دەچێتەوە، تاڵاوی دنیای داوێتێ، چی پێ نەکردوویت... دوایی ئامەخانی بەڕەحمەت چوو فریات کەوت... ئەگینا تا ئێستەش... چی بڵێیت؟!»

– تا زووتر خۆم دەرکەم هێشتا درەنگە...، هەتا کەی بەندایەتیی و کۆیلەیەتیی...، بەنانەسکیش قایل بووم، ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینن...، دەیانەوێت ملکەچ و سەرشۆڕ و ڕووڕەشیشمان بکەن، ئەمەیە ئەوپەڕی ماف و باف و ڕەوای چەوسێنەران...

«ڕاکە و خۆت دەربکە، گەوجەی چارە ڕەش...، ئا بەم جۆرە پاداشتی پانزە ساڵی ڕەنج و ئەشکەنجە و ئازارت دەدەنەوە، دەبێ چاوشکێنت بکەن و مل شۆڕ لەبەر دەستیاندا



بتۆپیت، ئەوساش دانی خێر نە بەتۆدا و نە بەکەسیشدا ناهێنن... چاک وایە چەواشەیان بکەیت، لە پێشدا ڕێگەی شار بگرە بەر، لە ملە چوویت بەودیودا، بەرەو ئەودیو بای پیادا بدەرەوە، هەتا زووە بۆی دەرچۆ...»

***

مەنیج لەسەر سەری ڕۆستەمە سوور وەستا بوو... دانەکرۆژەی لێ دەکرد، لە داخاندا هەناسەی لەبەر بڕا بوو...

– هەی کەوڵە کۆنی بێ ڕەزا...، ئەمەشت کردووە...، بەخۆت و بەمینە بەرەڵڵای کوڕت... ئەوەندە تاوانبارن؟! ئێستەش وتەکانی ئەو سەرشینە هەر لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە کە دەیگوت «چۆن دێمەوە... بەچ ڕوویەکەوە...، بکەونەوە وێزەم؟!، بەر ببنەوە گیانم؟ ئابڕوو تکاویان کردم، هێشتا دەستم لێ هەڵناگرن؟!... دایکەکەم تۆ خۆت بۆ ڕێژگاو کردووە...، من ئەگەر دەرەتانێکم ببووایە چۆن هەر دەهاتمەوە بەم گوندەدا...، بەڵام چارم چییە... لەگەڵ ئەمەشدا بەرد هەر لە جێگەی خۆی سەنگینە، بەم جۆرەش من هەر ئێرەم لە هەموو شوێنێک پێ چاکترە...، تا ماڵی مامۆستا براخاس دەرم نەکەن، من لایان ناڕۆم... دەریشم بکەن دەچمەوە کونەکەی خۆم تا لەوێ لار دەبمەوە...»

– سەمەرەیان بەسەر هێناوە، ئەو پیزە نەگبەتە...، جا من چۆن ئەو کارە دەکەم، نەگەن...، ئیشی ئەوم بۆ چییە...، خودا دەکات خۆم لەشم ساغ دەبێت، من چیم هەیە...، جارێ لە فەرتەنەی ئەو هەتیوە جەربەزەیەی کوڕی ڕزگارم بووە، خۆ من تازە بەم سەرشێتە ناچیزەیەوە تووش بووم، خوداش هەزار دەرووی لە لایە...

«ئای –نالە–ی هەژاری بێ بەخت کە بێوەی بوویت... لە بیرتە داواشی کردیت، تۆی بێ دایکی باوەژنداریش تا ڕادەیەک پێی قایل بوویت، نەدارای ماڵی خۆی بوو، دایکێکی بێوەژنی بەسەزمان، زبان لە دەمیدا نەبوو، دەپاڕایەوە، باوکی سەرشینت هەرکە دەنگی زوڵاڵی ڕۆستەمە سووری بیست، گەشکە گرتی، وەک هەنگی لە داردا دۆزیبێتەوە، شێگیر بوو، جامانەکەی هێنایە سەر ناوچەوانی، خۆی قیت کردەوە:

– کچەتیو، جا با پیر بێت، دەستدار و خاوەن زەوی و سامانە، ڕێوی بەپیرمانەوە هاتووە، کێ بەختی وەها دەهێنێت، شیربابییەکەش فریای ئێمە دەکەوێت...، نەگبەت ئەی تۆ ئاگات لە حاڵوباڵی باوکت نییە؟! ئەی سبەینێ کە لاربووەوە، ئەوە عەمری

پیرەکەرێکی ماوە...، نانت کەوتۆتە ڕۆنەوە!!» «ئای مەجەی دڵ نامراد، لەگەڵ «ناڵە»ی لاوی دڵخواز و بەڕەزا، ئەم ماوەیەی ژیانت بەخۆشیی و لە باوەشی بەپەرۆشی لاوێتی ئەودا بەسەر ببردایە چەند خۆش دەبوو...، ئێستە چەند کۆرپەیەکی وەک ئەو گەش و چاوکاڵ لە باوەشتدا دەبوو، بەو دڵە پاکەیەوە خۆت و منداڵێتی لە ئامێز دەگرت...، تازە ڕۆی...، عومرت بەبا چوو...» مەجە سەیرێکی وردی ڕۆستەمە سووری کردەوە...

– دیارە هەر ناپیاو بووە، بەعومری کارێکی چاکی نەکردووە...، ئەم گەماڵەپیرە کەی لار دەبێتەوە، ڕزگارم ببووایە ئیتر بەبێ سەریەشە ماوەی تەمەنم بەسەر دەبرد... خۆ من تازە فەوتام، خودا باوکی چاوبرسیم بگرێت کە منی بەم مەرەیە گەیاند... ڕۆستەمە سوور لەم کاتەدا پرخە و لرخەی خەوی دەهات... مەجە بەدیارییەوە هەڵتروشکا بوو، بەحەپەساویی دەستی نابووە ژێر چەنەی پەژارەی دۆشداماویی «دەبڵێ منداڵکارێکی وەکو من کەی لە ڕێی ئەم پیرە پەککەوتووە نەخۆشەدا بووم، هەی هەزار دەور و دوکانی ئاوەها هەڵبگێڕێت و بپێچرێتەوە، لاوێتیی و جوانی نالەشم لە دەست چوو، نەشبوومە خاوەنی کۆرپەیەک هیچ نەبێت دڵی خۆمی پێ خۆش بکەم...» کوێخا وەک یەکێ دایبچڵەکێنێت...، چاوی هەڵبڕی...، مەجەی بەدۆشداماوی هاتە بەرچاو، چاوە نیشتووەکانی هەڵگولۆفت، بەمۆنیی تێی ڕوانی، ئەمجا سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد، چاوی لێ زەق کردەوە:

– مەجە، ئەوە بۆ وا حەپەساویت... بۆ هێندەت پێ چوو... ئەی کوا پیزە؟!...

– پیزەی چی...، من پیزەم ناوێت؟! خۆم ئیشی خۆم دەکەم، کەسم ناوێت، کوا پیزە؟! هەر وا بەئاسانی...، بەڵێ، پیزە... ڕۆستەم حیرسی هەستا بوو، بەتوندی گوتی:

– ئەوە دیسان وەک کلاش لێم هەڵگەڕایتەوە...، پێم بڵێ بۆ وا زوو گەڕایتەوە، کوا پیزە، من پەیمانم لەو هەتیوە وەرگرتووە... بۆ نەتهێنا...؟!

– مەجە لە دڵی خۆیدا «وەکو هیچ نەزانیت، پەنجە بخەنە ناو دەمی بزانن دەیمژێت...» کوێخا خۆ بەزۆر نایهێنم، کە خۆی ئارەزووی نەبێت بەچی بیهێنم، خۆ کێشی ناکەم، من تۆ نیم، دەسەڵاتی شتی وەهام نییە... هەر ناشمەوێت...

– چۆن، چۆن... من بەشەق دەیهێنم...، خۆ بەخۆشیی خۆی نایەت، من براخاسم قایل پێ کردووە، خۆ ئەوان ڕێگری نین، پیزە موڵکی خۆمانە، کاتی خۆی خۆم یارمەتیم داون، لەو لێقەومانەیاندا خۆم داومنێ...، هەر بەو مەبەستەش هێشتوومە بێتەوە ناو دێ... با کەسیش بێت، ئەگینا چاوم دەردەهێنان... دوایی خۆم بەتیتک ڕاکێشان دەیهێنمەوە، تۆش



بتەوێت و نەتەوێت...، وا دیارە دەیەوێت تێلاترێنی بکەم...، ئەمانە هەر فێرن...، فێری شەقن، بەزۆر نییە، کە پەتم کردن ئەوسا مل شۆڕ دەکەن...

مەجە بەترس و حەپەساوییەوە وەک سیپالە شرێک لە بەردەمیدا تاسا بوو... پیشی دەخواردەوە: «ئەم کەللە شەقە بەچی دابین دەبێت...، خوویەک گرتت بەشیریی، داینانێیت بەپیریی...، واز ناهێنێت، مێشک نایەتە کەللەیەوە، هەر دەخوڕێت، هێشتا هەر وا دەزانێت جارانێتی؟!»

– کوڕە ئەلە...، ئەلەی پڕپۆڵی بێ توێکڵ...، ئەوە خۆت کوتاوەتە چ کونێکەوە، ئا وەرە بزانم... ئەلە...؟! کوڕە ئەلەی ناپەسەند؟؟! کوێخا بۆ ماوەیەک نەڕاندی، هیچ وەڵام نەبوو...، مەجەش بەناچاری دوو سێ جار بانگەوازی ئەلەی کرد، بەڵام کەڵکی نەبوو...، ئەملا گەڕان ئەولایان پشکنی، ئەلە بە نان هات و بە ئاو چوو... ڕۆستەمە سوور هێجگاری شێت بووبوو...، دەمی کەفی چەندبوو...، بەشێوەیەک دەمار گرتبووی، ئاگای لە خۆی نەمابوو...، قینی لە چاک و خراپ هەستابوو، خوێنی گەش زابووە دەموچاوی سوورفلی، واتدەزانی ها ئێستا ها تاوێکی تر لێی دەچۆڕێت...، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردبوو.

کۆمەڵێکی هێنابووە سەیری خۆی...

– کوێخا گیان بەسلووکەت، کار وەها ناڕوات... پەلە مەکە، دوایی!! «ئەرێ ئەوە بۆ وای لێ هاتووە...، خۆ پەکی کەوتووە...، سەر لێشێواو خۆی...»

– تێکچووە... پیری خلەفاوە هەر دەنەڕێنێت...، سەیری چاوی بکە دەڵێیت هی شێتە، ئێجگاری سەری لە خۆی تێکداوە...

– ئەو هەموو خراپە و زۆردارییە، بزانە چیت لێ دەکات و چۆنت پێ دەنوێنێت... «کوڕە سەیری چەند شپرزەیە، هێندەی نەماوە لە پێستەکەی بێتە دەرەوە...»

ڕاوەستاوەکان لە دڵی خۆیاندا گەلێک لەم بیرانەیان دەکردەوە... کوێخا لەپڕ بێ دەنگ ڕاوەستا، سەیرێکی سەرسوڕمانی خەڵکەکەی کرد:

– خزمینە، هێندەم نەماوە لێک ببمەوە...، ئەم خوێڕییە بۆ کوێ چوو... چی بەسەر هات...؟! ئاسمان هەڵیکێشا، ئەرز قووتی دا...، ئەوە ئێوە بەردن دارن...؟! بۆچی یەکێکتان نقەیەکتان لێوە نایەت؟؟ خۆ زمانتانم نەبڕیوە...

هەندێک لە ڕاوەستاوەکان تا ئێستەش ترسی گەورەیان لە دڕندەیی و ستەمی ئەم کۆنە چەکمە ڕەقە هەر هەیە و حسابە کۆنەکەی بۆ دەکەن... بەڵام لە ناخەوە شپرزەیی و شێواویی کوێخایان پێ خۆش بوو، بسکەی سمێڵیان پێی دەهات، زیتەڵێکیان هەڵیدایە:

– کوێخا، سا بەخودا من ڕاستییەکەیت پێ دەڵێم، من دیم لە گوند چووە دەرەوە، بەرێگەی شاردا، بەخێرایی دەرۆیشت؟!... یەکێکی تر لەولاوە:

– منیش خۆم دیم، وەک بەدوای یەکێکدا ڕابکات...، یان ڕاویان نابێت وەها بوو، بانگم کرد، دەستێکی لێ ڕاوەشاندم و بۆی دەرچوو...

– مەجە...، کچێ مەجە، تۆ هیچت بەئەلە گوت؟! پێت وت قایل نابێت بێتەوە...؟! تۆ گوێت لەمانەیە؟!...

مەجە ترس دایگرتەوە... لە تاواندا بەپەلە وەڵامی دایەوە:

– کوێخا گیان، کەی من ئەلەم دیوە...، کە ڕۆیشتم لە لای خۆت نەبوو، تۆ خۆت دڵخۆشیت نەدەدایەوە؟! دەبێت ئەویش هەڵاتبێ، چاویان دەربێت، تۆ لەبەر منتە، من کەسم ناوێت...

– هەڵاتبێ... چۆن... وامان لێ هات؟! جوانە!!، شتی چاکە...، وابزانم بووین بەگاڵتەچی...، هەر ئەمەمان مابوو...، ئەو ڕیوەڵە پیسە بگرم سەری لە ملی جیا دەکەمەوە...، لە دەستم دەرناچێت... ئەلەشمان پێ قایل نەبێت، پیزەش لێمان لارییە... وامان لێ هات؟؟ سەد کەس پێڵاوەکانم دەخەنە سەر سەریان، هەر ئیشارەتێک بکەم، لە دەستم دەرناچن، بەهەقی خۆیان دەگەیەنم... ئەوانە نمەک بەحەرامن...

– قوربان، کوێخا، پێویست ناکات بەم جۆرە خۆت زویر بکەیت...، کار نییە چاک نەبێت و دوایی بەهەموو کۆسپێکیش هەر دێت... بۆ وەها ورەت بەرداوە، بێ بەڵا بیت، کەی تۆ وەها بوویت، ئەو شتە پیسانە چین؟!...

– مام کوێخا ئەوە بۆچی وا بێ ئارامیت...، هێندە خۆت دڵگران مەکە، دوکتۆر پێی گوتیت، ئاخر بۆ سیحەتت چاک نییە...، ئەلە ڕۆییوە هەزاری وەکو ئەو ڕەنجبەریی و نۆکەریت دەکات، چاویان دەربێت...

«تۆ زویر مەبە، ئەگەر دەفەرموویت ئێستە هەردووکیانت بۆ ڕاپێچ دەکەم...»

– خۆم دەزانم بۆچی وا کەیلم...، هەر خۆم چاکی تێدەگەم...، دەبێت بڵێین ڕۆستەمە



سوور گۆڕ هەڵتەکێنە...، تازە من ژیانم ناوێت...، کە دەستم نەبێ ئێستە دە کەسی وەکو ئەلە پەت بکەم و بەدوای ئەسپەکەمدا ڕایانبکێشم و پەتپەتیی ئەم ناوەیان پێ بکەم، بەکەڵکی چی دێم؟؟! من خۆم داخی دڵی کەیلی خۆم دەزانم...، مەگەر ئەم ماوەیەم لە بیر دەچێتەوە...؟؟!... نا... نا...، هەرگیز لە دڵم دەرناچێت...، من شین بۆ ئێوەش دەکەم...، ئێستە قەیناکات... دوایی خۆم دەزانم چۆنیان پێ دەڕێژم...

***

# ١٥

ناو گوند گۆڕانێکی سەیری تێ کەوتبوو...، جووتیارەکان وزەیەکی نوێ و بڕوایەکی گەشیان بەژیان هەبوو... چەوسێنەر و داردەستەکانی میری ئەوسا، سڕ بووبوون، چووبوونە قاوغە ژەهرینەکەی خۆیانەوە... دەمودووی هەمووان هەڵگەڕابووەوە، ڕۆستەمە سوور ماوەیەک بوو زۆر نەخۆش و کەم هێز بووبوو... پەژارەی دڵ و دەروونی ئێجگارەکیی پەکی خستبوو...، هەر ساتە نا ساتێک دڵی دەهاتە ژان...، لەو مەرەیەشی خستبوو... ئەوەندە چووبوو بۆ بەغدا وەڕز بووبوو، بەتایبەتی تەنگەهەناسە و دڵەکوتێکەی، خۆ دەردی مینە، قینی جووتیاران، پشت لێ تێکردنی لێپرسراوی نوێ و... هەموو واتە واتەکانی تر...

«نابێت خەم بخۆیت...» «دەبێت ڕێ بەپەژارە نەدەیت دەروونت بگرێت...» «نابێت خۆت ماندوو بکەیت...» «خواردنت تایبەتی بێت... بخۆ... مەخۆ... بکە... مەکە... بچۆ... مەچۆ...»

– ئەوسامان و ئێستەمان، ئەمە چۆن دەبێت...، کۆمەڵی جووتیارانی ڕەشوڕووت بەرامبەر بەئێمە قووت کراوەتەوە...، دەچاوە مەیانبینە، بزانم دەتوانیت؟!،...، یاسا، یاسا... چاککردنی کشتوکاڵە گوایە...، بۆ ناڵێن زەوی داگیرکردنە بۆ لات و لەوێر...، دەگوێچکە مەبیستە و کەڕ بە، کۆمار و سەرکۆمار، سەرکۆزەر و بنکۆزەر؟! ئەوەی کە ئێمە دەربەدەرمان کردبوون، ئێستە وان لەسەر چاو، لێمان بوونەتە دڕک و پەیکوڵێ...، دەدڵە بەرگە بگرە و چارەیانت بووێت، بۆ کوێ دەچیت هەمان زوڕنا و باڵۆرەیە... وەها بڕوات هەرچی و پەرچی دەمانخۆن... هی وەکو ئێمەش دەبێت بکەوینە خۆمان... ڕۆستەمە سوور هەناسەیەکی گەرمی قووڵایی دەروونی ڕەشی قیناوی بەبا دایەوە، تەزبیحە کارەباکەی لە ناو قۆڵی مستیدا هەڵدەخڕاند... وەکو ڕقی لە یەکێک هەستابێت، بیەوێت فەرمانی توندوتیژی بەسەردا بدات و لە داخاندا وەک چۆلەکەیەک ملی هەڵبکەنێت.

– ئەم هەتیوە سەرچڵە کەللە شەقەشم گورچکی بڕیم...، دەبڵێ ئەمەت بۆ کرد؟!، بەم ئاشکراییییە ئەم تاوانەت نەکردایە، چاکتر نەدەبوو؟!، بۆچی تۆ خۆت... من نۆکەر و داردەستم بۆچی بوو؟!...

کار وا نەبووایە چەرخ هەیە من لێی دەرنەچم...، دەڵێن ئەندامی ئەو سەگانەشە...، ئاخ



کۆمەڵ...، کۆمەڵ چیت پێ کردم...، گوللەش ئامانی بۆ نییە... لێی پاڕامەوە، گوتم خۆت بدە بەدەستەوە، دوایی سوڵحی عەشایەریشیان لەگەڵ دەکەم، یان وەکو ئەو هەتیوە ماوەیەک حەپس دەبیت و بەرت دەدەم... بەگوێی نەکردم، کەللە ڕەقییەکەی لە جارانی خۆت دەچێت، ملی نەدا، ئاخری لە شوێنێک هەر تووشی یەک دەبن و بەیەکدادەدەن، ئەم هیوایەشم لە دەست دەچێت...، دڵم ئەگەر تاڵێکی پێوە مابێت، بەمانی مینەوەیە...، مینە شتێکی لێ بێت دڵم دەپچڕێت...، خۆم دەزانم ئیتر بەبەرمەوە نەماوە...، ئاخ مینە چۆن پشتت شکاندم...، هەمووی ئەو کچەتیوە، ئەو گوڵە نا خانە بوو بەهۆی دەربەدەریی و سەرکێشیی مینە، وڕکی لێ گرتم و بەکەسی تر قایل نەبوو، ئەگەر شووی پێ بکردایە... لووتی بەدیارییەوە دادەژەند و ئاوای لێ بەسەر نەدەهات...، ڕۆژێکم مابێت و جێوەستێکم ببێت...، دەبێت بەخاو و خێزانەوە داگیرتان بکەم... شڕ و پڕتان بکەم... کەرت و پەرتتان بکەم، هەر دەستەڵاتم نەبێت، شاربەدەرتان دەکەم، پرزاڵتان لێرە ناهێڵم...

مەجە لە گۆڕەپانەکەدا دانیشتبوو...، وەکو مەلی باڵ شکاو...، پڕزە لێ بڕاو...، هەناو داتەکاو...، بەبێ جووڵە چاوی بڕیبووە ڕۆستەمی مێردی کە لە هەیوانە بەرزەکە کوشک هەڵاتبوو... دەتگوت گەمییەکەی باتمیش بووە...، ئەویش بەخەیاڵە ڕەشەکانی خۆیەوە دەتلایەوە... مەجە سێ پێپیلکە لە مێردەکەیەوە نزمتر بوو...، لەو بەرزییەوە مێردەکەی زۆر سەیر دەهاتە پێش چاو...

«دەموچاوی دەڵێیت مەڕە...، وەک لمۆزی هەبێت... دەوەرە ئەمە مێردت بێت و بەم جۆرەش لەگەڵیدا بژیت...، سەد خۆزگەم بەوانەی نانەڕەقێکیان هەیە و دڵیان خۆشە، بەئاسوودەیی سەر دەنێنە سەر سەرین...، کەی ئەمە ژیانە، دوایی ببڕێت...، دڵ بەچی خۆش بکەم؟!... خۆ من خۆشیم لە تەمەنی لاویی خۆم نەدی...، وەک بتی خنکاو، فڕێیان دامە بتخانەی ناهەموارییەوە...، هەرگیز هەستم بەمێردایەتیی ئەو نەکردووە، وەکو عیفریتێک نەڕاندوویەتی و منیش دەستوپێوەندێکی بەردەستی بووم، خوڕیویە بەسەرمدا، هەر کات بەخەیاڵیدا هاتبێت خۆی پێ بەتاڵ کردوومەتەوە، پیسی کردووم و تووڕی داومەتە ئەولاوە... ئەو خۆ هەر وا بووە، دانی بەوەدا نەناوە کە من منداڵێک و ئەو پیرەکەرێکی کەڵبە شکاو، ئەو خۆی بەیەکەم پیاو زانیوە و ژنەکەشی بەکارەکەر... من وەکو ئامەخانی ڕەحمەتیی ژنی کچە دەستدارێکیش نەبووم، منی هەژار و کەمدەست لە کوێ و ئەو لە کوێ...، دڵی گیراوە...، بەرامبەر بەژیان گرفتی کردووە، کە دەیگرێت نانەکەشی بۆ

ناخورێت، لەسەر هیچ شەڕ بەئێمەش دەفرۆشێت، منیشی دارزاند، جاروبارێکی زۆر کەمیش دان بەهەڵەی دادەنێت...، چیبکەم با وەکو هەموو جارێک بیجووڵێنم، چارم چییە:

– ئەرێ پیاوەکە...، کوێخاکەمان، ئەوە بۆ لەو هەیوانە وا تەنها دۆشداماویت... ئەوە بۆ نایەیتە خوارەوە...، دەوەرە لای من دابنیشە، واز لە پەژارە و خەفەت بێنە، خودا هەزار دەوری ڕەحمەتی لە لایە...

– ئا وس بە، کچێ وس بە...، بێمە لای تۆ چی بکەم، دەمت داخە بزانم ئەو دەنگە دەنگە چییە...، ئەو ناو دەرگایە بۆچی وا جەنجاڵە...، ئا تۆ سەیر بکە، ئەو ئێستر و بارە چییە... ئەوە دڵم بۆ وا پەلەپەل دەکات؟!، ئەوە چیمە؟؟، کچێ بابێن فریامکەون، سەر دڵم دێشێت، کچێ ڕاکە لایەکم سڕ بوو، دەڵێیت ئیفلیج بووم، مەجە، خزمینە، هەی هاوار... مەجە وەک کێچ ڕاپەڕی... بۆ ناو دەرگا بەقەڵەمبازدێک دەرپەڕی...، هەر خەریک بوو زراوی بچێت...، ئەوە چییە...، کێ، بەڕاست کێیە؟؟، چی ڕوویداوە؟!، ئەی بۆ خەستەخانە، دوکتۆر، هەی هاوار بەماڵم، جا خۆ من ئێجگاری بەدەست کوێخاوە دادەمێنم، هەی هاوار، قوڕ کرا بەسەرمدا...

– مەجە خان، تاکەکەی تری دەرگاکە واڵا بکەرەوە، قەوماوە قەوماو... کوێخا لە ماڵە...؟!... ڕەنج بێوەرخوات...، سەر لێشێواو... خاک بەدامان...

مەجە کەوتە لەرزین...، چۆقەی ددانی دەهات...، نەیدەتوانی تاکی دەرگاکە بکاتەوە، ورتەی بۆ لە دەم نەدەهاتە دەرەوە...، وەک شۆڕەبیی دەشەکایەوە...، زمانی لاڵ بووبوو... دەستی کرد بەگریان...، پێم بڵێن چی ڕوویداوە، مێشکم تەقی منی نەگبەت، لە ڕێی خودادا، بڵێن بزانم...؟!...

– کچێ مینەیە... مینە...

دارەمەیتی پێچراوە کرا بەژووردا...، چڕەیەک کەسوکار خۆیان کرد بەماڵدا...، مەجە لە پێشەوە ڕای دەکرد...، دەیکێشا بەسەر سنگی خۆیدا...، ڕۆستەمە سوور چاوی بەم دیمەنە کەوت، سەری کەوتە خولخواردن...، چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد...، دڵی هێندەی تر ڕاتەکا و داخورپا...، بەبێ ئاگایی هەنگاوی بۆ بەرەوە هەڵهێنایەوە...، ئەژنۆی دەلەرزی، دەستی دەکوتا و لەتری دەدا...

– ئەوە چییە... بۆ خاتری ئاسمان، ئەوا دڵم پچڕا...، فریامکەون، هەی هاوار...؟! مینە



نەبێت؟؟ مینەیە، خۆم دەزانم، قوڕە خەستەکەم بۆ گیرایەوە، ڕۆڵە ڕۆ... بۆ خۆم ڕۆ... پشتی شکاوم... کوێخا ڕۆستەم لەجیاتی ئەوەی پێ بخاتە سەر پێپیلکەی بەردەمی، قاچی بۆ ئەولای هەیوانەکە فڕێدا و نووچێکی دا، ژێر پێیی چۆڵ بوو...، بەسەردا بۆ خوارەوە بەبەرزیی هەشت پێپیلکە کەوتە خوارەوە... مەجە بەڕاکردن خۆی هەڵدا بەسەریدا سەری بەرز کردەوە...، دەمی کەفی چەند بوو...، بەددانەکانی سەرەوەی لێوی خوارەوەی گەستبوو...، چاوی زەق بووبووەوە: بەقوربانتان بم فریامکەون، کوێخا، کوڕەکەی...، توخودا قەیناکا گوناحە، بەخودا منیش نەگبەتم، گوناهم، هی ئەم هەموو مەینەتییە نەبووم...

«گورگە، ئەڵێیی دەم و قەپۆزی گورگە...» مەجە سەیرێکی کوێخای کردەوە، زەندەقی لێی چووبوو، سەری بەردا، شل کەوتە سەر زەوی...، بەپەرێشانی دەگریا و دەلالایەوە...، دوایی دەنگی مەجە لە ناو ژاوە و هاتوهاوار و گریانی خزمانیاندا ون بوو...

مام کوێخا بەم جۆرە لە حەوت ساڵان ڕاستبووەوە...، کۆستی گرانی بڕبڕەی پشتی چەوساندنەوە و زەوتکردن لەو گوندەدا کەوت...، دوو تەرم بەتەنیشت یەکەوە درێژ کران...، شین و ڕۆ گەرم کرا، پاش شتن و بەڕێکردن، تەرمیان لە بەردەم هەڵگیرا، گۆڕستانیان پێ ئاوەدان کرایەوە، ئاوایی هەمووی واقی وڕمابوو...، چۆن ئاوا بەئاسانی...، کوتوپڕ...، بێ ئەوەی ناو دێ کەسێکی تێوە بگلێت، داردەستی هێزی زۆرداریی لەناوچوو...، لەم گوندەدا ئەڵقەی زنجیری بەندایەتیی و ڕووتاندنەوە وا بەئاسانی پچڕا و پسا؟!...

مامۆستای مزگەوتی گوندەکە، بۆ یەکەم جار لەسەر بەردەنوێژەکان بەدەنگی بەرز سڵاواتێکی دا، سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان، ئەمجا بەئەسپایی و لە ژێر لێوەوە گوتی:

– گەردوون...، هەر خۆت دەزانیت چی دەکەیت...، خۆزگە هەموو تۆڵەیەکت ئەئاوا دەسەند و پیشانی بەندەی ڕووڕەشت دەدا...

تا زۆردار بەرپێی خۆی ببینێت و دڵی بەردی ببێت بەئاو... دوایی، مامۆستا مەلا گوێی بۆ گێڕانەوەی کوژرانی مینە هەڵخست کە یەکێ لەوانەی لەگەڵ تەرمەکەیدا هاتبوون بۆیانی دەگێڕایەوە:

– دوێنێ بەرەبەیان لەگەڵ سیانی تردا هێرش دەبەنە سەر ئەو گوندەی خەنیمیانن، ئەوانیش بۆیان لە پاساودا دەبن، لە ناکاو دەیاندەنە بەر لێزمەی گوللەباران و شێلگی تفەنگ...، ئیتر مینە سەری لێ تێک دەچێت، لەجیاتی گەڕانەوە، بەرەو ڕوویان ڕادەکات،

بەو جۆرە بەگوللە بێژابوویان، هەر لەوێدا دەمی بەیەکدا نەدابوو...، ئەوانەشی کە لەگەڵیدا بوون، پاشەوپاش گەڕابوونەوە و هەڵاتبوون. گوایە دەڵێن بەودیودا بۆی دەرچوون... دانیشتوانی گوند، هەموو وەکو خۆڵ و دۆیان بەسەردا کرابێت، وڕ و کاس بووبوون...، هەر هەمووشیان ئەوەیان لە دڵدا بوو کە «مینە هەر دەبووایە بکوژرایە...، ڕۆستەمە سووریش، دڵ ئێشەکە کوشتی نەک کەوتنە خوارەوەکە؟!...»

***



## ١٦

زستانێکی سەخت بەسەربرا، داری دارەڕای چەند خانوویەک شکان و سەربانەکان بەسەریاندا تەپین، بەڵام جووتیارەکان هەر زوو بەهەرەوەز بۆیان چاک دەکردنەوە و سووتەمەنی و کەمە خۆراکێکیان بۆ دابین دەکردن...، گیانێکی نوێی هاوکاریی و هەستێکی پتەوتری کەسایەتیی لە پەیوەندیدا دروست بووبوو...، تا ڕادەیەکی باش هەست بەئاسوودەیی دەکرا. زستان تەواو، بەهار هات، سەهۆڵ و بەستەڵەکی چیاکان هێدی هێدی دەستیان بەتوانەوە کرد...، شەتاوی بەفراوان کانیاوەکانی تەقاند...، سەرچاوەکان هاژەیان دەهات...، هوروژمی ئاوی چەمەکان، گۆمە مەنگەکانی هانیبووە جووڵان و هەستان...، جارجار شەستوڕەهێڵەی باران دەشت و شاخ، کێو و دار و بەردی دەشوشتنەوە...، دوایی تیشکی خۆریش بریسکە و بریقەی بەسۆمای سروشت پەیدا دەکرد و دیمەنی جوانی بەدەگمەنی دەڕەنگاند...، بای داراو و سیش تۆقلەی بەگۆپکە چرۆی دارە بەردارەکان دەکرد و دەپشکووتن... دنیای کردە و کۆشەی مرۆیەتیی نێو چیاکانی کوردستان وردە وردە و بەشێنەیی دەڕازایەوە...، گوڵاڵەسوورە و نێرگز، وەنەوشەی بنەوشەیی و ڕیحانەی بۆنوبەرامە، یەک بەدوای یەکدا دەکەوتنە کێوان... گەشتوگوزاریان دەخستە ناو... فەڕی ژیانەوەیان بەسەر چڵوچێوی پاش خەزانی تۆفی تافی سەختی زستانیان دەهێنایەوە...

چەند خۆشە لەم کوێستانە ژیانەدا، لە کۆشی ئارامگای دڵداریدا...، لە بەهرەی شادەماری کامەرانی بەئاواتگەیییوییەوە، چێژی ژیان، ڕەگ و دەماری هەست و نەست و هۆشی گۆش بهەژێنێت و پاراوی بکاتەوە...، ئەم بارە نوێیە تریقەیەکی زیندووبوونەوەی لە ناواندا ئەفراندبوو...

«گوڵە خان»یش لە بێشکەی خۆشەویستی دڵ و گیان و هیوا و ئامانجی چەند ساڵەیدا، دوای چاوەڕوانی و تەماداربیەکی سەختی دووردرێژ...، مەستی بادەنۆشیی چەشی خۆشەویستی بوو...، خنکاوی ئەوین و سۆزی سازی سەودای سەمتوری دڵدارییەکی گیانی بەگیانیی «مەریوان»ی خۆشەویستی بوو...، بزەی لێوە ئاڵەکانی گەشەی بەژیان دەدا، تریفەی پرشەی چاوە کاڵەکانی بریقەیەکی ئەفسووناویی تەخشان دەکردە ناوەڕۆکی ئارەزووی دەروونەوە، کەیل بوو بەخۆشاوی بێ خەوشی شەکرۆکە و هەنگویناوی دڵی

بەئاوات گەییووی...، گوڵە خانی جوان، بووکە دیاریی دەستی جەستەی سەرکەوتنی بەرەبەیانی ژینی نوێ بوو... لەبەر دڵان و لەسەر چاوان بوو...، لە جەرگەی کاڵای باڵای نازی نازداریدا خەملّی بوو...، بەم جۆرە... لە دوای شایی و زەماوەندێکی بێ وێنە... گوڵە خانی بووکی ئاڵوواڵا و زێڕین...، کیژی نازەنین...، دەم بەپێکەنین، بوو بەشۆخە ژنی دەست ڕەنگینی گوندی حەساوە...، بەڵام هەر لەو شەوەدا کە «دەستی نەرم و شمشاڵیی پەنجەی یاری شەنگ تێکەڵ بەیەک دەبوو...»، دڵی پیزە بەخەنجەری دەستی برای سەربازی تازە قورتار بوو، ئەنجن ئەنجن کرا...، لە کاتی خەنجەر وەشاندندا هاواری بڕوا و باوەڕی دەیگوت:

من دژی تاوانم، تۆ لە نەریتی کۆمەڵەکەمدا ڕوو زەردت کردووم، دەمەوێت سەربەرزیی دوای ئابڕووتکان وەربگرمەوە، تۆ تازە خۆتت زیندەبەچاڵ کردووە، کۆمەڵەکەم حوکمی لەناوچوونی منیشیان داوە، بەتیاداچوونی تۆ، سەرفرازیی بەمن دەدەنەوە، خۆشت هەر وات بەمن گوت:

– من تازە دەمەوێت لە کونی کۆلیتەکەی خۆماندا دوا هەناسە بدەم، من هەڵەم کرد، بەزۆرەملێ پەلکێش کرام، پاکیزەییشم لێ زەوت کرا، وایە، بەبوونی من، ژن بەتۆ نادەن، بەڵام ئەی باوکی دەربەدەرکراوم، ئەو دەربەدەر، من شاربەدەر، ئەو کەندەڵانی کانەبەردەکانی گردە گرۆیی بەسەردا ڕما و ئۆغری کرد، بەڵام کاکە گیان تۆش گەر دەتوانیت کۆلیتەکەم بەسەردا بڕووخێنە، حەز لە نووکی تیژی خەنجەر ناکەم، دەمەوێت وەک باوکم ببم بەژێر تاوێر و گڵ و بەرد و خۆڵەوە، با کەس هاوارێکم نەبیستێ، خۆشت سەرپشک بە... ئەگەر کەندەڵانم بەسەردا بڕووخێنیت، کەسێک لە نەیارەکان چاوم پیادا داناپچڕنەوە...

– تۆ ڕاست دەکەیت، ژیانی ئێمە تاپۆی داوێن پاکی و خاوێنییە...، ژیانی سەرشۆڕیی و نزمی هەموو ساتێکی مردنێکە، دەمی کامە دەکەیتەوە، وەها دەڵێت...، پیزەی جانەوەر، با تۆ زۆرلێکراویش بیت، بۆ ئەوان نا، بۆ هی وەکو تۆ، وایان ناوناوە...، مردنی خۆتت بەڕەوشتی خراپ بەدەست هێنا...، تۆش دەبێت سەربەرزیی خۆت بەکوشتنی ئامێری داوێن پیسی بکرێتەوە، لە خێزانەکەشمدا، هەموو وەها بەمن دەڵێنەوە... «ئەگەر پیاویت...، ئەوەیە پێوەری دەماری پیاوەتی...» گشتیان دەڵێن «نابێت بمێنێت...» چونکە تۆ بووی هۆی بەکارهێنراوی چاوشۆڕیی من لە ناو ئەم و ئەودا، نەیانهێشت وتەکانی مامۆستا



براخاسیشم بچێت بەگوێدا...، کەس لەم بارەیەوە چاککردن و ڕاستکردنەوە نازانێت چۆنە و بەری ڕێگاکەی بەکوێوەیە... هەوێنی ئەو وانەیە لە مێشکی خاوی کەسێکدا نەمەیی، نەیانهێشت ڕێگەیان نەدام تێبگەم، بتوانم لەوە بگەم، چونکە خۆیان نایانەوێت، هەر بەم جۆرە چاری ئەم ڕووداوەیان کردووە، ڕاست بێت یان چەوت...، چاک بێت یان خراپ... لایان کا و بایە...، چونکە هەر ئەمەندەی لێ دەزانن، کۆنە قەوانێکی سواوە، تا ئێستە نەیانگۆڕیوە، نەیانشکاندووە، تۆ بەو جۆرە تێکەوتیت، منیش وەکو کەرەواڵەیەک بەم جۆرە...، بەگریانەوە، بەپێکەنینەوە، ڕازی و ناڕازی، دەیلێین و دەیجوونە، لەوانە هەیانە پەتی تەزبیحەکەی پچڕاوەتەوە، دەنکەکانیشی خنکاوی زەلکاون، هی تریش بەندە خوێنی ئاوەڵکراسی حەرام و دەرپێی پیسیان پچڕاوە و هەڵنەکێشراونەتەوە، کەچی دەمی بۆنکردووی گڵاویان ئێمە دەجاوێتەوە... بیرەکانی پیزە و کاکی، لەو کاتەدا کە سەرسنگی پیزەی ونجڕ دەکرد، پاساو بوون، هەریەک بۆ ئەویتریان دەلالێتەوە و تالاوی هەڵدەڕشت باوکم، تۆ و منیش، فەرمانی سێ جۆر خنکان کراوەتە ملمان... هەمووی هەر تیاچوون و سەرگەردانیی...، دەبا بڕۆم...، تەواو... کارم لێرە نەما... تا نەگیراوم... هێشتا چەرەدووکەڵ و زەهری هەلایی چەند ساڵ دیلی و سەربازیی لە سنگم دەرنەچووە، تا دەردی زیندانیکردنیشی بچێتەوە سەر...، جا بزانم لە کوێ جێم دەبێتەوە؟! ئەمجا بەگریانەوە «باوکم دەربەدەر، تۆ شاربەدەر و ئەتگیۆڕاو، منیش خاک بەسەر...» «دەبا ڕۆحیانەتی باوکم و خۆت بچن بەسەر ئەو خەڵکە ڕێژگاوەوە بگەڕێن، کاتی نوێژی شێوان بەسەریان بکەنەوە، بپرسن بزانن من بوومەوە بەپاڵەوان، ئابڕووی تکاوم بۆ گەڕایەوە... دەستی تاوانم بەمە سەوز بوو، یان مینە و ڕۆستەمم بکوشتایە... ئەم تاوانە ئەوان پێیان کردووم، ڕووسووریی و کچێنیی خوشکەکەشمم لەوان دەوێتەوە...»

خۆزگە مینەی گۆڕ بەگۆڕیش لە پێش تۆدا، ئەویش ئەگەر دەرەقەتی بهاتمایە، بەنووکی خەنجەری ژەهراوی من سەر دڵی کون ببووایە...، بەڵام ئەو زووتر بەرۆژی خۆی گەیشت، پیرۆزی بێت و لەوەلاتر چێت...، باشتر...، چونکە ڕاستییەکەی ئەوە بەمن نەدەکرا...

***

گوڵە خان ڕووداوی کوشتنی پیزەی بیست...، بەڵام لە خۆشیی خۆی نەیدەتوانی بیر لە ناخۆشیی کەس بکاتەوە... خەنیمەکەشی... چونکە شەلاڵی شادمانی لە ناوەڕۆکیدا سەرڕێژ بوو...، لەبەر ئەوە ئاگای لە هیچی تر نەبوو...، بۆ شەوی دوایی نەبێت، کاتێک دیدەی

مەستی خوماری بڕیبووە نیگای جووتە چاوی مەریوان...، شادەماری یادی جوولاو بۆ ئەو ڕۆژەی بردەوە کە بەواتەکانی پیزە لە هۆش خۆی چوو...، ئاگای لە خۆی نەما بوو... لێوەکانی کەوتە جوولە:

– شایانی بەزەیی پیا هاتنەوە نییە...، خۆی بەخۆی کرد...، بابڕوات و سەرەنگریێ بێت...

– گوڵە گیان... ئەوە چییە... بەکێ دەڵێیت... بیر لە چی دەکەیتەوە؟!...

– لە هیچ، لە هیچ... ئەو ڕۆژانە بڕوا و هەر نەیەنەوە...، بێ دەنگ بە...، هەر با نەیلێیم...، دەترسم... نایلێیم...

لەم کاتەدا باوەشی بەملی مەریواندا کرد و توند خۆی پێوە نووساند...، دوایی تۆزێک هاتەوە سەر خۆی، ئەو ڕۆژە چی ڕوویدابوو بۆی گێڕایەوە... لە پاشدا بەپێکەنینەوە سەیری یەکتریان کردەوە...

چەپکە گوڵی نازی دڵداریی و خۆشەویستی پێشکەش بەمەریوان دەکرد و بەتیلایی چاوی گەشی هێزی ڕاکێشی لە سۆزی دەروونی بێ خەوشەوە پێ دەنارد...

– گوڵە گیان...، مەرج ئەنجام بوو...، خۆ ئێمە بەیەک گەیشتین، ئیتر چیمان هەبێت...، گوایە ئیتر سڵ و ترست بۆچی و لە چی هەبێت...

– مەریوان، کەسە بێ خەوش و ناسک دڵەکان شتە بچووکەکانیان لا گەورەیە، بەکەمێکی چاک و خۆش شادمان دەبن و دەگەشێنەوە، خراپیی و ناهەمواریی‌ەکانیش بێزاریان دەکات و پێی دەتوێنەوە

– وایە، چەقاوەسوو ئابڕوو تکاوەکانیش، وەک کەشکی ناو سوێنە سووڕاونەتەوە، تازە تەواو، وەرە واز لەم بیرە ناخۆشانە بهێنین...

– بڕوات و نەیەتەوە...

دووبارە پەلاماری یەکتریان دایەوە، ئەوینیش بەرەو هەواری ئارامیی و شەیدایی دڵ و دەروونی بردنەوە...

***



# ۱۷

ماوەی ساڵێک مەریوان و گوڵە خان لە ئەوپەڕی خۆشیی ژیانی بووک و زاوایەتیدا بوون...، ئەوە بوو دوای بەربوونی مەریوان، پتر لە دوو ساڵ کردە و کۆشەیان کرد بۆ پێکەوەنانی خێزانێکی بەختیاری باوەشی کوێستانی بەهارستانی کوردستان...، دوای ئەو ماوە پشووبڕەی کە مەریوان بەخۆڕایی لە بەندیخانەدا چاوەڕوانی کرد و پێوەی چەوسایەوە...، پەرۆشی دڵی گوڵە خان هێندە بەجۆش و بەتین بوو، تەوژمی دابوو بەهەناسەی گومان...، لەبەر ئەوەی باوەشی ڕاڕایی و دوودڵیی کردبوو بەداوێنی ترسی ڕووداوی ڕۆژانەدا، لە هەر لایەک ببوایە...، لەوە تۆقیبوو کە بتەنێتەوە و کۆشکی شادمانییان لێ تێک بدات...، سەریان لێ بشێوێنێت...، بەڵام خۆشیان بێت و ترشیان بێت...، شەڕ وەک ئاگر و پووش و بەری وەڵاتی پێوە گرت...، جاروبار پرپشکیان هەر بۆ دەهات...، گوڵەی مارانگەستە، لەرەی هەستی ناسک و بزواوی هەمیشە لە باڵەفڕەدا بوو...

– کوڕە با بڕۆین...، با هەڵێین...، با سەری خۆمان هەڵبگرین، خۆ لە برساندا نامرین...؟!...

– کچێ گوڵەکەم...، بووکە سوورەی جوانی ڕازاوە... ئەی زەویوزارەکەمان، سامانمان...، خاکی زێڕینمان...، ڕەز و دێبەر و بەراومان چی لێ بکەین...، نرخی ئێمە بەزەویوزارمانەوەیە...، بەرد لە جێی خۆی سەنگینە...

– ئەوانە هیچ نین...، هەر خۆمان...، خۆم و خۆت...، ئیتر دەربەستی هیچی تر نایەم... خۆشت و منیش کەمان نەچەشتووە...، من ئیتر بەرگەی کارەساتێکی تر ناگرم... پەرێشان دەبم و لەناودەچم...

– چۆن، ئەی دایک و خوشک و برا و کەسوکارمان؟؟! ئەمانەش، ئەی ئەوان... هەموو هەر بڕۆن؟! بۆ کوێ؟ چی بکەن...؟! ئەی ئێرە بۆ کێ بەجێ بهێڵین...؟! بۆ دوژمن بۆ غەوارە؟؟ چاوە شیرینەکەم...، ئەی یادگارە پیرۆزەکانی باووباپیران؟!... گوڵە پیشی دەخواردەوە...، لێوە ناسکەکانی دەکرۆشتن...، فرمێسکی گەرموگوڕ بەچاوە جوانەکانیدا دەهاتە خوارەوە، بەدەنگە ناسکە بەسۆزەکەی تێر داخی دڵی دەڕشت و ڕازی خۆی دەردەبڕی...، هەموو جارێک بەپشی پشیی و دڵدانەوەی مەریوانە دڵدارەکەی خۆی...،

دوایی دەهاتەوە سەر خۆی و بۆ ماوەیەکی تر دادەمرکایەوە... کار هەتا دەهات دژوارتر و قوولتر دەبووەوە...، گوڵە خان لە دڵ و دەروون و لەشی خۆیدا...، هەستی بەگۆڕانێکی سەیر دەکرد، لە هەناویدا زۆر شتی تازەی بۆ دەردەکەوت، دوایی هەموو شتێکی لە دایکی کارامەی بیست...، بەڵێ سکی بەرزبووەوە، بەڵام هەرچەندی دەکرد ڕووی نەدەهات لێی بدوێت...، هەتا پێی بکرایە خۆشی دەشاردەوە...، ئەوەی بەلای خۆیەوە سەیر بوو ئەو پەستیی و کەم خۆراکییە بوو کە تووشی هاتبوو، بەتایبەتی ڕۆژێک کە گوێی لە دەنگی فڕۆکە ببووایە، ئیتر زەندەقی دەچوو...، کە هەواڵ و دەنگی بەرپابوونی شەڕیش دەهاتە بەرگوێی، بەیەکجاریی زارەترەک دەبوو...

– باشە تا کەی ئێمە لەم بارە ناهەموارە ناخۆشەدا بین...؟!...

– هەتا یەزدان ئەو ڕۆژە دەهێنێتە ئەنجام کە هەموو لایەک دڵیان بەیەکتری بسووتێ...، بەگەل...، بەنەتەوە...، بەنیشتمان...، تۆزێک چاو ورد بکەنەوە... ئەو کاتەی کە هەر لایەک لە لای خۆیەوە باوەشی دڵسۆزیی و لێبووردن بۆ ئەویتر بکاتەوە...

– ئەو ڕۆژە دوورە... نایبینین، نایەت و نابێت...

– مژدەی هاتنی ئەو ڕۆژە بەسەردەمی هەموو دڵسۆزێکی پاکەوەیە... بەڵام لەیەک گەیشتن و بەختکردنی دەوێت، هەوڵی بێ وچان...

– من ئەمانە نازانم... لەوە دەترسم ڕۆژێک بەسەر ئێمەشدا بتلێتەوە، بمانگرێتەوە...

– گوڵە گیان، بەقوربان، پێم خۆشە بارودۆخەکە چاک بزانیت، بەڵام خەفەتی پێوە مەخۆ...، ئێمە چارەمان هەر بەرگەگرتنە...، ئەگینا دەمێکە ئێمەشی گرتۆتەوە...، خراپیش...، ئێمە کەوتووینەتە نێوانی ڕووبەڕووبوونی دوو هێزەوە...، لەوانەیە ڕۆژێک بێت شەل و کوێرم ناپارێزم، بەئێمەشدا بپلۆسن، دوو هێزی چی، دوو زلهێز بەلایەک و چوارقۆڵییەکی دژ بەیەک، کەچی یەکگرتوو بەرامبەر بەئێمە...

بەڵام ئەوەتە بەکولەمەرگیش بێت بەرگەی هەموومان گرتووە، ئەی من ئازایەتیی و بەجەرگیی ئەو هەموو ماوەیەی تۆم بیر دەچێتەوە؟!.

ئەم جۆرە وتووێژە و لەمەش گەرمتر گەلێک جار لە نێوانیاندا دووبارە دەبووەوە، گوڵە خان ئیتر هیچی پێ نەدەما... دەستێکی دەکەوتە ئەملا و دەستێکی دەکەوتە ئەولا...، فرمێسکەکانی وەکو باران دەهاتنە خوارەوە، بەقوڕگی پڕ لە قوڵپی گریانەوە بەناو سکیەوە دەیگوتەوە:



«من نامەوێت تووشی گیروگرفتی تر ببیتەوە...، نامەوێت نا...، هەردووکمان کەمان نەچەشتووە...»

مەریوان هێمنانە گوێی لێ ڕاگرتبوو، ئەمجا خۆشەویستانە گوتی:

چاوەکەم، لە بیرت چووەوە، مانگێک لەمەوبەر تا ئاردمان دەست کەوت قیرِ گوتی چەق؟!، لەم بەینەشدا بۆ شەکر و چا دامابووین، ئەوە بوو بەو سەریەشە پەیدامان کرد...، خۆت دەیزانیت قەدەغەی هەموو شتێکمان لەسەرە...، دەبێت لە لات ببێتە کارێکی ئاسایی...، چونکە ئێمە لە جەرگەی ڕووداوداین، لەوانەیە ڕۆژێک ببینە پێشێل...، ئیتر ئەوەندەی مەکۆڵەرەوە...، پێی ناوێت و چ دادێکیش نادات...، بۆ ئێمە هەموو شوێنێک هەر ئەوەیە و خراپتر، شاریش هەر وەهایە بەکەڵکی ئێمەش نایەت... گوڵە و مەریوان هەمیشەیی ڕۆژان و شەوانیان بەم جۆرە لەگەڵ یەکتری بەسەر دەبرد، چوار مانگ تێپەڕی...، هەتا ئەو بەیانییە کارەساتی سەخت و جگەربڕ ڕوویدا...، گوند درایە بەر تۆپ و ئەو ناوە گوللەباران کرا...، خەسرەوی برای گوڵە خان بەر گوللەی وێڵ کەوت و دەمی نەدا بەیەکدا... خەرمانەکانی نزیک دێ ئاگری تێبەردرا...، گوڵە گڕی گرتبوو، هەناوی کەوتبووە خوارەوە، بەناو سکی برژاوەوە، چۆن شێتی سەر لێشێواوی لێهاتبوو...، هێمن هەڵات و بۆی دەرچوو، خۆی کرد بەناو شۆڕشدا... مەریوان لە ماڵ نەهاتە دەرێ...، گوڵە ناو دەرگاکەی لێ گرتبوو...، چەڕەدووکەڵی لێزمەی گوللەباران تەواو بوو...، گەرداوی لەپڕی هێرش هێنانی دوژمن بڕایەوە...، بێ دەنگیی و ئاسایی کەوتە ناوەوە... کوژراو و بریندارێکی زۆری بەدوای خۆیدا بەجێ هێشت...، وێرانکردن و دەربەدەریی بەخشی بەگوند و هەتیوانی بێ نەوای دوای شاڵاوی شملّی شەڕ بەسەرگەردانیی بەجێمان...

... سوپا هەر جارە لە قۆڵێکەوە هێرشی دەبرد، دوای دەستدرێژیی و وێرانکاریی دەکشایەوە و لە شوێنێکی ترەوە شاڵاوی دەبرد، بەڵام زۆربەی کات دەشکا و پاشەکشەی دەکردەوە...، هێشتا پرسە بەتەواوی دوایی پێ نەهاتبوو کە گوڵە زۆری لە مەریوان کرد گوندەکەیان بەجێ بهێڵێت و بۆی دەربچێت، مەریوان دڵی بۆ ئەو ڕۆیشتنە لێی دەدا، بەڵام لەو بارە ناخۆش و دژوارەدا، دڵی نەیدەهێنا گوڵە لەوە زیاتر بهەژێنێت...، هەتا ئەوە بوو گوڵە بەدەمی خۆی یەخەگیری بوو:

– دەبێت بڕۆیت...، ئەگینا خۆم دەکوژم...، خۆم دەخنکێنم براکەمم لە دەست چوو، با تۆی تاقانەی دڵیشم لە کیس نەچێت، کۆستی گرانم نەبێت بەدوو...

بەم جۆرە... لە ترس و داخ و جۆشی خورۆشاوی خۆی پاڵی بەمەریوانەوە نا...

«بەقوربانە، زۆر دوور بڕۆیت...، نەیەیتە ناو کایەی هیچ شەڕ و ناخۆشییەکەوە، بەخۆشەویستیمان سوێندت دەدەم بەزەییت بەمندا بێتەوە، لەبەر من خۆت بپارێزە... مەریوان لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «دەڵێیت بۆ سەیرانم دەنێرێت، تا لەوێ ئاگاداری خۆم ببم!! چارم نییە، دەبێت دڵخۆشی بدەمەوە... لەوە پتر ئازاری نەدەم...»

– بەچاوان، من لە تۆ زیاتر کێم هەیە، خۆشەویستی تۆ بەندە بەگیان و ژیانمەوە...، لەم دنیایەدا تاکە ڕووناکیم هەر تۆیت...

– هەر کاتێ زانیت هیچ نەما، ئەوسا بگەڕێرەوە...، دواییش زانیم لە هەر کوێیەک بوویت، من دێم بۆ لات، هەر بەدواتەوە دەبم، ئاسوودەیی ژیانم، خەو و خۆراکم بەتۆوە بەندە، من ئیتر هەمیشە پەشێو و پەرێشان دەبم...

بەم جۆرە گوڵە خانی ئاودامانی بەخەمی ڕەشپۆش و جگەر پارە پارە، جارێکی تر، لە پێشوو خراپتر، دەستی نائومێدیی و بێوڵەتیی نایەوە ژێر چەنەی خەفەت، پەژارەی کردە میوانی شەو و ڕۆژی خۆی و بووە هاوڕێ و هاودەمی شەپۆڕ و فرمێسکی خوێنینی...

***

گوڵە خان وەکو پەروانەی لێ هاتبوو...، هەمیشە بەدوای دەرکەوتنی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی و مژدەهێندا دەگەڕا و بەپەرۆشەوە پێوەی دەتلایەوە، چاوی بۆ ئارامگای ژیانی بەئاسوودە و بێ ترس سەربەستانە دەگێڕا... لێدانی دڵی بۆ ژماردنی هۆکانی بەئەنجام گەیاندنی ئەو سەرئەنجامە بوو کە دۆزینەوەی سەری گۆڕۆڵەی ئاڵۆزکاوی باری ژیانی خۆی و مێردە خۆشەویستەکەی پێوە بەند بوو، بەهۆی ئەزموونی تاڵی ڕۆژان و دەردی چاوەڕوانی و ترسە ترسی هەواڵ و ڕووداوە ناخۆشەکانەوە، کیژی ناسک و نازدار، گوڵی کوێستانیی شەنگ، تا دەهات سیس و ژاکاوتر دەبوو، ڕەنگی ئاڵی بەڕەونەق و بریقوباقی کاڵ دەبووەوە...

گوڵە خان بەتلانەوەی خەم و پەژارەوە، کوڕێکی کاکۆڵ زێڕینی جوانی بوو... کۆرپەیەکی بێ وێنە...، بەڵام دوور لە نازی باوکێتی...، ناویان نا «ئارام»، چونکە گوڵە خان لە بازاڕی پشێویی و بەشێویدا بۆ «ئارامی دڵ»ی دەگەڕا، بەفرمێسک ئارامی پەروەردە دەکرد، هێشتا لە تاو مەریوان ئارامی نەدەگرت...، چاوە پرشەدارە جوانەکانی دیسان وەک گوڵە ئەستێرەی لێ هاتەوە، بۆ تیشکی ڕووناکی ئاوات و ئامانج برژۆڵەکانی خۆی داخ



دەکرد و وەک تەوژمی تەلی کارەبا ناوەڕۆکی دڵی تەزوو پیا دەهانی، هاتنە دنیای ئەم زارۆیە، تروسکەیەکی ڕووناکایی خستە ناو دەروونی تەنگوتاری بەپرسە و ترسی خەجیج خانی کۆست کەوتووشەوە... کاتێک ئارامی دەکردە خەو، چریکەی دەنگی زوڵاڵ و بەجۆشی لایە لایەی دەکردە لاواندنەوەیەکی دڵپڕوێن، ئێجگاری گوڵەی دەهەژاند و فرمێسکی دانەی بریسکەداری لەسەر ڕووی ڕێزان، بەچەشنی مرواریی دادەگیرساندەوە، شێوەی پەژارەی بووکی دڵڕفێنی دەخستە ناخی دەروونی سۆزەوە، ئەمیش بەجۆشی خەستەوە ڕووەو ئاسۆ دەوەستا، وەک شەنگەبیی دەشەکایەوە، دەلالایەوە و پتر پرزەی لێ دەبڕا... بەیانی بۆ ئێوارە و... ئێوارەشیان دەدایەوە دەست بەیانیی...، تاسەی چاوەڕوانی هەمیشە پەژموردەیە...، سۆمای دیدەی بەپیرەوە چوون کول بوو، چوو...، هەموو جوانییەکان لە بەرچاو بوون بەپەلاس، دنیای ڕۆشن تەڵخ بوو...، هەموو دەنگێک ڕیشەی هەناوی دادەچڵەکاندن و بێخی دەردەهانی، داخی دەکردن و تەزووی پیایاندا دەهانین...، هەر ورتەیەک، یا ترپەیەک دەبووە شیشی سوورەوەکراو بۆ جگەری پارە پارە، وەهایان لێ هاتبوو لە قڵپەی گۆزەڵەکە دەترسان، وایاندەزانی دەنگی فڕۆکەیە و گەرداوێکی ڕەش و تاری تر دەنێتەوە... دانیشتوانی گوند، بەتایبەتی ژن و منداڵ، هەر ڕۆژێک خەبەری ناخۆشیان ببیستایە، بەیانیان تاریک و لێڵ بەرەو کونە ئەشکەوتی پەنا و نێوانی قلیشی تاوێرە گەورەکانی نزیک درەختە گەورەکان بەکوندەی پڕ ئاو و توێشووی خۆراکی ئەو ڕۆژەوە دەجەمان و تا کاتێک هێور دەبوونەوە، خۆیان حەشار دەدا، جرپن و هەڵەهەڵکەرەکان خۆیان نەدەگرت، لەم بن بەرد بۆ ئەو تەلان و هەندێکیش بۆ ڕاوە سوێسکە و کەو و کۆترە شینکە، پاش نیوەڕوانیش، گوڵە خانی جوان و خەجیج خانی سەلار نەبێت، کاتی گەڕانەوە بۆ گوند، گەلێک جار، لەگەڵ هەموو دەردەسەریی و چەرمەسەرییەکدا، دەیانکردە هەڵپەڕکێ و گۆرانیی و بەزم، قۆشمەکان دەیانگوت: ژیانمان هەر وەها هێناوە، بۆ ئێمە تاڵەوەکەرەی خۆشەوەکەرە بووە، هەرگیز سەختیی و ناخۆشیی ڕۆژانە و ساڵانە پەکی نەخستووین... ئەو نەریتانەمان لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە، دانا و حەکیمەکانمان گوتوویانە: «خەم بەبا بدەن، مەیپەچنە دڵتان، هەمیشە بەدەم و دڵ خەم ڕەوێن بن...» ڕۆژان دەڕۆی و نەدەگەڕایەوە...، ئارام کەوتە گڕوگاڵ و دارە دارە، کۆرپەیەکی جوان و زیتەڵە... جۆرە بزێوییەکی شیرینی تێدا بوو،... جووڵەیەکی دڵخۆشکەری خستبووە ناوەوە... جاروبار بۆ ماوەیەکی کورت، بەدزییەوە، کە مەریوان دەهاتەوە دەیبینی... بەڵام بۆ...، ئەم بابەیە بۆچی وەکو باوکەکانی تر دیار نییە...؟!...

ئەمە پرسیارێکی دڵتەزێن بوو هەمیشە لە گوڵەی دەکردەوە... ئەمەی نەدەزانی...، پێشمەرگەشی نەدەناسی...، کێیە...، چییە...، لە کوێیە؟!...

«ئەوە بابەیە، بابەی خۆت، چەچە جوانەکانت بکەرە ملی، دەی، بابەکە ماچ بکە...، بابەی خۆشەویست، بابەکەی «ئالام...» بەهاتنەوەی مەریوان، خەجیج خانی کارامەی سیخناخی پەستیی و پەژارە، کەمێک هێور دەبووەوە، لەگەڵ خۆیدا ئاسوودەیی و خۆشەویستییەکی بێ وێنەی دەخستەوە ماڵەکە...، هەردووکیان هەر هەمان داوایان دووبارە دەکردەوە: «دەستم دامێنت، تۆش و کاکە هێمن گیانیش ئاگاداری خۆتان بن، ئەگەر تاڵەموویەک بەدڵمانەوە مابێت، بەمان و سەلامەتیی ئێوەوەیە...» هەموو جارێکیش کاتی بەڕێکردن، فرمێسکی گەرموگوڕی خوێنین دادەبارییە خوارەوە... هەناسەی ساردی گوڵەی بووکی نەبەکام و شەپۆڕی پڕ پەژارەی خەجیج خانی باوەشی پڕ میهرەبانیش دەستی پێ دەکردەوە... ساڵ بەدوای ساڵدا هات...، گوڵە خانیش تەمەنی گەیشتە سی و پێنج ساڵ...، خەریکە هاوین دێتەوە...، گوڵە خان دیسان چاوی هیواداریی بڕییەوە ئاسۆی ئاوات و ئامانجی ئەو ڕۆژەی کە مەریوان، ئازاد و سەربەستانە بگاتەوە گوندەکەی خۆیان...، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– تەمەنم بوو بەسی و پێنج ساڵ، بەڵام نیوەی ئەم تەمەنە چاوەڕوانیی بوو بۆ خۆشەویستەکەم...، حەوت ساڵی تووشکردنی بەبێ تاوان...، دوای ئەوەش شۆڕش و پشێویی و بەرگریی...، دەسا بڵێیت ڕۆژێکی تری وەکو ئەو ڕۆژەی چواردەی گەلاوێژی پەنجا و هەشت نەیەتەوە و تاقە هیواکەمم بۆ بگێڕێتەوە و ئارامیی بخاتەوە ناخی دڵ و هەست و هۆش و سۆز و دەروونمەوە...؟! ئەو ڕووداوە و ئاکامە جوانەکەی تا ئێستە لە ژیانی مندا خۆشبەختیی وەهام نەدیوەتەوە...

«ئای گوڵەکە، تۆ چۆن گۆڕراویت؟! کیژۆڵەیەکی ناسک و جوانی بەناز بەخێوکراو، پڕووشەیەکی زبر دەیتەرانی و دەیتۆرانیت»

– هەر چۆن بێت، دڵی من هەر بەتەمای ئەو ڕۆژە لێ دەدا... من دەقم بەئاواتەوە گرتووە...، بووە بەپیشەم...، شادەماری ژیانم بەئامانجی سەرفرازیی خۆشەویستەکەمەوە بەندە، نرخی مانیشم هەر بۆ ئەو ڕۆژە دەبێت...؟! من بووم بەبووکی ناو کەژاوەی ئەوینی تەماداریی...، خۆم ئێستە چاک دەزانم... بەهاداریشم لە ناو هەمووواندا گەوهەرەکەیەتی...

***



لاوەکانی ئەم گوندە، بەتایبەتی هی وەکو مەریوان و گوڵە هەمیشە و لە هەموو دەرفەتێکدا بەم جۆرە دەدوان... شالاوی شەڕی بێ فەڕ لە گشت لایەک شڕ و پڕی کردووین، هێزی لەبەر بڕیوین...، توانامان هەمووی بۆ ئەم لایەنە بەخت دەبێت... برسێتی، هەژاریی، بێ کاری، بێ دەستیی...، پەروازەیی...، پەرشوبڵاویی و گرانیی...، گرتن و دەربەدەری...، کوشتن و بڕین...، بێ دادیی و هێرش و سووتاندن و داگیرکردن...، دووبەرەکیی و پچڕ پچڕبوون و دوورکەوتنەوە و دوژمنایەتی...، بەڵێ...، ئەمانە و هەموو خەم و پەژارەمان، پیسترین ژەهراو چووە بەقوڕگی هەمووواندا...، ترس و بێزاریی دڵی زۆری داگیر کرد...، بەزین و وەڕسبوون هەندێکی تری تەپانە چاڵی ناهەمواریییەوە...، گەلێک شەوانی دووروودرێژی تاڵ و ژارومـاری وەک دۆزەخ بەسەر ئەم کوردستانەدا تێپەڕی...، شاخ و چیا سەرکەشەکانیش، سەری بەرزیان ناو جەرگی ئاسمانی شەق کردووە، پشتیان لێ گرتووین و هەموو بەیانییەک چاومان بۆ ئاسۆی ڕوونی شەبەقی لوتکەی بڵندی دەمکەلی تیشکی خۆر هەڵهاتن ڕادەکێشنەوە... ئەم چەند ساڵە، خەڵکی بەم جۆرە خوێنی کرابووە کاسە، هەزاران دادی بێ داد...، هاواری بێ ئەنجام...، پرسیاری بێ وەڵام...، بەسەدان دەردی بێ دەرمان، زامی سوێهاتو و برینی کولاوە، ژانی دڵ و پیشی دەروون...، ئەوەی بەسەرماندا هاتووە، گێڕانەوەی بەسەدان داستان تەواو نابێت...

«گوڵە گیان، من دەزانم گێڕانەوە و گوتنەوەی ئەم هەموو واتە ناخۆشانە جۆرێکن لە دەربڕینی بێزاریی، بەڵام بیرکردنەوەی چارەسەر و خەم لە دڵ دەرکردنیشە، ئەوانە گەلێک جار بیر و لێکدانەوە، ژیریی و ڕاستیی، ماف و دادپەروەریی لە ئاستی قیرسیچمەیی و لاساریی، تینی بیر تەسکیی، لادان و باوەڕی چەوتدا دەچەقین، تێدەمان و کول دەبوون...، بەم جۆرە گەل و نەتەوە و وڵات، بۆ تیاچوون، فەوتان و داڕزان پاڵ پێوە دەنرێت... فریای خۆمان نەکەوین هەموو سەر و خوار پەرێشان دەبین...»

«باشە بەقوربان بەئێمە چی دەکرێت؟! بۆچی دەبێت هی وەکو ئێمە ببینە سووتەمەنیی؟!، ئەمە لەجیاتی ژیانی خۆش و خۆشەویستیی؟!...»

– نامەوێت بیرتی بخەمەوە و برینی جگەری پارە پارەمان بکولێنمەوە، کاکە خەسرەوی جوانی جوانەمەرگ چ وەزنگێکی هەبوو... لە درێژیی ژیانیدا هێندەی سەری باڵە مێشوولەیەک زیانی بەدوژمنەکانیشی نەگەیاندبوو...، هیچ نەبێت من دەبێت بەرامبەر ڕەوانی پیرۆزی ئەو ئەمەکدار بم و ئەوەیشی پێم بکرێت بیکەم...

هیچ نەبێت لە بواری دوردۆنگیی و دوورەپەرێزیی و هەندێک جاریش نەهێشتنی دووبەرەکیی و جۆرێک لە هەڵوێستی دوژمنکارانە...

«تۆ چیت پێ دەکرێت...؟!...»

– زۆر، زۆر زۆر...، گیانەکەم، هیچ نەبێت من لە نێواندا دەوەستم... بۆ لایەک خۆ هەڵواس نابم... هانی سڕینەوە و ڕامالینی بیری دووبەرەکیی دەدەم...

«دەیاخودا لە دەوری سەرت بگەڕێم، بەوە دڵی منیش خۆش دەکەیت...»

– من بەبێ تۆ ژیانم نییە، کە لێم دوور دەبیت، لە دۆزەخدام...، ئێجگاریش ئەو ناکۆکییانە، نازانم کێش لەو بارە سوود وەردەگرێت؟؟...، بێ گومان دوژمنی هەمووان... نۆکەران ڕادەگرن و دەستەیەک بەکرێگیراویان دوا دەخەن، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنن... ئەمانە ئەم بیروبۆچوونانە هەر لەمێژەوە، لە دەمێ ساڵەوە، بیری گەلێک دەستەی نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتەی دڵسۆزی نیشتمانەکەمانن، هەر دەبێت بیری ڕاستی پێشکەوتوو بۆ یەکبوون سەربکەوێت و ئاشتیی و ئامانج لە کوردستاندا سەربکەوێت، بەربکەوێت و دەربکەوێت، هەر چوار قۆڵیش بگرێتەوە... تێپەڕبوونی کات و دەمەوساتیش دەبێت هەر بۆ ئەم مەبەستە بێت...؟! باپیرانیش ڕاستیان فەرمووە «هەزار ساڵ بکەیت بێگانەپەرستیی، ئاخری هەر دەهێنیت نوشوستی...» ، لە بیرمە، تۆ ئەوسا کە لە پێنجەمی سەرەتایی بوویت، بەناوی مامۆستاکانەوە شتی وەهات دەگوتەوە؟!...

«مەریوانی ڕۆح...، ئەوسا ئەوە جیا بوو...»

***



# ۱۸

دیسانەوە بەهارێکی تریش هاتەوە، هەر دەڵێن ڕێککەوتن هەیە و پاش ماوەیەک دەنگ نامێنێت، بەپێچەوانەوە، لە قۆڵێک دوو قۆڵەوە ڕژێم هێرشێکی دوژمنکارانەی تازە دەکاتەوە سەر خەڵکی بێ تاوان... زیانێکی زۆر دەدات، دەرەقەت نایەت، بەرامبەر بۆسە و هێرشی لەپڕی پێشمەرگە خۆی ناگرێت، پاشەکشە دەکات، جارێکی تر خۆی کۆ دەکاتەوە، لە قۆڵێکی ترەوە هێرشێکی دڕندانەی تر بۆ سەر منداڵ، ژن و پیر، کشتوکاڵ دەسووتێنێت، گیانەوەر دەماشێتەوە... دوایی پڕوپاگەندەی ڕێککەوتن دەست پێ دەکاتەوە، گوایە دیسانەوە نوێنەر هاتووە و ئەمجارەیان بەڕاستێتی... ئەوا ئەمجارەش بەستەڵەکی سەهۆڵبەندانی چیاکان دەستیان بەتوانەوە کردەوە، ئەم کوردستانە هەر ساڵە بەهارێکی میوانە...، بەهاری وەهای بەخۆیەوە دیوە کە شاخ و دەشت و دەری بووە بەهەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی نێرگز و گوڵە زەرد و ڕیحانە و بەیبوون...، بەهاری تاڵ و ژاری وەهاشی دیوە کە گوڵاڵە سوورەی خوێنین دەشت و دەری بەڕەنگی خوێنی ئاڵی قوربانییان ڕەنگاندووە...

چرۆی بەهاری ئەم ساڵ زوو پشکووت...، زستانی پێش ئەم بەهارە جاروبار پشووی باشی داین...، نێرگزی بۆن خۆش، یەک پارچە، چوار لای داپۆشیوە...، چواڵە و ڕێواس بەزۆریی چەشی مزر و خۆشیان خستە نێو ترش و شیرینی چێژی ژیان و خۆراکی سەیرانگاکانەوە...، بنگۆزروان و ڕستی پیشۆکیش، دیاریی دەستی منداڵە چاوگەشە ڕووتەڵەکانی سەرەڕێگەی ئەم چیا و هەردەن...، بۆ چەند پوولێک، مل بەلارەوە دەنێن و دیارییە جوانەکەیانت پێشکەش دەکەن.

ئای کە دەمێکە لە بەهاردا سەیرانێکی خێزانیی گشت لاییمان نەکردووە...، تۆ بڵێیت کێوی ئاگرینی ئەم ساڵمان بیێتەوە بەمەشخەڵی نەورۆزی بەهاری بەفەڕ...؟!... بڵێیت ئەم ساڵیش خەرمانەکانمان نەبن بەخۆراکی شاڵاوی کڵپەی ئاگر؟! بڵێیت زەنگی قەتارەی کاروان، لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان، بووکە سوورەی خەڵاتی ژیان پێشکەش بەگیانی ئەڤینی نیشتمان بکاتەوە؟! ئاخۆ سۆز و سازی قەتار و لاوک و حەیران تێکەڵ دەبنەوە بەبەستەی شەوانی خەنەبەندانی زەماوەندی جەژنی شادمانییان؟!، کەی بێت قریوەی سەرچۆپیکێشی شارەزا و لێزان، هەموان لە کۆڕی بەزمی سەرجەمییدا ئەڵقە پێ بدات و پێی پەتەوی یەکبوونیان پێ بدات بەزەویدا، لە گەشکەی خۆشیی ژیاندا

بییانبات بەئاسماندا؟!...

ئەمانە و گەلێکی تریش لەمانە گرنگتر بیری هەمووانە، لە هەر شوێن، لاوە خوێن گەرمەکانی وەک مەریوان، هێمن و گوندییە هۆشیارەکان پێکەوە بن، پیر و جوان...، گەورە و بچووک، ژن و پیاو...، چەندانێکی کەم نەبێت، نەخۆش و نائاسایی، یان هەلپەرست، کە دەیانەوێت لەسەر لاک بژین و خوێناو بخۆنەوە...، ئەوانە؛ چاوچووی بێ ڕەزان، جانەوەری نۆکەر و کلکی چەپەڵ، بەدی دڕندە و دژن بەهەمووان، چونکە وەک ڕێوی لە کونی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام تەنها بەخۆیان و دەستەی زۆردارانی چەوسێنەری ناهەموار نەبێت، ئیتر بەکەسوکاری خۆشیان، بگرە لە هەڵوێستەکاندا بەناخی خۆشیان نامۆن...

ئەم چەند ساڵە ئەوەندە دواین و هێندەمان بیر کردەوە، پێزی مێشک و هۆش و ژیریی کفی کرد و هەڵات...

ئێستەش وەک دەڵێن: ماوەیەکە ئەملا و ئەولا کەوتوونەتە ڕاوێژ، دوواندن و وتووێژ...، ئیتر نازانین ئەمجارە بەچی دەگەین...، وەک جارانی تر هەر هەڵدان و درۆ و خەڵەتاندنە، یان بەڕاست دەردەچێت؟!...

بەلای خۆشمانەوە دەڵێن: بۆچی... لە پای کێ... تا کەی... سەرئەنجامی... بەچی دەگات؟!

هەمووی هەر جونەوەیە...، کەچی تا ئێستە ئەوەی پێویستە نایلێین و لە کات و شوێنی خۆیدا نایکەین...، لەو کاتەی، هەر دەبێت بگوترێت و بۆ خۆمان بکرێت... گوڵەی جوانی برا کوژراوی دوور لە هاوسەری خۆشەویستی، هەمیشە بەگومانەوە گوێی بۆ ئەم هەواڵانە دەگرت، دووبارەی پرسیارەکانی دەکردنەوە:

جا بلێیت ئەم قاوە ڕاست بێت؟! گوایە سۆشیالیستە نەتەوەییەکان ئەم کارە بکەن...، شەڕ و شۆڕ، کوشتن و بڕین، ڕاووڕووت، چەرمسەری بفەوتێ و نەمێنێت...، ئاشتیی بەرپا ببێت و سەرفرازیی و ئاسوودەیی و دادپەروەریی سەرانسەری وڵات بگرێتەوە...؟! جا بلێیت شتی وەهایان لێ بووەشێتەوە؟؟...

دەسا گشت دڵسۆزان بەگەل و نیشتمان هەر چاوە چاوی ئەو ڕۆژەن...، بەڵام گوڵەی دڵ بریندار هەمیشە دەیگوت و دەیگوتەوە: جا بلێیت وا بێت؟! تۆ بلێیت بەڕاستیان بێت، ئەمە ئاخۆ کەی بێت و چۆن بێت، ئاخوداخ بۆ خەسرەوی جوانەمەرگم...

***



چەندین ئێوارە زەردەی خۆری زێڕین، لە دەمکەلی ئاوابوون خۆی ون دەکردەوە، گوڵەی چاوەڕوان لەگەڵ هەناسەکانی نامرادیدا خۆیان بەژووردا دەکردەوە، جاروبارەش تا درەنگانێک سەیری جریوەی ئەستێرەکانی دەکرد، تەمادارییی دەنێژا... ئەو نزیکە ئێوارەیەش، گوڵە خان، دەستی ئارامی بەدەستەوە بوو...، ڕووەو ئاسۆی خۆرئاوا ڕاوەستابوون...، چەند پەڵەهەورێکی پچڕ پچڕ بەری خۆری دەمکەلی گرتبوو...، لە ناوەڕۆکی هەورەکانەوە، تیشکی خۆری زێڕین، نیوە بەنیوە، وەک زەرکەفتێکی شیرین... نێوان ئاسمان و زەوی تەنیبوو...، کاتی زەردەپەڕ، ئێوارە بازاڕی هەمیشەیی ئەندێشە، پەژارە و هیوا ئەڤینییەکانی گوڵە بوو، ڕەنگاڵەی هاڵاوی جۆشی ئارەزووە پیرۆزەکانی، لە دەروونێکی پاکژدا دەهۆنییەوە...

لەو کاتەدا، یەککەوتنی خۆر و هەور و ئاسمان و زەوی، لە لوتکەی ئاسۆوە، دەبوونە میوانی سەرنجە وردەکانی و ئاوێتەیەکی هەمەڕەنگی ئاڵ و زەرد و شین و مۆری تێکەڵ کردبوو...، لە ساتە کۆتاییەکانی زەردەپەڕدا، سوورێکی دڵڕفێنیش، کە سۆمای چاوی دەبرد، بەسەر هەموویاندا دەکشا...

دیمەنێکی ڕەنگینی بەناوازەی وڵاتی شەنگی قەشەنگ، زاخاوی خەیاڵە پەتەکانی دەدایەوە...

وەک هەموو جارانی پێشوو، گوڵە خان چاوەڕوانی مەریوانی تاقانەی دڵ و گیانی بوو... لە ناخەوە ئەم نەریتەی کردبوو بەپیشەیەکی شەیدایی، ئەوە بوو کە لە دوای خۆرئاوابوون، جاروبار بەنهێنیی دەهاتەوە بۆ ناو دێ، بۆ دیدەنیکردنی ئەمان...، بەڵام ماوەیەک بوو دیار نەبوو...، جۆش و خرۆشی سۆزی دەروونی گوڵە خان لە کەف و کوڵی تاسەدا بوو، پەرێشان و تەمادار...، زوو زوو دەهاتە دەرەوە و دەچووەوە ژوورەوە:

«هەموو جارێک دڵم لە مستمدایە، بلێیت تووش نەبێت؟! هەمیشە دڵم لەسەر هەزار لێ دەدات، گوللە داد و بێ دادی بۆ نییە...، کێ دەڵێت خودا نەخواستە جارێک بەر ناکەوێت، یان ناکەوێتە بۆسەیەکەوە...، کەی بێت ڕزگارمان ببێت و ئاو بکرێت بەم ئاگرە سوورەدا...»

گوڵە خان لەم بیرانەدا بوو تەقە دەستی پێ کرد...، هەناوی ورووژاوی گوڵەی ڕاچڵەکاند، ناو سکی کەوتە خوارەوە...، ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین، خۆی پێ نەگیرا، دانیشتە سەر لێواری سەربانیژەکەی بەردەمی هەیوانە گەورەکەی نهۆمی سەرەوە...، خەجیج

خان، خێرا، بەشپرزەیی هاتە دەرەوە، ئارام لەپڕدا باوەشی ترسی بەملی دایکیدا کرد، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، دڵی پڕ بووبوو، لچی کەوتە هەڵقرچان...، بەپیشخواردنەوەوە سەیری دایکی دەکرد...، گوڵە خان خەریک بوو ڕابکاتە ژوورەوە، بەڵام ڕاکردنی پێشمەرگەکان سەرنج و چاوی تەماشای بۆ لای خۆیان ڕاکێشا...

حەوت لاوی چوست و چالاک، چەک بەدەست و کۆڵ بەکۆڵ، گەیشتنە ناو دێ... خورپە، ترس، خرۆشان و پرس، کەوتە دڵی هەمووانەوە...، سیلەی سەربان و سەر گوێسوانەکان بەژن و منداڵ تەنران، منداڵە بزێوەکان بەڕاکردن و غاردان بەرەو ڕوویان پڕتاویان دەدا...

پێشمەرگەکان ڕایان دەکرد، هێندەی پێ نەچوو لاوەکانیش پێشوازییان دەکردن، هەڵوێستەیەکی ناوازە بوو، ناو دێ جۆش و خرۆشێکی دڵڕفێنی تێکەوت...

– ئەوە چییە، خۆ ئەوانە پێشمەرگەن...، ڕادەکەن و دیسان تەقە دەکەن...، کەسی تریش دیار نییە... ئەوا هەتا دێت، نزیکتر دەبنەوە...

ئەو دووانە کێن دەستی یەکیان گرتووە...، خۆ یەکێکیان هێمنی ئامۆزامە...، یەزدانی گەورە...، چی ڕوویدابێت... ئەمە یەکەمجارە بەم جۆرە دێنە ناو گوندەوە...، با ڕاکەم...، بزانم چییە...

گوڵەی بەپەرۆش، بێ ئاگا، بەرەو ڕووی هێمن بەڕاکردنێکی سەرسوڕهێنەر بۆی دەرچوو، کاتێک گەیشتە لای، باوەشی کرد بەملیدا و ئەملا و ئەولای ماچ کرد...

– هێمن گیان، بەقوربانت بم، ئەمە تۆیت، چاکیت باشیت، بۆ خاتری خودا چی ڕوویداوە؟! ئەی مەریوان...، مەریوان کوا؟!، لە کوێیە، چی لێ بەسەرهاتووە؟؟ بۆ دیار نییە بۆ لەگەڵتدا نییە...

«گوڵە گیان چییە، ئەوە دەگریت؟!، کچێ هەڵپەڕە...، پێبکەنە...، شایی بکە...، خۆت بگۆڕە...، بگەشێرەوە...، ڕزگارمان بوو... ئاشتییە، ئاشتیی کوردستان، کورد مافی وەرگرت...، ئۆتۆنۆمی...، شەڕی براکوژیش نەما... ئیتر بۆ خۆمان بەئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەین...»

– ئەی مەریوان...، کوانێ...، چی لێ هاتووە... بۆ دیار نەبوو... لە کوێیە...!؟ دەپێم بڵێ شێت بووم... چی بەسەرهاتووە بۆ پێم ناڵێیت...

هێمن پێکەنی، لەم کاتەدا پۆلێکی تر پێشمەرگە دەرکەوتن دەستیان کرد بەتەقەکردنی



شادمانیی...، گوڵە خان سەیری کرد و هاواری کرد...

– ئەوەتا... مەریوانە... مەریوان گیان؟!...

زۆر بەخێرایی، بەڕاکردن، بەرەو ڕووی مەریوان ڕۆیشت و باوەشی گەرموگوڕیان بەیەکدا کرد، تێر تێر یەکتریان ماچ کرد...، خەڵکەکە هەموو بەپەرۆشەوە سەیریان دەکردن...

– ئۆخەی... ئەمە تۆی... ئەمە منم...، ئیتر بەیەکەوە دەژین...؟!... قین و ژان و ترس و دوودڵیی و دەرد و بەزمی ناهەمواری تەواو؟!...

ئەوانەی کە من چەشتوومن، نەمان...؟!... جارێکی تر هێرش و تەقە و کوشتن و سووتاندنمان چاو پێ ناکەوێتەوە؟! بڵێیت وا بێت؟؟!... تۆ بڵێیت ڕاست بێت... باوەڕ بکەم...؟؟!...

– نا نا، دڵت تەخت بێت...، تەواو شەڕ کۆتایی هات... هەموو بووینەوە بەبرا...، دەبێت لە وڵاتدا ئاشتیی سەرجەم بەرپا بێت... ئێمەش هەموو ماف و داوایەکمان جێبەجێ دەبێت... فەرمانی شۆڕشە، نابێت خوێن لە لووتی منداڵێک بێت، لێبووردنی گشتیی جاڕ دراوە، کۆنە قینی دووبەرەکیش نابێت بمێنێت، ئەوە لە هەمووی خۆشترە... بڕیارێکی گەلێک پیرۆزە...

لەم کاتەدا هێمن ئارامی بەباوەشەوە بوو، ماچی دەکرد...، گوڵە و مەریوانیش دەستی یەکتریان گرتبوو...، بۆ بەرەو ماڵ دەڕۆیشتن... دوای ئەوەی بەخۆشیی و شادمانییەوە سەیری یەکترییان دەکرد، خەجیج خانیش گەیشتە سەریان، کەوتنە باوەش و دەست ماچکردنی...

– کاکە هێمن... مەریوان گیان، بەڕاست ئیتر هیچ نەماوە جارێکی تر تووشی شەڕ و هێرش نابینەوە؟!... مەینەتیی تەواو؟!

– ئەمە دەبینێت و هێشتا هەر گومانی هەیە...، گوایە هەر وا بەگاڵتە ئێمە ئەئاوا بەبێ ترس هاتووینەتەوە؟!...

هێمن ڕووی کردە مەریوان، گوتی:

– هەموو شتێ هەر بەخۆمان تەواو دەبێت...، خۆزگە ڕیزەکانی گەل و نیشتمانپەروەران، هەموو بەجۆرێکی هەتا هەتایی، وەها یەکیان بگرتایە کە تەلیسمی گومانی دۆست و دوژمن ببووایە بەئەفسانەی کۆنی نەماو...، ئەوسا بەڕاست سروودی سەرکەوتنی

هەمیشەیی و هەتا هەتایی لە ناخی دەروون و لە جەرگەی بڕواوە ببووایە بەسازی سۆزی گشت لایی و سەر زاری هەمووان...

لەم کاتەدا گوڵە و مەریوان، بەبەرچاوی هەمووانەوە، بەگەرمی و بەپەرۆشەوە باوەشیان بەیەکدا کردەوە، خەجیج خان فرمێسکی چاوەکانی دەسڕی، بەشێنەیی و بێ دەنگ کشایە دواوە، بەرەو ماڵ بۆ ژوورەوە، بۆ هەواری یادگارە پیرۆزەکانی شەهید خەسرەو...، ئەوانیش چوار لایان لێ گیرابوو، کەوتنە نێوانی بەزمورەزمەوە...، ناو دێ بوو بەقریوەی هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزان و شایی و زەماوەندی ڕاستەقینەی ئاشتی کوردستانی ڕەنگین و خۆشەویست... ڕۆژی یازدەی ئاداری جەژنی نەورۆزی کوردانی مەردی دلێری کردە جەژنی دوو جەژن... دوای ماوەیەکی چاک بەزمی دەربڕینی خۆشیی، هەموو بەکۆمەڵ بەرەو لای خەجیج خانی کۆست کەوتوو بەخەسرەوی لاوی جوانەمەرگ ڕۆیشتن، تەماداری گەرمی هیواکانیان، جارێکی تریش، بەبیری هەوڵی بێ وچانەوە، بۆ شایی و شین، تێکەڵی ژیانی کەسوکاریان دەبوونەوە... قایمتر لە جاران، تەمادار و وابەستە بەئاواتە پیرۆزەکانەوە... هەوری بزڕ بزڕی دەمکەلیش، وەک ڕاونرابێت، ئاسمانی ساوێن لەپڕدا لە هەموو چڵکە هەورەکان پاکژ بووەوە، گۆی پرشەداری خۆری زێڕین، لە ئاسۆی زەردەپەڕدا، بەنیگای گەش و پڕ هیوای هەمووواندا تەقییەوە و بوو بەچراوگی داگیرسانی سەرنجە خۆشەکانیان...

***